
# گزینگ

٣

کۆڤاریکی وەرزانەی فەرهەنگی - ئەدەبی یە

بەهاری ١٣٧٣ _ ١٩٩٤

- بنچینەی مێژوویی، مێتۆلۆژیای نەورۆز
- کۆمەڵگەی کورد: ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیر و گرفتی پەنابەران
- گەشتێک بە کۆماری مەهابادا، شەڕی مامەشەی دووەم
- تاوێ لە گەڵ «مامڵێ»
- شێعر زادەی ئەوین و کاوە
- دوو ساڵ لە گەڵ شاعیری مەزنی کورد «گۆران»



ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ساڵڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوای مەزنی کورد قازی محەممەد و هاوڕێیانی. یادیان وەک ڕەمزی یەکێتی و برایەتی پیرۆز بێ.

«... ڕۆژی ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٥، ١٩٤٦ ئەرتەشی شڕوشپڕێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵەوەختێک پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە...

ڕۆژێک لە ژووریٚ دانیشتبووم و کتێبم دەخوێندەوە. لەپڕ لەناو دێدا بوو بە شین و گابۆڕ. ناردم بزانم چیە؟ قاسید بە گریان و لەخۆدان هاتەوە و گوتی ئەوانەی لە شاری هاتوونەوە دەڵێن دەوری شار گیراوە و نایەڵن کەس بچێتە ناوشار یا وەدەرکەویٚ و دەنگۆیە و دەڵێن پێشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی ئامۆزای لە چوارچرای مەهاباد لە دار دراون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەموو کوردێکی بەشەرەفی خەمناک و تازیەبار کرد. بە تایبەتی دڵی منی بە ناسۆر ئەنگاوت. ناسۆرێک کە بۆتە تیراوی و ئێستاش هەر وەبن دەداتەوە و هەڵدەداتەوە و بێ گومان سارێژ نابیٚ و لەگەڵم دێتە بن گڵ.

من پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست. بە ڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی. بە کوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەویٚ و چەندی پێ خۆشە خزمەتی بکا. چەند بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێ بوو گەلەکەمان بە پەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەو ماوە کورتەشدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵک کردن. بە ڕاستی مەرگی پێشەوا نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکە بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بوو. دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆ و نەزان وشک کرا و لە ناوچوو.

«تاریک و ڕوون»، هێمن.

# گزینگ ژمارە٣

بەهاری ـ ١٩٩٤

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ئەدەبی یە

**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

س .ج . هێرش

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
(Sweden)

Ppstgironr: 443 50 22 -1

* گزینگ خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیێک وەئەستۆ ناگرێ . دیارە هەر نووسراوەیێک نێوی لە سەر نەبێ ، ئۆباڵی وەملی گزینگە .
* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کورت یان لەباری رێزمان و رێنووسەوە راست وریسیان کاتەوە ، دیارە هەق بە خۆی نادا کاکڵ و نێوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا.
* گزینگ ئەو شێوەرێنووسە رەچاو دەکا کە لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە سورانیییەکاندا باوە وپەسند کراوە .
* ئەگەربەرهەمەکەتان ، وەرگێردراو و تێهەڵنووس کراون ، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن .
* داوا دەکەین نووسراوەکان بە خەتی خۆش و شاش و هێڵی مەوداداربن .

نێوەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| بەهار وەرزی زانەوەی زەوی | هێرش | ٤ |
| بنچینەی میتۆلۆژیای نەورۆز | تەیفوور | ٥ |
| کۆمەڵگەی کورد: ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم | ڤان براوانێسن | ٦ |
| گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا | عەقید حەوێزی | ٢٤ |
| ٢ساڵ لە کەڵ شاعیری مزن «گۆران»دا | نایب عەبدوڵڵا | ٣٢ |
| شێعر زادەی ئەوین و کاوە | عەلی نانەوازادە | ٣٥ |
| چەپکێ شێعری سویدی | لودڤیک. ئانا | ٢٨ |
| شێعری خۆماڵی | هێدی ــ ژیلا | ٣٩ |
| بەرەوهاورێ | ئاشق ــ مام ئەنوەر | ٤٠ |
| زنجیرەباسێکی کولتوری | ئەنداز حەوێزی | ٤٤ |
| تاوێ دەگەڵ مامڵێ | هێلا شلومبێرگێر | ٤٧ |
| رەخنەو روانگە | ئەمیر | ٥٠ |
| کورتە چیرۆک: بەهار نەهات | کوردان | ٥٤ |
| دایە سۆواژ | گی دو موپاسان | ٥٨ |
| ئەدەبی گاڵتە | مامەند | ٦١ |
| قوربانیییەکانی لوغم لە کوردستان | | ٦٢ |


## «ساڵی تازەتان پیرۆز بێ»
## گزینگ ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشیتان بۆ ئاوات دەخوازێ

**ڕوو بەرگ: وێنەی مەهاباد**
**پشت بەرگ: کاری هونەرمەند کاک سەتار**

چاپی سوێد: مارس ١٩٩٤

سـەروتار

# بەهار وەرزی زانەوەی زەوی

هێـــرش

بەهار چ بەگوێرەی ئەفسانەکۆنەکان و چ بە گوێرەی ئایینە دێرینەکـــان، وەرزێکی پیـــرۆزە. وەرزی زانەوەی زەوی و ژیانەوە و بووژانەوەی سروشتـە، سروشـتـیش ژێنەری بوونەوەر و پێدەری بژیوی گیان لەبەرە. بەهار بۆ هەموو نەتەوە جۆربەجۆرەکانی سەر زەوی لە زەرد و سوورڕا بگرە تادەگاتە ڕەش و سپی، شادی هێنەرە. هیچ نەتەوەیەک نیە کە هاتنی بەهاری بە لاوە گرینگ نەبێ و بە داب و نەریتی خۆمالی بەرەو پیرییەوە نەچێ و جێژنەی بۆ نەگرێ.

ڕەنگە ئەو نەتەوە و کـۆمـەڵە ئینسـانی یانەی کـە لە سـای فـەن و تێکنیک و سـەنعـەتەوە، زۆر بەرەو پێشـەوە چوون، وەرزی سـاڵ، یان بوونی بەهار و زسـتـان تەئسـیـرێکی وەها نەکـاتە سـەرچۆنیەتی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریان ؛ تەنانەت لەوانەشە لە هێندێک شوێنی سەر زەوی زسـتـان بە لای خەڵکەوە خۆشـەویست تر بێ تا بەهار. بەلام بە هەرحاڵ ناتوانین ئەوەی نەسەلمێنین کە بەهار جگە لە سرشتی جوانی، بۆ تەواوی بوونەوەری سـەر زەوی لە خـزۆک و فـڕۆک ڕا بگرە تا ڕەوەک و گەڕۆک، وەرزی زا و زێ یە، وەرزی بوون و نوێ بوونەوەیە. وەرزی هیوا و هومێدە، وەرزی گەشەسەندن و تێهەڵچوونەوەیە. لەو وەرزەدایە کە سروشت هەم دەژیتەوە وهەم دەژێنێتەوە.

بۆیە ئێسـتـاش کـەم نین ئەو خەڵک و کۆمەلانەی کە وەرزی تەمەن درێژی زستان بە هەزار باوێشکی بێ دەرەتانی وسووتەمەنی، خەمی بێ نانی و خواردەمەنی، بە تەما و هیـوای هاتنی وەرزی عومر کورتی بەهار دەبنە سەر...بە تایبەت ئەو کۆڕوکۆمەلانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێـــوەڕاســـتـــدا دەژین و ســـاڵ دوازدەری مـــانـگ، بە هۆی بێ ئاوی و ناتەواوی ئاووهەوای سروشتی، یان سرشتی بیرناساغی و قۆڕدەماغی ڕێژیمە سیاسییەکانیان ؛ بە هەناسەساردی و دڵتەنگی ژیان ڕادەبوێرن، ساڵ نیە چاوی خواز و دەستی نیاز بەرەو ئاسمان هەڵنەهێنن و دلیان بە هاتنی بەهار خـۆش نەکـەن... جـا چ بە تەمـای سـفـرەی جـوان و ڕەنگاوڕەنگی تەبیعەت بن، یان گرمەی هەور وپەڵەبارانی ڕەحمەت.

بەلام هەیداد! ئەگەر بۆ بنیادەمی جاران، زستان سەمبولی هێزی شەڕوشوڕ و نیکبەت بوو و بەهار سەرچاوەی خێر و خۆشی و بەرەکەت؛ ئەوا ئێـسـتـا لە سـایەی جۆرەها کـەرەسـەی بەسـام و سـەرسوڕهێنەری تێکنۆلۆژی، کە زۆربەیان بۆ پلانی ئینسانکوژی و پیلانی خوێنمژی، لە ژێر چاودێری زۆرداران و دەسـەلاتدارنی سـەهەندە و لاپرەسـەنی بەڕێوە دەبرێن، شتەکە بە پێچەوانەیە و بۆ زۆربەی گەلانی ئەم جیهانە، «بەهار بێ بارانە و گولالەی سوور، خوێنی جەرگی یارانە».

لەوانەیە زۆر کۆمەڵی ئینسانی هەبن کە دڵیان وەک سانیەژمێری سـەعـات بۆ هاتنی بەهار و زیارەتی گـوڵ و گـوڵزار و لە ئامـێزگـرتنی سـروشـتی ڕازاوە، لێـبـدا ؛ بەلام خـواخـوایانە هەروا ملکەچی وەرزی زستان بن و بەهار نەیا، بەهاری شەڕ، بەهاری لەشکرکێشی، بەهاری کـوشت و کـوشـتـار...   ئەو بەهارەی کـە ئیـدی فـەرمـانی لە دەست خـوداوەندی ئەوین  چۆتە دەرێ و کـەوتۆتە چنگ  ئەهریمەنانی شـووم کـەپیـشـە و ناکـاری هەر چوار وەرزی سـاڵیـان، چاندنی تۆوی شـەڕ وشوڕوهەرایە و باراندنی  ژار وگووللە و بۆمبا...

بەڵێ؛ هەوسـار بەدەسـتـان و بەڕێوەبەرانی نیـزامی جیـهـانی بە پێـچەوانەی تەواوی ئەو بەڵێنی یانەی سـەبارەت بە سوڵح و ئاشـتی و داهاتووی پڕ لە سـەعـادەتی ئینسـانی! بە بەشـەرییـەتی دەدەن و واش نیـە؛ بەڵکوو بە  درووسـتکردنی جـۆرەها چەک و تەقـەمـەنی ـ خـۆشی وەرزی بەهارهیچ! ئالوودەبوونی«مـەڵبـەندی ژیان»یش هیـچ؛! ـ خـودی گۆی زەوی لە خەتەر دایە و لەوانەیە ڕۆژێک بتەقێتەوە.

کـام ئینسـانی خاوەن هەسـتی سـەر زەوی هەیە، سـەرەڕای تەلەف بوون و  بەفێڕۆچوونی ئیمکانات و وزەی سروشت، بە بیستن و بینینی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە تێیاندا ئینسان کۆما کۆما، دەکوژرێ و هەزارهەزار دەبرژێ، مـوچورکی بە لەشـدا نەیا و دەروونی نەهەژێ و بە دەنگی بەرز نەیەژێ: تف لە ڕووتان ئەی داچێنەرانی تۆوی مــەرگ ونەمـان، داچەقێنەرانی داری ئیعدام؛ هەی مووتان لە سەری پەنجە بێ ئەی ژاربارانکەرانی شـــاری **هەڵەبجە**... دەک بـە لـەعـنـەت بـن ئـەی پێشێل کەرانی خۆشی و شادی و ئازادی.

تۆ بڵێی! ڕۆژێک لە ڕۆژان جیهان و وێڕای ویش کوردستانەکەمان، بەهارێک بە خۆیەوە ببینێ کە چیدی تێیدا، دیمەن و سـەیرانگاکان بە خوێنی لاوان سوور هەڵنەگەڕێ و سەوزەگیای نەرم و نیان بە دووکەڵ و ژار بۆژوێ نەبێ و باڵی پەپوولە و پەڕەسـێلکە و زولف و کـەزیەی کیـژۆلان بۆ دەسـتـەچیلەی ئاگـری شـەڕ هەڵنەپروزێ  و هەلز و بیـزا و مەندۆک ، سەریان بە ئاپالم هەڵنەکروزێ...  ■

# بنچینەی مێژوویی، میتۆلۆژیای " نەورۆز "

نووسینی: تەیفوور

دەزانین کە یەکەم شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وبگرە هەموو مرۆڤ لە نێوان دووزێ بووە ولە شارستانیەتی«سومێر»ەوە دەست پێ دەکا. میتۆلۆژی وئایین ویاسا ودەسکەوتەکانی تری سومێر بە میرات گەیشتە«ئەکەد» (بابل) ولەوێوە گەیشتە لای ئاشوورییەکان.

ئەگەر نەڵێین کورد لەم شارستانیەتەدا بەشدار بووە، دەتوانین بڵێین هاوسێ بووە وکارتێکەری دوولایەنەی لەئاستیدا هەبووە. «گۆتی» یەکان کە یەکێک لە دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەی کوردستان بوون، سێسەد ساڵ دەسەڵاتی بابلیان بەدەستەوە بووە( ٣١٠٠ ـ ٢٨٠٠ پ ز) مەردۆخ دەڵێ کە «گۆدێ ئا» و«ئوتوبانینی» دوو پادشای هەرە بەهێزی بابل لە کوردەکانی گۆتی بوون. ناوچەی لۆلۆبیۆم ماوەیەکی زۆر بەدەست ئەکەد وکەلدە وئاشوورەوە بووە و«کاسی »یەکان (لۆڕی بچوک) دووسەد ساڵ ناوچەی دووزێ یان لە ژێر رکێف دا بووە.

ئەم چەند سەد ساڵ تێکەڵاوییە بووەتە هۆی ئەوە کە زۆر لە میتۆلۆژی وداب ونەریتەکان لەیەکتر وەرگیرابن ولەیەک بچن. هەروا کە دواتر پارسەکان ئەم ناوچەیە داگیر دەکەن، داب ونەریتەکانی ئەوان دەکەنە هی خۆیان.

یەکێک لە نەریتە هەرە خۆشەویستەکان کە سەرەڕای گۆڕانکارییەکی زۆری مێژوویی هێشتا هەر ماوەتەوە، نەورۆزە... لێرەدا نامەوێ ئەو ئەفسانە ومیتۆلۆژییانەی کە هەر کۆمەڵێک بەکەیفی خۆی بۆ نەورۆزی گوتووە بخەمە بەرچاو، بەڵکو تەنیا دەمەوێ کۆنترین میتۆلۆژیای مێژوویی ئەم نەریتە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە هەزار ساڵ پێش پەیدا بوونی ئایینی زەردەشتی وبەنووسراوە گەیشتووەتە ئەمڕۆ، باس بکەم.

«**تەمووز**» کوڕی«ئەیا» [بەو وتە کە هەورامی بە دایک دەڵێن] یەکێک لە خودا گەورەکان، لە ژێر سێبەری داری«**ئەریدا**»دا کە سێبەری هەموو دنیای داگرتووە، مەڕ دەلەوەڕێنێ. «**ئەشتەر**»[ ژنخودای ئەوین وخۆشەویستی دایکانە وبارەوەری خاک ] ئاشقی تەمووز دەبێ ودەیەوێ بیکا بە هاوسەری خۆی، بەڵام تەمووز لە شەڕە بەرازدا دەکوژرێ ودەکەوێتە«**ئارالو**» ( دۆزەخ) کە بەدەست خۆشکی بەخێڵی ئەشتەرەوەیە. ئەشتەر خەمێکی زۆر دایدەگرێ ودەیەوێ بچێتە خوارێ بۆ ئارالو وبرینەکانی تەمووز لە چاوگەی شەفادەردا بشوا وژیانی وەبەر بێنێتەوە. یاسا وایە کە هەرکەس بیەوێ بچێتە ئارالو دەبێ ڕووت بێتەوە. ئەشتەر لە حەوت دەرکەی دۆزەخەوە ڕەد دەبێ ولە هەر دەرکەیەک بڕێک لە جل وزێڕ وزیوەرەکەی لێدەستێنن. «**ئەرشکیگال**»ی خۆشکی کە چاوی پێدەکەوێ تووڕە دەبێ وفەرمان دەدا کە لە زیندانی بکەن وتووشی شەست نەخۆشی بکەن.

لەوماوەیە کە ئەو لە زینداندایە، بەرەکەتەکانی زەوی کە لە ئەوەوە سەرچاوەیان دەگرت لەناو دەچن، هەموو هۆنەرەکانی ئەوینداری لە بیر دەچنەوە. ئیتر گیا و دار ودرەخت بەریان نامێنێ، ئاژەڵەکان پێکەوە جووت نابن، سەوزەکان دەژاکێن، گیان لەبەران گەرما لە خۆدا هەست پێ ناکەن.

لە کۆڵانان هیچ پیاوێک لە کچێکی گەنج نزیک نەبۆوە،
پیاو لە ژووری خۆی دەنووست ،
ژن  بە تەنیا چاوی دەچووە خەو.

خەڵک قاتی وقڕی تێدەکەوێ، خوداکان کە دەبینن قوربانییەکان کەم بوونەتەوە پەژارە دایان دە گرێ وفەرمان بە ئەرشکیگال دەدەن کە خۆشکەکەی ئازاد بکا. ئەو فەرمانەکەی بەڕێوە دەبا بەڵام ئەشتەر ڕەزا نادا کە بێ تەمووز بگەڕێتەوە. داواکەی قبووڵ دەکرێ و ئەو سەرکەوتووانە لە حەوت دەرکەوە تێدەپەڕێ وجل ودەستەوانە وپامووره وزێڕ وزیوەرە وتانجەکەی وەردەگرێتەوە...

کاتێک دەگەیتە سەر زەوی گیاکان دووبارە دەبووژێنەوە، دارەکان شکۆفە دەکەن وزەوی پڕ دەبێ لە خواردەمەنی وگیان لەبەران بەرەیان پەرەی دەستێنێ... «ئەوین کە بەهێزتر لە مەرگە گەڕاوە جێگای خۆی کە سەروەری کردن بەسەر مرۆڤ وخوداکاندایە» .

ڕۆژی گەڕانەوەی ئەشتەر بۆ خەڵکی بابل باوەڕ وئیمانێکی قووڵ بووە، بۆیە ڕۆژێک لەساڵ بۆ مردنی تەمووز پرسەیان گرتووە و ڕۆژی دوایی بە یادگاری زیندووبوونەوەی ئەو وهاتنەوەی ئەشتەر جێژنەیان گرتووە و بە ڕۆژی نوێ بوونەوەیان زانیوە.

ئەمە سەرچاوەی باوەڕی ژیانەوەی سروشتە، زستان ئەو کاتەیە کە ئەشتەر لە زینداندایە وبەهار گەڕانەوەی ئەشتەر خودای ئەوینە.

پرسە وجێژن بەدوای یەکدا دواتر هاتوەتە ناو نەریتی زەردەشتی و تەنانەت ئیسلامیش. ڕۆژەکانی ئاخری زستان بۆ بیرەوەری مردووەکانە وپێنج ڕۆژی ئەوەڵی بەهار هاتنە خوارەوەی «ئەمشاسپەند»ەکانە وڕۆژی شەشەم لە دایک بوونی زەردەشت.

جگە لە ئەفسانەی ئەشتەر، جێژنی بەهارە لە دەورەی«گۆدێ ئا»دا بە نێوی«زگموک» بووە کە بە نێو و لەبەر شانازی«مەردۆک» خودای مەزنی بابل گیراوە.

لەم ڕۆژەدا پەیکەرەی هەموو خوداکانیان هێناوەتە پاراستانی ←

بەروانە لاپەرەی ٤٦

# کۆمەڵگەی کورد:

## ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران



مارتین فان بڕاونێسن

وەرگێڕ: حەسەنی قازی

ئەم نووسراوەیەی مامۆستای هێژا و کوردویست، دوکتور «مارتین فان بڕاونێسن Martin.van.bruinesen» لە کتێبی «The kurds A contemporary overview» ـ کوردەکان تێڕوانینێکی هاوچەرخ ـ وەرگێڕدراوە. لەو کتێبەدا دە باس سەبارەت بە کێشەی کورد هاتووە کە ئەم بابەتەی ئێستا بەندی دووەمێتی. کتێبەکە بە سەرپەرستی مامۆستایان فیلیپ گ. کرۆییەنبرووک و ستێفان سپێرل، لە ساڵی ١٩٩٢دا لە لایەن بنکەیRoutledge لە لەندەن چاپ کراوە *.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ئێمە شاهیدی هەڵاتن و دەربازبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە کوردستانەوە بووین. شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینە چەکدارییەکوردیەکان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی فارسستان (یان زیادتر، دامرکاندنەوەی توندوتیژی بزووتنەوەی کورد لە پێناو ئۆتۆنۆمی دا)بە سەدان هەزار کوردیان لە شوێنی خۆیان هەڵقەندووە. ئەو کەسانەی کە توانیویانە سنوورە نێونەتەوایەتییەکان تێپەڕێنن وەک پەنابەری سیاسی وەبەرچاو دێن؛ ژمارەی پەنابەر و دەرکراوانی نێوخۆیی کە زۆر کەمتر وەبەرچاو دێن ڕەنگە زۆر زیادتر بێ. جگە لە ڕووداوەناخۆشەکانی ساڵی ١٩٩١، تەنیا نموونەی تازەی ڕەو لە کوردستانەوە کە ئامرازە ڕاگەیەنەگشتییەکان سەرنجێکی زۆریان دایە ڕەوێکی دیش لە مانگی ئووتی ١٩٨٨دا کرا دوای ئەوەی عێراق دۆڵ و دەرەکانی ژێر دەستەڵاتی کوردەکانی لە باکووری عێراق وەبەر هێرشی کیمیایی دا و بە دەیان هەزار کەس ناچار بوون هەڵێن و لە سنووری تورکیا بپەڕنەوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر زیادتر لە کوردەکانی عێراق هەڵاتوون بۆ ئێران. لەم هەر دووک ڕەوانەدا پەنابەران بریتی بوون لە ئینسانی چالاکی سیاسی و جەنگاوەرانی پارتیزان، ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆریان بریتی بوون لە لادێیی لە شوێنی خۆ هەڵقەندراو. ژمارەیەکی زۆر لە ئێنسانی چالاکی سیاسی لە ئێران و تورکیاوە لە کوردستان هەڵاتوون و پەنایان بردۆتە بەر وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئورووپا (و، ژمارەیەکی زۆر کەمتر بۆ ڕۆژهەڵات).

شەڕ و ڕاوەدوونانی سیاسی لە لایەن حکوومەتەکانەوە تەنیا هۆی هەڵاتن و ڕاکردنی خەڵک نەبووە. زۆربەی بە دەیان هەزار لە کوردەکانی تورکیا کە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا داوای پەنابەرییان کردووە بە گشتی وەک پەنابەری «ئابووری» دادەندرێن کە لە دووی دۆخێکی باشتری (ژیان) دەگەڕێن تاکوو ئەوەی لە بەر ڕاوەدوونانی سیاسی هەڵهاتبن. ئەوە ڕاستە کە باری دواکەوتووی ئابووری کوردستان و بە نیسبەت ڕێژەی لە سەرەوەی زەووزوو، لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە بەر باسن، بۆتە هۆی کۆچکردنی جێی سەرنجی (هێزی)کار لە کوردستانەوە.

بەڵام، لە نێو هۆکارەکانی «پاڵپێوەنەری» ئەو جەریانی کۆچکردنەدا، ئەنگێزەی ئابووری هەر یەکێکیانە و لە زۆر بارانەوە دۆخی سیاسی پێکی هێناوە. ئەوە زۆر زیادترسەبارەت بە ئەوانەی کە سەر بە کەمایەتییەئایینییەکانن وەکوو یەزیدییەکان و مەسیحییەسۆریانییەکان ئاشکرا و بەدەرەوەترە. ئەو کەمایەتییانە دەڵێن کە لە بەر ئازار و ڕاوەدووی موسڵمانە دراوسێیەکانیان هەڵاتوون، یان عەلەوییەکان کە هەست بە هەڕەشە لە لایەن زۆربایەتی سوننییەوە دەکەن. بەڵام زۆر لە کوردەسوننییەکانیش ناچارکراون کە لە بەر شێوەی جیاوازی زوڵم و زۆری ناوچەیی یان گێرەوکێشەی سیاسی ڕابکەن.

ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە کێشەی کورد تەنیا هەر بە گێرەوکێشەیەکی نێوان کوردان و عەرەبان یان تورکان، یان کوردان و حکوومەتەنێوەندییەکان بزاندرێ، ئەگەرچی قسەی هەر دووک لا ڕەنگە بۆچوونێکی ئەوتۆ ساز کا. کوردستان کۆمەڵگەیەکی پێچەڵپێچە، پڕە لە کێشەو هەرا و ڕکەبەری نێوخۆیی کە ئەوانە هەم لە بەر گۆڕانی ئابووری و هەم کێشەی سیاسی لە ئاستی دەوڵەتی دا، بەرەو توندوتیژی دەڕۆن. پێوەندییەکانی دەستەڵاتی ناوچەیی و کێشەکان بە ئی دەوڵەت و ئەوانەی کە لە ئاستی نێوان دان گرێدراون و شێوەی جۆربەجۆری هاوکاری لە نێوان خاوەن دەستەڵاتانی ناوچەیی و دەزگای دەوڵەتی دا(یان بزووتنەوەی کورد، کارایەکی دیکەی شێوەی دەوڵەت)ساز بووە. ئەو چلۆنایەتییە زۆر ئەوە وە زەحمەت دەخا کە ڕاوەدوونان لە لایەن دەوڵەتەوە و شێوەکانی ڕووتی ڕاوەدوونانی ناوچەیی بە وردی لە یەک بکرێنەوە.

### کۆمەڵگەی کورد:وێکنەچوویی، توێژبەندی، کەمایەتییەکان

بە لانی کەمەوە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوو، کوردەکان وشیارییەکی گشتییان هەبووە کە گەلێکی سەربەخۆن و جوێن لە فارسان، تورکان، عەرەبان و هەروەها دەستە جۆربەجۆرە

←

مەسیحییەکانی کە لە نێوان ئەواندا دەژین. هەروەها بە لانی کەمەوە، لە نێو خوێندەواراندا، بیرێکی تەواو ئاشکرا هەبووە لە سەر ئەوەی کێ کورد بووە و کێ کورد نە بووە و ئەوەی کە لە کوێ ژیاون. ئەو وشیارییە سەبارەت بە کەسێتی و یەکێتی لە نێو کورداندا جێی سەرسوڕمانە، بە لەبەرچاوگرتنی زۆر شتی کە ئەوانی لێک جوێ کردۆتەوە(و هێشتاش دەکاتەوە)زمان و ئایین، بۆ زۆر لە کوردان، لایەنی پێویستی کەسێتی یانە، بەڵام نەک هەموو کوردەکان پێڕەوی ئایینێکی وەک یەکن و نەک هەموشیان بە یەک زمان قسە دەکەن. کۆمەڵگەی کورد هەتا بڵێی توێژتوێژە، ئێلیتێکی عەشیرەتی بە سەر جووتێرانی نیشتەجێ دا زاڵە. کێشەی نێوان عەشیرەتەکان و پێوەندی چەوسێنەرانەی نێوان توێژی بەدەستەلات و توێژی بن دەستەلات لەمێژە کۆمەڵگەی کوردی دابەشکردووە. قازانج و بەرژەوەندی سەر لە یەک سوێ هەمیشە پێشی بە کردەوەی هەرەوەزی گرتووە، تەنانەت دەنێو هەموو کوردەکانی مەڵبەندێکی تایبەتیش دا. لەوەش زیادتر ژمارەیەکی زۆر کەمایەتی ناکورد دەنێو ئەوانەدا دەژین کە بە هۆی ڕایەڵەی ئاڵۆزی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە وان بەستراونەتەوە.

## جۆراوجۆری زمانی

کوردەکان بە ژمارەیەکی زۆر دیالێکتی جیاواز قسە دەکەن، کە زۆربەی ئەوان هەموویان تێی ناگەن. ئەو دەستەدیالێکتە سەرەکییانە، کە بەرەبەرە دە یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک، بریتین لە: **کورمانجی،** یان کوردی سەروو کە لە تورکیا و لای هەرە سەرووی کوردستانی عێراق و کوردستانی فارسستان قسەی پێدەکرێ؛ **سۆرانی،** کە لە کوردستانی خواروو پێی دەئاخەفن. هەم سۆرانی و هەم کورمانجی ترادیسیۆنی ئەدەبی نووسراوییان هەیە.

جگە لەو دیالێکتەئەسڵییانەی کوردی، دوو زمانی دیکەی ئێرانیش لە کوردستان قسەیان پێدەکرێ؛ **زازا** لە باکووری ڕۆژئاوا، لە ناوچەیەکی گەورە لە باکوور و ڕۆژئاوای دیاربەکر، **گۆرانی** لە بەشەجیاوازەکانی کوردستانی خوارووا ـ ئاخێوەرانی زازا و گۆرانی خۆیان بە کورد دادەنێن(کوردەکانی دیکەش ئەوان بە کورد دادەنێن)، سەرەڕای وردەجیاوازییەکی فەرهەنگی لە گەڵ کوردە کوردی ئاخێوەرەکان(١). لەوەش دەرچێ، لە بەر تواندنەوەی بە تۆبزی یان توانەوەی دڵخوازانە، ژمارەیەکی زۆری کورد هەن کە هیچ بە کوردی نادوێن یان بە کوردییەکی زۆر خراپ دەئاخەفن و بەکارهێنانی تورکی، عەرەبی یان فارسییان لا پەسندترە و لە هەر کام لەو ولاتانەی لە بەر باس دان، ئەو کوردییەی کە قسەی پێ دەکرێ، چ لە باری وشەوە و چ تەنانەت لە باری نەحوی ڕا، نفووزێکی زۆری زمانی ڕەسمی سەردەستی پێوە دیارە.

نفووز و دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستانیان دەسەر خۆیان کردۆتەوە هەر بەو شوێن کردنە لە سەر زمانی کوردی ڕاناوەستێ. سیستەمە پەروەردەیە جیاوازەکانی ئەو ولاتانە، ئامرازەڕاگەیەنەگشتییەکانیان و فەرهەنگە جیاوازەسیاسییەکانیان، شوێنی قووڵیان دە فەرهەنگی کوردیش کردووە. کوردەکانی عێراقی هەم عێراقین و هەم کوردن، غالبە بە هاسانتری دەبینێ کە خۆ بە عێراقییەکانەوە بلکێنێ تا بە کوردەکانی تورکیا. ناردەوێژی دەربڕینی سیاسی لە هەر بەشەی کوردستان جیاوازە و شێوەکانی کردەوەی سیاسیش هەر ئاوایە.

## جۆراوجۆری ئایینی

ئەگەر زمان بە زەحمەت بکرێ وک زەمینەیەکی واقیعی یەکایەتی ئێتنیکی کوردان دابندرێ، ئایینیش هۆکارێکی یەکخەری سەرەکی نییە. ئەوە ڕاستە، کە زۆربەی هەراوی کوردەکان موسڵمانی سوننین و سەر بە مەزهەبی شافیعین، بەڵام کوردێکی زۆری دیکەی پێڕەوی ئایینەکانی دیکەش هەن. لەوەش دەرچێ، کوردە سوننییەکان، دەرەجەی عیبادەت و بەڕێوەبردنی ڕێسای (ئایینیان) زۆر لە یەک جیاوازە. تا دەسپێکی ئەم سەدەیە، خوێندنی تەقلیدی، لە مەدرەسان(مزگەوتان ـ وەرگێڕ)زۆر باو و بەربڵاو بوو و ئەمە ڕەنگە یارمەتی خۆوشیاریی و ئاگاداربوونەوەی کوردی دابێ. لەو شوێنانەدا خوێندکاران(فەقێیان ـ وەرگێڕ)، جگە لەوەی کە بە عەرەبی و فارسی دەقە ئایینییەکانیان دەخوێند، شوێنەواری نووسەرەکوردەکانی وەک شاعیری«میللی» ئەحمەدی خانی و عارف مەلائەحمەدی جەزیری(مەلێ جزیری)یشیان دەخوێندەوە.

ئەو دوو شاعیرانەی سەدەی هەڤدەهەم دواتر لە لایەن ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیست ڕا وەک پێشەنگ وەخۆ کران و شوێنەوارەکانیان هەست و شانازی نەتەوایەتی بزواندووە.

ئەوە گرینگە کە سەرنجی بدرێتێ کە، لە ناو زۆربایەتی سوننیدا، تەریقەتە عیرفانییەکان بە تایبەتی تەریقەتی نەخشبەندییە و قادرییە زۆر بەرەمێن و خۆشەویستن و شێخەکانی ئەو تەریقەتانە لە لایەن جووتێران و شارنشینانی چینەکانی خوارەوە تا ڕادەیەکی پڕوپووچانە دەپەرستران(ف. بروانێسن ١٩٧٨ل ٣٣٩ ـ ٢٤٩). چەندێک لەو شێخانە پایەی زۆر گەورەی ئابووری و سیاسیان وەدەست خست و لە پایەی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان تێپەڕاند. لە پلەی سەرەتایی ناسیۆنالیزمی کورددا، تەقریبەن لە نێوان ١٩٣٠ ـ ١٨٠٠دا، ئەو تەریقەتە عیرفانییانە دەورێکی گرینگیان لە وەخۆهێنانەوە و دەنگدانی کۆمەڵایەتی خەڵک دا گێڕا. ئەو تەریقەتانە لە داڕێژران و قەوارەی عەشیرەتی جیا بوون و لە ڕکەبەری و نێوان ناخۆشییەکانی بە دوور و دەیان توانی تەنانەت کردەوەی ڕەقیبە لە مێژینەو دوژمنە باب کوژراوەکانیش ڕێک خەن. زۆربەی ڕابەران، یان سەرۆکە بەرچاوەکانی ڕاپەڕینە کوردییەکان، لە ماوەی ئەو سەروبەندی دا، شێخەکانی تەریقەت بوون.

لە تورکیای کەمالیست دا، هەم مەدرەسەکان و هەم تەریقەتەکان، وەک لەمپەرێک لە بەر مودێرن بوون و ڕۆژئاوایی بوون، پاوان کران. سەرکوتکردنی دەربڕینی ئایینی و ئێتنیستی کورد لەوێ پێوەندی و بەیەکەوەلکانی کوردایەتی و ئیسلامی سوننی بە هێزکرد(بە لانی کەمەوە دە نێو کوردەسوننییەکاندا). هەم مەدرەسەکان و هەم تەریقەتەکان بە نهێنی لە سەر کاروباری خۆیان بەردەوام بوون، ئەگەرچی بە ڕادەیەکی کەم. لە هەموو بەشەکانی کوردستان، پەروەردە و بارهێنانی لاییک(عیلمانی)بە گشتی جێی پەروەردەوبارهێنانی تەقلیدی ئایینی گرتۆتەوە. ئەگەرچی ئەو جۆرە مەدرەسانە لە ئێران و عێراق قەت دانەخران، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا دەورێکی لێوارییان هەیە. تەریقەتە عیرفانییەکانیش، گرینگیان لە کورتی داوە، ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێشتاش بنەماڵەی شێخەکانی تەریقەت هەن و دەستەڵاتێکی گەورەی سیاسییان هەیە.

بە گۆترەیەکی تەقریبی، تەنێ لە سەددا ٨٠ ی کوردەکان سوننین. لە هەرە خوارووی کوردستانی خواروو، دە نێو کوردەکانی خانەقین و

مەندەلی و کرمانشان دا، نەک ئیسلامی سوننی، بەڵکوو شییعەی «دوازدەیی» (ئیسناعەشەری)ئایینی سەردەستە. ئەوە ئەو کوردە فەیلییانەش دەگرێتەوە کە لە بەغدا دەژین(بڕوانە موراد لەم کتێبەدا). لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ئەستانی خۆراسان هەرێمێکی گەورەی کورد نشین هەیەکە ئەوانیش هەموویان پێڕەوی شیعەی ئیسناعەشەرین(ف. بڕوانێسن،١٩٧٨ل٢٢٠ـ٢١٥). بەپێچەوانەی شیعەکانی کوردستانی خواروو ئەوان قەت چ دەوریان لە بزووتنەوەی کورددا نەگێڕاوە.

لەوەش دەرچێ ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵی کەمایەتی لاردین لە نێو کورداندا هەن ( بۆ لێکۆڵینە وە لەو بارەوە بڕوانە مێولێر١٩٦٧). کەمایەتییەکی تەواو گرینگ، لە کوردستانی تورکیا، عەلەوییەکانن. ئەوە نێوێکی پەردەیە بۆ کۆمەڵە جۆربەجۆرەکانی تیژڕەوی شیعە و تێکەڵنایین، کە لە پەرستنی عەلی و باوەڕە جۆربەجۆرەکانی تورکی و ئێرانی بنەچەی بەر لە ئیسلامدا هاوبەشن(مێلیکۆف ١٩٨٢). بندەستەیەکی گرینگ لە کوردەعەلەوییەکان، ئەوانەی دەرسیم(تونجەلی)، بە زازایی دەدوێن، بەڵام ژمارەیەکی زۆری عەلەوییانیش هەن کە کورمانجی و تەنانەت ژمارەیەکی زۆرتر تورک زمانن( دەبێ لە بیر نەکرێ کە زۆربەی زازا سوننین). لە ئیمپراتووری عوسمانی دا عەلەوییەکان غالبە ڕاوەدوو دەنران، هەم لە بەر لاردینی خۆیان و هەمیش لە بەر ئەوەی گومانی لایەنگیربوونی ئێرانیان لێ دەکرا، هەر لە بەر ئەوەیە کە زۆر لە جڤاتی عەلەوییەکان لێبڕان کە لەگوندەشاخاوییە کەلاکاندا بژین و تا ڕادەیەک لە دراوسێ سوننییەکانیان تاق کەوتنەوە. لە ساڵەکانی ١٩٥٠بەم لایەوە زۆر لە وان کۆچیان کردووە بۆ شارەکان، کە لە واندا بۆ وەدەست هێنانی خانوو و کار لە تەک سوننییەخۆماڵییەکاندا لە ملە دان. لەو دەمییەوە لە شارەنێوەندییەکانی تورکیادا، کێشە و هەرای لە زێدەی توندوتیژ لە نێوان سوننییەکان و عەلەوییەکاندا قەوماوە(لە خوارەوە زیادتری لە سەر دەڕۆین). هیچ ئەژمارەیکی ڕەسمی سەبارەت بە عەلەوییەکان بە دەستەوە نییە، بەڵام لە سەر یەک (عەلەوی تورک و کورد )ئەوان دەبێ بە لانی کەمەوە ٤ یان ٥ میلیۆن کەس بن. تەخمینی تازە لە نێوان ٤/٥ تا ١٨میلیۆنە(ئاندرووس، ل ٥٧، ١٩٨٩).

کۆمەڵێکی هاوشوبار ئەهلی حەق یان کاکەیی یە لە کوردستانی خوارووددا(کە بە دیالێکتەکانی سۆرانی و گۆرانی دەئاخەفن، تەنانەت لە عێراق کاکەیی تورکمانیش هەن). بۆ ئەوان، عەلی تەنێ یەکێکە لە نێو زنجیرەی تەجەسومەکان( حلوولەکان)ی ئیلاهی دا، ئەوی هەرە گرینگ لە نێو ئەواندا، دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، «سولتان ساهاک»ە(٢). ئەو کۆمەڵە لە نێو گۆراندا سەری هەڵهێنا و، لەو دەمییەوە بە هەموو ئێران و هێندێک بەشی عێراقدا بڵاوبۆتەوە. کوردەکان ئیتر زۆربەی پێڕەوانی ئەو کۆمەڵە پێکناهێنن. وەکوو عەلەوییەکان، ئەهلی حەقیش غالبە پێوەندییەکی نائارامیان لە تەک دراوسێ موسڵمانەخاسدینەکاندا هەیە، کە ئەوە هەم سوننیەکان و هەم شیعەکان دەگرێتەوە. حکوومەتی شا بە دەرفەتهێنان لەم دوژمنایەتییە ئایینییە ژمارەیکی لە عەشیرەتی قەڵخانی ئەهلی حەق، لە هێزی شێوەنیزامی پۆلیسی سنووردا کۆ کردەوە و دەبەر کاری نان. ئەوانە دەکرا متمانەی ئەوەیان پێ بکرێ کە لە تەک عەشیرەتەکوردە سوننییەکان نەکەون و بۆ ئامانجێکی هاوبەش یەکنەگرنەوە.

کۆمەڵەیەکی دیکەی تێکەڵنایین، کە تەنانەت زیادتر لە ئیسلامی خاسدین(orthodox)دوورە، ئێ یەزیدییەکانە کە زۆر جار بە هەڵە ناویان بە «شەیتانپەرست» هەڵدەدرێ. وا وەبەرچاو دێ کە یەزیدییەکان لە سەرەتاوە کۆمەڵێکی تیژڕەوی سوننی بووبن و دواتر زۆر لە توخمەکانی ئایینەکۆنەکانی ئێرانی و ئانادۆڵییان وەخۆکردبێ. لەوانە پەرستنی ڕۆژ و باوەڕ بە تەناسوخ و، فریشتەی تاووس(مەلەک تاووس) کە ئەوان دەیپەرستن، لەوانەیە بە شەیتان دابندرێ، بەڵام لە چاو ئەواندا، ئەو خودای خراپە نییە، ئەو جۆرەی کە موسڵمانەکان و مەسیحییەکان پێیان وایە(٣). یەزیدییەکان بە کورمانجی دەدوێن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێندێک لە موسڵمانە هەرە لە خوداترسەکان لە بەر سەمەرەیی ئایینەکەیان، کوردبوونیان بەرپەرچ دەدەنەوە. لە سەدەی هەڤدەهەم دا، یەزیدییەکان هێشتا ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام لە بەر زوڵم و زۆری جەستەیی، ئەندامانیان لە کورتێی دا، ناچار بەلەدینی خۆوەرگەڕان و کۆچ کران. هێشتاش چوار هێشووی (پۆلی) سەرەکی ناوچەیی یەزیدی ماونەتەوە: لە کورداغ("چیای کورد")مەڵبەندی باکووری حەڵەب، لە چیاکانی سنجار لە سنووری سووریا ـ عێراق، لە ناوچەی شێخان باکووری مووسڵ و لە خوارووی ڕۆژئاوای قەوقاس. لە کوردستانی تورکیا، تەنێ چەند ناوبڕی بچووک ماونەتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەستانی ئورفا، ماردین و سیرت. ژمارەیەکی زۆر لە یەزیدییەکان لە بەر هەستی ڕاوەدوونان لە لایەن دراوسێ موسڵمانەکانیان ڕا و نەپارێزرانیان لە لایەن دەوڵەتەوە، لە ماوەی چەند دە ساڵی ڕابردوودا لە تورکیا ڕایان کردووە و پەنایان بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا هێناوە(شنایدر١٩٨٤؛ ئاندرووس، ١٩٨٩ ل ٢٠ـ١١٨). جڤاتە یەزیدییەکان لە کۆمارەکانی قەوقاسی سۆڤیەت تۆرەمەی ئەو پەنابەرانەی سەدەی نۆزدەهەمن کە لە ڕۆژئاوا و نێوەندی کوردستانەوە هاتوون و ڕەنگە زۆربەی کوردەکانی ئەوێ بن(گێست ١٩٨٧).

## کەمایەتییە ناکوردەکان

ئێمە جڤاتی جۆربەجۆری مەسیحی بە زمان و ئایینزای جیاوازەوە دەبینین کە دە نێو کوردەکاندا دەژین. ئێ هەرە زۆری ئەوانە ئەرمەنییەکان بوون. ئەوان بە پێی ترادیسیۆن، کلیسای لە مەڕ خۆیان واتە کلیسای گریگۆریان هەبوو، بەڵام تا دەگەینە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم زۆر لە وان بە ڕیگەی کرۆکاش و تێکۆشانی میسیۆنێرە ئورووپاییەکان و بەڵێنی پاراستن و دالدەی ئورووپایی، لەو کلیسایە وەرگەڕان و ڕوویان لە کاتۆلیسیسزمی ڕۆمایی و پرۆتێستانیزم کرد. ئەرمەنستانی گەورە، شوێنێکی ژمارەی هەرە زۆری ئەرمەنییەکانی لێ دەژیا؛ ڕۆژهەڵاتی ئێستای تورکیا (یان کوردستانی باکوور)ی دەگرتەوە. زۆربەی ئەرمەنییەکان جووتێر بوون ؛ بەڵام زۆر لە سەنعاتکارەکان و زۆر لە بازرگانەکانیش هەر ئەرمەنی بوون. پێوەندی نێوان کوردەکان و ئەرمەنییەکان بە پێی باو، نابەرابەر بوو. ئەرمەنییەکان لە باری ئابوورییەوە دەچەوسێندرانەوە و هێندێک جاریش بە توندوتیژی لە لایەن سەرکردە کوردەکان ڕا سەرکوت دەکران. بۆ ئەوەی کە خۆیان لەو زوڵم و زۆردارییە بپارێزن، ژمارەیەکی نەزاندراو لە ئەرمەنییەکان لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا، بوون بە موسڵمان و کەسێتی کوردییان هەڵبژارد. ئورووپاییەک کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەری لە ناوچەی دەرسیم (تونجەلی ئێستا )داوە بۆی دەرکەوت کە زۆر لە عەلەوییەکان یان قزڵباشەکانی ناوچە، لە ڕاستیدا ئەرمەنی تازە لە دین وەرگەڕاو و نوێ موسڵمان بوون(Molyneux-seel 1914).

←

لە سۆنگەی دەرکردنی بە کۆمەڵ و کوشت و بڕەکانیساڵی ١٩١٥ ( کە هێندێک لە کوردەکان لەو کوشتارانەدا بەشدارییان کرد، لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان هەوڵیان دا ژیانی دراوسێ ئەرمەنییەکانیان ڕزگار کەن)، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم ئەرمەنی لە کوردستان ماونەتەوە. زۆربەی ئەوانەی لە کوشت و بڕەکان ڕزگاریان بوو، یان چوون بۆ قەوقاس کە لە وێ کۆمارێکی ئەرمەنستان دامەزرابوو، یان کۆچیان کرد بۆ ئورووپا یان بۆ ئامریکا. هێشتاش جڤاتی پچووکی ئەرمەنییان لە دیار بەکر و دێریک(نزیک ماردین) هەن و چەند گوندێکی ئەرمەنی نشین ماونەتەوە( بڕوانە ئاندرووس ١٩٨٩، ل ٨ ـ ١٢٧ ). لەوەش دەرچێ ئەمن بۆخۆم تووشی دەستەیەکی پچووک لە ئەرمەنی نیوە کورد لە گوندەکانی باکووری سیرت هاتم ؛ ئەوان زمانیان کوردی بوو و خۆیان بە کورد دادەنا بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەن ڕەچەڵەکی ئەرمەنییەتی خۆیان بشارنەوە.

کەمایەتییە پچووکترەکانی مەسیحی بریتین لە «سوورەییەکان»ی(سۆریانی) ناوچەی تورعابدین لە ڕۆژهەڵاتی ماردین( ئانشووتس ١٩٨٤)و ئاسۆرییەکانی کوردستانی نێوەندی(ژۆزێف ١٩٦١؛ شاڤالییە ١٩٨٥)، ئەوانە هەر دووکیان بە دیالێکتە ئارامییەکان دەئاخەفن . هەر وەکوو ئەرمەنییەکان، زۆر لە ئەندامانی ئەو جڤاتانە لە کلیسا بنچینەیەکانی خۆیان وەرگەڕان (کلیسای یاقووبی و نەستووری) و وە بەر ئالای پرۆتێستانیزم یان کاتۆلیسیزم کەوتوون. ئاسۆرییە یوونییەتەکان* زۆربەیان لە ناوچەکانی باکووری مووسڵ دەژین و کەلدانی "chaldaens"یان پێ دەڵێن. نەستوورییەکان بەرێ لە هەکاری نزیک سنووری ئێستای تورکیا ـ عێراق کۆ ببوونەوە؛ لە باری عەشیرەتییەوە شەڕکەری ئازا و بە تەکووز بوون، ئەوان پەیمانی سیاسییان لە تەک عەشیرەتەکوردەکان، بە دژی عەشیرەتەڕەقیبەکانی ئاسۆری و کورددا، دەبەست. لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کوشت و بڕ و شەڕ ژمارەی ئەوانی کەم کردۆتەوە و بە باکووری عێراق و ناوچەدراوسێیەکانی ئێراندا بڵاوی کردوونەتەوە. زۆرلە وانەی ماونەتەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە و لە بەغدا، تاران و دەوڵەتەیەکگرتووەکان گیرساونەتەوە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم، سۆریانی تورعابیدینیش لە هاوپەیمانەعەشیرەتییەکوردی و دژایەتییەکاندا، بەشدارییان دەکرد و تەواو خۆیان ڕادەگرت. لە شەڕی یەکەمی دنیاگردا، ئەوان خەسارێکی زۆریان لێ کەوت و لە ساڵەکانی دوای شەڕدا، زۆریان تورعابیدینیان بەرەو سووریاکە لە لایەن فەرانسەوە داگیرکرابوو بەجێهێشت. کۆچ بۆ ئەستەمبوڵ و لەساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لایەوە بەرەو ئورووپای ڕۆژئاوا، بۆ گەڕان بە دووی کار و هێمنایەتێکی زیادتردا، ئەوەندەی دیکەش جۆششی جڤاتە جێماوەکانی لە تورعابیدین وشک هەڵێناوە.

لە دەرەوەی زێدی ئەو دستە مەسیحییە جۆربەجۆرانەدا، ژمارەیەکی کەم لە هەر کامیان(تەنانەت ژمارەیەکی کەمتریش لە مەسیحییەکانی پێڕەوی کلیسای ئورتۆدۆکسی یۆنانی)لە شارەکانی سەرانسەری کوردستاندا دەبیندرێن. بەرێ لە سەرانسەری کوردستان کەمایەتییەکی پچووکی جوولەکەش، زیادتر لە شارەکان ژیاون، بەڵام ئەوانە تەقریبەن کوردستانیان بەرو ئیسراییل جێ هێشتووە.

لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، هەمووجڤاتە ناموسڵمانەکانی کوردستان لە بەر کوشت و بڕ، هەڵاتن و پەرەوازە بوون و، تا ڕادەیەکی کەمتریش ڕەنگە لە بەر ئایین گۆڕین، ژمارەیان زۆر کەم بۆتەوە. هەڵوێستی ئەوانەی ماونەتەوە زۆر ڕاڕاتری لێهاتووە و، بە لانی کەمەوە ، سۆریانی و یەزیدییەکانی تورکیا، بە ڕواڵەت گەیشتوونەتە ئەوەی کە جڤاتەکانیان، چ داهاتوو و دەروویەکی ڕوونیان لەوێ لە بەر نییە و هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەموو ئەندامەکانیان بەرەو ئورووپای ڕۆژئاوا ڕاگوێزن. ئاکامێکی ئەوە یەکدەست بوونی زیادتری کوردستانە و **دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لە سەر ئێتنیسیتی کوردی** بە لانی کەمەوە، بووە بە شیاوی بیر لێ کردنەوە. ئەوە هەر وەکوو بیرێکیش خۆی هۆی ئانەوە و سازبوونی کێشە و هەرای نوێی زۆرە.

ئاخرەکەی، پۆل و تیپەنێکی جۆربەجۆری موسڵمانی ناکورد هەن کە لە کوردستاندا دەژین. لە کوردستانی عێراق، دەستەیەکی تەواوی شار و گوندی تورکومان نشین هەن، لەوانە شاری گرینگی کەرکووک(کە یەک لە بەڵگەهێنانەوەکانی تورکیایە بۆ مرخ لێ خۆشکردن لە باکووری عێراق بۆ ئەوەی دە سەرخۆی کاتەوە). لە کوردستانی تورکیا هەرێمی گرینگی عەرەبی لە ماردین و سیرت هەن و جڤاتی جۆربەجۆری تورک لە زۆر شاران (کە زۆربەیان بە دیالێکتە ئازەرییەکان دەدوێن). هەر وەها پۆلی پچووکی پەنابەرانی قەوقاسی و ئاسیای نێوەندی لە(کوردستان)هەن کە لە هەموان کۆنتریان قەرەپەپاغ و چەرکەسەکانن، غەوارەی هەرە تازە تورکەمەن و قەرقیزی ئەفغانستانن کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا نیشتە جێ کراون و حاوێندراونەوە( لە نزیک دیاربەکر و ڤان). پێوەندی نێوان ئەو کەمایەتییانە و دراوسێ کوردەکانیش جاروبار ئاڵۆزاوە، بە تایبەتی لە کاتی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کورددا کە ئەوان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیانیان زانیوە. لە ساڵی ١٩٥٩ کێشەیەکی سیاسی لە کەرکووک بوو بە هۆی خوێنڕێژییەکی قورس لە نێوان کوردەکان و تورکومانەکاندا و، لە ئێرانی شۆڕشگێڕیش دا ڕووداوێکی وەک ئەوە لە ساڵی ١٩٧٩لە نێوان شیعەی قەرەپەپاغی نەغەدە و سوننییەکوردەکانی دراوسێیان قەوما(ف. بڕوانێسن ١٩٨١).

### توێژبەندی کۆمەڵایەتی، دانیشتوانی عەشیرەتی و ناعەشیرەتی

ئەو تێکهالاوییەموزاییکی ئێتنیکی ـ ئایینی یە، بە توێژبەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵۆزەوە، پێچەڵپێچتر دەبێ، کە لێرەدا تەنێ دەکرێ کورتەیەکی دیمەنی هەرە ساکاری بکێشرێتەوە(پارس cf١٩٥٣ ؛ ف. بڕوانێسن ١٩٧٨، B ١٩٨٩). بەر لەوەی کە کۆنترۆڵی کاریگەری حکوومەتی نێوەندی لە هەموو کوردستان دابمەزرێ، لە لادێ و دەرەوەی شاران، خێڵە کۆچەر و نیوە کۆچەرەکان (Tranhumanst) لە باری نیزامی و هەر لە بەر ئەوەش لە باری سیاسییەوە کاتەگۆری سەردەستی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوان بەهاوبەشی بە سەر جڤاتەکانی جووتێرانی نیشتەجێ کە لە باری عەشیرەتییەوە ڕێک نەخرابون، چ مەسیحی و چ موسڵمانی کوردزمان، کە ئەغڵەب ڕعییەتی سەرۆک عەشیرەتەکان بوون و بەس زاڵ بوون و فەرمانیان بە سەردا دەدان. عەشیرەتێک هەرچەندی گەورەتر و بەهێزتر بایە، ئەوەندەش قەوارەی نێوخۆیی توێ توێتر و چین چینتر دەبوو، و پێوەندییەکانی نێوان سەرۆک عەشیرەتەکان و جووتێرانی ڕەعییەتیان زیادتر بیچمی «فیۆدالی» پەیدا دەکرد.

* "uniate","uniate Assyrians" ئەو ئیماندارە مەسیحیانەن کە سەر وەبەر فەرمانی پاپای ڕۆم دەهێنن بەڵام لە سەر ئایینزای خۆیان ماونەتەوە و نەبوون بە کاتۆلیک(شیکردنەوەی وەرگێڕ).

گشت مەسیحییەکانی لادێ نشین سەر بە توێژی بندەست نەبوون، ڕیزپەڕی زۆر گرینگ هەبوون؛ بۆ نموونە ئاسۆرییەکانی کوردستانی نێوەندی و بە لانی کەمەوە هێندێک لە سۆریانی تورعابیدین. ئەوان بە ئازادی چەکیان هەڵدەگرت ـ شتێکی ناباو لە دەوڵەتێکی موسڵماندا ـ و ڕابەرەکانیان لە تەک هەر سەرۆکێکی کورد کە بتگوتبا جووت دەهاتنەوە. ژن و ژنخوازی لە نێوان ئەو مەسیحیانە و کوردەموسڵمانەکاندا دەگمەن بوو، بەڵام واوێدەچێ کە ڕێسای بانگ بە گوێ دادانی باوکانە لە نێویاندا باو بووبێ: باوکێکی کورد دەکرا داوا لە دۆستێکی مەسیحی خۆی بکا کە خەتەنە سوورانی کوڕەکەی بگێڕێ، و دوای ئەوە دەبوو بە کریڤ ؛ توو ؛ کرڤە (٤) «godfather »ی کوڕەکە.
لەوەش دەرچێ، تا ئەو دواییانە، عەشیرەتێکی کۆچەری ئەرمەنی هەبوو کە بەشێک بوو لە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتێکی کورد(٥). لە لایەکی دیکەشەوە، هەموو کوردەکانیش عەشیرەت نەبوون . کۆچەری مەڕدار ڕەنگە هیچ کاتێک لە نێوەی بەشێکی هەموو کوردان زیادتر بەبووبن(٦). زۆر لە عەشیرەتەکان نیوە کۆچەر بوون و هەن(واتە ئەوان زستانان لە گوندی هەمیشەیی نیشتەجێ بوون، کاریان کشت و کاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بووو هاوینان بە مێگەلەکەیانەوە بەرەو لەوەڕی چیایان کە چەند سەعاتێک یان چەند ڕۆژەڕێییەک لە گوندەکانیانەوە دوور بوون، دەچوون). جگە لە وانە، هەمیشە ژمارەیەکی زۆری جووتێرانی تەواو نیشتەجێی کوردزمان هەبوون کە خێڵەکی نەبوون ، و ژمارەیەکی زۆریان لە بن دەست و فەرمانی سەرکردەیەکی عەشیرەتیدا دەژیان. دانیشتوانی عەشیرەتی و ناعەشیرەتی تەقریبەن وەکوو دوو کاست وا بوون. جموجوولی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو دوو توێژەدا، وەنەبێ هەر نەبووبێ بەڵام زۆر دەگمەن بوو، لە نێو «کاستی» عەشیرەتیدا ، بنەماڵەسەرکردەکان(ئاغاوات)بن کاستێکی جیاوازیان پێکدەهێنا ، زۆر کەم لە گەڵ ڕەشوڕووتی عەشیرەتیدا، ژن و ژنخوازییان دەکرد. تا نێوەڕاستی سەدەی بیستەم هەبوونی خوێندن و پەروەردەی مودێرن و نوێ ـ باو، تەقریبەن بە تەواوی تەرخانی توێژی ئاغاواتی کورد بوو.

## شوێنی دەوڵەتی نێوەندی

### لە سەر توێژبەندی کۆمەڵایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان

ئەو توێژبەندییە ئەستوونییەی کۆمەڵگەی کورد لە لایەن حکوومەتەنێوەندییەکانەوە پتەوتر کرا و تەنانەت هێزی وەبەرنرا. ئیمپراتوورییەکانی عوسمانی و فارس و دەوڵەتە جێنشینەکانیان، قەت ئەوەندە بە هێز نەبوون کە ڕاستەوخۆ هەموو کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. هەر بۆیەش شێوەی جۆر بە جۆری فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆ گەشەی سەند، کە تێیدا سەرۆک عەشیرەتەکان کۆنترۆڵی ناوچەی هەراویان لە دەستیدا مایەوە لە بری گوێ لە مستی ڕەسمی و دانی بڕێک خەرج و پیتاک، یان ئەندامانی ئێلیتی عەشیرەتی پلەی دەوڵەتی (بۆرۆکراتیک)و نیزامیان درایە.
کەیسێکی بەدناو حەمیدییەیە، ئەو سوارانەی کە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم (١٩٠٨ـ ١٨٧٦) ڕێک خران و بە نێوی ئەو کران، ئەو سوارانە تەقریبەن بە تەواوی لە عەشیرەتە کوردەکان پێکهاتبوون. سەرۆک عەشیرەتی هەڵبژێردراو و دەستوپێوەندیان چەکیان درابوویە، بۆ ئەوەی کە پاسی [کێشکی] گوندودەرەوەی شاران بدەن و لە ئاست گلەیی و بناشتێکی کە لە هەڵسوکەوت و ئاکاریان کرابایە، چییان نەدەهاتەوە سەر و دەستیان بە تەواوی ئاواڵە بوو(بۆ ئەوەی بیانەوێ بیکەن). بەم پێیە، هێز و دەستەڵاتی ئەم سەرکردە عەشیرەتییانە بە سەر بندەستەکان و، هەروەها لە هەمبەر سەرۆکە ڕەقیبەکانیاندا زیادی دەکرد. حەمیدییە لە بەر بەشدارییان لە قڕکردنی ئەرمەنییان لە سالی ١٨٩٤، نێوبانگیان لە ئورووپا زڕا و بەدناو بوون. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە زۆرجار کوردەکانی دیکەش هەر وەک ئەرمەنییەکان دەکەوتنە بەر تالان و بڕۆ، زۆرداری و کوشتوبڕی تیپەکانی حومیدییە. ( دەبێ لێرەدا ئەوە زیاد بکرێ کە لەو دەرکردن و ڕاگوێزانەدا کە بە دوای قڕکردنی هەراوی ئەرمەنییەکان لە سالی ١٩١٥دا کرا، تیپەعەشیرەتەکوردەکان وێ ناچێ بەشدارییان کردبێ. ئەوە ئەرتەشی ڕێکوپێک بوو کە زۆربەی کوشتوبڕەکانی کرد، ئەگەرچی هیچ گومانی تێدا نییە کە هێندێک لە کوردەکانیش بەشی خۆیان لە تالان و شڕەخۆری خست).
بەم زووانە، حکوومەتی تورکیا هێزێکی شێوە نیزامی وەک ئەوی سازکردەوە : پاسەوانانی گوندان (کویی کۆروجولار) بۆ بەرهەڵستی توندوتیژی پارتیزانی پارتییا کارکەرێن کوردستان(ف. بڕوانێسن a ١٩٨٨). پیاو گوێی لە هەمان گلەیی و بناشتی سەردەمی حەمیدییە دەبێ: سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە ئەم پاسەوانانی گوندانە وەک ئەرتەشی تایبەتی شەڕکەری خۆیان بەکار دەهێنن، لە دژی سەرۆکە ڕەقیبەکاندا بە شەڕیان دەدەن، جووتێران ڕووت دەکەن و دەیان چەوسێننەوە و دانیشتوان چاوترسێن دەکەن بۆ ئەوەی ملیان بۆ ڕاکێشن. حکوومەتی عێراق پێشتر پەنای بۆ هەمان شێوە بردووە و دەکاری هێناوە. کاتێک مەلا مستەفای بارزانی لە سالی ١٩٦١وەشاخی کەوت، حکوومەتی عێراق ئەو عەشیرەتانەی چەکدار کرد کە دوژمنایەتی کۆنینەیان لە گەڵ شێخانی بارزان هەبوو و ئەوانی نارده شەڕی ڕاپەڕیوەکان. لە تەواوی سالانی ٦٠و ٧٠دا، حکوومەت ئەو میلیشیا عەشیرەتییانەی بە کار هێنا، و ئەوانیش نیشانیان دا کە لە دژی بزووتنەوەی پارتیزانی کورد زۆر لە ئەرتەشی ڕێکوپێک(ڕەسمی) کاریگەرترن.
هاوکاری دەوڵەت وسەرۆکە عەشیرەتەناوچەییەکانی کورد هەمیشە بە مەبەستی دەستبەجێی نیزامی نەبووە. سەرۆک عەشیرەتەکان زۆر باوتر وابووە کە ببنە درێژەی دەزگای بەڕێوەبەری مەدەنی. لە زەمانی ئیمپراتوری عوسمانیدا، تا دەساڵە سەرەتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم پێکهاتنێکی ڕەسمی لە نێوان دەوڵەت و میرنشینە نۆتۆنۆمەکوردەکاندا هەبوو. ئەو فەرمانڕەوا ناوچەییانە (ئەمیرەکان )ئەگەر قانوونی عوسمانییەکانیان ڕەچاو بکردبایە، مالیاتیان بدابایە، لە تەک ئێراندا کەین وبەینیان نەبایە و کاکە و برالەیان نەکردبایە و زەوی و خاکی خەڵکی دیکەیان داگیر نەکردبایە لە لایەن حکوومەتی نێوەندی ڕا بە ڕەسمی دەناسران و دەستەڵاتیان ئەگەر پێویست بووبایە لە لایەن ئەو سەربازانەی کە لە ناوچەدا مۆڵ درابوون پشتیوانی لێ دەکرا. کاتێک ئەو فەرماندارانەی کە لە نێوەندەوە دیاری دەکران جێی ئەو میرانەیان دەگرتەوە و بورۆکراسییەکی ئەستانی بەرەبەرە دەتەنییەوە و گەشەی دەکرد، پێوەندییەکی زۆر نارەسمی تر بۆ دابەشکردنی دەستەڵات لە نێوان کاربەدەستانی سیڤیل و ئەفسەرە نیزامییەکان لە لایەک و سەرۆک عەشیرەتەکان و شێخەکانی ناوچە لە لایەکی دیکەوە گەشەی سەند.
سەرۆک عەشیرەتەکان هاوکارییان لە گەڵ دەزگای بەڕێوەبەری دەکرد لە بری شێوەی جۆراجۆری پشتیوانی لێکران و بە دەنگەوەهاتن. سەرکردە بەرزەفڕ و هێز لەکن خۆشەکان ئەو هاوکارییەیان یەکجار زۆر

بە کەڵک دەزانی بۆ پتەوکردن یان گەورە کردنەوەی هێزودەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان. ڕەقیبەکانی ئەو سەرۆکانەی کە لە بن باڵی دەزگای بەڕێوەبەریدا بوون چ ڕێگەیان بۆ نەدەمایەوە لەوە بە دەر نەبێ کە ببنە سەرکێش یان بە دووی یەکگرتنی سیاسی لە شوێنێکی دیکەدا بگەڕێن. لە ڕابردوودا هەمیشە ئیمپراتوری فارسی دراوسێ هەبوو کە ئەوان دەیان توانی لە گەڵی ڕێک کەون؛ لە سەدەی ئێستادا، بزووتنەوەی کورد بوو بە دەورگێڕێکی دیکەی ئاماڵ ـ دەوڵەت کە سەربزێوان دەیان توانی لە گەڵیدا ڕێک بکەون(بەپێچەوانە، ڕەقیبەکانی کۆنینەی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە لە ڕاپەڕینەکانی کورددا بەشداریان دەکرد، غالبە لایەنی حکوومەتیان دەگرت بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانە).

لە ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٣٠دا، چ ئاتاتورک لە تورکیا و چ ڕەزاشا لە ئێران هەوڵیان دا کە ئەو توێژە ناوبژیکارەی ئاغاوات نەهێڵن و فەرمانڕەواییەکی کاریگەری ڕاستەوخۆ دامەزرێنن. ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان، جارجار گشت عەشیرەتەکان بە سەری خۆیان لە ناوچەیەک کۆچ پێدەدران و ڕادەگوێزران و لە بەشەکانی دیکەی وڵاتدا نیشتەجێ دەکران(بەشیکچی١٩٧٢، سالزمان١٩٧١). هێزی پۆلیسی گوندان و دەرەوەی شاران (ژاندارمەری) و دەزگای بەڕێوەبەری مۆدێرنی کارگێڕی، هەر دووکیان لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی وڵاتەوە پێکدەهاتن و دەبوو لادێییەکان بخەنە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەت. ئەوسیاسەتانە هەر تا ڕادەیەک سەرکەوتووانە بوون، چونکوو دەسەڵاتدارانی مەدەنی و نیزامی بۆیان دەرکەوت بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن حەوجێیان بە هاوکاری خەڵکی دەسترۆیشتوو و بە دەسەڵاتی ناوچەیی یە. دواتر، زۆر لەو جۆرە سەرۆک عەشیرەتانە گەڕانەوە شوێنی خۆیان و زۆر لە دەسەڵاتی پێشووی خۆیان وەدەست هێناوە. زۆر دواتر، لە ساڵەکانی ٦٠و٧٠دا دوو تەگبیری دیکەی حکوومەت، دامەزراندنی خوێندنگە بۆ لادێییان و چاککردنی زەوی و زار لە عێراق و ئێران، دەسەڵاتی ئاغاواتی ئەوەندەی تر کەمتر کردەوە. پەروەردە و بارهێنانی مۆدێرن و ئەو هەلانەی کە بۆ کارپەیدا کردن ڕەخساندی، ئەگەرچی بەرتەنگیش بوون، بەسترانەوەی وەجەگەنجترەلادێییەکانی بە سەرۆک عەشیرەتەکان، کەمتر کردەوە، لە کاتێکدا کە چاککردنی زەوی وزار دەسەڵاتی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی هەتابڵێی کەم کردەوە (زۆربەی خاوەنموڵکەکان لە ئاغاواتن). بە پێچەوانە، لە تورکیا، خاوەنموڵکەکان زۆر سەرکەوتووانە بەری هەموو جۆرە هەوڵێکی چاککردنی زەوی وزاریان گرتووە.

دوای شەڕی دنیاگری دوهەم، تورکیا بوو بە دێمۆکراسیەکی فرەپارتی. ئەوەش هەڵوێستی ئاغاواتی پتەوتر کرد کە بوونە دەنگوەرگری سەرەکی. سەرۆک عەشیرەتەڕەقیبەکان هەر لایەکیان ڕەگەڵ دووپارتییە سەرەکییەکە کەوتن. ئەوانەی کە پارتییەکەیان لە سەر حوکم بوو دەیان توانی ئەو دراوانەی کە بۆ پێشخستن تەرخان کرابوون و ئەو دەزگا و هۆیانەی کە دادەمەزران و کەرەمی پشتگیری لێکران کۆنترۆڵ بکەن و دیارە بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان و بەهێزترکردنی هەڵوێستی ئابووری خۆیان بەکاریان بهێنن. لەبەر ئەوەی کە دەزگای بۆرۆکراسی و ئیداریش تا ڕادەیەکی زۆر لە بن دەسەڵاتی سیاسی دایە، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە هاوپەیمانی پارتیی ئۆپۆزیسیۆنن لە وانەیە بەشی خۆیان لە پشتگیری لێکران پێببڕێ بە ڕێگەی هاوئەندامانی پارتییەکەیان لە دەزگای بەڕێوەبەریدا. لەوەش دەرچێ، هەڵسوکەوت و تێکەڵاویی سەرۆک عەشیرەتێک لە گەڵ یەک لە پارتییەسەرەکییەکاندا، پشتیوانییەکی سیاسی بۆ ڕاوەدوونەنان لە کاتی پێشێل بوونی قانووندا، مەیسەر دەکا. هەر هەمان میکانیزمی پشتگیری لێکردنی سیاسی بووەتە هۆی تێکشکان و بەڕێوەنەچوونی چاککردنی زەوی(٧).

پێوەندی و تێکەڵاویی هاوژینی نێوان ئاغاوات و کاربەدەستانی سیڤیل و عەسکەری لە ئاستی ناوچەییدا هەر بەردەوامە. زۆربەی ئەو کاربەدەستانەی کە دەناردرانە کوردستان و لەوێ کاریان دەکرد بۆیان دەردەکەوت کە بێ هەبوونی نێوانێکی خۆش و کارهەڵسووڕان لە تەک هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەناوچەیی یەکان، کاریان پێ ناکرێ و زوو دەکێشرانە نێو قەوارەی عەشیرەتی و کێشە زۆروزەوەندەکانی. بەم ڕێگەیەدا، ئەوان هێزو دەسەڵاتی هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان بە سەر خەڵکی ڕەشوڕووت و هەڕەمە و هەروەها ڕەقیبی کۆنی ئەو جۆرە سەرۆکانەدا، بەهێزتر کرد. قاچاغچێتی، جمووجووڵێکی لەمێژینەی ئابووری زۆر گرینگ لە ناوچەکانی سەر سنووردا، یەک لەو بابەتانەیە. قاچاغچێتی باو وابوو کە هەرکەس هێندێک ئازا و نەترس بایە بەشداری تێدا دەکرد و بەم ڕێیەدا زۆر لە خەڵکی هەڕەمە و ڕەشوڕووت هێندێک داهاتی زێدەیان وەگیردەخست. هەموو مانگێک ڕانە مەڕی گەورە و کەلوپەلی جۆراجۆری بازرگانی بە دزی و بە قاچاغی لە سنوورانەوە ئەو دیو و ئەم دیویان پێدەکرا و دەپەڕاندرانەوە. کاتێک کە سنوورەکان کەوتنە بەر پاس لێگرتن و چاوبە سەرەوەبوونێکی زۆر کاریگەرتری نیزامی، تەنێ ئەوکەسانەی کە لە گەڵ سەرۆکی پۆستی سنوور، یان فەرماندەری نیزامی ناوچە ڕێک دەکەوتن(سمێڵیان چەور دەکردن) دەیانتوانی لە سەر ئەم کارە بەردەوام بن. باو وابوو کەسی ئەوتۆ هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بن کە لە بری دانی بەرتیل و بەشی ئەوان تێخستن لە دەستکەوتەکانیان، دەیان توانی ئەو جمووجووڵە بە پیت و بەدەستکەوتە بکەنە قۆرغی خۆیان.

یەک لە نموونەکانی دیکە تاپۆکردنی زەوی و زارە. لە کۆن دا مافی جووتێران بە سەر زەوی و کێڵگەکانیاندا بە ئاشکرا و ورد دیاری نەکرابوو. تاپۆکردن و سیایی گرتنەوەی زەوی لە لایەن دەوڵەتەوە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد، بەڵام هێشتاش بە تەواوی یەکلا نەکراوەتەوە. جاری وا هەیە کە چەند کەس زەوییەک هاوکات بەنی خۆیان دەزانن. بە ڕێگەی هاوکاری کردن لە گەڵ کاربەدەستان و جاروبار سمێڵ چەورکردن و بەرتیل پێدانیان، زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان توانیان ئەوەندەی دەکرا زەوی بە نێوی خۆیان تاپۆ کەن لە سەر حیسابی ئەو کەسانەی کە لە سەر ئەو زەوییانە کاریان دەکرد. بەو ڕێگەیەدا زۆر لە جووتێران ـ بەتایبەتی، وا وەبەرچاو دێ، ئەوانەی کە سەر بە کەمایەتییەکان بوون و چ پشتیوانی سیاسیان نەبوو ـ زەوییەکانیان لێ داگیرکرا.

بەزۆر ڕێگەی دیکەشدا، ئەو کاربەدەستانە کە لە نێوەندەوە دیاری کراون، ئەگەر زۆرجار چالاکانە لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوات لە ئاست جووتێراندا بەشدارییان نەکردبێ، چاویان لێ نووقاندووە. ئەو جۆرەکاربەدەستانەی کە ملیان نەدەدا بە هاوکاری، هێندێک جار بە هەڕەشەوگوڕەشە وایان لێ دەکرا بێنە ڕەدایە. لە کەیسی دیکەدا، سەرۆک عەشیرەتەکان توانیان، بە ڕێگەی ئەو پێوەندی و تێکەڵاوییەی کە لە جێی دیکەدا لە گەڵ بۆرۆکراسیدا بوویان، کاربەدەستەملنەدەرەکان لە ناوچەکان دووربخەنەوە. تا ئەو جێیەی کە سەرۆک عەشیرەتەکان بە ئاشکرایی لە دژی دەزگای بەڕێوەبەری نەجووڵابنەوە، ئەوان توانیویانە دەسەڵاتە فیۆدالییەکان ←

بپارێزن و تەنانەت بەهێزتریشی بکەن(٨).

## کەسێتی ئێتنیکی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم

لە ساڵی ١٩٧٥ لە کاتێکدا ئەمن لە چایخانەیەک لە شارێکی پچووکی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە گەڵ پیاوێکی گەنج دانیشتبووم و قسەم دەکرد، لێم پرسی ئەو کوردە یان ئازەری؟ کوردەکان و ئازەرییەتورک زمانەکان ئەو دەستە ئێتنیکییەسەرەکییانەن کە لەو هەرێمەدا دەژین. وڵامەکەی ئەو گێژی کردم :«ئەمن هەم کوردم هەم ئازەریم و فارسیشم». ئەمن پێم وابوو ئەو خۆم لێ هەڵە دەکا جا بۆیە پرسیارلێکردنیم درێژەپێدا بۆ ئەوەی بزانم بە ڕاستی ئەو چییە. بۆیە لێم پرسی لە ماڵەوە بە چ زمانێک قسەدەکەن؟ وڵامی داوە بە کات هەڵکەوتووە، دایکی هەر کوردی باش دەزانێ، بەڵام ئەو لە گەڵ باوکی هەم بە کوردی و هەم بە تورکی قسەدەکا، جارجارەش بە فارسی. کە ئەوەم لێبیست، پێمگوت، دەوێرم بڵێم کە باوکی ئازەری یەودایکی کوردە؛ لەوە خۆشحاڵ بووم کە لێم هەڵکراندووە بزانم کێیە. نا، ئەو گوتی ئاوا نییە، باوکی هەم کوردە هەم ئازەری و هەمیش فارس. ئەو زاراوانە بۆ ئەو، زاراوەی ڕووتی زمانی بوون و بەس. نەک شەقڵی ئێتنیکی، بەوجۆرەی ئەمن بۆیان دەچم. ئەمن نەمکرد لێی بپرسم داخودا ئەو سوننی یە یان شیعە(ئازەرییەکان بە گشتی شیعە و کوردەکان بە گشتی سوننین)، بەڵام ئەمن دڵنیانیم کە وڵامی ئەو پرسیارەشی زۆر ڕوونتر دابایەوە، چونکوو ئەو زەمانی خەڵکی لاو زۆر ویشکە ئایین نەبوون.

هەڵبەت سەرچاوەی پرسیارەکەی من، لە بڕوا بە هەبوونی بەرچاوی ئێتنیسیتی دا بوو. زۆربەی ئەو خەڵکەی کە ئەمن چاوم پێیان کەوت، لەڕاستیدا تەنانەت ئەوانەش کە بنەچەکی تێکەڵاویان هەبوو، بە ڕوونی و بێ لاری لێکردن خۆیان وەک کورد، تورک یان عەرەب دەناساند. بەڵام خەڵکی دیکەش هەبوون، وەک ئەو کوڕەگەنجەی لە سەرەوە باس کرا، کە پێیان خۆش نەبوو شەقڵێکی تاقە یەک دەستەی ئێتنیکییان لێ شەتەک درێ. زۆر لە پیاوانی بەساڵداچووی لە خوداترس و بە ئیمان، بەتایبەتی لە تورکیا، خۆیان تەنیا پێ سوننی بوو و بڕوایان وابوو کە ئەو زمانەی پێی دەدوێن گرینگ نییە. هەروەها خەڵکی ئەوتۆشم چاو پێکەوت (لە ئەستانی ئاگری، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا) کە ئەمن پێم وابوو دەبێ ئەوان بابەتانە کورد بن، بەڵام خۆیان پێکێشیان دەکرد و دەیان گوت تورکن ـ ئەوان بە هەر دووک زمان قسەیان دەکرد ـ گومانی تێدانییە کە ئەو دوو کەیسەی ئاخری بە لانی کەمەوە بەشێکیان لە بەر سیاسەتی بەزۆر تاواندنەوەی تورکیا و ئەو بۆچوونەڕەسمییەیە کە هەموو کوردەکان بە تورکی ڕاستەکی لە قەڵەم دەدا و داخی ئەوە هەڵدەکێشێ کە پەتی بوونی زمانی خۆیان لە کیس داوە. بەڵام تەنانەت لە سەروبەندانی پێشووشدا، زۆر خەڵکی ئەوتۆ لەو ناوچەیەدا ژیاون کە بە ڕواڵەت چ کەسێتییەکی ئاشکراودیاری ئێتنیکیان نەبووە.

ئەگەرچی دەبێ زۆربەی خەڵک هەر زمانێکی زگماکی خۆیان هەبووبێ، بەڵام بە پێویستی ئەوتۆ نەبووە خۆیانی پێوە بلکێنن. زۆرجار لە سەردەمی ئیمپراتووری عوسمانی دا کەوتووەتە بەرچاو کە توێژی سەرەوە(ئێلیت) خۆیان وەکوو «عوسمانی» بناسێنن تا ئەوەی خۆیان بە نیشانەی ئێتنیکی شەقڵ بکەن(چونکوو، وا گوتراوەکە (خۆ بە) «تورک» یان «کورد »دانان ئالەباری و ئەگونجان دەدرکێنێ).

ژمارەیەکی زۆر لە جووتێران نێوی خۆیان هەر بە «ڕەعییەت» ("بندەست")هەڵدەدا، بێ ئەوەی شەقڵ و نیشانەی ئێتنیکی لێ زیادکەن: ئەوان لە بەشەجیاوازەکانی کوردستان دا بە جیاواز نێودێر دەکران وەکوو **گۆران**، **مسکێن**، **کڵاوسپی** و **کرمانج**،ئەو پێناسانە زیادتر شەقڵی چینایەتی بوون تا ئەوەی کە ئی ئێتنیکی بن(٩).

تەنانەت ئەوانەش کە نیشانەی ئاشکرای ئێتنیکیان پێوە بوو، ئێتنیسیتی بۆ ئەوان هەمیشە خەسڵەتێکی زۆر نەگۆڕ نەبوو. جاری وا دەهاتە پێشەوە کە گشت ئەندامانی عەشیرەتەکان وەکوو تورک نێویان تۆمار دەکرا و پاشتر وەک کورد، یان پێچەوانە(ف. بڕوانێسن 1989b، ل ١٩ـ٦١٨). لەوانەیە تاک و تەرایان لە ماوەی تەمەنی ژیانێکدا کەسێتی ئێتنیکی خۆیان گۆڕیبێ. ئەمن چاوم بە پیاوێک کەوت کە وەک کوردێکی یەزیدی چاوی بە دنیا هەڵێنابوو و وەک ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، بووبووە سوورییەکی مەسیحی(سۆریانی) بۆ ئەوەی خۆی لە زوڵم و زۆری ئایینی ڕزگار کا. کاتێک کە جڤاتی سۆریانیش لاوازتر بوو و کەوتە بەر زوڵم وزۆری لە زێدە، ئەوجار ئەو بوو بە موسڵمان و دیسان "بۆوە کورد".

پێشتر باسی ئەو ئەرمەنییانەمان کرد کە بووبوونە زازا زمانی عەلەوی لە دەرسیم و ئەوانەی کە لە سیرت دەیان گوت بوونە سوننی کورد. لە حەکاری ئەمن تووشی کوردی ئەوتۆ هاتم کە پێیان گوتم ئەوان بە «ڕەچەڵەک » نەستووری بوون وباسی گەڕەکی مەسیحی نشینی"قوم قاپی"ی ئەستەمبوڵیان وەک «گەڕەکی خۆیان» دەکرد. ئەو جۆرە تازە لە دین وەرگەڕاوانە کە شایەد بکرێ بە «مەسیحی شاراوە » نێودێر بکرێن، هێشتاش بە جوانی جیاوازیان لە گەڵ کوردی ئەسڵی لێک دەکرێتەوە، بەڵام ئەوان ژن و ژنخوازییان لە گەڵ دەکرێ و ئەوانەی پێیان خۆش بێ بە تەواوی وەخۆدەکرێن. بارێکی تا ڕادەیەکی جیاوازی دیکە، چلۆنایەتی ژمارەیەکی زۆر لە عەلەوییە تورکە گەنجەکانە، کە لە ساڵی ١٩٧٠دا لەبەر هۆگری سیاسی خۆیان بە کورد دانا، ئەو خۆگۆڕینە بە هاسانی کرا، چونکوو ژن و ژنخوازی لە نێو عەلەوییەکانی تورک زمان، کوردزمان و زازازماندا لەمێژە ئاسایی بووە و گشتیان تورکی بۆ زمانی ڕێسای ئایینی خۆیان دەکاردەکەن. لە گشت ئەو کەیسانەدا، هەروەک بە تۆبزی تواندنەوەی کوردەکان لە زۆربەی تورکاندا، هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕینی کەسێتی ئێتنیکی سیاسی بووە.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد(بزووتنەوەکانی پێشتری ئەرمەنییان، عەرەبان و تورکان) بە ئاشکرایی مەیلی خەڵکی بۆ دیاری کردنی کەسێتی خۆیان بە پێی پێوانەی ئێتنیکی، بەهێزتر کرد. بەڵام دەبێ ئاگاشمان لەوە بێ کە کەسێتییەکی پتەوی ئێتنیکی و بەشداری کردن لە ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی دا زۆرشل بە یەکەوە گرێدراون. لە شەڕی یەکەمی دنیاگردا و لەو خەباتە ڕزگاریخوازییەی کە لە تورکیا بە دوویدا هات، ڕووناکبیرانی شارستانی کورد بۆیان دەرکەوت کە عەشیرەتەکوردەکان بە هیچ جۆر گوێیان بە پەیامی ناسیۆنالیستی ئەوان نابزوێ. ئەوان وەک موسڵمان هەستابوونە سەر پێ و سازدرابوون، لە پێشدا بەو بانگی جیهادەی کە سوڵتان دای و دواتر بە بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی ئاتاتورک بۆ پاراستنی ئەتەوەی موسڵمان(١٠). ئەوە تەنیا دوای ئەوە کە ئاتاتورک دەستی پێکرد کە تورکیای نوێ وەک دەوڵەتێکی نوێ بناسێنێ و خەلافەتی هەڵوەشاند کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بە پێی زەمینەیەکی بەتایبەتی کوردی، کرا لە دژی ئەو دەوڵەتە دەنگ بدرێن(ف. بڕوانێسن ١٩٨٥). لە بەر ←

ڕکـــەبەری عـــەشـــیـــرەتی و زۆر هۆی دیکەش، زۆربەی ڕاپەڕینە ناسیۆنالیستییەکوردییەکان لە لایەن کوردەکانی دیکەڕا دژایەتیان لەگەڵ کرا و تەنانەت شەڕیان کرا کە خۆشیان هەستیان بە کەسێتی کوردی خۆیان دەکرد. لەساڵەکانی ١٩٧٠، تەنانەت لە تورکیا، کوردی ئەوتۆش هەبوون کە لە گەڵ پارتی پان تورک و فاشیستی« کردەوەی ناسیۆنالیستی» کەوتن.

لە لایەکی دیکەوە، لە ســـاڵەکـــانی ١٩٦٠بەم لایەوە، مەسیحییەکەڵدانی و نەستوورییەکانی باکووری عێراق بە چالاکی لە بزووتنەوەی کـــوردا لە وێ بەشـــدار بوون ، بەبێ ئەوەی دەست لە کەسێتی جیاوازی خۆیان هەڵگرن(ئەگەرچی کوردەکان بە لایانەوە پەسندتر بووە کە وەک «کوردەمەسیحییەکان »ئەوان ناودێربکەن). چەند کـــەس لە دامـــەزرێنەرانی ڕێکخـــراوەی هەرە تیـــژڕەوی (ڕادیکاڵ)کورد لە تورکیا، واتە پارتییا کارکەرێن کوردستان (PKK)، بە بنەچەکـــە و لەباری ئێـــتنیکیـــیـــەوە تورک بوون، لە کـــاتێکدا ئەرمەنییەکان دەورێکی چالاکیان لە چەندین ڕێکخراوی دیکەی کورددا گـێـڕاوە. ئەمن دۆستـێکی بە ڕەچەڵەک ئەرمـەنیم هەبوو کـە بە پێی نێوەرۆکی سیاسی، لە نێوان ڕێکخراوەچەپەکانی کورد و تورکدا جێ گۆڕکێی دەکرد و خۆی بە ئەرمەنی، کورد یان بە هاوولاتییەکی تورک دەزانی. کاتێک ئەو کوژرا، هەم ڕێکخراوە چەپییەئەرمەنییەکان و هەم ڕێکخراوەیەکی چەپی تورک  بە شەهیدی خۆیان ناساند.

کورتی ببڕینەوە، ئێتنیسیتی شتێکی سستە و بە لانی کەمەوە تا ڕادەیەک دڵخوازانەیە. ئەوە نییە کە تەبیعەت دابێتی، پێویست ناکا کە کەسێک خشت سەر بە دەستەیەکی ئێتنیکی تایبەتی بێ، هەر کەسێک چەند کەسێتییەکی هەیە کە تا ڕادەیەک تێک دەهاڵێن و ئەوە بە هەلومـەرج و وەزعی کـەسەکـە بەسـتـراوەتەوە کـە کـامـەیەک لەو کەسێتییانەی خۆی جەخت کاتەوە. سوننییەکی زازازمان زازایە، کوردە، موسڵمانێکی سوننی یە و هاوولاتییەکی تورکیایە. ئەو هەروەها سەر بە چینێکی تایبەتی کۆمەلایەتییـە و ڕەنگە سەر بە عـەشیـرەتێکی تایبەتیش بێ، دانیشتووی گوندێکی تایبەتی یان دۆڵێکی تایبەتی و لەوانەیە مـوریدی شـێـخـێکی تایبـەتی ، یان ئەندامی چالاکی ڕێکخراوەیەکی سیاسیش بێ. ئەو لە کات وساتی خۆیدا ڕوو لە هەرکام لەم کەسێتییانە داکا. لە حاڵی حازردا، زۆربەی زازاکان بەر لە هەموو شتی دی خۆیان بە کورد دادەنێن، بەڵام ئاکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان زۆرتر بە هۆی وەفـاداری زۆر بەرتەنگتـر دیاری دەکـرێ. لەو ناوچانەیدا کـە لە نێـو شـوێنی عـەلەوییـەکـاندا کـێشـەوهەرای زۆر هەسـتاوە، خەڵک بە دەرەجەی یەکەم خۆیان بە سوننی یان عەلەوی دەزانن تا ئەوەی خـۆیان بە تورک یان بە کـورد بزانن. سـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد، هێزێکی گرینگی سیاسی بوو کە زۆر خەڵکی والێکرد کە کەسێتـیـیەکی ئێتنیکی ڕوون و ناڵێڵ هەڵبژێرن. ئەمن ئێستاش بیر لەو پیاوە گەنجە دەکەمەوە کە بە خۆی دەگوت کوردوتورک و فـارس، داخـودا دوای زیادتر لە دەساڵ خەباتی چەکدارانە لە نێوان کوردەکان و حکوومەتی نێوەندی ئێران دا، خۆی بۆ ساغ بۆتەوە. ئایا ئەو هێشتا دەتوانێ ئەم کەسێتییە سێ لایەنەی خۆی بپارێزێ.

### ئێتنیسیتی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد

ناسیۆنالیزم لە جێدا پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕێکی مۆدێڕنە و ئەم نموونانەی سەرەوە دەیدرکێنن کە جەخت کردنەوەی ئێتنیسیتی کوردیش بە نیـسـبـەت دیاردەیەکی نوێ یە. سـەبارەت بە بەڵگەهێنانەوەکـانی نووسـەرانی وەک ئاندرسـۆن(١٩٨٣)و گـێلنێـر(١٩٨٣)، کـە دەڵێن نەتەوە بەرهەمی پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕی بەنیسبەت تازەی تێکنۆلۆژی وئابووری یە، دەکرێ قسەیەکی زۆر بکرێ. سەرنجەکانی گێلنێر لەمەڕ ئەوقـەڵشـتـە فـەرهەنگیـیـانەی کـە لە کـۆمـەڵگە« خـوێندەوارە ـ وەرزێری»یەکاندا، ئێلیتی لە بەرهەمـهێنەرانی لادێیی جوێ دەکردەوە بێ ئەمـلاوئەولا لە سەر کەیسی کورد ڕاست دەردەچن. ناسیۆنالیزمی کورد، ئەگەر لە تۆوی خەبات و ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کـۆچکردنی هێـزی کـارەوە ئەگـوورابێ، ئەوەی گـێلنێـر بە هۆکـاری سەرەکییان دەزانێ، بێ ئەملاوئەولا بەرەوکشانی کۆمەڵان بەرەو ئەو لە سـۆنگەی ئەم هۆکـارانەیە. پێـوەندی تازە، چاپ، ڕادیۆ و ڕێکۆردری شریت، یارمەتییـەکی زۆریان بە سازکـردنی «نەتەوە»یەکی کورد داوە وەک «جڤاتێکی بیر لێکراو» واتە وەکوو جڤـاتی گـەلێک کە مـرۆڤ قـەت ڕاسـتـەوڕاست تووشی نایە بەلام دەزانێ هەیە و دەیەوێ وەک خەڵکی دی چاولێبکرێ(ئاندرسۆن ١٩٨٣). بەڵام ئێتنیسیتی کورد زۆر لە ناسیۆنالیزمی کورد کۆنترە. « جڤاتێکی بیر لێکراو»ی کوردان ، ئێتنیەکی (١١) تەواو دیاریکراوی کورد چەندین سەدەیە کە هەبووە، ئەگەرچی ناساندنی ڕەنگە لە سەر دەمانی کۆندا لە چاو ئێستا کەمتر هەموو لایەنە و هەمووگیرتر بووبێ.

لە ساڵی ١٥٩٧فـەرمـانڕەوای مـیـرنشـینی بتلیس، شەڕەفـخـان **«شەرەفنامە»** کەی خۆی تەواو کرد، مێژوویەکی بنەماڵەفەرمانڕەواکانی کـــوردســـتـــان. ئەو کـــوردەکـــان لە عـــوســـمـــانیـــیـــەکـــان(ڕۆم)، فارسەکان(عەجەم)، عەرەبەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسۆرییەکان بە جوێ دادەنێ. کـورد بۆ ئەو بریتین لە زازا و گـۆران و هەروەها ئەوانەی بە کوردی ئەسڵی دەناخەفن، هەروەها عـەلەوییـەکـان و یەزیدییـەکـان و سوننییەکان . لە گەڵ ئەوەشدا گشت ئەو کوردانەی ئەو باسیان دەکا، ئەجیوزادەی شارستانی یان عەشیرەتن؛ ئەو بە جووتێرانی بندەست، بێ لەبەرچاوگـرتنی ئایین و زمـانیـان قـەت ناڵێ کـورد. نووسـەری تورک ئەولیای چەڵەبی، کە لە نێوەڕاستی سـەدەی هەڤدەهەمـدا، گـەشت وگـەڕانێکی زۆری بە کـوردسـتـاندا کـردووە، ئەویش بە ڕاشکاوی و خشتی، باسی کوردان وەک گەلێکی سەربەخۆ دەکاو ژمارەیەکی زۆر لە عـەشیـرەت و دەسـتـە دیالێکتـەکـان، دیسـان وەک زازا، عـەلەوی و یەزیدییەکان بەو نێوەوە هەڵدەدا(ف. بروانێسن B ١٩٨٨). لە شێعری حەماسەیی کوردی «مەم و زین »دا کە لە لایەن شاعـیر و زانای کـورد ئەحـمـەدی خـانی(١٧٠٦ ـ ١٦٥٠)هۆنراوەتەوە، ئێـمـە تەنانەت دەربڕینی ئەوتۆ دەبینین کـە زۆر وە هەسـتی ناسـیـۆنالیـستی مـۆدێڕن دەچێ. لە دیبـاچەی شـوێنەوارەکـەیدا دەڵێ، بە سـەرسـاوین لە دژی کردەوەی پەسندکراوی گشتی و بە پێچەوانەی ئەو کارەکەی خۆی بە فارسی ئەنووسیوە بەڵکوو بە کوردی نووسیوە، بۆ ئەوەی: «دا خەڵـــق نەبێژتن کو ئەکراد/ بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد/ ئەنواعی میلەل خـــودان کتێبن/ کورمـــــانج تەنێ د بێ حسێبن »

خانی سکالا دەکا لە دوو بەرەکی سیاسی کوردان و دەڵێ ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کـە عـوسـمـانی و فـارسـەکـان بە سـەریاندا زاڵ بن و فەرمانڕەواییان بە سەردا بکەن، ئاخ ئەگەر کوردەکان بێتوو لە ژێر ئالای فەرمانڕەوایەکی بەهێزی خۆییدا یەک بگرن، ئەودەمی زانین و هونەریش لە نێو کـورداندا برەو پەیدا دەکا و عـوسمـانییـەکـان ، فـارسـەکـان و عەرەبەکان دەهێننە بەر ڕکێفی خۆیان(١٢).

ئەو فـەرمـانڕەوا بەهێزەی خانی قەت سەری هەڵنەهێنا، بەڵام ئەو ←

حەماسەیەی ئەو خزمەتی ئەو مەبەستەی کردووە کە ئەو دەڵێ«مەم و زین»ی لە بەر ئەوە نووسیوە. ئەوە ـ بە لانی کەمەوە لە سەدەی بیستەمدا ـ بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ شانازی فەرهەنگی کوردی. جێی سەرنجە، کە ئەوە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان بوون لە تۆرەمەی فەرمانڕەوایانی کوردی جزیرا بۆتان و لە ناسیۆنالیستە هەڵکەوتووەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە بۆ یەکەم جار «مەم و زین»یان وەک حەماسەی نەتەوایەتی کورد وەخۆکرد. داستانی مەم و زین لە مەڵبەندی جزیرابۆتان ڕووی داوە و پێوەندی بە دەرباری ئەو میرنشینەوە هەیە، هەر بۆیەش ئەوە دەیتوانی ببێتە هۆی وەدیهاتنی هیوای حەقانی بەدرخانییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەورێکی بالا لە نێو نەتەوەی کورددا. ئەو حەماسەیە ئەدەبییاتی دەربارە و کوردەکانی خانی جووتێر نین بەڵکوو سەر بە سەردەستی(ئێلیت)«فیۆدال»ن. ئەدەبێکی فۆلکلۆری کوردی هەیە کە باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە دەگەنەوە سەدەی هەڤدەهەم ، بەڵام ئەوان ئەو وشیارییە ی کوردبوونە لە مەڕ «جڤاتێکی بیر لێکراو»ئەو جۆرەی کە زانیاریدەرە ئەجیوزادە کوردەکانی شەرەفخان، ئەحمەدی خانی وئەولیای چەڵەبی نیشانی دەدەن تێیاندا بەدی ناکرێ.

بە لانی کەمەوە لە سەدەی شازدەهەمەوە(شایەد زۆر زووتریش)وشیارییەکی ئێتنیسیتی کوردی ئاشکرا لە نێو فەرمانڕەوایانی کورد و ئێلیتی عەشیرەتی دا هەبووە. ئەو مەفهوومی ئێتنیسیتییە تەنێ دەربارەکان و عەشیرەتەکانی دەگرتەوە و بە ڕواڵەت جووتێرانی بندەست و توێژە خوارەوەکانی شارنشینی دەردەهاویشت. لەو پلەیەدا کوردەکان ئەو قەوارەیان پێکهێنا ئەوەی کە سمیت(ل: ٨٣ ـ ٦٧ ، ١٩٨٦ )نێوی دەنێ«ئێتنی لاوەکی ـ ئاریستۆکراتی» (بە پێچەوانەی ئێتنی ئەستوونی ـ دیمۆکراتی، کە لە سەر بناوانی قازانجی«چینایەتی» تێکڕایی نییە بەڵکوو بە پێی هەستێکی بە هێزی فەرهەنگی و بەتایبەتی ئایینی ، هاوکۆیی یە). ئاشکرایە کە زمان و ئایین بڕیاردەرەسەرەکییەکان نین، ئەگەرچی ئەو سوننییانەی کە بە کوردی ئەسڵی دەئاخەفتن کاکڵی سەرەکی ئەو ئێتنییەیان پێکدەهێنا. ئایین، بەتایبەتی زۆر گرینگ نەبوو: چەندانێک لە خانەدانەکانی میرنشینەکان ئایینیان گۆڕی و لە سوننییەوە بوون بە شیعە و دیسان هاتنەوە سەر سینگ و پەتی پێشوو، ئەوەش بە ڕواڵەت لە بەر شێوەی هاوپەیمانیان لە گەڵ عوسمانییەکان ، یان سەفەوییەکان دا(بۆ نموونە بڕوانە ف. براونێسن١٩٨١). ئەو (هەستی) نێوکۆیی یە لە سەر بناوانی زێد(زنجیرە شاخی زاگرۆس و چیابەرزەکانی ئاسیای ساوای ڕۆژهەلات)، فەرهەنگ و ئێتنۆسێکی هاوبەش، تەجرەبەیەکی مێژوویی هاوبەش، دەوری تێکەوەچوون و بوونەیەکی میرنشینەکانی وەیەکدی چوو، جیاوازی زمان و جیاوازی دیکەی فەرهەنگی لە تەک عەشیرەتەدراوسێیەکانی عەرەب و تورکدا، بوو. ئەفسانەی هەبوونی بنەچەکەی هاوبەش لە گۆڕێدا بوو، لە کاتێکدا هاوپەیمانی ژن و ژنخوازی پێوەندی نێوان بنەماڵەفەرمانڕەواکانی پتەو دەکرد.

(هەستی)نێوکۆیی، لە گەڵ ئەوەشدا، قەت نەگەیشتە یەکایەتی سیاسی ئێتنی. کێشەی نێوان عەشیرەتەکان هەمیشەیی بوو. میرنشینەکان توانیان تا ڕادەیەک پێش بە کێشە عەشیرەتییەکان بگرن، بەڵام کاتێک ئەوان لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا هەڵوەشێندران، ئێتنی کورد ئەوەندەی دیکەش پارچەپارچە بوو. ئەفسەرێکی سیاسی بریتانیایی کە ڕاست دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی دنیاگر لە کوردستانی نێوەندی خزمەتی دەکرد و قازانجی لەوەدا بوو کە کوردەکان لە ئاست تورکان بە یەکگرتوو ببینێ ئاوا دەڵێ :

"وەک ڕەگەزێک ئەوان بوونێکی سیاسی نین. کۆکراوەیەکن لە عەشیرەتان، بەبێ ئەوەی بە یەکەوە بەسترابێتنەوە و مەیلێکی زۆر کەمیان بۆ هاوپێوەندی لە تەک یەکدیدا هەیە. پێیان خۆشە لە قەڵاچیایی یەکانیاندا بژین و سەر وەبەر هەر حکوومەتێکی کە لە سەر کار بن دەهێنن تا ئەو جێیەی کە ئەم دەستەڵاتە هەر بە ڕواڵەت حوکمیان بە سەردا بکا"(هەی، ١٩٢٦ ل ٣٦). وەکوو هاوکارەکانی، هەی پەسنی زۆری کوردانی داوە و خۆشی ویستوون، ئەو پێشبینی کرد(بڵێی قسەکانی ئەحمەدی خانی بیستبێ؟)کە "ئەو ڕۆژە دێ کە کوردەکان هەستی نەتەوایەتیان دەجووڵێتەوە و وشیار دەبنەوە، ئەو ڕۆژە دەوڵەتەکانی تورک و فارس و عەرەب سەرجەم دەبنە تۆزی بەر پێیان، بەڵام ئەو ڕۆژە جارێ زۆر دوورە".
(هەر لەوێ)

لە گەڵ ئەوەشدا، تا سەردەمی هەی، پرۆسەی کار لە ڕێبازی یەکایەتیدا وەگەڕکەوتبوو. تەریقەتەعیرفانییەکان، بەتایبەتی نەخشبەندییە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەستەڵاتێکی بەربلاویان پەیدا کرد. ئەندامەتی لە تەریقەتەکاندا سنوورەعەشیرەتییەکانی تێپەڕاند؛ جابۆیە شێخەکانیان وەک حەکەم و ئاشتکەرەوە لە کێشەی عەشیرەتیدا هاتنە مەیدانێ و دەیانتوانی ئەگەر پێویست ببوایە کردەوەی هاوبەش و هەرەوەزی لە نێو ئەو عەشیرەتانەدا کە پێشتر دوژمنی یەکتری بوون ڕێک بخەن. شێخەکان لە جەڵخە و ڕایەڵەیەکی مامۆستا ـ شاگرددا کە بەشی زۆر هەراوی کوردستانی تەنیبووە وە و لە یەک هالابوون. هەر بۆیەش، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، زۆربەی ڕاپەڕینەکانی کورد لە نێوان سالانی ١٨٨٠و ١٩٣٠دا لە لایەن شێخەکانی تەریقەتەوە ڕێبەری دەکران . ئەو یەکێتییەی کە شێخەکان سازیان دەکردبە دەگمەن دەکرا لە بەر جۆششێکی بە کفوکوڵ خۆبگرێ و بمێنێتەوە، بەڵام تەریقەتەکان وشیارییەکی زۆرگشتیتریان سەبارەت بە یەکێتی ئێتنیکی سازکرد کە جیاوازی و ناتەباییەکانی عەشیرەتی و ناوچەیی دادەپۆشی. لەوەش گرینگتر، تەریقەتەکان دەنێو جووتێران و سەنعەتکاران و کرێکارانی شار و هەروەها عەشیرەتەکاندا مورید و لایەنگری خۆیان هەبوو. ئەوانە وەسیلەیەکی زۆر گرینگ بوون کە بە ڕێگەی ئەواندا چینەکانی خوارەوە، بەرەبەرە لە تەک ئێتنی کورددا یەکانگیر بوون. لای دیکەی سکەکەش، هەڵبەت ئەوە بوو کە ئێتنی کوردی بە شێوەیەکی زۆر قایمتر بە ئیسلامی سوننییەوە گرێ درا و شیعەکان و عەلەوییەکان ویەزیدییەکان کەوتنە قەراخەوە. بەشداری کورد لە قەتڵ و بڕی ئەرمەنییان و ئەستوورییان ڕەنگە بە لانی کەمەوە بەشێکی لە سۆنگەی ئەو گەشەو پێشوەچوونە بووبێ.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، یەکەم کۆمەڵەکانی فەرهەنگی و سیاسی کورد لە ئەستەمبووڵ دامەزران. لەو ڕێکخراوانەدا دوو باڵی بە ئاشکرا جیاواز بەدی دەکران. یەکیان لە لایەن بەدرخانەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرا و ئەوی دیکەیان لە لایەن شێخ سەید عەبدولقادر، لە تۆرەمەی یەک لە بنەماڵەهەرە بەڕێزەشێخەکان. دەستەی بەدرخان لە ئاریستۆکرات و ئەجیوزادەی شارستانی و بە پەروەردەیەکی مۆدێڕن و عیلمانی پێکهاتبوو؛ لەم تیپەدا چ ئاخێوەری زازا، چ کرمانج و چ سۆرانی هەبوون، هەروەها عەلەوی و سوننیش. دواترئەم تیپە مەیل و خۆشەویستییەکی زۆری لە ئاست ئایینی یەزیدییەوە لە خۆوە نیشان دا و ئەوەندەی هەڵدا تا ئەوەی کە نێوی ئایینی بنچینەی کوردی لێنا. تیپەی سەید عەبدولقادر، لە لایەکی دیکەوە، ئەگەرچی وەک ئەوان ئاریستۆکرات و ئەجیوزادە بوون ، لە موسڵمانی سوننی لەخوداترس

پێکهاتبوو. جێی سەرنجە، ئەسنافە کوردەکانی دانیشتووی ئەستەمبووڵ کە ئەندامەکانی لە پاتراوی هەژاری بە بنەچەکە جووتێر و عەشیرەتی پێکهـاتبـوون بێ دڵەڕاوکێ و بەئاشکرا ڕایان گـەیاند کـە سەیدعەبدولقادر تەنیا کەسێکە کە ئەوان پێیان خۆشە دمڕاستیان بێ و بە نێوی ئەوانەوە قسە بکا. ڕێفۆرمیستی ئایینی و ناسیۆنالیستی خۆپارێز سەعیدی کوردی( سەعید نوورسی) ، کە سەر بە هیچکام لەو تاقـمـانە نەبوو، ڕووی چالاکی و هەڵسـوڕانەکـانی زیادتر لە ناسیۆنالیستە عیلمانییەکان لە چینەکانی خوارەوە بوو.

کـاتێک کە بیری ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت جوێ بوونەوەی تەواوی کوردستان لە پاشماوەی ئیمپراتوری عوسمانی دەنێو ناسیۆنالیستە شـارستـانییـەکـاندا زەمـینەی وەدەست هێنا (واتە کـاتێک ئەوان لە چوارچێوەی خاکدا بیریان لە نەتەوەی کورد کردەوە) ، ئەوجاردەستیان بەوەکرد کە توێژەکانی خوارەوە زۆر بە ڕاشکاوتر بخەنە ڕایەڵەی «جڤاتە بیـر لێکراوە»کـوردییـەکـەی خـۆیان. لە سـەرەتادا ئەو یەکـایەتییـە ئەسـتـوونییـەی کـۆمـەڵایەتی بووە هۆی دەرەجـەیەک لە نامـۆیی لە یەککردنی کوردە سوننییەکان و کوردەعەلەوییەکان. لە ساڵی ۱۹۲۰و ۱۹۲۱دا سەرۆک عەشیرەتەکانی عەلەوی ڕۆژئاوای دەرسیم، کە وەک کـورد باسی خـۆیان دەکـرد، بەبێ ئەوەی بەسـترانەوەی ئایینی خـۆیان بهێننەگۆڕێ، سکالایەکیان پێشکێشی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا کـرد سـەبارەت بە داوخـوازی ئۆتۆنۆمی ئیـداری، لە پێـشـدا بۆ هەمـوو کوردستان و دواتر بۆ ناوچەکانی خۆیان. لە ساڵی ۱۹۲۵ ، ڕاپەڕینێکی گەورەی کورد لە مەڵبەندی دیاربەکر هەڵئایسا. نەخشەی ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن ئەفسەرانی ناسیۆنالیست و ڕووناکبیران ڕا دارێژرابوو، بەڵام ناچار بوون سەرۆکایەتی بدەنە دەست شێخانی نەخشبەندی و بۆ ئەوانی بەجێ بهێـڵـن، چونکوو تەنیـا ئەوان بوون کـە قـسـەیان دەڕۆیشت و گوێڕایەڵـیان لێدەکرا. بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە تەقریبەن بە خڕی زازای سوننی بوون، هەم عەشیرەت و هەم هەژاری شارنشین. عەلەوییەکانی دەرسـیم بێ لایەن بوون؛ چەند عـەشـیـرەتێکی بچـووکی عـەلەوی لە ناوچەی ڕاپەڕینەکـاندا، تەنانەت چالاکـانە شـەڕیان کـرد، چونکوو خەسڵەتی سوننی ڕاپەڕینەکە، هەڕەشەیەک بوو بە سەریانەوە(فرات، ۱۹۷۰؛ ف. بڕاونێـســن ۱۹۸۵). لە سـاڵی ۱۹۳۷دا عـەشـیـرەتەعـەلەوییـەکـانی دەرسـیم ڕاپەڕینێکیـان کـرد کـە چریکەی ناسیۆنالیستی کوردی دەچڕی؛ ئەوجار هیچکام لە کوردەسوننییەکان دەفریای نەکەوتن و پشتیان نەگرت.

لە ئێران و عێراقیش، ناسیۆنالیزمی کورد، لە دەستپێکڕا تەنیا توانی لە ژێر سەرۆکایەتی ئایینیدا کۆمەڵانی خەڵک کۆکاتەوە، کە ئەو بزووتنەوەیان کردە بزووتنەوەیەکی تایبـەتی سوننی. لە عێـراق، ئەوە شێخی قـادری، شێخ مـەحـموودی بەرزنجی سولەیمانی یە و شێـخی نەخشبەندی، شێخ ئەحمەدی بارزانی(براگەورەی مەلامستەفا) بوون کە جـووتێـرانی هەژار و هەروەها تاک و تەرای عـەشـیـرەتیان لە ڕاپەڕینە ناسـیۆنالیـسـتـیـیەکـاندا، دژ بە بریتـانیـا و دواتر دژ بە حکوومـەتی سـەلتـەنەتی کـۆکـردەوە. لە کـۆمـاری کـوردی کـەم تەمـەنی مهابادیشدا(۱۹٤٦) ، دەستەڵاتی ئایینی قازی محەمەد پێویست بوو بۆ ئەوەی بەشداری چینە جۆربەجۆرەکانی شارنشین و عەشیرەتەکان دەستەبەر بکرێ. کوردەشیعەکانی خوارووی کوردستان بە تەواوی بێ لایەن مـانەوە لە بەشـداریکردن لەو ڕاپەڕینانەدا کـە لە لایەن کـوردە سوننییەکان ڕا سەرۆکایەتی دەکران. تەنیا لە ساڵەکانی ۱۹٦۰دا، کـاتێک کـە بزووتنەوەی کـورد لە عـێـراق چیـدیکە لە لایەن دەستەڵاتدارانی ئایینی ڕا بەڕێوە نەدەچوو بەڵکوو ڕیبەرایەتییەکەی بە دەست پارتییەکی عیلمانی بوو، شیعەکان دەستیان پێکرد کە بەشداری تێدا بکەن.

گـۆڕانەکـانی کـۆمـەڵایەتی ـ ئابووری کـە لە سـاڵی ۱۹٥۰دا وەگەڕکەوتن یان خێراتر کران ـ مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ، سەنعاتی کـردن، کـۆچکردنی لادێ نشینان بۆ شاران، دەنگدان و کـۆکـردنەوەی سیاسی لە سیاسەتەکانی پارتایەتی ڕکەبەرانەدا، هەراوبوونی خوێندن و پەروەردەی گشتی و گەشەسەندنی ئامرازوهۆی پێوەندی گشتی ـ بناخـەی کـۆنی کـۆمـەڵایەتی کـوردسـتـانیـان هەڵتـەکـاند. دڵسۆزییەعەشیرەتییەکان ئەگەرچی بە هیچجۆر ون نەبوون، بەڵام کز بوون نەک لە بەر کۆچکردنی ئەندامان بەڵکوو لە بەر توندوتیـژبوونی کێشـەی شێوە ـ چینایەتی نێوکۆیی عـەشـیـرەت. ژمـارەی کوردانی شارنشینی شارەگەورەکان وەکوو ئەستەمبووڵ، ئانکارا، بەغدا و تاران و هەروەها شارە دەرەجە دووهەمەکان لە کوردستان خۆیدا زۆری کرد و هەڵـمسا . ڕکەبەری بۆ وەدەستهێنانی کار و سەرچاوەی ژیان زۆربەی پاتراوەکانی بە ڕایەڵە و جەڵخەی پشتیوانی لێکرانی ئەوتۆوە بەست کە چیدی بریتی نەبوو لە خۆبەستنەوە بە عەشیرەتان بەڵکوو بە ناوچەی زۆر هەراوتر و ڕیشەوبنەمای زۆر بەربڵاوترەوە و ئەمە بەلانی کەمەوە لە هێندێک لە پاتراوەکاندا وشیـارییەکی سـەبارەت بە کەسـێتی کوردی خـۆیان و هاوپێـوەندی ئێـتنیکی بەهێـزتر کـرد. لەو شـوێنانەی کـە ڕێکخراوەکوردییەکان هێشتا مابوونەوە، وەکوو عێراق، ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە بە خێرایی زیادیان کرد. لە تورکیا جێیەکی کە ئەوەی کوردی بێ سەرکوت کرابوو، زۆر کۆمەڵەی کوردی نوێ، چ ڕەسمی و چ بەدزی لە ساڵەکانی ۱۹٦۰دا، دامەزران ـ جێی سەرنجە لە پێشدا لە ئەستەمبووڵ و ئانکارا و تەنیا دوایە لە کوردستان خۆی دا.

نفـووزی ئیـدەئۆلۆژی کـەمـالیـزم، پان عـەرەبیـزم و ڕێبـازە جـۆربەجـۆرەکـانی ڕامـانی چەپ بە یەکـەوە لە گـەڵ ئەو گـۆڕانە کۆمەڵایەتیەئابوورییانە مەفهوومێکی عیلمانی و گەلی و ئێتنی کوردی پێگەیاند، کە تا ڕادەیەکی زۆر جێی ئەوی پێشووی ئاریستۆکراتی و ئایینی گـرتەوە. جـێی سـەرنجـە، کـە زاراوەی « کـورمـانجی» کـە لە بناوانەوە لە باکووری کوردستـان بۆ نێـودێرکردنی جووتێرانی بندەست دەکـار دەکـرا بوو بە هاوتای «کـورد». ئەگـەرچی زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی ئەو ڕێکخراوانەیان ڕیبەری دەکرد، ئەگەر هەمووشیان نا، خـۆیان سـەر بە توێژی **ئاغاوات** بـوون، بـەڵام ئـەوان ڕووی قسەوپەیامیـان بە ئاشکرایی لە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردەوە بوو و قـازانج و بەرژەوەنـدی ئەوانیـان دەهێناگـۆڕێ. هەوڵ وتێکۆشـانەکـانی ئەوان بۆ یەکـانگیـری ئەسـتـوونی نەتەوەی کـورد بەشێکی سەرکەوتووانە بوو. لە ڕاستیدا هەموو ڕێکخراوەیەکی کورد بە نێوی گشت چینەکان دەدوا و تەنانەت پشتی خۆبەستنی بە جووتێران و کـرێکارانی کـورد دادەگـرتەوە. بەڵام زۆربەی جـووتێـرانی کـورد تا مـاوەیەکی زۆر لە ئاست بزووتنەوەی کـورد بێ لایەن مـانەوە. لە بزووتنەوەی کوردی عـێراقدا ـ کە تێـیدا، لە بەر شـەڕی پارتیـزانی درێژخایەن ، دیسـان عـەشـیـرەتەکـان دەورێکی گـرینگیـان گـێـڕا ـ لە ڕاستـیدا هیچکام لە جووتێرانی ناعەشیـرەتی قەت بەشداریان تێدا نەکـرد. ئەوان بۆیان دەرکـەوت کـە قـازانجـەکـانیـان غـاڵبـە لە لایەن حکوومـەتی نێـوەندی ڕا، کـە چاککردنی زەوی و زاری هێنایەگـۆڕێ، باشتر خزمەتی پێدەکرێ. هەمان شت تاڕادەیەک لە ئێرانی سەردەمی شـادا، ئاوا بوو. تەنێ لە تورکیـا بزووتنەوەی کـورد، لە ئاخرونۆخری

←

ساڵەکانی ١٩٧٠دا، بە شێوەیەکی جێی سەرنج ئەو ڕچەیەی شکاند و ڕێی بەرو هەژارانی گوندوشار دەرکرد. بەشێک لەو بزووتنەوەیە لێرە، واتە بزووتنەوەی پارتییا کارکەرێن کوردستان، لە ئاغاوات وەک چین هەڵگەڕایەوە(ئەگەرچی هێندێک جار لە تەک تاک وتەرای سەرۆک عەشیرەتیشدا هاوکاری کردووە)(١٤).

لە ساڵەکانی ١٩٧٠وە کوردەناسیۆنالیستەکان زۆر سەکەوتوو بوون لە یەکانگیرکردنی کەمایەتییەئایینی یەکان لە نەتەوەی کورددا. عەلەوییەکان لە تورکیا، یەزیدییەکان، شیعەکان و تەنانەت مەسیحییەکەمایەتییەکان لە عێراق لە ڕێکخراوەسیاسییەکانی کورددا دەورێکی چالاکانەیان گێڕا و پلەوپایەی بەڕێوەبەرییان وەدەست هێنا. تەنێ لە ئێران شیعەکانی خوارووی کوردستان بێ لایەن ماونەتەوە، یان تەنانەت دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد جووڵاونەتەوە. لە ماوەی چند دەساڵی ڕابردوودا زۆر کێشەوهەرای فیرقەوەی ڕوویان داوە، بەڵام ڕێکخراوەکوردییەکان بەردەوام هەوڵیان داوە کە دەورێکی ساردکەرەوەوئاشتکەرەوە بگێڕن.

بە دڵنیاییەوە هەموو کوردێک، نەگەیشتووەتە ئەوەی کە خۆی بە نەتەوەی کورد دابنێ. بە دەرەجەی یەکەم مەبەست لەو کەسانەیە کە ڕەچەڵەکی کوردیان هەیە و بە تەواوی لە تورک یان عەرەبدا تواندراونەتەوە(یان، زۆر کەمتر، کراونە فارس). لەزۆر بارانەوە، ئەو خەڵکانە بوونە تورک، عەرەب و فارس، ئەگەرچی بە خۆداهاتن و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لەم دواییانەدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوانە دیسان کەسێتی کوردی خۆیان داوا بکەنەوە. هەروەها زۆر کەسی ئەوتۆش هەن کە بە تەواوی لە کەسێتی فەرهەنگی کوردی خۆیان نەشۆردراونەوە، بەڵام ڕێبازی سیاسیان بە دەرەجەی یەکەم، بەرەو تورکیا، ئێران یان عێراق گرتووە و خۆیان لە هەموو جۆرە شێوەیەکی جیاوازیخوازی کوردی بە دوور دەگرن.

لە تورکیا بە تایبەتی، ئەو جۆرە کەسانە گوشارێکی زۆریان دێتە سەری بۆ ئەوەی کە حاشا لە کەسێتی کوردی خۆیان بکەن. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا خەڵکێکی زۆر لە نێوان ڕێبازگرتن بەرەو وڵاتی خۆیان بە فەرهەنگێکی «نەتەوایەتی»و(سەرانسەری)دا لە لایەک و ڕێبازێکی زۆر ناوچەیی تر، ئێتنیکی و ناسیۆنالیزمی کورد، لە ڕاوێچکەدا بوون.

ئاخرەکەی، خەڵکی ئەوتۆ هەن کە بە دەرەجەی یەکەم خۆیان بە ئیسلامەوە دەبەستن. زۆر لەوان هەم خۆیان بە کورد و هەم بە موسڵمان دادەنێن، بەڵام هەست بەدڵسۆزییەکی کەم لە ئاست ڕێکخراوەعیلمانییە کوردەکان دا دەکەن. شۆڕشی ئێران ئیلهامدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین قەوارەی پچووکی سیاسی کوردی ئیسلامی هەم لە ئێران و هەم لە عێراقدا(ف. بروانێسن ١٩٨٦ ل ٤ ـ ٢٢). لە تورکیا چەندین بزووتنەوەی ئیسلامی دەرەوەی شاران لە نێو کورداندا پشتیوانیان لێکرا، لە نێ هەرە سەرەکی ئەوانە، واتە بزووتنەوەی نورجودا، هەستی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠دا بە ڕوونی وەڕووکەوت. تاکە پارتی موسڵمانی تورکیا، پارتی ڕزگاری نەتەوەیی(کە دوای پاوان کرانی ساڵی ١٩٨٠، وەک پارتی سەلامەتی نەتەوەیی دیسان سەری ڕاست کردەوە)، خۆی ناچار دی کە باسی ناخۆشی و گلەیی و گازنی ناوچەیی و ئێتنیکی بکا بۆ ئەوەی دەنگی دەنگدەرانی ئەستانە کوردییەکانی تورکیا وەدەست بهێنێ. ئیسلام وەک هێزێکی سیاسی، لە کوردستاندا ئەوەندە گرینگ نییە، و ڕێبازێکی ئیسلامی بە دەگمەن پێی دەکرێ ئێتنیسیتی کوردی بەرپەرچداتەوە. بەڵام ئەوەش نامومکین نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە ژێر تاوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەم لە تورکیا و هەم لە ئێران لە گەڕ دان، کوردێکی زۆرتر موسڵمان بوونی خۆیان لە سەر حیسابی کەسێتی ئێتنیکی خۆیان جەخت بکەنەوە.

## کێشەی بە زەبر وزەنگ، کۆچپێدانی زۆرە ملی و پەنابەران

لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە کە مێژووی جولانەوەکانی کورد لە عێراق، تورکیاو ئێران دا بگێڕمەوە، نەک ئەوەش بە وردی باسی ئەو هەنگاوانە بکەم کە لە لایەن حکوومەتە نێوەندییەکان ڕا بۆ دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوانە هەڵهێنراونەتەوە. زانیاری ورد و بە پێی کات و سات لە سەرچاوەی دیکەدا هەن(١٥). ئەمن تەنێ چەند سەرنجێکی گشتی لەوانە دەگرم، و ئیست لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشوەچوونانە دەگرم کە بوونە هۆی ڕەو و گواستنەوەی نادڵخوازانەی دانیشتوان(کۆچپێدان و ڕاکردن).

## خەباتی چەکدارانەی ناسیۆنالیستی

شەڕێکی بەردەوامی پارتیزانی لە دژی حکوومەتی نێوەندی بە مەبەستی وەدەست هێنانی جورێک ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٦١وە لە کوردستانی عێراقدا دەستی پێکرد، و بە هێندێک ڕاوەستانی کورت خایەن، ئەپساوە تا ساڵی ١٩٦٨، درێژەی کێشا، کاتێک کە ئەو وتووێژانەی کە دەستی پێکرد گەیشتە پەیمانێکی ئاشتی لە ساڵی ١٩٧٠دا. کاتێک کە کوردەکان، بە بەڵێنی پشتیوانی ئێرانییەکان و ئامریکاییەکان فریویان خوارد، و بە ئۆتۆنۆمییە بەرتەنگەکەی کە حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕایگەیاند خۆیان پێ ڕازی نەکرا و وەدوایەیان داوە، شەڕێکی تازەی بێوێنە هەڵئایساوە. ساڵێک دواتر، شا پەیمانێکی لەگەڵ عێراق مۆر کرد و بەپێی ئەو دەستکەوتی گرینگی سەر سنووری پێبڕا لەبری ئەوەی کە دەست لە پشتیوانی کوردەکانی عێراق هەڵگرێ. بزووتنەوەکە لە ماوەی چەند هەوتوواندا ڕووخا و بە دەیان هەزار پێشمەرگە (جەنگاوەرانی پارتیزانی کورد) ڕایان کرد و لە سنووری ئێران پەڕینەوە، و چوونە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی سیڤیل کە لە ئێران گیرسابوونەوە. هەر لە سەرەتای ١٩٧٦، دەنگوباسی دەستپێکردنەوەی، جم وجوولی پارتیزانی لە باکووری عێراقەوە دەهاتن، ئەگەرچی ئەو چالاکییانە بەرتەنگیش بوون. دوو پارتی ناسیۆنالیستی سەرەکی کوردی عێراقی، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان(ینک)و پارتی دێموکراتی کوردستان(پدک)، لە سەرەتاوە زیادتر لەگەڵ یەکتریدا پێک هەڵدەپڕژان تا ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتیدا بە شەڕ بێن،(١٦). کاتێک کە شەڕی ئێران ـ عێراق ئەرتەشی عێراقی والێکرد کە هەوڵ و بەربەرەکانی خۆی لە سەر جەبهەی ئێران کۆکاتەوە، ڕێکخراوە کوردییەکان هەلیان بۆڕەخسا کە چالاکییەکانی خۆیان گورجتر کەن. پدک لە سەرەتاوە لە نزیکەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی ئێران ڕێک کەوت، لەکاتێکدا ینک، کە هەم تووشی بە تووشی ئەرتەشی ئێران و پدک وهەم سەربازانی عێراقییەوە ببوو لە ساڵی ١٩٨٣ دەرگای وتووێژی لەگەڵ بەغدا کردەوە. ئەو

←

وتووێژانە چییان لێ شین نەبوو، و لە ساڵی ١٩٨٦دا تاران پەیمانێکی هاوکاری نیزامی لە نێو تاقمەجیاوازەکانی کوردی عێراقدا دامەزراند.

شەڕ لەنێوان هێزەکانی ناسیۆنالیستی کورد و هێزەحکوومەتییەکاندا، شەڕی نێوکۆیی کوردەکان، و دواتر شەڕی جەبهەیی لە نێوان هێزەکانی ئێران وعێراقدا، بووە هۆی لە جێی خۆهەڵقەندران و ئاوارەیی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینانی کورد. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بۆمبباران و عەمەلییاتی گەورەی نیزامی بووە هۆی ئەوە کە بە دە هەزاران خەڵک خۆیان دەربازی ناوچەکەمتردەستوێڕاگەیوەکانی بن کۆنترۆڵی کوردان لە چیایاندا بکەن یان بچنە ئێران، لە کاتێکدا شایەد ژمارەیەکی زۆرزیادتریش خۆیان گەیاندە هێمنی بە نیسبەت زیادتری شارەکان. تا ساڵی ١٩٨٠، کاتێک کە شەڕی نێوان ئێران ـ عێراق هەڵئایسا، هێشتا دەیان هەزار کوردی عێراقی لە ئێراندا دەژیان و بە وێدا بڵاوبووبوونەوە؛ ئەوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ دامەزران و کۆکرانەوە لە پدک دا. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٠دا، زۆر لە کوردەکانی عێراق کە گەڕابوونەوە گوندەکانیان، یا هێشتا لە واندا مابوونەوە، بۆیان دەرکەوت کە پێیان ناکرێ کە بێ لایەن بمێننەوە؛ ئەوان دەبوو لە مەڕ کێشە وهەرای نێوکۆیی کورد و کێشەی نێوان کوردەکان و حکوومەت خۆیان ساخ کەنەوە و بە لایەکدا بکەوەن. بۆ ئەوەی خۆ لەو هەڵبژاردنە بدزنەوە، ئەوان بە ژمارەیەکی زۆر باریان کرد بۆ شارەکان، یا چوونە دۆڵ و دەرەی بن دەستەڵاتی کوردەکان لە باکوور یان چوونە ئێران؛ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دیکەش لە لایەن حکوومەتەوە بە زۆرە ملی ڕاگوێزران(کە لە خوارەوە زیادتری لە سەر دەڕۆین). لەوەش دەرچێ، زۆر کوردی گەنج، ڕایان کرد بۆ هەندەران بۆ ئەوەی خۆیان لە خزمەتی ئیجباری بدزنەوە. دوای تەقەوەستانی ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان ئێران ـ عێراق دا، عێراق هێزەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی لەباری نیزامییەوە چۆک بە کوردستاندا بدا. بەکارهێنانی **گازی ژاراوی** بە دەیان هەزار پێشمەرگە و خەڵکی سیڤیلی والێکردلە سنووری تورکیا بپەڕنەوە، کە ئەوان لە سەرەتاوە لەوێ بە باوەشی ئاواڵەوە وەرگیران بەڵام دواتر زۆر بە شێوەیەکی کەمتر دۆستانە جووڵانەوەیان لەگەڵ دەکرا. پێش بە ڕێکخراوەنێونەتەوایەتییەکان دەگیرا بۆ ئەوەی یارمەتی ئینسانی بەو پەنابەرانە بگەیەنن. گوشارێکی لە زێدەیان خستنەسەری بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە عێراق یان بگوێزنەوە بۆ ئێران(١٧).

دوای شۆڕشی ئێران، کوردەکانی ئێران تەقریبەن یەکدەنگ داوای هێندێک شێوەی ئۆتۆنۆمییان هێنایە گۆڕێ. تەنێ کوردەشیعەکانی کرماشان بە تین وتاوی گشتی ناسیۆنالیستی گوێیان نەبزووت، وهێندێک لەوان دواتر لە لایەن حکوومەتەوەکۆکرانەوەو دامەزران بۆئەوەی شەڕی ناسیۆنالیستەکان بکەن. چەند ڕێبەری بەدەستەڵات و جێی ڕێزهاتنە پێشەوەو زۆر ڕێکخراوی سیاسی پەیدابوون کە بۆ وەدەست خستنی پشتیوانی جەماوەری لەتەک یەکدیدا لە ڕکەبەریدا بوون، بەڵام تەنێ دوو پارتی لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی حکوومەتی و کوردەکاندا هێزی خۆیان پتەو کردو دامەزران. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)کە لە لایەن عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕا سەرۆکایەتی دەکرا، و نێوەندی هەرەبە هێزی مهاباد و دەوروبەری بوو، و پارتی هەرە گرینگ بوو لە نێوان ئەو دوو پارتییانەدا. هێزەکەی دیکە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان(کۆمەڵە) بوو کە ناوچەی دەستەڵاتی بەرەو باشووری کوردستان دەکشا. سەرۆکایەتی هەردووکی ئەم هێزانە بە دەست چینەکانی خوێندەواری شارستانی بوو. لایەنگر و پێڕەوەکانیان بریتی بوون لە جووتێران و خەڵکی شارنشین، بەڵام عەشیرەتیان زۆر کەم لەگەڵ بوون. هەردووکیان تا ڕادەیەک پشتیوانی ماڵی و تەداروکاتیان لە عێراقەوە بۆ دەهات بەڵام زۆر بەوشیاری سەربەخۆیی سیاسی خۆیان پاراست.

لە گشت ساڵی ١٩٧٩دا چەند تێکهەڵچوونی خوێناوی لە نێوان کەمایەتیەشیعەکان و کوردەدراوسێکان دا ڕووی دا، هەروەها کێشەی قورس و توندوتیژ لە نێوان جووتێران و خاوەن موڵکەکانیشدا قەوما کە هەوڵیان دامافە فیئۆدالییەکانی خۆیان کە بە هۆی چاککردنی زەوی و زار لە زەمانی شا لە کیسیان دابوو وەدەست بهێننەوە(ف. براونێسن ١٩٨١). بارزانییەکان کە لە لایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە چەکدار کرابوون و پشتیوانیان لێدەکرا بوون بە هێزێکی سیاسی گرینگ لە کوردستانی ئێراندا و چەندین جار لەگەڵ کوردەکانی ئێران تێک هەڵچوون. لە هاوینی ١٩٧٩دا، ئەرتەشی ئێران ناردرا بۆ سەر کوردەکان و هەوڵی دا کە دەستەڵاتی حکومەتی نێوەندی لەوێ دامەزرێنێتەوە. ئەوە بووە هۆی دەستپێکردنی داگیرسانی شەڕێکی درێژی پارتیزانی، کە لە سەرەتاوە کوردەکان بە شێوەیەکی جێی سەرسووڕمان تێیدا سەرکەوتوو بوون. کوردەکان تا ئاخروئۆخرەکانی ١٩٨٠کۆنترۆڵی شارەسەرەکییەکان وناوچەی هەراوی دەرەوەی شارانیان بەدەستەوە بوو، تائەوەیکە لە ساڵی ١٩٨٣ هێزەپارتیزانییەکانیان ئاخرەکەی بەرەو سنووری عێراق پاشەکشەیان کرد لەبەر هێرشی گەلەکۆمەگی ئەرتەشی ئێران، سپای پاسدارانی شۆڕش و (پدک)ی بارزانییەکان کە ببوو بە هاوپەیمانێکی سەر بە ئێران. لەو دەمییەوە ئەو پارتییانە لە پێگەکانیانەوە لە ناوچەی موحەڕەمە لە سەر سنووری عێراق لە سەر چالاکی و جم و جووڵی پارتیزانی خۆیان لە نێو خۆی ئێراندا بەردەوامن. هەتا دەهات نێوانی پارتییەکان ناخۆشتر دەبوو، کۆمەڵە حدکای بە «دوژمنی چینایەتی»ڕاگەیاند و ئەمیش بە هۆی توندوتیژی چەکدارانەوە تۆڵەی لێ ئەستاندەوە.

وا وێناچێ کە ناوچەگوندییەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندەی دراوسێ عێراقییەکانیان ڕەنجیان دابێ، ئەگەرچی کێشەی ناوچەیی و هەروەها بۆمببارانەکانی شەلم کوێرم ناپارێزمی هێزی هەوایی عێراق بووە هۆی چۆلکردنی کاتیی لادێییەکی زۆر. تۆڵە ئەستاندنەوەکانی ئێران لە دژی کوردان بە تایبەتی لە دانیشتوانی شاران دەکرا. زۆر تیرەبارانی بە کۆمەڵی ئەو تێکۆشەرانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرالە گەڵ بزووتنەوەی کورد بن، تێرۆر و ترسی پێکهێنا، و زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکوردییەکان شارەکانیان بەجێهێشت، لە پێشدا خۆیان گەیاندە «ناوچەئازادکراوەکان»لە نێو خۆی ئێران، و پاشان ئاوەدیوبوون و چوونە عێراق. ژمارەیەکی نەزانداراو بەڵام زۆر لە کوردەکانی ئێران ئێستاله عێراق دەژین؛ کەمایەتییەکی کەم لەوانە توانیویانە ڕێی خۆیان بەرەو ئورووپا دەرکەن.

حدکا لەمێژساڵە بە دووی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ جیاوازییەکانی

لەگەڵ دەستەڵاتدارانی نێوەندی بە ڕێگەی وتووێژی ڕاستەوخۆوە دەگەڕێ. کوژرانی ڕێبەرەکەی ـ قاسملوو ـ لە دەوری مێزی وتووێژ لە ڤییەنا لە ژووییەی ١٩٨٩، بێگومان دەرەتانی چارەدۆزینەوەیەکی بە ڕێگەی وتووێژدا بۆ ماوەیەکی درێژ وەدوورخستۆتەوە(١٨). ئەو پارتییە، کە چالاکییەکانی لە پێگەسەرەکییەکانی لەکوردستانی عێراقەوە بەڕێوە دەبا، لەسەر چالاکی پارتیزانی لە ئاستێکی کەمدا بەردەوامە، و ئاستێکی کەمی سەرکەوتن بەدی دەکا. شەڕی کەنداو لەساڵی ١٩٩١ و دەستپێکردنی لەیەک نزیکبوونەوەی ئێران و عێراق هەڵکەوتی نادیاری ئەو پارتییە جەخت دەکاتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠دا، تورکیا تەجرەبەی جەمسەربەندیی و لێکهەڵناوێرانێکی سیاسی بێوێنەی کرد، شان بە شانی زەبروزەنگییەکی لە زێدەی سیاسی. ڕێکخراوە ڕەقیبەکانی چەپ و ڕاست دەستیان کرد بە شەڕی یەکتری کردن بۆ کۆنترۆڵی گەڕەکی هەژارنشین لە شاران و دواتر تەنانەت تێکهەڵچوونی ئەوتۆ گوێزرایەوە ناوچەی دەرەوەی شارانیش. کورد هەم لە ڕێکخراوە باڵە ڕاستەکان و هەم لە نێ باڵەچەپەکاندا هەبوون، بەلام لە نێوەڕاستی ئەم دەیەوە هەتا دەهات ژمارەیان لە ڕێکخراوی جوێی کوردیدا زیادی دەکرد. ئەو داوایانەی کە لەسەرەتاوە لە لایەن ڕووناکبیران و سیاسییەکانی کوردڕا گەڵاڵەکران زۆر کەم بوون: بە ڕەسمی ناسینی هەبوونی کوردان وەکوو گەلێکی جوێ بە فەرهەنگی خۆیەوە و پێشوەبردنی ئابووری ئەستانەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن)، کە لەمێژساڵە کەمتەرخەمییان لەگەڵ کراوە. هێنانەگۆڕی ئەو داوایانە بووە هۆی هەڵخرانی کەف و کوڵێکی زۆر. لە دامەزرانی کۆمارەوە، ئێلیتی نیزامی و سیڤیل بە هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتی خاک پەشێو بوون، و کوردەکان وەکوو گەورەترین دەستەی ئێتنیکی ناـ تورک، هەمیشە بە خەتەرێکی هەرەجیدی هێزەکی داندراون. هەموو جۆرە دەربڕینێکی کەسێتی فەرهەنگی کوردی پاوان کراوە و بە توندی سزادراوە. ئەو داوخوازی ناسینە ـ کە لەسەرەتاوە لە لایەن پارتییەکی چەپی تورک ڕا پشتگیری لێکرا ـ بووە هۆی پەژارە وپەشێوییەکی زۆر، و دەوڵەت بە سەرکوتکردنی توند وڵامی داوە. ئەوە لە لایەکی دیکەوە گەیشتە زۆرتربوونی داوخوازەکانی کورد، کە چیدیکە لە لایەن پارتی و ڕێکخراوەتورکەکان ڕا پشتیوانی لێ نەکرا، جابۆیە (کوردەکان) دەستیان کرد بە وەی کە خۆیان بەجوێ ڕێکخەن، لە کاتێکدا کە داوخوازییەکانیان بەرەو جیاوازیخوازی سیاسی دەچوو: ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت سەربەخۆیی بۆ بەشی کوردستانی تورکیا.

ڕکەبەری شەخسی و ناتەبایی ئیدەئۆلۆژی بووە هۆی دابڕانی بزووتنەوەی کورد بە ژمارەیەکی زۆر پارتی و کۆمەڵەی ڕکەبەر، هەر کامێکیان گۆشەیەکی پچووکیان لە شارەکان و دەرەوەی شاران کردبووە مەیدانی کڕوکاشی خۆیان. کێشەکانی چینایەتی و عەشیرەتی لە کوردستان توندوتیژتر بوون بەوەیکە ڕێکخراوەسیاسییەکان هەوڵیان دا لەگەڵ لایەنەکانی ئەو کێشانە کەون یان بەپێچەوانە. تا ئاخری ساڵەکانی ٧٠، چەندین شوێنی کوردستان بوونە شانۆی کێشەی توندوتیژ و بەردەوامی نێوان ڕێکخراوەڕەقیبەکان(دەستەچەپی، دەستەڕاستی، ناسیۆنالیستی کورد، هەرکامیان بە ڕەنگ و بۆی جیاوازەوە) ،و نیزامییەکانیش بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە بەلام نەک یەکجارەکی دەستیان لێ دەوەشاندن. لە ڕاستیدا بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەڵنەدەسووڕا کە بێ لایەن بمێننەوە، چونکوو ئەگەر وایان کردبا گشت لایەنەکانی کێشە لێیان دڕدۆنگ دەبوون و بە گومانەوە چاویان لێدەکردن. جا لەبەر ئەوە زۆر خەڵک ئەوان ناوچانەیان بە جێهێشت، و چوونە شار لە جێی دی تورکیا و یان چوونە ئورووپای ڕۆژئاواکە ئەوێیان بە لاوە پەسندتربوو. ئەوان ئەو جۆرە خەڵکەشیان بە دوودا هات کەسەر بەم یان ئەو پارتی بوون بەلام لە خۆیان ڕانەدەدی کە بەرەو ڕادیکالیزمی زیادتر بچن یان لە تۆڵە ئەستاندنەوەی حکوومەت دەترسان. ئەنگێزەی ئابووری و سیاسی لای ئەو کۆچکەرانە تەقریبەن لە یەک جوێ ناکرێتەوە ـ کە ژمارەیان دەگاتە بەدەیان هەزار کەس.

کودەتای نیزامی ١٢ سێپتامبری ١٩٨٠دەستبەجێ عەمەلیاتی بەربڵاوی عەسکەری و گرتنی بە کۆمەڵی لە سەرانسەری کوردستاندا بە دوودا هات. نەک هەر تێکۆشەر و لایەنگرانی ڕێکخراوەسیاسییەکان، بەڵکوو زۆر لە گوندنشینەکانیش کە قەت لە چالاکی سیاسیدا بەشدارییان نەکردبوو خەسارێکی زۆریان وێکەوت، و سێلاوی پەنابەرانی سیاسی و «ئابووری »ئەوەندەی دیکەش هەستا و هەڵمسا. لە ڕاستیدا زۆربەی ڕێکخراوەکوردییەکان بوونیان لە خاکی تورکیادا نەما. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە هەموان ڕادیکالتریان، پارتیا کارکەرێن کوردستان(پکک)، پێگەی خۆی لە تاراوگەی هەندەراندا بەهێزتر کردو ڕاهاتنی نیزامی بۆ ئەندامەکانی ساز دا(بەڕواڵەت ، لە لوبنان).

لە ساڵی ١٩٨٤پکک هێرشێکی پارتیزانی دە نێو خۆی تورکیادا بە شاڵاوبردنە سەر ئامانجەنیزامییەکان و هەوەها ئەو کوردانەی کە بە«گوێ لە مست وهاوکاری» ڕێژیمی نیزامی دەزانین وەگەڕخست. ئەگەرچی ژمارەیان کەم بوو، بەوپەڕییەوە چەند سەد کەس لە یەکەم ساڵەکاندا، ئەو هێرشە بوو بە دژوارییەکی سەخت بۆ ئەرتەشی تورکیا. عەمەلیاتی « بگەڕێ و مەهێڵە» لە نێو خۆی تورکیاو بۆمببارانی هەوایی گۆیا پێگەکانی پکک لە ئێران و عێراق نەی توانی ئەو ڕێکخراوە دامرکێنێ و پرزەی لێ ببڕێ. ئەو جار حکوومەت دەستی کرد بە کۆکردنەوەو ڕاگرتنی کوردی«دڵسۆزی» سەر بە خۆی و ئەوانی لە قەوارەی شێوەنیزامی گاردی گونداندا سازدا و هیوای وابوو، ئەمە زۆر کاریگەرتر بێ لە شەڕی پارتیزانەکانی پکک دا. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ، ئەو گاردی گوندانە زۆر زوو بوون بە ئەرتەشی تایبەتی پیاوی بەهێزی ناوچەیی، و لەزۆر جێیان دەستیان کرد بە چاوترسێن کردنی ڕەقیب و بەرهەڵستی ئەو جۆرە کەسانە. ئەو گاردانە و خاوخێزانیان بوون بە سێرەی یەکەمی کردەوە هەرە بەزەبروزەنگەکانی پکک. چەند هێرشێکی سەیر کە لەواندا ژن ومنداڵی گاردی گوندەکان بە دەستی پەلەکانی پارتیزانی پکک قەسابی کران بیروڕای گشتی تۆقاند و ترسی لە دڵی گاردی گونداندا گێڕا. خولێکی زەبروزەنگ و تۆڵەئەستاندنەوەی تۆندوتیژ، کە تێیدا هەر دووک لازۆر قوربانی بێتاوانیان لە یەکتر ئەستاند، دیسان بووە هۆی بارکردنی بەلێشاو لە چەندین ناوچەیەکی کوردی ڕا، بە تایبەتی ئەو جێگەیانەی کە لە سنووری عێراق نزیک بوون، کە لەوێ پکک و ئەرتەش زۆر چالاک بوون.

پکک بەم کردەوە بەزەبروزەنگە بێ بەزەییانەی خۆی دڵسۆزییەکی

←

کەمی جەماوەری وەدەست هێنا، بەڵام وردەوردە بوو بە دەزگایەکی بەڕێوەبەری جێی ئێرەیی زۆر لەکوردان. هەم لە بەر ئازایەتی و بێ باکی گریلا جەنگاوەرەکانی و هەم لە بەر ئەو بە جەرگییەی کە پارتیزانەکانی لە بەر دەم دادگە و لە بەندیخانەدا لە خۆیانەوەن نیشانیان دا(ف. براونێسن a ١٩٨٨؛ هینریش ١٩٨٨). تا ئاخری ساڵی ١٩٩١ پکک، خۆشەویستی و جەماوەرییەکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەدەست هێنا، ئەگەرچی واوێدەچێ کە ژمارەیەکی کەم بە کردەوە پشتیوانی لێبکەن. تاوانبارکردن سەبارەت بە توندوتیژی نواندن لە دژی خەڵکی سیڤیل و بێ چەک زۆر کەمتر بۆتەوە(١٩)، و وە وەدەچوو کە پکک ڕێبازی بەرەو بۆچوونی سیاسی کەمتر تێژڕەوانە بگۆڕێ، و پێشنیاری وتوویژ لە گەڵ حکوومەتی هێنا گۆڕێ و باسی«چارەسەری کاتی، و نیوە بە نیوە» دەکا. پکک تەنیا ڕێکخراوەیەکی کوردییە کە سەرکەوتوانە شانی لە شانی زاڵبوون و دەستەڵاتی ئەرتەشی تورکیا لە کوردستان داوە. وە ئەوە پکک بوو، و نەک ڕێکخراوە زۆر لە سەرەخۆ و دێمۆکراتی ترەکان کە ئێلیتی سیاسی تورکیای وا لێکرد کە بیسەلمێنێ کە ئەم وڵاتە کێشەیەکی کوردی هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێ، نەک حاشای لێبکرێ. بەڵام تەنانەت یەکەم هەنگاوەکان لە ڕێبازی چارە سەرێکی ئاشتیانە و دانی مافە سەرەتاییەفەرهەنگییەکان و پێلێنان و ناسینی ناخۆشییەکانی کورد، وا وێدەچێ جارێ زۆر دوورە دەست بێ.

کۆمەڵگەی گوندان لە نێوان چالاکییەکانی پکک و تۆڵە ئەستاندنەوەکانی نیزامی دا لە بەر یەک هەڵدڕاوە. بە شێوەیەکی لەزێدە بۆ لادێییان ئاستەم بووە کە بە بێ لایەن بمێننەوە، و دوورەپەرێز بوەستن؛ هەر بۆیە زۆریان لە گوندەکان ڕایان کردووە و پەنایان بردووەتە بەر هێمنیی نیسبی شارەکان. لەو ناوچانەی دا کە لە باری ستراتێژییەوە گرینگن. حکوومەت ئەو ڕەو و چۆڵ کردنەی بە ڕێگەی ڕاگوێزانی زۆرە ملی خێراتر کردووە(بڕوانە خوارەوە). دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کووەیت و داگیرکردنی و هەڵوێستی پتەوی تورکیا لە دژی عێراق، ترسی ئەوەیکە ئەو شەڕەی بەڕێوە بوو پڕیشکی بگاتە تورکیا بووە هۆی شەپۆلێکی سەرەکی دیکەی کۆچکردن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە بەرەوڕۆژئاوا.

## کۆچ پێکردنەکان

حکوومەتەنێوەندییەکانی هەموو سێ وڵاتەکان، لە هەوڵ و بەربەرەکانی خۆیاندا بۆ بە گژداهاتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، جاروبار دەستیان داوەتە ڕاگوێستنی بەر بڵاوی خەڵک. دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩٢٠و١٩٣٠، تورکیا بە دەیان هەزار، و ڕەنگە بە سەدان هەزار کوردی ڕاگوێستە بەشەکانی دیکەی وڵات، لە کاتێکدا لە ئێران لە هەمان سەروبەندا ڕەزاشا چەندین عەشیرەتی بە خڕی و زۆر بنەماڵەی دەسترۆیشتووی ڕاگوێست. هەر بەم زووانە، تورکیا ڕایگەیاند کە بە درێژایی سنووری عێراق پشتێنێکی سلامەتی cor-don sanitaireڕایەڵ دەکا وەک هەنگاوێک بۆ بەربەست کردنی چالاکی پارتیزانی زیادتر. گوشاری توند خراوەتە سەر لادێیەکانی ئەستانی تونجەلی(کە کوردەعەلەوییەکان لەوێ نیشتەجێن و مەکۆی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارەکانە) بۆ ئەوەی ناوچەکە بە جێ بهێڵن. پرۆژەیەکی جەنگەڵکاری هەر لە هەمان ئەستان هۆیەکی ڕواڵەتی دیکەیە بۆ بڵاوەپێکردن و پەرەوازەکردنی خەڵکی بیست گوندی دیکە لەوێ(لابر وویتمان ١٩٨٨، ل ٤٠ ـ ٣٥). ڕاگوێستن و کۆچپێدان لە ناوچەکانی باکووری سنووری عێراقەوە، بە تایبەتی لە ئەستانەکانی سیرت و حەکاری یەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکرد. فەرمانێک کە بە پێی ئەو فەرمانداری ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات هێزی نائاسایی دراوەتێ بۆ سانسۆرکردنی چاپەمەنی و چۆلکردنی گوندان لە بەر هۆی هێمنی زەمینەی قانوونی ئەو ڕاگوێستنانەی دابین کردووە و کارێکی وای کردووە کە تەقریبەن بێ سەرئجراکێشان بکرێن(CF ویتمان ١٩٩٠، براونێسن ١٩٩٠). مۆڵدانی نیزامی لەو ناوچەیەدا دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کووەیت دەستڕاگەیشتن بە وێی ئەوەندەی دیکەش بەرتەنگ کردووە، جابۆیە چەند وچۆنی ئەو کۆچ پێکردنانە هەر دەکرێ بە گۆترەیی ڕابندرێن. چەند گوزارشتێکی کە لە ڕۆژناماندا چاپ کراون باسی ڕاگوێستنی بەربڵاو دەکەن. وا دەگوترێ کە گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە دوو ڕێیان لەبەر داندراوە یان لە« گاردی گوندان»دا نێوی خۆیان بنووسن یان گوندەکانیان چۆڵ کەن، بەبێ ئەوەی قەرەبوویەکی ئەوتۆیان بدرێتێ(براونێسن ١٩٩٠).

ڕاگوێستنی زۆرەملی بە لێشاوی هەرەتازە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە عێراق کرا. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا، بە دەیان هەزار کوردی فەیلی، کە زۆربەیان خەڵکی بەغدا بوون، بە زۆری دەرکرانە ئێران، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان هاووڵاتی عێراق نەبوون(ئەگەرچی زۆربەی ئەوان بۆ چەندین وەچ لەوێ ژیابوون). ژمارەیەکی کەمتر لە ئەندامانی عەشیرەتی گۆیان لە باکووری عێراقەوە دەرکران وبە زۆرەملی ناردرانە تورکیا. کوردەکانی ناوچە بەنەوت دەوڵەمەندەکانی کەرکووک و خانەقین لە شوێنی خۆیان دەرکران و ڕاگوێزرانە بەشەکانی دیکەی وڵات و لە شوێنی ئەوان عەرەب نیشتەجێ کران. چەند بەش لە چیاکانی سنجار لە سەر سنووری حەساسی سووریا هەر بەم شێوە «کرانە عەرەب». ئەو تەگبیرە ئاشکرایە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمی پێشنیارکراوەیدا ببیندرێ کە بۆ ناوچەکانی زۆر بە دانیشتووی کورد کرابوو و بڕیاربوولە ساڵی ١٩٧٤دادەگیان کەوێ.

دوای شکانی بزووتنەوەی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥، حکوومەت بۆ پێشگێڕانەوە لە دەستپێکرانەوەی شەڕێکی پارتیزانی کوردی، بە پشتیوانی ئێران ناوچەیەکی موحەڕەمەی بە درێژایی سنووری ئێران دروست کرد. پانایی ئەو ناوچەیە ١٠تا ١٥ کیلۆمیتر بەرین بوو، گشت گوندەکانی ئەو ناوچەیە خاپوور کران. داری میوە لە ڕیشەوە دەرکێشران و کانییەکان پڕ کرانەوە بۆئەوەی پێش بە داگیرکردنەوەیان بگیرێ. تەنانەت ناوچەیەکی هەراوتر بە درێژایی سنووری تورکیا لە دانیشتوان چۆل کرا. دانیشتوان و خەڵکی ئەو ناوچانە لەکەمپ و «گوندی ستڕاتێژیک» بەرەو قووڵایی(وڵات) ڕاگوێزران، کە دەکرا زۆر بە هاسانتر لە لایەن ئەرتەشەوە کۆنترۆڵ بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەنگاوانە، وێڕای گەڵاڵەی پێشوەبردنی کشتوکاڵ هەڵگیرانەوە؛ گوندەستراتێژیکەکان بۆ میکانیزەکردن و کاریگەرترکردنی کشتوکاڵ دەستیان دەدا(٢٠). لە باری مادییەوە ڕەنگە زۆربەی ئەوانەی ڕاگوێزران وەزعیان باشتری لێهات. وشدار درا بە خەڵک بێتوو بچنە

نێـو ناوچە چۆلکراوەکـان خـۆیان بەرپرسی خـەتەروهەرەشـە بۆ سـەر ژیانیـانن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەرچی ئاواش چاوەڕوان نەدەکرا، بەڵام ڕاست هەر لەو ناوچەچۆلکراوانەدا بوو کـە ینـک و پدک پێگەی خـۆیان دامـەزراند. لە سـاڵـەکـانی ١٩٨٠دا، ئەوان بەشـێـکی گـەورە لەو جۆرە ناوچانەیان بە «ناوچەی ئازادکراو» ڕاگەیاند و ئەو کەسانەی لە ناوچەی بندەسـتی حکوومـەت ڕایان دەکـرد، لەو شـوێـنانە ڕەگـەڵ پارتییـەکـان دەکەوتن بە تایبەت لە لای هەرە سەرووی باکوور.

لە نێوەڕاست ساڵەکانی ١٩٨٠دا، حکوومەت شەپۆلێکی تازەی لە ڕاگـوێزان و دەرکـردن وەڕێخـست، بەڕواڵـەت بۆ دابڕانی پێشـمـەرگـە لە پشـتیـوانی کۆمەڵایەتی. گـوندێکی یەگجار زۆر زیادتر بەرەو قـووڵایی وڵات(بە پێی سەرچاوە کوردیەکان بە هەزاران گوند)ڕێکی زەوی کران و گـۆیا دانیـشـتـووەکـانیـان ڕاگـوێزرانە کـەمـپی زۆرەملی شـارەکـان یان دوورخرانەوە بۆ باشووری وڵات. ئەو کارە تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی شـەڕی نێـوان ئێـران ـ عـێـراق یش دەسـتی لێـهـەڵنەگـیـراوە. هێرشەبەربڵاوەکانی سـاڵی ١٩٨٨ لە دژی کوردستـان بە دوو مەبەست کران یەک لە نێوبردن و بەچۆکداهێنانی پێشمەرگەی کورد و دووهەم بۆ ناچارکـردنی پاشـمـاوەی دانیـشـتـووانی گـوندەکـان بۆ داڵدەبردن بۆ شـاخـەکـان. بەکـارهێنانی چەکی شـیـمـیـایی هێـزی ئەو هاندانە بوو. ناوچەکانی درێژایی سنوور بە تەواوی چۆل کران و پاناییان گەیشتە ٣٠ کـیلۆمـیتر، و هەر بە گوندەکانیش واز نەهێندرا بەڵکوو شاری ئەوتۆش کە لەوێ هەڵکەوتبوون وەکوو ڕانییە و ئەوەی لە هەڵەبجە مـابۆوە بە تەواوی خاپوور کران. ئەو کەسانەی کە بەو زووانە سەریان لەو ناوچەیە داوە دەگـێـڕنەوە واوێدەچێ کـە گـوندی ئەوتۆی کە زۆر لەسنووریشـەوە دوورن تێک درابن. ئەو شـوێـنە نوێیـانەی کـە لەو سـالانەی دواییـدا بۆ حاواندنەوەی دەرکراوان سازکراون دەڵێن نزیکەی نیو میلیۆن کەسیان تێـدا جێ کـراوەتەوە( ٢١ ). خـەڵکێکی زۆری دیکە ڕاگـوێزراون بۆ خـواروی عـێـراق. بە پێی ئەژمـاری کـوردان، تەقـریبـەن چوارهەزار گوند(لە کۆی نزیکەی ٨٠٠٠گوند)لە نێوەڕاست ساڵەکانی ١٩٧٠بەم لایەوە کـاول کـراون و دانیـــشـــتـــووەکـــانیـــان لە شـــوێنی دیکە دامەزرێندراون(ڕەسووڵ ١٩٩٠، مێدیکۆ ئەنترناسیۆناڵ ١٩٩٠).

## کێشەی سێکتاریستی

ژمـارەیەکی زۆر لە کـەمـایەتیـەئایینیـیـەکـانیش کـوردسـتـانیـان بەجـێـهـێـشـتـووە و دەڵێن لەبەر ئەوەی بوونەتە قـوربانی ڕاوەدوونانی ئایینی بە دەستی دەوڵەت و زۆرایەتی کوردی سوننی. کوشتـو بڕی بە کۆمەڵ و ڕاگوێستنی زۆرەملی تێکڕایی نەستوورییەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە دوای ئەوەدا کـۆچکردنی زۆرلەوانەی ڕزگـاریان بووبوو، ژمـارەی ئەندامانی ئەو جڤاتە مەسیحییانەی کە هێشتا لە کوردستاندا دەژین تا ڕادەیەکی زۆر کـەم کـردۆتەوە. ئاشکرایە کـە ئەم دۆخـە دەرەتانی خۆپاراستن و بەرگەگرتنی ئەوانی لە ئاست گوشاری دراوسێکانیان کز کـردووە. لە کـوردسـتـانی عـێـراق و ئێـران، پێـوەندی نێـوان ئەو جڤـاتەکەلدانی و نەستووری و ئەرمەنیـیانەی کە لەوێ مـاون لە چەند دەساڵی ڕابردوودا لەگەڵ کوردەکان بە گشتی خۆش بووە. لە ئێران دوای شۆڕشی ئیسلامی مەسیحییەکان دیسان کراونەتە هاووڵاتی دەرەجەی دووهەم و تا ڕادەیەک کەوتوونەتە بەر هەڕەشـەوگـوڕەشـە و تەنگەتیلە بەڵام ڕاوەدوو نەنراون. گـێرەوکـێشـەتازەکان گشـتیـان لە کوردسـتـانی تورکـیا قـەومـان، کـە لەوێ بە تایبـەتی سـووریانیـیـەکـان کـەوتنە بەر زۆرداری وڕاوەڕووتێکی زۆر.

بە ڕەسمی، کەمایەتیەمەسیحییەکان لە تورکیارفەرق و جیاوازیان لەگەڵ دادەنرێ. ئەو پەیماننامە نێو نەتەوەییانەی کە لەلایەن تورکیاوە مۆرکراون تەنانەت هێندێک مافی فەرهەنگیش بۆ ئەوان دەستەبەر دەکا کە کوردەکان و دەستەئێتنیکیەموسڵمانەکانی دیکە لێیان بێبەشن. لەگەڵ ئەوەشـدا، لە ڕاستی و ژیانی ڕۆژانەدا، وەزعی ئەوان بە تەواوی شتـێکی دیکەیە. هەستێکی تایبەتی دژی ئەرمەنی دەنێو ئەرتەش و دەزگای بۆرۆکراسیدا چەکەرەی کردووە، و جڤاتەمەسیحییەکانی دیکە لە باری هەسـتـان و دانیـشـتنەوە دەعـەزاب دان. تورکـیـا بەردەوام بەربەرچی ئەوەی داوەتەوە کە پێی لێبنێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان قەتلوبڕی ئەرمەنیان قەومابێ(ئەگەرچی ئەو تورکانەی کە بەدەستی ئەرمەنییەکان لە تۆڵەی«شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی» کوژراون لە کـتێبەکانی خوێندنگەکان دا بەشانازییەوە باسیان دەکرێ ). ئەو وردییەی کە بۆ شـاردنەوەی هەمـوو جۆرە ڕچەیەکی زێدی پێشـووی ئەرمـەنییـەکـان ، لەنێوبردنیـان یان ڕەنگ و ڕواڵەت گـۆڕینیـان دەکـرێ(جگە لە چەند کلیـسـای سـەدەکـانی نێـوەڕاست نەبێ)، نیـشـانەی جۆرێک هەسـتی تێکڕایی پێناوداری و شـەرمەزاری یە ، کـە دەربڕینی زیادتری خۆی لە هەستێکی بەهێزی دژی ئەرمەنیدا وە ڕوودەخا. تێرۆریزمی ئەرمەنی لە دژی دیپـلـۆمـاتە تورکـەکـان لە هەندەران و گـوشـاری لەزێدەی نێـونەتەوایەتی بۆ سـەر تورکـیـا بۆ ئەوەی پێ لەو قـەتروبڕە بنێ ئەو هەسـتـەی نەک کـەم نەکـردۆتەوە بەڵکوو توندوتیـژتریشی کـردووە.ئەو بۆچوونە دژی ئەرمـەنییە(و لە درێژەی خۆیدا، دژی مـەسیـحییـە)تەنێ جاروبار گەیوەتە ئەوەی کە لە لایەن کار بەدەستانەوە ڕاستەوخۆ ڕاوەدوو بنرێ یان سـەرکوت بکرێ، بەڵکوو غالبە پێشیـان بە ڕاوەدوو گرتووە یان چاویان لە زۆرداری و جرت و فرتی دەستڕۆیوانی ناوچەیی پۆشیوە.

دامـەزراندن و حـاواندنەوەی کـۆچەرەکـانی پێـشـوو لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و گۆڕانی قووڵ لە بەروبووی کشتوکاڵی لەماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئاکامی بووە سـوێیـەکی زۆر بۆ زەوی و کێشـەوهەرای نەپسـاوە بۆ کـێـڵان و خـاوەنیـەتی زەوی. سـەرۆک عـەشـیـرەت و دەستڕۆیوەکانی دیکە دەنێو عەشیـرەتە کوردو عـەرەبەکانی ئەستانی ماردین( ئەو جێیەی کە زۆربەی سوریانییەکانی تورکیا لەوێ دەژیان)، زۆرجـار بە تۆبزی و بە زەبری هێـز زەوییـەکـانیـان لە خـاوەنەکـانیـان داگـیـردەکرد. لە کـاتێکدا کـە عـەشـیـرەتەکـان دەیانتـوانی خۆ لە بەر دەستدرێژی عەشیرەتەڕەقیبەکاندا بگرن و بە گژیان دابێنەوە، و جووتیرە موسڵمانەکان جاروبار دەیان توانی (بێ ئەوەی زۆر جار سەرکەوتن بە دەست بهێنن) سکاڵاو گازن بەرنە بەر دەوڵەت، جڤاتە مەسیحییەکان لە ڕاسـتیـدا بە تەواوی دەسـتـە وەسـتـان بوون و چ هانایان نەبوو. لە ساڵەکانی ١٩٦٠دازۆر لەو پیاوانەی کە کاریان پێدەکرا وەک کرێکاری موهاجیـر سـەری خـۆیان هەڵگرت و چوونە ئورووپای ڕۆژئاوا و تەنێ ئەندامانی کزو کارلێنەهاتووی جڤاتی خۆیان هێشتەوە. هەتا جڤاتەکە کزتر و بێ هێزتر دەبوو، ئەوەندەش گوشار و تین بۆهێنان زیادی دەکرد.

←

زەوی و موڵک و ماڵی دیکە بەسانایی و بەزۆر لێیان زەوت دەکرا، کچیان لێ هەڵدەگیرا، پیاویان دارکاری و شلوکوت دەکران. شارە مەسیحییەکانی میدیات و ئیدیل لە لایەن تازەماڵی عەرەب و کوردەوە پەلامار دران و ئەوانە گوشاریان خستە سەر دانیشتوانی ئەسڵی ئەوێ بۆ ئەوەی خانووکانیان چۆڵ کەن. کار بەدەستە ناوچەییەکانی حکوومەت زۆر جار دەستیان لە نێودەستی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەدا بوو کە ئەو زەبروزەنگانە لە سۆنگەی ئەوانەوە بوو. بە لە بەر چاوگرتنی ئەو بارە دەکرێ ئەوە نێو بنرێ ڕاوەدوونانی جڤات لە لایەن دەوڵەتەوە. تەنیا داڵدە و بەدەنگەوەهاتنێکی کە سوریانییەکان قەتیان بە خۆوە دیبێ، بە شێوەیەکی جێی سەرسوڕمان لە لایەن پکک ڕا بوو کە لە ئاخرونۆخری ساڵەکانی ۱۹۷۰دا سەرۆک عەشیرەتە «هاوکارەکانی ڕێژیمی» بە دوژمنی سەرەکی خۆی دانا. لە چەند کەیسێکدا «عەدالەتی شۆڕشگێڕانە» لە مەڕ سەرسەری و پیادەی ئەو جۆرە سەرۆک عەشیرەتانەی کەبە خراپی لەگەڵ وەرزێڕەمەسیحییەکان جووڵاونەوە بەڕێوەچوو. دیارە ئەو تەگبیرانە دۆخی گشتی جڤاتی سۆریانی زۆر کەم گۆڕی و پێی چارە نەکرا. وا وەبەرچاو دێ کە سۆریانییەکان لێبڕاون کە ئەوان چ داهاتوویەک لە ناوچەدا(یان شوێنی دیکە لە تورکیا) بە دی ناکەن، و گشتیان پێیان خۆشە کۆچ بکەن.

چلۆنایەتی یەزیدییەکانیش هەر وەک سۆریانییەکانە. ئەوانیش چ داڵدە و پشتیوانیان نییە و غالبە دەبنە قوربانی زەبروزەنگ و موڵک و ماڵ لێ زەوتکران بەدەست دەستڕۆیشتووانی ناوچەیی. ئەوانیش، لە زۆر شێوەی ڕاستەوخۆتری زۆرداری لە لایەن دەوڵەتەوە گازنیانە. کەیسی واهەبووە کە پیاوی یەزیدی بە تۆپزی خەتەنە کراون کاتێک کە چوونە خزمەتی سەربازی، گشت ئەو یەزیدییانەی کە دەچنە خزمەتی سەربازی، سمێڵە درێژە بابرەکانیان، کە لەباری ئایینییەوە، دادەهێڕن، دەبێ بیانتاشن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەوە دڵتاوێنتر بۆ ئەوان، زۆڵم و کەڵەگایی دراوسێ موسڵمانەکانیانە، کە خۆی لە وشکەڕۆیی ئایینی و تەماع لە موڵک و ماڵ کردنیان دادەنوێنێ. ژمارەیەکی زۆر لە یەزیدییەکانی تورکیا تاکوو ئێستا کۆچیان کردووە بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا وەکوو کرێکارانی ئاسایی موهاجیر کاتێک کە هێشتا ئەو دەرەتانە هەبوو و دواتریش وەکوو داواکاری پەناخوازی سیاسی. سەرۆکاکانی جڤاتی یەزیدییان لەو بڕوایە دان کە ئەگەر ئەوان داهاتوویەک شک بەرن لە ئورووپایەیە(CF. schneider ۱۹۹٤).

کێشەوهەرای هەرە توندوتیژی سێکتاریستی ئەو دواییانە لە نێوان سوننییەکان و عەلەوییەکان لە نێوەند و ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕوویداوە(لاچینەر ۱۹۸۵). تا ئەو جێگەیەی کە عەلەوییەکان لەباری خاکەوە کەم و زۆر لە سوننییەکان دووربوون، گیروگرفت کەم بوو، بەڵام بارکردن و گوێستنەوە لە گوندانەوە بۆ شاران وای کرد، کە ئەوان لە نزیکەوە دەپێوەندی بکەون و ڕکەبەرییەکی توندی ئابووری لە نێوانیاندا سازبێ. لە شارەهەرەگەورەکاندا، کە دانیشتوانی موهاجیریان زۆر تێکەڵاوبوو گێرەوکێشەکان بەرتەنگ بوون، بەڵام وەزع لە شارە چکۆڵەکانی تر وەک سیواس، ئەلازگ، مالاتیا، قارەمانمەرەش و چۆروم بە تەواوی جیاواز بوو، لەو شارانەدا، عەلەوییەکان لە سەدێکی گەورەیان لە تازە ماڵەکان پێکدەهێنا و دانیشتوانی ئەسڵی سوننی، بە تایبەتی چینەکۆنەکانی مامناوەنجی و خوارەوە، هەستیان کرد کە ژیانی ناهێمنیان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی ڕکەبەرییەکی لە زێدە. ئەو جۆرە شارانە بە پێی سەراوردی سێکتاریستی، بە گەڕەکی جیاوازی سوننی نشین و عەلەوی نشین دابەش بوون. لێرەدا ئێتنیسیتی دەورێکی ئەوتۆی نەبوو؛ هەردووکی ئەو جڤاتە ئایینییانە هەم لە کورد و هەم لە تورک پێکهاتبوون.

بانگەشەی سیاسی لە لایەن پارتییە تیژڕەوەکانی ڕەقیبەوە ئەو موولەیەک قرژبوونەوەیەی ئەوەندەی دیکەش بەگوڕتر کرد. سوننییەکان کەوتنە بن باڵی هێزەدەستەڕاستییەکانی ئایینی و شۆڤێنیستی تورک، لەکاتێکدا عەلەوییەگەنجترەکان بە تایبەتی بە پانەوە پشتیوانیان لە ڕێکخراوەکانی باڵی چەپ دەکرد(چەندێک لە ڕێکخراوە چەپە تیژڕەوەکان ئەندامەکانیان بە خڕی لە جڤاتە عەلەوییەکان پێکهاتبوون). دەستەڵاتدارەکانی ناوچەیی حکوومەت لەوشارانەدا چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا زۆر بە دڕدۆنگییەوە لە عەلەوییەکان دەڕوانن(کە بە گشتی لە لایەن سوننییەکانەوە بە«کۆمۆنیست»دادەندرێن). « دۆزرانەوەی » نەخشەیەک لە نێوەڕاست ساڵەکانی ۱۹۷۰دا، لەمەڕ دابەشکردنی تورکیا بە دەوڵەتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەتێکی عەلەوی لە نێوەند و دەوڵەتێکی زۆر پچووکتری تورک لە ڕۆژئاوا(کە گەڵاڵەکردنی وەپاڵ ڕێکخراوەیەکی نهێنی کۆمۆنیستی درا بەڵام وێدەچێ سازکراو و دۆلابی پۆلیسی نهێنی بووبێ)نیشان دەدا کە بە لانی کەمەوە هێندێک لە کۆڕ و کۆمەڵە نیزامییەکان کەسایەتی عەلەوی بە هێزێکی بەتێکدەر دادەنێن. ئەم«بەڵگە»یە و شاپەوگاپەی دیکە لە لایەن بانگدەرەسیاسییەکان یارمەتی ئەوەی دا کە ناسیۆنالیستە تورکەکان و سوننییەخۆپارێزەکان لە دژی عەلەوییەکان لەدەوری یەک کۆبنەوە و یەک بگرن.

لە ماوەی نێوەڕاست و ئاخرونۆخری ساڵەکانی ۱۹۷۰دا چەندین تێکهەڵچوونی توندوتیژ لە نێوان سوننیەکان و عەلەوییەکان لەو شارانەی باسکران، ڕوویان دا، و زۆرجار بە قەتڵوبڕی عەلەوییەکان و ڕاکردن و دەربازبوونی بە کۆمەڵی ئەوان تەواوبوو. یەک لە تێکهەڵچوونە هەرە گرینگەکان واوێدەچێ بە هۆی پرۆڤاکسیۆنێکی دانستە قەومابێ. بشێونی نێوکۆیی ئەوتۆ ئاوا بەربڵاو لە ساڵانی ۱۹۸۰دا دووپاتە نەبوونەوە، کاتێک کە چالاکی و وروژاندنی سیاسی بە توندی بەربەست کرا، بەڵام پێوەندی ئەو لایەنانە هەروا ناخۆشە و دانەمرکاوە و زەبرو زەنگی بەر تەسک هەر وا بەردەوامە. زۆر لەو عەلەوییانەی کە پێشتر خۆیان ڕزگار کردووە دەترسێن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەوان هەست بە بەردەوامی کولوکەف و تووڕەیی سوننیەکان و بێ بڕوایی ڕەسمی دەکەن. کاتێک کە حاڵ و هەوای سیاسی بگۆڕێ دیسان لەوانەیە زەبرو زەنگی تێکڕایی سەرهەڵداتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە عەلەوییەکی زیادتر لە هەرێمەکە هەڵێن و لەوێ نەمێنن.

## ئەنجام

ئێران، عێراق و تورکیا هەموویان کێشەی کوردیان بەرەو ڕوویە، ئەگەرچی هەر کەیسەش لە یەک جیاواز بن بەڵام وەک یەک جیدین.

←

باشتر بوونی پێوەندییەکان و ئامرازی ڕاگەیاندن، خەباتی ناسیۆنالیستی و تەنانەت زوڵم و زۆرداری حکوومەت یارمەتی ئەوەی داوە کە کوردەکان زۆر زیادتر لەوەی کە لە پێشوودا بوون نەتەوەیەکیان لێ پێکبێ. بەڕواڵەت عێراق هێشتاش لەو بڕوایە دا کە لە وانەیە بە هۆی لێکدانێک لە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری کۆمەڵگەی کورد، هەڕەشەوگوڕەشە و زۆردارییەکی ئەو پەڕی بە زەبروزەنگ ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. سیاسەتی کوردی حکوومەتی ئێرانی دوای خومەینی جارێ بە تەواوی ڕوون نییە. تێرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد(جگە لە قاسملوو و هاوکارەکانی، ڕێبەرێکی کۆمەڵە لەو دواییانەدا لە دەرەوەی وڵات کوژرا) دەری دەخا کە ئێران پێی وایە، کە بە نەمانی ڕێبەرە بەرچاوەکان، لە وانەیە دانیشتوانی کورد لە سیاسەتەکانی ناسیۆنالیستی دوور بخرێنەوە و بە هێندێک ئیمتیازی بەرتەنگی فەرهەنگی بەڵام نەک ئی خاک ڕازی بکرێن. وێناچێ کە ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کوردەکان واتە داوا سەرەکییەکەی ئێستایان.

تورکیا لەچاو دراوسێکانی سەبارەت بە گوشاری ئورووپا بۆ وەدەنگهاتن لە سەر مافی مرۆڤ زۆر حەساسترە، بەڵام زۆر لەمپەری پتەوی ئیدەئۆلۆژی لە بەر دەم ئەوەی کەکوردەکان وەک دەستەیەکی جیاوازی ئێتنیکی بە فەرهەنگی تایبەت بەخۆیانەوە بناسرێن قوت دەبنەوە، و دانی ئیمتیازی زیادتر تەقریبەن هەر فکریش بۆی ناچێ. ئێلیتە ئیزامی و سیڤیلەکان(ئەوە کوردەتواوەکانیش دەگرێتەوە) بە قووڵی بە دووگمەکانی کەمالیستییەوە نووسان سەبارەت بە وەی کە خەڵکی تورکیا نەتەوەیەکی یەکدەستن و ئەوان هەر جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو یەکایەتییە بە هەڕەشەیەکی گرینگ بۆ سەر دەوڵەت دادەنێن.

کۆمەڵگەی کورد خۆی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی کاریگەر ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. یەک لەو گۆڕانە هەرە گرینگانە، بزووتن و جێ گۆڕکێی ژمارەیەکی زۆر و بە لێشاوی کوردەکان لە کوردستانەوە یە، وەک کرێکارانی موهاجیر، خەڵکی لە شوێنی خۆ هەڵقەندراو (لە بەر شەڕو شوڕ)، دەرکراوان یان پەنابەرانی سیاسی. ئەو بزووتنەی دانیشتووان یارمەتی بەهێزتربوون و سەرهەڵهێنان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی جەماهیری داوە. بڵاوبوونەوەی بەرەبەرەی ناسیۆنالیزمی کورد لە لایەن حکوومەتەنێوەندییەکان ڕا بە هۆی زۆرداری و زوڵمی لە زیدە وڵام درایەوە، و ئەوەش بووە هۆی بزووتنی زیادتری دانیشتووان بۆ دەرەوەی کوردستان. ڕەنگە ئێستا یەک لە چوار، یان یەک لە سێی گشت کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان بژین، و تەنێ کەمایەتییەک لە وانە هاکا ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

ئەو (بارودۆخە) ئەنجامی گرینگی بۆ بزووتنەوەی کورد بە دواوەیە: ناسیۆنالیزمێکی خاکی ڕووت، بە ئامانجی سەربەخۆیی سیاسی، تاڕادەیەکی زۆر بووە بە غەیری واقیعی. تەقریبەن گشت ڕێبەرەکوردەکان لە ڕاستیدا بە دوای چارەسەرێک لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ئێستادا دەگەڕێن: ناسینی فەرهەنگی، دەرەجەیەک لە ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ ئەوانەی لە کوردستاندا دەژین، و مافی وەکوو یەک و نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە دەزگا نێوەندییەکانی دەوڵەتدا. تائێستا، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا عێراق ئۆتۆنۆمییەکی زۆر بەرتەنگی بە کوردان ڕەوا بینیوە و لەگەڵ مافی خوێندن و پەروەردەوبڵاوکردنەوە بە زمانی خۆیان، و ئەوانەش لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا زۆر کەم کراونەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، تورکیا، تەنیا وڵاتێکە کە لەوێ کوردەکان مافی سیاسی وەک یەکیان هەیە و دەستیان بە هەموو دەزگایەک ڕادەگا ـ تا ئەو جێگەیەی ئەوان خۆیان بە کورد دادەنێن. هەربۆیەش بۆ زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد، پێویستی بە پاراستن و پێشوەبردنی کولتوور و فەرهەنگی کورد زۆر لە مافی خاک لە پێشترە.

جا لەبەر ئەوەیە کە پەنابەرانی سیاسی کورد لە ئورووپا ئەرکێکی گرینگیان لە بەر خۆیان ڕۆناوە. لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لایەوە، ژمارەیەکی زۆری کوردی موهاجیر لە تورکیاوە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا کاریان پەیدا کردووە( تا ئاخروئۆخری ساڵانی ١٩٧٠، بە سەدان هەزار). ژمارەی ئەوانە دواتر بە هۆی پەنابەرانی ئابووری و سیاسی زیادتری کرد. چالاکانی سیاسی لە نێو ئەو دەستەیەی دواییدا دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کرێکارانی کورد و ناسیۆنالیزمی ئەوانیان وەخەبەرهێنا، ڕووناکبیران هەوڵیان دا بۆ بار هێنان و پەروەردەکردنیان و هەر وەها بۆ پێشوەبردنی وێژەی کوردی و کاری زانیاری. ئازادی چاپەمەنی و پشتیوانی دەوڵەتی لە چالاکییە فەرهەنگییەکانی موهاجیران ئەو هەلەی بۆ ڕووناکبیران ڕەخساند کە گۆڤار و کتێب بە کوردی بڵاوبکەنەوە. کورمانجی، کە بەنیسبەت وەک زمانێکی دواکەوتوو ڕاگیرابوو (تاڕادەیەک بە لانی کەمەوە، لە بەر سەرکوتکرانی لە تورکیا)، ئەوەندە پێشکەوت کە بووە بە زمانێکی ئەدەبی مۆدێرن کە کاری دەربڕینی سیاسی و ڕووناکبیرانەی پێ ڕاپەڕێ. ئەدەبیاتێکی مۆدێرنی کورمانجی لە تاراوگەی ئورووپادا خێرا لە حاڵی گەشەکردن دایە و بەرەو تورکیا ڕێ دەر دەکا. دژ لە هەڤی سەیر ئەوەیە، کە ڕاست لەبەر سەرکوتکردنی چالاکی فەرهەنگی کورد و ڕاوەدوونانی ئەوانەی بەوەوە دەچارێن و پێوەی خەریکن هۆی خۆشکردنی هەلومەرجی سەرهەڵهێنان و بە خۆداهاتنی ئێستای پێکهاتووە.

پەنابەرانی سیاسی و موهاجیرەکانی دیکە لە ئورووپا ئەرکێکی دیکەشیان گێڕاوە. تا دە ساڵ لەمەوبەر، زۆر بە زەحمەت کەسێک لە هەندەران، جگە لە چەند ڕۆمانتیکێک نەبێ، مەیلی نیشانی کوردان دەدا. ئێستا ئەم حاڵە گۆڕاوە؛ کوردەکان و چارەنووسیان بۆ بیر و ڕای گشتی ئورووپایی و ئامریکایی ناسراوە. سەرەتای لۆبییەکی کورد سەری هەڵهێناوە وهاتووەتە مەیدانێ، و لە بەر ئەمە هێندێک گوشار، ئەگەرچی ناڕوون و ناکاریگەرە، خراوەتە سەر تورکیاو عێراق بۆ ئەوەی زۆر ئینسانانە تر لە گەڵ کوردەکان بجووڵێنەوە. ئەو پشتیوانییەی دەرەوە دنەی کوردەکانی«نێوخۆ»دەداکە لە سەر خەباتی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافی سەرەتایی بەردەوام بن. لە وانەیە ئەوانەی دڵخوازانە یان دڵناخوازانە کوردستانیان بە جێهێشتووە، ناڕاستەوخۆ، زۆر زیادتریان یارمەتی کردبێ بە بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد لەوەی کە ئەگەر لوێ مابانەوە و نەهاتبانە دەرەوە. ■

**پەراوێزەکان:**

* ISBN 0 - 415 - 07265-4. ROUTLEDGE,11 NEW FETTER LANE. LONDON - EC4P - 4EE, U.K

←

١): دانانی زازا وگۆران بە کورد داهێنانێکی ناسیۆنالیزمی مودێرنی کورد نییە. نووسەری کوردی ئاخرونۆخری سەدەی شازدەهەم شەرەفخانی بتلیسی هەر ئەو دەمی هەر دووکیانی بە دوو گرووپی نێو کوردان داناوە. هەروەها گەڕیدەی تورکیش ئەولیای چەلەبی کە لە سەدەی هەڤدەهەم ژیاوە ئەوان بە کورد دەزانێ. تەنانەت پێشتریش ئێمە ئاماژەی ئەوتۆ دەبینین بۆ سەر گۆران کە بە ڕاشکاوی خۆیان بەکورد داناوە وەکوو عارفی سەدەی چواردەهەم جەلالودینی بنی یۆسفی ئەلکورانی ئەتەلیجی ئەلکوردی(کە بە زمانی عەرەبی دەنووسی، بڕوانە:C. BROCKELMANN "Geschichte der Arabichen literatur"پاشکۆ و بەندی دووهەم ل ٢٦٢). زۆر لە ناسیۆنالیستەکوردەکان وایان لاپەسندە کە چاوی خۆیان لەو ڕاستییەی کە زازا وگۆران لەڕاستیدا دوو زمانی جیاواز(لە کوردی)ن هەڵبڕن و، پێیان خۆشە ئەو جیاوازییانە کەم کەنەوە. کاتێک چەند گۆڤاری کوردی کەلە ئورووپای ڕۆژئاوا دەردەکەون بەو زوانە دەستیان پێکرد کە بەتەنیشت کورمانجی و یا سۆرانییەوە بەشی زازا شیان هەبێ، ئەوە بووە هۆی ئیعتیرازوگازن لە لایەن ئەوانەی ڕا کە ئەو(کارە)بە هەڕەشەیەک دەزانن بۆ سەر یەکێتی کورد، بە پێچەوانەی زازایی، گۆرانی پێشینەیەکی وێژەیی هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا، ئێستا بە کردەوە لە نێو چووە(بڕوانە بەندی پێنجەمی ئەو کتێبە:

"The kurds a contemporary overview").

٢): سەبارەت بە بیروڕای ئەهلی هەق، بڕوانە :مینۆرسکی ١٩٢٠، ١٩٢١؛ ئێدمۆندس ١٩٦٩؛ موکری ١٩٧٠؛ هێندێک لە ئیدەبنەڕەتییەکانی ئەو بڕوایە واوێدەچێ تەواو ئێرانیانە بێ (مەزدایزم یان زەردەشتی)، Roux(١٩٦٩) ئاماژە بە هەبوونی زۆر لە توخمەکانی دینی کۆنی تورک لەو مەزهەبەدا دەکا.

٣): سەبارەت بە ئایین و مێژووی یەزیدی بڕوانە مەنزەل ١٩١١؛ لێسکۆ ١٩٣٨.

٤): لە مەڕ عورفی ئەو شێوەیە لە ڕێسای هاوباوکایەتی لە نێو کورداندا بڕوانە: کودات ١٩٧١. ئەمن سەبارەت بە هەبوونی ئەو جۆرە پێوەندی کریڤییە لە نێو عەشیرەتەکانی کورد و مەسیحییەکانی ناوچەی جزیرە و تورعابدین دا شتم بیستووە.

٥): ئەم عەشیرەتە، ئەرمەنی ـ ڤارتۆ کە وارگە زستانییەکەی لە نزیک سلۆپی یە (خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیا) تا سالەکانی ١٩٥٠ وردەوردە لە عەشیرەتی کوردی تەییان دا تواوە، و هەر بە کوردی قسە دەکا (ل ٥٧ ,Hütteroth 1959).

٦): لە«کوردەکان» ئێمە مەبەستمان لە وانەیە کە بە گشتی لە سەدەکانی شازدەهەم وهەڤدەهەمەوە ئاوا نێودێرکراون. لە سەرچاوەکانی پێشووتردا، واوێدەچێ کە زاراوەی «کورد» ئاماژە بێ بۆ نموونەیەکی تایبەتی لە کۆچەری شوانکارە، نەک گشت ئاخێوەرانی زمانی کوردی(وگۆرانی و زازایی).

٧): تەنانەت ئەودەمیش کاندیدای تورک لە لایەن پارتی باڵی چەپی کرێکاری تورکیاڕا، کە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە سالانی ١٩٦٠دا سەرکەوتوو بوو، سەر بە توێژی ئاغاوات بوو. لە ئاخرونۆخری سالەکانی ١٩٧٠دا، کاتێک بزووتنەوەی کورد لە تورکیا زۆر بەهێز ببوو، چەند کاندیدایەکی سەربەخۆ(واتە ئەوانەی کە سەر بە هیچ پارتییەک نەبوون)شانیان لە شانی دەزگای پارتییەدامەزراوەکان دا و لە هەڵبژاردندا شکاندیانن، هەم بە ڕاکێشانی وەفاداری سوننەتی و هەم بە خۆبەستنەوە بە هەستی ناسیۆنالیستی کوردی. ئاشکرایە کە ئەو جۆرە پیاوانە زۆر کەمتر بە پشتیوانی دەولەتییەوە گرێ درابوون.

٨): شیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو وەزعە لە نۆڤێلی وەسایقی ئومیت کافتانجی ئوغلوو tüfekliler(تفەنگچییەکان) دا هاتووە. نووسەر وەک مامۆستای خوێندنگە لە سالانی ١٩٦٠دا لە شاری دێریک لە نزیک ماردین کاری کردووە و باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە بەچاوی خۆی دیتوونی: دەستەلات و ئاکاری بێ بەزەییانەی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە و پیاوەچەکدارەکانیان، گێرەوکێشەی بەزەبروزەنگ، زوڵم وزۆر لە جووتێران و داپلۆسینیان، و چاوقوچاندن و هاوکاری کار بەدەستانی ناوچەیی حکوومەت لە گشت ئەو ڕووداوانەدا. ئەو شتانەی ئەو بە چاوی خۆی دیتوونی ئێستاش لە سەر بارودۆخی زۆر لەبەشەکانی کوردستان ڕاستن.

٩): ئاشکرایە کە نێوی«گۆران» ، ئەو جووتێرانە بە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی گۆران و زمانی گۆرانییەوە دەلکێنێ، بەلام ئەوان بە تەواوی وەک گرووپێکی کۆمەلایەتی جیاواز چاویان لێکراوە. «کورمانج» ، ئەو زاراوەی کە لە کوردستانی باکووری بۆ نێودێرکردنی جووتێرانی ناعەشیرەتی دەکار دەکرێ، لە کوردستانی خواروو بە بەشێک لە ئێلیتی عەشیرەتی دەگوترا. مسکێن وکلاوسپی بەڕیز بە مانای «هەژار»وئەو کەسەیە کە کلاوی سپی لەسەرە، ئەوەی دواییان بەڕوالەت لە بەر ئەوەی کە ئەوانە سەرپۆشێکی تایبەتیان هەبووە کە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە ئیتر دەکار نەکراوە بەلام نێوەکەی ماوەتەوە و چەسپ بووە.

١٠): وشەی میللی کە ئاتاتورک بە سەر بزووتنەوەکەی خۆیدا بڕی و بە ئاسایی بە «نەتەوایەتی» وەردەگێڕدرێ، ئاماژەیە بۆ موسلمانان تا ئەوەی کە مەبەست لە نەتەوەی تورک بێ. ئەمە تەنێ دواتر نێوەرۆکی ئێتنیکی ـ ناسیۆنالیستی وەخۆکرد.

١١): ئەمن ئەو زاراوە فەرانسەییییە لە سمیت(١٩٦٩)قەرز دەکەم بۆ ئەو کۆمەلگە ئێتنیکیانەی کە هەستێکی پتەوی خۆناسیان هەیە، بەلام ئەو ئەنیستیتووسیۆنە سیاسییەیان نییە کە تایبەتمەندی نەتەوەکەیە.

١٢): مەم و زین، چاپێکی ڕەخنەگرانە لە لایەن M.B. Ruden-ko(Akademija nauk, SSSR,Moskva,1962)( ل ٥ ـ ٣٠). ئەو بڕگەیە ئەوەندە تازە وەبەرگوێیان دێ کە مرۆڤ وای بۆدەچێ دەکرێ دەستتێوەردانێکی دواتر بێ. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو دەستنووسەی کە ئەم چاپە لە سەر بناوانی وی گەلالە کراوە. ئەگەرچی زۆر کۆنیش نییە، دەگەڕێتەوە بەر لە چاخی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن.

١٣): سەبارەت بە بالەجیاوازەکان لەو ڕێکخراوە کوردییەسەرەتاییانەدا، وئەو شتانەی دووبەرەکی لە نێودا ساز کردبوون. بڕوانە ڤان براونێسن ١٩٧٨، ل ٧٦ ـ ٣٦٩ و ١٩٨٥ل ٣٦ ـ ١٢٩.

١٤): لە مەڕ پێشوەچوونەکانی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا لە ماوەی سالانی ١٩٧٠و ١٩٨٠دا، بڕوانە ڤان براونێسن١٩٨٦و١٩٨٨.

١٥): بڕوانە کۆچێرا ١٩٧٩؛ شالیان ١٩٨٠؛ مەکداوڵ ١٩٨٥و هیمان ١٩٨٨. بۆ تێڕوانینێکی گشتی بڕوانە ؛ جەواد ١٩٨١ و ئیبراهیم ١٩٨٣ بەتایبەتی لەمەڕ عێراق؛ ڤان براونێسن ١٩٨٤و١٩٨٦؛لەیبەر و ویتمان لە مەڕ تورکیا؛ ڤان براونسێن ١٩٨١ و ١٩٨٤؛ ئینتیسار ١٩٨٤سەبارەت بە ئێران. پێشوەچوونەکانی ئەم دواییانە دەکرێ بە هۆی Bulletin de liason et D information کە کارێکی بەکەلکە وبە هەر دوو مانگ جارێک لە لایەن ئەنیستیتووی کوردی پاریسەوە دەردەچێ وبریتی یە لە براوەی ڕۆژنامان و دەنگوباس، شوێنگێری بکرێ.

١٦): پدک، کە مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی بوو، تا ڕووخانی بزووتنەوەی کورد لە سالی ١٩٧٥دا،بەڕێوەی دەبرد. ئەو شکانە بووە هۆی لەبەر یەک هەڵوەشانی ئەو پارتییە و چەندکەسێک لە ڕێبەرانی پێشووی فۆرماسیۆنی سیاسی، تازە ولەتەک یەکتردا ڕکەبەریان دامەزراند. کوڕەکانی بارزانی ئیدریس و مەسعوود، کە بنکەیان لە ئێران بوو، هەولیان دا کە پدک وەهۆش بهێننەوە(لەسەرەتاوە لەژێرناوی«قیادەی مووەقەت»ی پدک)، ئەو پارتییە بە شێوەی سەرەکی لە لایەن کورمانجی ئاخێوەر، و تاک وتەرای عەشیرەتی لای هەرەباکووری عێراقەوە پشتیوانی لێدەکرا. ڕەقیبی لەمێژینەی بارزانی، جەلال تالەبانی کە لە سەرەتاوە لە سووریا بنکەی دانابوو، «ینک»ی دامەزراند، کە لە نێو سۆرانی ئاخێوەران دا بەرەو ناوچەکانی باشوور پشتیوانی بەرەوخۆی ڕاکێشا. دوو لە پیاوەدەستەڕاستەکانی بارزانی، مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان یش هەریەکەی پارتی، زۆر ناپایەداری لەمەڕخۆ پێکهێنا.

١٧): سەبارەت بە ئاکاری تورکەکان لە ئاست هاتنی ئەو پەنابەرانە، لە گەڵ جوولانەوەیان وئەو گیروگرفتەسیاسییانەی کە خرووری ئەوان خولقاندی بڕوانە ئەسلان ١٩٨٨.

١٨): عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوو لە نوێنەرانی دیکەی حدکا لە کاتێکدا هێشتا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئێران دا خەریکی وتووێژ بوون کوژران. هەلومەرجی وردی ئەو قەتلانە جارێ بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە، چونکوو وتووێژکارەئێرانییەکان بەر لەوەی کە لە لایەن پۆلیسەوە بە تەواوی لێپرسینەوەیان لێبکرێ ولاتیان(ئوتریش) بەجێهێشت. ئێران، عێراقی بەو قەتلانە تاوانبار کرد؛ بەلام ئەو بەلگانەی هەن بە پتەوی دەی سەلمێنن کە ئێرانییەکان یارمەتی قاتلە نەناسراوەکەیان داوە کە بێتە نێو خانووەکەوە. بڕوانە لێکۆڵینەوەی وردی ژۆرنالیستی لە لایەن مارک کراڤێتس، ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی پاریس دا، ٧ ی ئووتی ١٩٨٩.

١٩): لە سالی ١٩٩٠دا، پکک تاوانبار کرا بە دوو هێرشی توندوتیژ بۆ سەر گوندە کوردییەکان. لەو هێرشانەدا بەدەیان خەلکی بێ تاوانی سیڤیل کوژران. بەپێچەوانەی پەلامارەکانی پێشووتر بۆ سەر خاوخێزانی «گاردی گوندەکان» کە ئەوان بە شانازییەوە پێیان لێنا، پکک بەرپرسیاری خۆی لە ئاست ئەو پەلامارانەدا وەدوایە داوە و ڕای گەیاند کە ئەو کارانە پرۆڤاکاسیۆنی بەئانقەستەی هێزە ئەمنییەتیەکانی تورکیان، بیروڕایەکی کە واوێدەچێ کۆمەلەکانی مافی مرۆڤی تورکیاش لەگەلی دا بن.

٢٠): بڕوانە ئەوبابەتانەی کە مردمناسی لەهێستانی لێزێک زیگل Leszek Dziegiel (١٩٨١)باسیان دەکا. ئەو بۆ خۆی لە سەریەک لەو پرۆژەی پێشوەچوونانەدا کاری کردووە.

٢١): بژیشکی جیهانی( Medico International) باسی پازدە دێی ستراتێژیک دەکا، کە هەر کامێکیان لە نێوان ٢٠٠٠٠ تا ٤٠٠٠٠ کەسیان تێپەستاوترابوو(ل٦٣، ١٩٩٠). ■

### گەشتێک

# بە کۆماری مەهاباددا

## بیرەوەرییەکانم
## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

●عەقید بەکرکەریم حەوێزی●

### شەڕی مامەشەی دووەم

لە تەموتە بەهۆی بێ سەرو پێیی حەمەڕەشیدخانەوە، دوژمن سەرکەوتنێکیی گچکەی بەدەست هێنا و ویستی تۆڵەی شکستی شەڕی پێشوویان بکەنەوە کە سەروان خوسرەوی و ژمارەیەک سەربازیان لێکوژرابوو، هەروەها ئەو زیانانەش کە لەشەڕی قاراوا لێی کەوتبوو.

ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٥ دوژمن هێرشی بردە سەر چیای«مەلقەرەنی» بۆ سەر بەتالیۆنی یەک. ئەو پەیمانەی کە لەنێوان کۆماری مەهاباد و حکومەتی ئێراندا بەسترابوو (ڕ.ێگەی هاتووچۆی نێوان بانە ـ سەقز، بانە ـ سەردەشت، کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بوون لە حکومەتی ئێران نەگرین بەو ئومێدەی کە لەڕێی وتووێژکردنەوە هەردوولا لەسەر شتی دیکەش ڕێک بکەون) سەری نەگرت.

«ڕەزم ئارا» بەهێزی ئێرانی ـ لەشکری چواری کوردستان ـ فەرمانی دا، کە هومایونی فەرماندەی ئەو هێزە بوو بە دوو هەنگ (لیوا) لە سەقزەوە هێرشیان بردە سەر گردی مامەشە لە چیای مەلقەرەنی. بەداخەوە هەر ئەو چەند بارزانییەی کە لەپێشەوە باسمان کرد لەوێ بوون. کاتێک کە مەلامو ستەفا لەوێوە تێپەڕدەبێت و دەچێتە تەموتە فەرمان بە موستەفا خۆشناو دەدات کە ژمارەیان زێدەتر بکات و سەنگەر لەسەر لووتکەی بەرزاییەکان لێبدەن، بەڵام مەخابن ئەو کارانە هیچی ئەنجام نەدران. دوژمن هێرشێکی گەلێک فراوانی دەستپێکرد، لەچەند کاتژمێری یەکەم بەهەموو جۆرە چەکێک لەگەڵ تۆپ و فڕۆکە، گردی مامەشەی ئاگرباران کرد، پاشان بە زیل و تانک و پیادە هێرشی بردە سەر بارزانییەکان. شەڕێکی خوێناوی ڕووی دا، بارزانی یەکان شێرانە دەستیان لێکردنەوە، منیش فەرمانم بە حەمەدمیرخان دا کە لەلای ئاڵتوونی خوارەوە خۆی لە لاشانی دوژمن نیزیک بکاتەوە و تەقەی لێبکات تا دوژمن بەردەوام هێزو تینی بەرەو ڕووی موستەفا خۆشناو نەکات و بەوچەشنە تا شەو بەسەردا دێت دوژمن خەریک بکرێت. هەروەها پلانێکی دیکەشم بەدەستەوە بوو، کە لە خوارەوە چۆک بەدوژمن دادەین و لەوەش زێتر بۆمان نەدەکرا بچینە پێشەوە، چونکە لەماوەی چەند سەعاتێکدا دوژمن توانیبووی گردی مامەشە بگرێت؛ هەر لەسەر مامەشە چەند قوللەیەکی دروست کرد و بەبەرزایی مەترێکیش دیواری بەرزکردەوە و تانکیشیان بردبووە سەری و تەواو خۆیان دەمەزراندبوو.

کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆ نامەیەکم لە موستەفا خۆشناوەوە بۆهات، لەویدا نوسیبووی: (١٢) شەهیدمان هەیە. سەرپەل خۆشەوی خەلیل برینەکەی زۆر کوشندەبوو، بەپەلە نێردرا بۆ تەورێز بەڵام بەداخەوە گیانی پاکی کردە قوربانی کوردستان، جگە لەوە کاک موستەفا نوسیبووی کە هێرشی دوژمن زۆر بەتینە و داوای یارمەتی دانی لێکردبووین. لەوەڵامدا بۆم نوسیبوو کە تا شەو خۆی ڕاگرێ و پشت بەخوا هێرشی دوژمن دەوەستێنم، دەستبەجێ پەلێکم بەسەرکردەیی حەمەدئەمین بۆ ئاڵتوونی خواروو کە نیزیکی مامەشەیە ڕەوانە کرد، پەلێکیش بەفەرماندەیی مامەند مەسیح بۆ کانی نیاز کە نیزیکی سەقزە ڕەوانە کرد تا دوژمن وا هەست بکات کە ئێمە نیازی هێرش بردنە سەریانمان هەیە و لەولاشەوە بەرەو پشتیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لەهەمان کاتدا تاوە بارانێکی باش باری و وەهابی حەمەدعەلی ئاغا گەیشتە

←

لام و نامەیەکی لە حەمەڕەشیدخانەوە بۆ هێنابووم، لە نامەکەیدا داوای لێکردبووم هێرش بەرمە سەر گردی مامەشە و هەروەها کاک وەهاب ئاگاداری کردم کە حەمەڕەشیدخان زۆر دۆستێتی و ڕێزی لای هەیە. دوایی بە پێکەنینەوە بە کاک وەهابم گوت : ئایا تۆ دەزانی کە داواکەی خان زۆر سەیرە، یان زۆر نەزانە و هیچ لە شەڕکردن نازانێت یا خود مەبەستێکی گەلێک خراپی هەیە. چونکە لای ئێمەوە تا دەگەینە بنلووتی دوژمن دوو کیلۆمەتر زێتر دەبێت، کە ئەویش دەشتێکی ڕووتەڵەیە و لەبن ئاگری گوللە تۆپ و چەکی دوژمن دا دەبین. بەتایبەتیش بەم ڕۆژە هێرش هەر ناکرێت. بۆیە من پێم وایە کە خان دەیەوێ هەموو هێزەکەمان لەو نێوە بەکوشت بچێت. حەزیش دەکەم کە بگەڕێیتەوە لای خان و پێی بڵێی کە بەقسەی ئەو هێزەکەی خۆم لەنێو نابەم، جگە لەوە من یارمەتیدانی کاک موستەفا بە پێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم و بۆخۆشم دەزانم کە بە چ هەڵدەستم.

نیزیک بوونەوەی هێزەکەی ئێمە لە سەقز، بووە هۆی هێورکردنەوەی هێرشی دوژمن و ئێوارەشی بە سەر داهات نەگەیشتە ئاڵتوونی ژوروو و ڕاوەستا، هەروەها کاک وەهابیشم ڕا سپاردبوو کە کاک موستەفا خۆشناو ئاگادار بکات کە تا شەو دادێت خۆیان ڕابگرن. منیش کارێکی وا بەدوژمن دەکەم کە بەرەو دوا بکشێتەوە.

شەو بەسەرداهات. ژمارەی (٥٠) بارزانیم لە نیزیکی کانی نیاز کۆکردەوە، کە نیزیکترین گوند بوو لە سەقزەوە و پێم ووتن: کێتان ئامادەیە کە ئەمشەو بەکارێکی کۆماندۆیی هەستێت، لە شەهیدبوون نەترسێت، ئامادەبێت بچێتە نێو جەرگەی دوژمنەوە. ئەم کارەمان پێویستە تا براکانی بەتالیۆنی یەکمان لەو نارەحەتییە ڕزگاربکەین. تا لووتی دوژمن بشکێنین و نەهێڵین چیدیکە شانازی بەخۆیانەوە بکەن. خۆ گەر بێت و دوژمن لەو هێرشە سەربکەوێ، ئەوا جەبهەکە هەمووی دەکەوێتە مەترسییەوە، بەتایبەتی بەتالیۆنی (٢)ی کاک میرحاج لە نێوچەکەی دادەپچڕێ و زیانێکی زۆر بەدەستەوە دەدات.

هەر هەموویان زۆر قارەمانانە وەڵامیان دایەوە کە ئامادەی ئەو کارەن. هەر هێندەم پێکرا کە پڕ بەدڵ سوپاسیان بکەم و پاشان (٢٥) کەسم لێهەڵبژاردن و فەرماندەیی ئەو کارەشم دایە دەست حەمەدئەمین میرخان. پلانی ڕاپەڕینی ئەو کارەم بەوچەشنە بوو:

١ ـ ئەو (٢٥) کەسە لە «کانیی‌نیاز»ەوە بڕۆن بەرەو ڕووباری سەقز. ڕۆیشتنەکەیان بەناو ڕووبارەکەدا بێت، تا دەگەنە نێو شاری سەقز.

٢ ـ ئەو (٢٥) کەسە لەنێو شار ببنە دوو کەرتەوە. کەرتێکیان خۆی بگەیێنێتە سەر ڕووباری نێو شار، ئەوی دیکەشیان خۆی بگەیێنێتە فڕۆکەخانەی سەقز، لەوێ سرییێکی فڕۆکەی دوژمنی لێیە، (٧) زرێپۆشیش (مدرعە) بۆ پاراستنی فڕۆکەخانەکە لەگەڵ پاسەوانەکانیان دانراون.

**کات (١٢) ی نیوەڕۆ دەبێت، بەڕێز سەدری قازی بەپۆستەکەی ئێمەدا دەیەوێ تێپەڕێت. لەوێ ڕایدەگرن و ئوتومبیلەکەی دەپشکنن، ئەویش هیچ دەنگ ناکات تا لێ دەبنەوە، ئەوسا پرسیاریان لێدەکات! دەزانن من کێم؟**

٣ ـ چەند نارنجۆکێکم بەهەریەک لە بارزانییەکان دا، کە هەندێکیان سووتێنەر (حریق) بوون. جگە لەوە بەهەر کەرتێک ڕەشاشێکی برنەوی بچووک لەگەڵ ژمارەیەکی باش فیشەکی تانکبڕم دانێ.

٤ ـ ئەو کەرتەی کە دەگاتە بن پردی سەقز تەقەیەکی زۆر لەنێو شاردا دەکەن، بەتایبەتی لە پۆلیسخانەو قوللەکانی دەوری شار بۆ ئەوەی بەتەواوی دوژمن بشڵەژێت.

٥ ـ ئەو کەرتەش کە دەچێتە سەر فڕۆکەخانەکە گەر بتوانن خۆیان هێندە نیزیک بکەنەوە کە بە گوللەی ئاگردارو تانکبڕ زیان بە فڕۆکە و زرێ پۆشەکان بگەیێنن و بیانسووتێنن.

٦ ـ تەقە لە شار و فڕۆکەخانە بەردەوام دەبێت تا بەرەبەیان ئەو دەمە دەگەڕێنەوە گوندی کانیی‌نیاز.

بەم چەشنە لەکاتی دیاریکراودا بارزانییەکان گەیشتنە ئەو جێگایانەی کە مەبەستبوون. تەقە لەناو شارو فڕۆکەخانەکە دەستی پێکرد. لە کانی نیازەوە لێمان دیاربوو کە چۆن دوژمن بەهەموو لایەکدا تەقەی دەکرد و گوللەی ڕوناکیی دەهاویشت و شڵەژاوی پێوە دیاربوو. ئەو شەوە تاوە بارانێک باری. ئەو کەرتەمان کە بۆ سەر فڕۆکەخانەکە هێرشی بردبوو نەیانتوانی بوو خۆیان زۆرنیزیک بکەنەوە، هەر لەسەر کەنداوی سەقزەوە زرێ پۆشەکان لەگەڵیان بەشەڕ هاتبوون. چەند گوللەیەک بەر یەک، دوو زرێ پۆش کەوتبوو بەڵام فڕۆکەکان زیانیان پێنەگەیشتبوو. لە بەرەبەیاندا بارزانییە دلێرەکان گشتیان بەسەلامەتی گەڕانەوە کانیی‌نیاز. پاشان لەنێو شارەوە هەواڵم بۆ هات کە (١٨) سەربازی دوژمن لەو شەڕەدا کوژرابوون، بەڵام ژمارەی برینداراەکانیان نەزاندرابوو.

ئەو هێرشەمان وای لە دوژمن کرد کە دەست لە هێرش بردنە سەر بەتالیۆنی (١) هەڵگرێ و بگەڕێتەوە سەر گردی مامەشە، لەوێ دەستیان کردبووە قوللە دروست کردن و خۆ قایم کردنەوە. بەو جۆرە شەڕ لەسەر بەتالیۆنی یەک ڕاوەستا.

(٢٠) ڕۆژێک بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەری کرد. ئەو گوندانەی کە بەتالیۆنەکەمی تێدا دامەزرابوو بەرامبەر بە دوژمن وەک: قاراوا، ئاڵتوونی خواروو، کونەکۆتر، کانیی‌نیاز و دەورویەرەکەی. هەروەها نیزیک بە سەقزیش بەتالیۆنم گوێزابوەوە گوندی قاراوا. ئێرە زۆر دوورنییە لەسەرڕێگەی سەقز ـ سەرا ـ بۆکان، هەر

لەسەر ڕێگە کەلاوە چایخانەیەکی لێبوو، کەرتێک بارزانی کە پێک هاتبوو لە (٢٠) کەس لەژێر فەرماندەیی سەعیدحەمەعەلی‌ئاغا ڕەواندزیدا کـردمن بە پۆست (سـیطرە) بەمـەبەسـتی پشکنینی هەرکەسێک کە لە سەقزەوە بێت بۆ سەرا ـ بۆکان یاخود کەر بەرەو سەقز بڕوات.

لەو کـاتـەدا هێـشـتـا وتووێژکـردن لەنێـوان کـۆمـار و تاراندا نەپچڕابوو. گوندی قاراوا سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی بوو (کە ئەمانەش لە عەشیرەت و خزمانی پێشەوا بوون). ئەم گوندە سەر بە دووبرا بوو کـە لەو عـەشـیـرەتە بوون. یەکـێکیـان عـەبدوڵلاخـان و ئەوەی دیکەیان عەلی‌خان. عەبدوڵلاخان لە گوندەکە مابۆوە، بەڵام عەلی‌خان لەوێ نەمابوو، ڕووی کردبووە گوندێکی دیکەیان. منیش بەدەرفەتم زانی و داوای خانووەکەی عەلی‌خانم کرد و کردمە بنکە.

ڕۆژێک ئاغایانی فـەیزوڵلا بەگی، ٢٠ ـ ٣٠ کـەسـیـان لە مـاڵی عەبدوڵلاخـان مـیوان‌دەبن. زۆری پێ ناچێت نیشـانە دادەنێن و بێ ئەوەی ئێمـە ئاگاداربکەن دەست بە تەقەکردن دەکەن. لەڕاستیدا بێ ڕوخسـەت وەرگـرتن ئەو تەقـەکـردنەم بەڕاست نەزانی، چونکە سـەربازەکـانمان لە سـەنگەری شـەڕدابوون و بەوکـارەکـەلێک دەشڵـەژان. دەستبەجێ یەکێکم نارده لایان کـە ئەو تەقـەکـردنە ڕاگرن و لە ئەنجامەکەشی ئاگادارمان بکەن. وەڵامیان داینەوە کە لە خـۆشـی سـەدری قـازی‌یە (برای پێـشـەوا، نوێنـەر دەبێت لە پەرلەمـانی تاران دا) لە تارانەوە دەچێتـەوە مـەهاباد و ئەمـانەش خزمی ئەون و هاتوون پێشوازی لێبکەن و لەگەڵ خۆشیاندا چەند کـاوڕێکیـان ئامـادە کـردبوو کـە لەبەر پێی بەڕێز سـەدری قـازیدا سەریان ببڕن. منیش دەستبەجێ چەند بارزانی یەکم نارده لایان و چوونەدەرەوەیانم لەمـاڵی عـەبدوڵلاخـان قـەدەغـەکـرد و لەوێ وەک بەند هێـشـتـمـنەوە. زۆری پێ‌نەچوو لەهـەمـوو کـەرتەکـانی بەتالیۆنەکەمانەوە تەتەر هاتن بۆ زانینی هۆی ئەو تەقەکردنە.

کات (١٢) ی نیوەڕۆ دەبێت، بەڕێز سەدری قـازی بەپۆستـەکەی ئێـمـەدا دەیەوێ تێـپـەڕێت. لەوێ ڕایدەگـرن و ئوتومـبـیـلەکـەی دەپشکنن، ئەویش هیچ دەنگ ناکـات تا لێ دەبنـەوە، ئەوســا پرسـیـاریان لێدەکات! دەزانن من کـێم؟ پێی دەڵێن کـە ئەوان لە سـەنگەری شـەڕدان و فـەرمـانیـان پێدراوە کـە هەمـوو کـەسێ بپشکنن. پاشان پێیان دەڵێت کە من سەدری قازی برای پێشەوام، ئەگـەر بتـانناسـیـبـام هەر دەتان پشکنیم؟ ـ بەڵێ. لەبەر ئەوە فـەرمـانمان پێدراوە بۆ ئەم کـارە کـە هەمـوو کـەس بەچاوێک تەمـاشـاکـەین. سـەدری قـازی بەڕێکوپێکی ئەم کـارەیان گـەلێک خۆشحـاڵ‌دەبێت، ئەوجا دەپرسێت! فەرماندەی ئێوە کێیە؟ وەڵام دەدەنەوە کە ڕەئیس بەکر عەبدولکەریمە و ئێستە (پەدپەلکۆفنیک ـ مقدم)ە.

هـەر لەوێ نـامــەیـەکی بۆ نـووســیــبــوم و دابوویە دەست سەربازەکان کە بیگەێننە دەستم و بەوانیشی ووتبوو کە دەمەوێ فەرماندەکەتان ببینم، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپەلەم تکایە ئەو نامەیەی لەبری چوونەکـەی خـۆم بگەێننە دەست. دوای سـڵاو پێـشکێش کردن، لە نامەکەیدا نووسیبوی:

« چاوووم بە سـەربازەکانی کـوردسـتـان کـەوت. لەخـۆشی ئەو ڕێکوپێکی و کار بەڕێوەبردنە نیزامی‌یە وەک تـەمـەنم بیست ساڵ گەنج‌تر بووبێتەوە وایە. نازانم چۆن سوپاسی ئێوە و سەربازەکانت بکەم. زۆر بەپەلەم کە بگەمەوە مەهاباد، ئەگەنا دەهاتمە زیارەتتان. لە بۆکان کارم هەیە و کـەمێک دەمێـنمـەوە. مـاشێنەکـەمت بەدوادا دەنێـرم و خـۆم بە بەخـتـیـار دەزانم تەشـریف بفـەرمـووی تا چاوپێکەوتنێکت بۆ یادگار لەگەڵدا بکەم».

کە گەیشتبوە بۆکان ، ماشینەکەی بەدوادا ناردبووم. منیش بۆ دیدەنی چوومە ئەوێ. کاک محەمەد ئەردەلان لێپرسراوی ڕۆژنامەی « کـوهسـتـان» یش لەگـەڵ بەڕێز سـەدری قـازی‌دا بوو. پاش چاوپێکەوتن لەتەنیشت ماشینەکەوە وێنەیەکی یادگاریمان پێکەوە گـرت ئەوان بـەرەو مـەهـاباد گـەڕانـەوە و منیش بەرەو قـاراوا گەڕامەوە. ئاغایانی فەیزوڵلابەگی کە لەسەر تەقەکردنەکە ڕۆژێک تا ئێوارێ بەندم کردبوون، لای وەزیری جەنگ محـەمـەد حوسێن‌خان شکاتیان لێکردبووم. ڕۆژێک نـامـەیەکم لەبەڕێز وەزیرەوە بۆ هات، کە لەویدا فەرموویووی:

«خـزمـانی ئێمـە، ئاغـایان فـەیزوڵلابـەگی هەمـوویان خـاوەنی بیروڕای پاکن، لە ڕوحی کوردایەتی بێ بەری نین، گلەیی یان لێت هەیە و زۆر سـەغڵـەتیـان دەکەی، لەبەر ئەوە بەمـەسلەحـەتی دەزانم کە بەتالیۆنەکەت لەو نێوچەیەی ئەوان بگوێزیتەوە».

ئیمزا

محەمەد حوسێن خان: وەزیری جەنگ.

منیش وەڵامەکەییم بەم جۆرە دایەوە:

«وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان،

نامە ژمارە... ڕۆژی ... بەدەست گەیشت.

یەکەم: سەبارەت بە ئاغـایانی خزمتان کە گلەیی یان لێم هەیە و گوایە من سەغڵەتیان دەکەم، فەرمانێکی ڕاستەو خۆ و دەستو بردانەتان دەرکردووە، کە بەتالیۆنەکەم لەبەرخاتری ئەو خزمانە لە نێوچەکەیان بگوێزمەوە، بێ‌ئەوەی هیچ لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە کە بۆچی و لەسەر چی ئەوکارەم کردووە.

دووەم: «فـەرمـووتانـە کە ئەوانـە خـاوەن بیـرو باوەڕن و هەمـوو پاکن». ئێمـەش گلەییمـان لەوە نی‌یـە و نکۆڵی ناکـەین کـە پیـاوی نیشـتـمـان پەروەری وەک عـەلی‌بەگی«یـەک شـەوە«سـان هەیە، بەڵام پیاوی وەک حـەسـەن‌خانی نیاریش هەیە کە لە هەمان خزمانە و بەکرێگیـراوە و لە دەزگەی جاسووسی دوژمندا کـاردەکات. بەڵێ چەم بێ چەقـەڵ نابێت. زۆرخۆشـە کـە هەمووخزمـان شـانازی بە حـەزرەتی فـەرمـانـدە، پێـشـەوای بەڕێزەوە بکەن و چاو لـەو لەخۆبووردنەی ئەو بکەن.

ئێمە لەسەنگەری شەڕداین. هەندێک لە خزمانی فەیزوڵلابەگی بۆ پێشوازی بەڕێز سەدری قازی هاتبوون و دەستیان بەتەق و تۆق

کردووه. هێندەی نەمابوو لەو کارەی ئەوان هەموو جەبهەکەمان بشلەژێ و تێکبترازێ. جا بەگوێرەی فەرمایشەکەتان دەبێت ئەرک و قورسایی لەشکری کوردستان بەتەنێ لەسەر ئەو دێهاتانە بێت کە پێوەندی خزمایەتی یان بە جەنابتانەوە نی‌یە.

ئەو جێیانەی کە من بەتالیۆنم لێ داناوە، لە سەنگەری دژ بە دوژمن دان و گەلێک پێویستن. هەر جێیەکیش ستراتیژی بێت لەوێیان دادەنێم جا پێوەندیم بەوەوە نی‌یە کە ئەو جێگەیە سەر بە چ کەسێکە، گرنگ ئەوەیە کە گیانی سەربازەکانمی تێدا بپارێزم و زیانێکی کوشندەش بە دوژمن بگەێنین. بۆیە دەبێت ببوورن کە بەتالیۆنەکەم لەو جێگەیە لانابەم، چوونکە بە لادانیان ئەوە لاشانی هەموو بەتالیۆنەکانی تر چۆڵ دەبێت و تا بۆکانیش مەترسی دەکەوێتە سەر. بۆیە بەرژەوەندی جەبهەکە وادەخوازێ کە ئەم بەتالیۆنە لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە».

وێنەیەک لەم نامەیە بۆ پێشەوای بەڕێز

ئیمزا

پەدپەڵکۆڤنیک: بەکر عەبدولکەریم، فەرماندەی بەتالیۆنی یەک . ئیدی وەزیری جەنگ چی‌دیکە لەوبارەیە نەپرسی‌یەوە.

## نامەی حەمەڕەشیدخان و سەرلەشکر هومایونی

ئەو پۆستە (سەیتەرە) یەی کە لەوەوبەر باسمان کرد لەنێوان ڕێگەی سەرا ـ سەقز بۆ پشکنینی خەڵکی دانرابوو، ڕۆژێک ماشینێک لە سەقزەوە بەرەو سەرا دەیەوێ بڕوات. لە کاتی پشکنیندا لە گیرفانی یەکێکیاندا نامەیەک دەدۆزنەوە کە لە سەرلەشکر هومایونی‌یەوە بۆ حەمەڕەشیدخان نووسرابوو، هەروەها هەندێک کەلوپەل و شەکر و چاشی بەدیاری پێ‌دەبێت بۆ نێویراو. کابرایان هێنایە لام بۆ قاراوا. هەرچەندە نامەکە بەئاسایی نووسرابوو، بەڵام بەئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرا کە نهێنی‌یەک لەنێوان هەردووکیاندا هەبوو. هومایونی ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خان دەکرد. وێنەیەکی نامەکەم نووسییەوە و پاشان نامە و شتومەکەکانم دایەوە دەست کابرا کە بیگەێنێتە دەست حەمەڕەشیدخان. کۆپی ئەو نامەیەشم ناردە خزمەت حەزرەتی پێشەوا بۆ مەهاباد. سەرکردەی پۆستەکە کە سەعیدئاغا بوو بەنهێنی تێم گەیاند کە لە وەڵامی نامەکەی خان بۆ هومایونی گەلێک وریابێت و جا چ ژن بێت و چ پیاو بەوردی بپشکنرێ و وەڵامەکە بگیرێت.

ماوەی دە ڕۆژێک تێپەڕی کردبوو، ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ لە پۆستەکەوە کابرایەکی پیری سەرسپی، مێزەر سپی، پشتێن سەوزی باڵابەرزیان هێنایە بنکەی قاراوا (شێخ مەلاحوسێنی ناو بوو). گەلێکی هەوڵ دابوو کە ڕێگەی بدەن بچێتە زیارەتی گۆڕی مەزارگاهی شێخ «دۆزەخ‌دەرە» کە کەوتبووە خوارووی سەقزەوە، بەڵام وازیان لێ‌نەهێنابوو و زۆر بەوردی پشکنی بوویان و

**❑ لە وەڵامدا بەڕێز مەلاموستەفام ئاگادار کرد کە ئێمە لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ هێزی بارزانی‌یەکاندا هاتووین. خۆشمان بە سەربازی بەرۆمەت و خەباتگێڕ دەزانین و لەسەنگەری دژ بە دووژمن داین لە پێناوی مافی کورددا.**

شانەیەک بە سەرو ڕیش و مووەکانی بن باخەڵیدا دێنن و هەر لە بن باخەڵیدا نامەیەکی لوولدراو وەک ئاغزە جگەرە دەدۆزنەوە، کاتێک کە کردمەوە، دیتم وەڵامی حەمەڕەشیدخانە بۆ هومایونی. گەلێک بە سەرو پۆتەڵاکی شێخ مەلاحوسێن دا هاتمە خوارێ و پێم ووت: ئەرێ مەلا، تۆ لەلایەک بەبەرگی مەلایەتی و لەلایەکی دیکەش بەپشتێنی سەوزی شێخایەتی و بەو تەمەنی پیرایەتی یە چ بەزمێکت لە جاسووسی داوە. ئایا تۆ هێندە تەمەنت لە ژیاندا ماوە ، دڵ بە چ پاشەڕۆژێکت خۆش دەکەی کە خیانەت و خۆفرۆشی لە میللەتەکەی خۆت دەکەی؟ مەلا دەبێت نموونەی نشتیمان پەروەری بێت، پێم وایە خوێندووتەوە کە «حب الوطن من الایمان»( ئەوی نیشتمانی خۆی خۆش نەوێ ئەوا دین و ئیمانی نێ‌یە) . ئایا کوردستان نیشتمانی تۆ نی‌یە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی و بۆ ماڵی دونیایەخیانەتی لێدەکەیت. دیارە بەکری گیراویت، ئیدی چی‌دیکەت لەوە زێتر پێ ناڵێم.

پاشان مەلا سوێندی خوارد کە جارێکی دیکە ، ببڕای ببڕای ڕێگەی خراپەکاری و سیخوڕایەتی نەگرێت. نامەکەشم ناردە خزمەت حەزرەتی پێشەوا، پاش ئەوەی کە وێنەیەکم بۆ خۆم لەسەر گرتەوە.

هەر لە ڕۆژانی کۆماری مەهابادەوە تا کۆتایی پێ‌هاتنی، کە بەداخەوە دەڵێم، چ ئەو نامانە و چ گەلێک نامەی دیکەی تر و دۆکۆمێنتی (وثائق) زۆرم لابوون کە لە «مەرگەوەڕ» لەماڵی «سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی نەهری» لەگەڵ هەموو ناوماڵەکەمدا جێمهێشتبوون و لەبەر زرووفی نالەباری خۆم و هەڵاتنم هەرڕۆژە بەلایەکدا، گشتی فەوتان و بەدەستم نەکەوتنەوە.

دەستبەجێ پاش ئەو نامەگرتنە هێزێکم ناردو لەدوورەوە ئابلۆقەی گوندی سەرایاندا بۆ ئەوەی خان هیچ دەرفەتێکی چوونە دەرەوەی نەبێت تا فەرمانێک لە کۆماری مەهابادەوە دێت.

پاش ئەوەی کە حەزرەتی پێشەوا نامەکەی بەدەست دەگات، بە بروسکەیەک حەمەڕەشیدخان لە فەرماندەیەتی دەخات. دووا بەدووای ئەوە حەمەڕەشیدخانیش نامەیەک بۆ پێشەوا دەنووسێ کە لەویدا بەرگری لەخۆی وڕابووردووی دەکات و من تاوانبار دەکات کە گوایا ناکۆکیم لەگەڵیدا هەیە و پیلانم بۆ داناوە. هەر لەو نامەیەدا دەڵێت: بەنامەی ڕەئیس بەکرێکی نەناسراو، منت شکاندەوە و لە فەرمانەدەییت خستووم. بەڵام من کابرایەکی ←

نیشتیمان پەروەرم... هتد. بەڵام نامەکەی لای پێشەوا پوچەڵ کرابۆوە. پاش سێ ڕۆژێک لەناکاو مەلاموستەفا گەیشتە قاراوا. بەدرێژی مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەویش فەرمووی:

«حەمەڕەشیدخان مەسەلەکەی وا بۆ پێشەوا هۆنیوەتەوە کە گوایا ئەوە پیلانێکە و تۆ داتناوە و لەبەر خاتری من بووە، تا ئەو لەم مەیدانەدا هیچ دەسەڵاتێکی نەمێنێ و من جێگەی هەموو دەسەڵاتێکێ ئەو بگرمەوە».

لە وەڵامدا بەڕێز مەلاموستەفام ئاگادار کرد کە ئێمە لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ هێزی بارزانییەکاندا هاتووین. خۆشمان بە سەربازی بەرۆمەت و خەباتگێڕ دەزانین و لەسەنگەری دژ بە دووژمن داین لە پێناوی مافی کورددا. لەوانەیە لەم ڕێگە پیرۆزەدا شەرەفی شەهیدبوونیشمان پێ ببڕێت و بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆمان نەهاتووین، جگە لەوەی کە پاراستنی کۆمارەکەمان لە پیلان و دەست درێژی کردنی دووژمن لە هەموو شتێکی دیکە لاگرنگترە. هەروەها زۆر نامەردی یە بۆ کەسێک کە خۆی بەدڵسۆز و کوردپەروەر بزانێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی یان تێخوێندنەوەی خزمایەتی یاخود برادەرایەتی و خۆشەویستی یەکێک هەستێت بەتاوانبارکردنی مرۆڤێکی پاک و کوردێکی خاوێن یاخود پیلانی بۆ دروست بکات و پاشەڵپیسی بکات. ئەمە خوو و ڕەوشتی کەسێکی پاک نییە، لەبەر ئەوە من خۆم گەلێک لەوە بە بەرزتر دەزانم و لە بنەماڵەیەکی واش نیم کە ئەو جۆرە ڕێگەیە بگرمە بەر. بە دڵنیایی شەوە دەڵێم گەر گومانم لە خۆفرۆشی و نادڵسۆزیی هەر کەسێک هەبێ ئەوا بەگوێرەی توانا و دەسەڵاتم ڕێی لێدەگرم. ئەی گوایا ئێمە سەربازی کوردستان نین؟ تۆ بڵێی شەوکردنەوەمان لە سەنگەری دژ بەدوژمندا سەیران و ڕابواردن بێت؟ گەلێک شادمانم کە هەر کوردێک ببینم جگەرسۆزی نەتەوەکەی بێت.

بەڵام مەخابن لەو ڕۆژەی کە حەمەڕەشیدخان بوەتە فەرماندە و هێزی بارزانی یەکانی خراوەتە بندەست هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە بەرژەوەندێتی تێدا بووبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کە دژی ئەو بەرژەوەندییە بووە و هەموو شت لەپێناوی سوودی تایبەتی خۆیدا بووە. دەسا پێوەندی کردنی خان لەگەڵ هومایونیدا بە چ دەقەبڵێندرێ، ئەمە لە کاتێکیشدا کە لە کردی مامەشە ژمارەیەک لە جوامێرانی قارەمانی کوردی بە شەهیدکردن دا جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار. ئێمە پێمان خۆش بوو کە حەمەڕەشیدخان سەرکردەیەکی لێهاتووی دڵسۆزی وا بایە کە سەری هەموومانی بڵێندبکردبایە و ببوایە بە نموونەیەک بۆ گشت سەرەک هۆزەکانی کورد، بەڵام مەخابن کە وا دەرنەچوو.

ئەوجا مەلاموستەفا ئاگاداریکردم کە دەیەوی بچێتە سەرا بۆ دیدەنی حەمەڕەشیدخان. بەڵام من ئەو چوونەیەم بەباش نەزانی، چونکە مەترسیم هەبوو کە خیانەت لە مەلاموستەفا بکات. بەڵام وەک پێی ووتم کە چوونی بۆ ئەوێ بەرژەوەندی تێدایە. بەرلەوەی بچێت نامەیەکی بۆ حەمەڕەشیدخان نووسی، لە وەڵامدا خان نووسیبووی: «خۆشحاڵم بە هاتنەکەت، بەڵام تکایە ڕەئیس بەکر لەگەڵ خۆت نەهێنی، چونکە ناهەقی لەگەڵمدا کردووە و دوژمنمە و نامەوێ چاووم پێی بکەوێ».

ئەو ڕۆژە مەلاموستەفا بەخۆی و سی چەکدارەوە چووە سەرا. شەو کە گەڕایەوە لەگەڵ یەک دانیشتین و فەرمووی: «ئەو کابرایە ڕوخاوە، ئەڕواتەوە عێراق ڕێگای بۆ چۆڵ بکە، نامەوێ کوشتاری لێبکرێ، هەرچەندە کە دەزانم تاوانەکە گەورە و ئاشکرایە»، پێم ووت: «گومان لەوەدا نی یە خۆ ئەگەنا بۆچی بەرەو عێراق هەڵدێت، با لە مەهاباد بمێنێ و بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێ. جا من بەپێویستی دەزانم کە ئەو کابرایە بدرێتە دادگا و سزای خیانەتکارییەکەی وەربگرێت و تاوانەکانیشی بۆ هەموو کەس ئاشکرابێت. بەڵام مەلاموستەفا ڕێگەی نەدام. ناچاربووم کەڕێگەی چوونە دەرەوەی لە سەرا بۆ چۆڵ بکەم. ئەویش بەرەو عێراق ڕۆیشت.

## دروستبوونی تیپێک لە کۆماری کوردستاندا

دوای ڕۆیشتنی حەمەڕەشیدخان، فەرمانێک دەرچوو کە موستەفا خۆشناو ببێتە جێنشینی. لەهەمان کاتیشدا، فەرمانێکی دی دەرچوو کە تیپێک (فرقەیەک) بەنێوی جەبهەی سەردەشت و بانە، پێکبێت، چونکە ئەو نێوچانە گەلێک ئاڵۆزی تێکەوتبوو و هەرچی دێهاتی گەورەبوو لەلایەن عەشیرەتەکانی بانەوە سوتێندرابوون، تەنانەت کاک عەبدوڵلاغا و عەشیرەتەکەی ئاوارەببوون و گشتییان لەنێوچەی ڕەبەت گیرسابوونەوە. بۆ فەرماندەیەتی ئەو تیپە من هەڵبژێردرام. بەڵام بەرلەوەی فەرمانەکەم بەڕەسمی بەدەست بگات مۆڵەتی پشوودانم وەرگرتبوو کە بچمە مەهاباد.

لە قاراوا دەرچووم و گەیشتمە بۆکان. لەوێ بەڕێز شێخ ئەحمەد بارزانیم بینی و کاک عێزەت عەبدولعەزیزیشی لەگەڵدا بوو. بارزانی یەکی زۆریش جەبهەی سەقزیان بەجێهێشتبوو و هاتبوونە ئێرە. زۆربەیان سەر بە بەتالیۆنی (٣) ی من بوون، جەنابی شێخ ئەحمەد کە چاوی پێم کەوت، فەرموی : بۆ کوێ دەچیت، ئەو هەموو بارزانییە بۆ هاتوەتە ئێرە؟ پێم ووت، منیش سەرم سوڕماوە کە بۆچی جێگەی خۆیان بەجێهێشتووە،ڕەنگ بێت بۆ زیارەتی جەنابتان هاتبن. منیش مۆڵەتم هەیە کە بۆ ڕۆژێک بچمە مەهاباد و لەو کاتەوە کە لە جەبهەی شەڕ داین پشووم نەداوە، پێم وایە کە یەک لەو ئەفسەرانەی هەر لە مەهاباد دانیشتوون ماوەیەک بچنە جەبهە.

لێرەدا کاک عێزەت بەوەڵام هات، ووتی : نەخێر، بیستوومانە کە لە مەلاموستەفا زوویر بوویت بۆیە دەچیتە مەهاباد. ئەو بارزانییانەش بەرلەوەی کە جەنابی شێخ ئەحمەد بێت هەروایان

زانیوە بۆیە جەبهەیان بەجێهێشتووە ... حەزرەتی پێشەوا داوای لە جەنابی شێخ کردووە کە بێت تا نەهێڵێ ئەو جەبهەیە بەجێ بهێڵن، چونکە هیچ هێزێکی دیکە نییە کە ئێرە بپارێزت و پێشی دوژمن چۆڵ دەبێت ». ئەوجا جەنابی شێخ ئەحمەدیش فەرمووی : « من میللەتی خۆم تەسلیمی موستەفا خۆشناو ناکەم و لێی زوویرم و گلەییم لێی هەیە لەبەر ئەوە دەبێت کە تۆ بچیت. ئیستەش لە زمانی منەوە بە بارزانی بڵێ کە پێویستە هەرهەموویان بگەڕێنەوەجێگەێ خۆیان ». لەولامدا پێم ووتن : کاک عێزەت، هیچ کاتێک ئەوە لە من روونادات کە دڵم لە مەلا موستەفا برەنجێ، چونکە ئەو زیاد لە پێویست ڕێزم لێ دەگرێت، و گشت ئەفسەرەکانیش لای مەلاموستەفا ڕێزیان هەیە، بەتایبەتی من کە خۆم وەک عوبەیدوڵلا داناوە. جا ئەو هەواڵەی کە تۆ بیستووتە و لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت ڕاست نییە.

پاشان لە جەنابی شێخ ئەحمەدم پرسی کە بۆچی لە موستەفا خۆشناو زوویرن، بەتایبەتی کە ئەویش لە دڵسۆزیدا وەک هەریەکێک لە ئێمە وایە و خەباتێکی زۆری کردووە و قوربانی بە خۆی دەدات، فەرمووی : چما نازانی کە چ شتێکی لەسەر بارزانییەکان نووسیوە ؟

پێم ووت کە هیچ شتێک ئاگادارنیم و لە ڕاستیشدا نەمدەزانی کە چی نووسیوە. فەرمووی : « نووسیوێتی کە بارزانییەکان شەڕ ناکەن، بەکەڵکی هیچ نایەن، جێگەی متمانە نین، پێویستە هێزێکی دیکەی نا بارزانی (بارزانی نەبێت) بێتە جەبهە و ئەوانە بگەڕێنەوە نێو عەشیرەتەکەی خۆیان و بەکەڵکی سەربازی نایەن».

ڕاستی یەکەی سەرم سوڕما، چونکە هەمووی یەک هەفتە دەبوو کە لێپرسراوێتی ئەو جەبهەیەی وەرگرتبوو، ئەوجا تێناگەم کە بۆچی ئەوە هەڵوێستی بوو. بەلام من گەلێک هەوڵم دا کە قەناعەت بە جەنابی شێخ بکەم کە ڕەنگ بێت ناحەزێک ئەو قسانەی هەڵبەستبێت و موستەفا خۆشناو شتی وای نەووتبێ، بەلام ئەو بڕوای تەواوی وابوو کە موستەفا خۆشناو ئەو قسانەی کردوە و لەبەر ئەوە نەیدەویست کە ئەو ببێتە فەرماندەی بارزانییەکان و فەرمووی کە دەبێت من بچمە جێگەکەی موستەفا خۆشناو. پێم ووت جەنابی شێخ پێویستە، بەر لە هەموو شتێک بارزانییەکان بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان و منیش جارێ دەچمە مەهاباد و پێویستم بە پشوودان هەیە. لە ڕێگەی بەرەو مەهاباد، وا ڕێککەوت کە شێخ محەمەد خالیدی شێخ ئەحمەد و شێخ جەمالی شێخ ئەحمەد بۆ ئەوەێ دەچوون.

ڕۆژی دووای ئەوەی کە گەیشتمە مەهاباد چوومە سەردانی حەزرەتی پێشەوا کە لەوێ کۆمەڵێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی لە خزمەت دا بوو. کە چاوی پێم کەوت فەرمووی : « بۆچی وا درەنگ هاتی، ئەوا چەندڕۆژێک دەبێت کە ناردوومە بەشوێنتا و چاوەڕێت دەکەم ». پێم ووت کە هیچ فەرمانێکی بەو جۆرەم بۆ نەهاتووە، ئێستەش کە لێرەم بە هۆی پشوودانی خۆمەوە هاتووم. ئەوجا

**□ « دار دەڵێ : بیور (تەور) کلکی لەخۆم نەبێت هەزار ساڵ عومرمە». مەخابن کە هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی نیشتمانی سەرهەڵدات ئەوا بەهەزاران سافیلکەی مێشک پووت خۆ دەهاوێژنە باوەشی دوژمنی داگیرکەر،**

فەرمووی : « هەرچەندە ئەوڕۆ فریا ناکەوی، بەلام هەر لە ئێستە بەدوواوە هەرچی سەربازێکی بارزانیت لە نێو مەهابادا، دی و دەستت دەکەون کۆیان بکەروە و سبەینێ دەچیت بۆ ڕەبەت.

هەرچی ئازووقە و پێویستییەک هەبێت بۆت دەنێرین چونکە نێوچەی گەورک زۆر شڵەژاوە و عەشیرەتەکانی بانە لایەنگری حکومەتی تاران دەکەن. جا لەو نێوچەیە جگە لە حەمەد مەولود و (٢٨)کەس زێتر هێزی دیکەمانی لێ نییە. ئەو عەشیرەتانەش ئەمەیان بە هەل زانیوە و هێرشیان بردووەتە سەر نێوچەکە. لەبەر ئەوە عەشیرەتی گەورک نەیانتوانیوە بەرەنگاریان ببنەوە و هەلاتوون و خۆیان گەیاندووەتە ڕەبەت و زۆربەی دێهاتەکانیشیان سووتێندراوە. بۆیە دەمەوێ کە بە زووترین کات بگەیتە ئەوێ و هێندەی پێت دەکرێ بارزانیش کۆبکەرەوە. دەسەلاتیشت دەدەمێ کە تیپێک لەوان و لە عەشیرەتەکان و دانیشتووانی نێوچەکە و خەڵکی دیکە پێک بێنە و چەکداریان بکە و بەهەر یەکەیشیان مانگانە (١٢٠) تمەنیان دەدرێتێ، لەگەڵ ئازووقەی پێویستی خۆیان و ماڵ و منداڵیان».

پاش ئەوەی لە خزمەت پێشەوا هاتمە دەرێ لە نێو بازێری مەهاباد ژمارەی (٤٥) بارزانی کە مۆڵەتی پشوودانم دابوونێ، کۆم کردنەوە و ئاگادارم کردن کە بۆڕۆژی دوواتر ئامادەبن و بەرەو ڕەبەت دەچین. بەگوێرەی پێویستیش چەند ماشینێک بۆ گواستنەوەمان تەرخان کرا. دووایی چومە دیدەنی مەلاموستەفا و مەسەلەی ڕۆیشتنەکەم بۆ باسکرد. فەرمووی کە ساڵەح عەبدول عەزیز ئاغای برای کاک عێزەت عەبدول عەزیز لەگەڵ خۆم ببەم بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو بارزانییانەی کە پاسەوانیم دەکەن. پاش هەفتەیەک چەند بارزانییەکی دیکەشی نارده لام و ئەودەمە ژمارەی هەموویان گەیشتە (٧٠) سەرباز.

لە ڕۆیشتنەکەماندا ڕۆژی یەکەم لە دۆڵی زەمزیران ـ گوندی کوێچەکەدەرێ ـ ماینەوە ورۆژی دوواتر چووین بۆ ڕەبەت.

ڕەبەت کەوتووەتە دەشتاییەک و گردۆڵکەیەکی بە تەنیشتەوەیە. لە سەرگردەکە چەند کونە سپیرێکی بنکەی ئێرانییەکانی پێوە بوو کە بەجێیان هێشتبوو. بەگەیشتنمان بۆ ڕەبەت بنکەی تیپەکەم لەوێ دانا.

پاش ماوەیەکی کەم، ئاغایانی گەورک : کاک ئەڵلا ئاغا ( سەرۆکیان بوو)، ئیبرایم ئاغای سەرچاوە، مامەندئاغا و کەریم

ئاغا و ئیبرایم ئاغا بریسوێ، لەولاشەوە لەبەری سوێسنییان: حەمەدی قادرئاغا (سەرۆکی مەڵکارییان بوو) ، ئیبرایم ئاغا ( سەرۆکی بەریاجییان) هەموو ئەمانە بە خۆیان و عەشیرەتەکەیان و چەندین کوێخا و دانیشتووانی سوێسنییان و دەوروبەری سەردەشت و مەنگورایەتی هاتنە ڕیزی سوپای کوردستانەوە. لەماوەی مانگێکدا ژمارەی تیپەکە گەیشتە (٤٥٠٠) سەرباز، سنووری دەسەڵاتی ئەم تیپە لە سوێسنایەتی تا سنووری عێراق و لەلایەکی دیشەوە تا شندرە و شەمۆڵەی نیزیک بە شاری بانە ڕۆیشت. ئەوی کە تەنیا بنکەی دووژمنی لێ مابۆوە شاری سەردەشت و گوندی قوڵتێ، لەگەڵ بریسوێ ، لەسەر ئەو پردەی سەر ڕووباری کەڵوێ نێوان سەردەشت و بانە.

(١٨٠) سەربازی نیزامیش بە سەرکردایەتی سەعید زادە کە پلەی کەپیتیانی پێ درابوو و سەر بە جەبهەی سەردەشت و بانە بوون، هاتنە ڕەبەت. منیش ئەمانەم لە گوندی مەلا شێخ ، قەڵای مارش ، شینوێ، بێوران و قەلاوێ لە بەری سوێسنایەتی لە دەوری سەردەشت دامەزراند. هەر لە گوندی تۆپزاوای نیزیک مەهابادەوە و بەدرێژایی دۆڵی زمزیران ـ مەنگورایەتی تا دەگاتە « هەمران »ی نیزیک بە ڕەبەت چەند پۆستێکم لەو شوێنانەی کە پێویست بوون بۆ پاراستنی ڕێگەی هاتووچۆمان لە نێوانی مەهاباد ـ ڕەبەت دامەزراند. ژمارەی شەش لۆری و جیبێکی ئەمریکیش بۆ کاروباری تیپەکەمان تەرخانکرا. بەرامبەری ئێمە تیپێکی دوژمن لە سەردەشت ـ بانە هەبوو کە سەر لەشکر (ئایروم) فەرماندەیی دەکرد. ئەم تیپە لە سەردەشت سرتیپێک: (٧) فرۆکە و (٦) زرێ پۆش (مدرعە)ی لەگەڵ بوو. سەرهەنگ پزیشکیان نێوێک فەرماندار(قائم مقام)ی سەردەشت بوو. ئەم کابرایە گەڵێک کەڵەکچی و زمان لووس بوو، تەواو شارەزای عەقڵیەت و بیرو بۆچوونی خەڵکی ناوچەکە بوو. بە پرۆپاڵانتە و فرتو فێڵ خەڵکە سافیلکەکەی شارو دەوروپشتی وا تێگەیاندبوو کە کۆماری مەهاباد کۆمارێکی کۆمۆنیستانەی خودێ نەناسە و دەسەڵاتی بگاتە هەر جێگەیەک ئەوا بە تورەکەی دەبێیژێ و خەڵکەکەشی قڕ دەکات، جگە لەوەی کە دەسەڵاتدارانی مەهاباد لەگەڵ ڕووسەکان بوونەتە یەک دەست و یەک هێز تا جەماوەری کورد لە ئاینی ئیسلام وەربگێڕن و لەم ڕووەشەوە دژ بە هەموو ئاینێکی ئاسمانی یە. بۆیە هەر کەسێکی کە هاریکاری و پشتگیری لەو کۆمارە بکات کافر دەبێت.

هەڵبەتە بەردەوام داگیرکەرانی کوردستان مەسەلەی ئاین و ئاینزایەتییان کردووەتە چەکێکێ خۆرت دژ بە کورد و خواستەکانی و هەمیشە کۆمەڵگای کوردەوارییان بەو چەکە تۆقاندووە و سەرپاکی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازەکانی کوردیان بە چەتە وڕێگر پێشان داوە و سەدان پرۆپاڵانتەی هەرزانیشیان بۆ هەڵبەستووە کە گوایا ئەو بزووتنەوانە دژ بە دەسەڵاتی پاکی ئیسلامە، نەک هەر ئەوە بەڵکو وێرانکردنی کوردستان و سووتاندنی حاڵ و ماڵی کورد و تالانکردن و مەزادکردنی سامانیان و بەدیلگرتن و کوشتنی کچکە و گەورەی کوردیان بە حەلاڵ داناوە، بەنێوی ئاینی ئیسلامەوە بیرو هەستی نیشتمانیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کپکردووە و سووتاندووە. ئەمە لە کاتێکدا کە گومان لەوەدا نی‌یە کە کورد لە هەموو ئیسلامەکانی دیکەی ئەم خرەی زەوی‌یە پتر پێڕەوی ئیسلامەتی دەکەن. تەنانەت ئەوانەی کە خۆیان بە جێگر(وارث) ی محمد(ص) داناوە و نێویان لە خۆ ناوە خەلیفەی ئیسلام، بەسەدان کاری نابەجێیان کردووە، هەر لە ئەتککردنی ئافرەت و خواردنەوە وڕابواردنی شەوانی نێو جاریەکانیان تا دەگاتە ئەوەی کە بەچاوێکی نایەکسانەوە تەماشای جەماوەرەکەیان کردووە و هەمیشە ئەوەیان خستووەتە مێشکیانەوە کە دووعابکەن و لە خودێ بپاڕێنەوە ئەم خەلیفە (موبارەکانەیان) بۆ بهێڵێ و بپارێزێ. لەمەش بترازێ ئەم «خەلیفە موبارەکانە» بەردەوام هەوڵی ئاژاوە نانەوە و ناکۆکی نێوان سەرەک عەشیرەتەکانی کوردیان داوە و بە پووڵ و پارە هانیان داون یەکدی لەنێو بەرن. سەرۆکە کوردەکانیش کەمو زۆر هەڵخەڵەتێنراون و خزمەتی بێگانەی داگیرکەریان کردووە ؛ ئەوجا هەر لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و سەفەوی تا دەگاتە ئەوڕۆ ئەو سیاسەتی دژ بەکوردە، هەر بەردەوامە و تەنێ بۆ ساتێکیش‌بێت ڕێی ئەو کوردە ژێر دەستەیان نەداوە لە دەرد و بەلا و نەزانین و نەخوێندەواری ڕزگاربێت.

جا حکومەتی تاران ژمارەیەکی زۆری لە عەشیرەتەکانی سەردەشت و بانە دژ بەکۆماری مەهاباد چەکدارکردبوو، ئەم خۆفرۆشە ئەڵقە لە گوێیانە ئازارێکی زۆری خەڵکی بێدەسەلاتی نێوچەکەیان دەدا و دێهاتەکانیان دەسووتاندن. پێشینان ڕاستیان وتووە: « دار دەڵێ : بیور (تەور) کلکی لەخۆم نەبێت هەزار ساڵ عومرمە». مەخابن کە هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی نیشتمانی سەرهەڵدات ئەوا بەهەزاران سافیلکەی مێشک پووت خۆ دەهاوێژنە باوەشی دوژمنی داگیرکەر و خۆفرۆشانە دژ بە مافی میللەتەکەیان دەوەستنەوە.

## یاخی بوونی مەلاخەلیل و عەولاغای بایزپاشا

وەک لەسەرەوە باسمانکرد کە (١٨٠) سەربازی نیزامی لە مەهابادەوە هاتن و خرانە نێو جەبهەی سەردەشت و بانە. چوار ئاغای مەنگوڕیان لەگەڵدابوو: حەمەدئاغای بایزپاشا کە پلەی (مایۆر)ی هەبوو، هەمزەئاغا و دوانی دیکەش بە پلەی (کەپیتان). پێدەچوو گومانیان لەسەر بووبێت بۆیە خرابوونە ژێر فەرماندیی کەپیتان سەعیدزادە کە ئەمەش لە دەستووری سەربازیدا ڕەوا نەبوو مایۆرێک لەژێر فەرماندەیی کەپیتانێکدا بێت لەکاتێکدا کە پلەی سەربازیی یەکەمیان لە دووەم بەرزتربێت، بەلام دیاربوو کە

←

ئەمەش جۆرە تاقیکردنەوەیەکی خۆیان بوو کە لەهەمان کاتیشدا ناردبوویاننە نێو ئێمەوە، چوونکە کەس و کاری ئەوانە لەو نێوچەیە بوون و ناسرابوون و هەندێکیشیان سەر بە کۆماری مەهاباد نەبوون.

شایانی باسە کە حەزرەتی پێشەوا دەسەڵاتی تەواوی بڕیاردانی لە کاروبارەکانما، دابوە دەست خۆم (دەسەڵاتی دەستووری مکرم) کە بەو پێیە دەمتوانی فەرمان بەکوشتنی هەرکەسێک بدەم لەوانەی خیانەت بەرامبەر نیشتمانەکەیان دەکەن. ئەمەش دەقی ئەو دەسەڵاتەیە کە حەزرەتی پێشەوا پێی ڕەوا بینیم.

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ پەدپەڵکۆڤنیک بەکر عەبدولکەریم، فەرماندەی جەبهەی سەردەشت و بانە.

« دەستوری مکرممان پێدان کە لەمەودوا دەتوانی دەسەڵاتی ئێمە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی جەبهە و نێوچەکەتان بەکاربێنی، هەرشتێک بۆ سوودی گشتی، بەپەسندی دەزانن دەیکەن بە مەرجێک لەبەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتەدا خواو پێغەمبەر(ص) لەبیر نەکەن».

تا ماوەی مانگێک خەریکی ڕێکخستنی کاروباری جەبهەو دەستەبەر(تامین)کردنی ئازووقە و حەواندنەوە و ئامۆژگاری کردنی دانیشتوانی جەبهەکە بووین. لە هەمان کاتیشدا پێوەندیمان بە چەند کەسانێکی نێو شاری سەردەشتەوە کرد و ئامادەی ئەوەمان کردن کە لە جموجۆڵی دووژمن و دەنگ و باسیان ئاگادارمان بکەن. لەبەری سوێسنایەتی بۆ ئەو پۆستەی کە لەسەر ڕێگە «ئاڵۆتان» وە دێت بۆ سەردەشت، مایۆر حەمەدئاغای بایزپاشا و چەند سەربازێک و ژمارەیەکیش لە بارزانی دانران. ڕۆژێک حەمەدئاغا هاتە لام، نامەیەکی لە عەولائاغای برایەوە بۆ هاتبوو پیشانیدام کە ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە.

برای خۆشەویستم کاک حەمەد،

دوای چاو ماچکردنتان

« ئەتۆ گەر کوڕی بایزپاشای و برای منی، زۆر شەرمە بەدوای هەتیو تاڵی سابڵاخیان بکەوی. دەبێت لەگەڵ ئێمە بیت، نەک لەگەڵ ئەو خودا نەناسانە. پێم خۆشبوو کەوا لەم نیزیکانەی سەر ڕێگامانی، بگەڕێوە نێو ئێمە. مامۆستا مەلاخەلیل چاوت ماچ دەکات. وا (۳۰۰) کەسمان لەگەڵە و دەڕۆین بۆ سەردەشت. بەبرای خۆمت نازانم لەقسەم دەربچیت و لە دژمان ڕاوەستی، جا کەیفی خۆتە. ئەگەر ڕێگامان لێبگرن ئەوا بەقووەت ڕێگەی خۆمان دەکەینەوە».

گەلێک سوپاسی ئەو دڵسۆزییەی حەمەدئاغام کردو پێم ووت: پێم ناخۆشنییە گەر نەتەوێت لەو پۆستەی سەر ڕێگەی براکەت بی. ئەوا سالەح عەبدولعەزیزئاغا و دەستەکەی لەوێن. دەزانم کە

**□ «ڕەزم ئارا» بەهێزی ئێرانی ـ لەشکری چواری کوردستان ـ فەرمانی دا، کە هومایونی فەرماندەی ئەو هێزە بوو بە دوو هەنگ (لیوا) لە سەقزەوە هێرشیان بردە سەر گردی مامەشە لە چیای مەلقەرەنی.**

بۆ تۆ ناخۆشە لەشەڕی دژ بەواندا بەشداربیت. لە وەڵامدا ووتی: « ئێستە من خۆم بە کوڕی بایزپاشا دەزانم کە دژ بەو برایەم ڕابوەستم کە خۆی هاویشتووەتە باوەشی دوژمنی کورد. حاشا لەو برایە دەکەم و پێویستە من لە هەموو کەس زێتر دژی بوەستم».

پاش دڵنیا بوون لەو هەڵوێستە، چەند سەربازێکی دیکەم لەگەڵدا نارد بۆ لای کاک سالەح عەبدولعەزیز و فەرمانم بۆ ناردن کە عەولائاغا و تاقمەکەی وریا بکەنەوە و ئاگاداریان بکەن کە هەر لە ئێستەوە تا ماوەی (٢٤) کاتژمێری دیکە:

١ ـ بچن بۆ مەهاباد تا حەزرەتی پێشەوا لە تاوانکاری یان بیانبەخشێ.

٢ ـ یاخود خۆیان بەدەستەوە بدەن، خۆ ئەگەنا بەتوندی لێیان دەدەین و ئۆباڵیان بەئەستۆی خۆشیان. لەهەمان کاتیشدا سالەحئاغام ئاگادار کرد، گەر هات و ویستییان بەرەو عێراق هەڵبێن (لە سنوورەوە نیزیک بوون) ئەوا تەقەیان لێنەکرێت.

پاش چەند کاتژمێرێک هەواڵم بۆهات کە مەلاخەلیل چووەتە خزمەت حەزرەتی پێشەوا بۆ مەهاباد و عەولائاغا و (٦٠) کەسیش لەگەڵ وی، بۆ قەلادزێ هەلاتبوون. لەهەمان کاتدا حەمەدئاغام لە جێگەی کەپیتان سەعید زادە دانا و کردمە فەرماندەی هێزەکەی و کارێکی سەربازیی دیکەم بەو سپارد، چوونکە گومانم لە هەڵسووکەوتی هەبوو و دەترسام کە ڕۆژێک دوژمن بەتەواوی لە دەرفەتێکدا سوودی لێ وەربگرێ.

پاش ئەوەی نێوچەی سوێسنایەتی لە خۆفرۆشان پاک کرایەوە، پێوەندییەکی نهێنیم لەگەڵ نەسروڵلاخان دا دروستکرد. ئەم خانە (٥٠٠) چەکداری لە نێوچەی بانە هەبوو و لەگەڵ حکومەتی تاران دا بوو. هەمان پێوەندیم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەشدا پەیداکرد وەک :عێزەت خان، قادرخان و چەند کەسێکی تر، کە هەر یەکەیان خاوەنی چەند سەد چەکدارێک بوون و جاش بوون. ڕێکەوتنەکەمان لەگەڵ نەسروڵلاخاندا بەنهێنی بوو. بەڵێنی دامێ کە لەکاتی پێویستدا وەلامی بۆ بنێرم تا بێتە ڕیزی لەشکری کوردستانەوە، هەرواشمان بە بەرژەوەند زانی کە جارێ لە جێگەی خۆی بمێنێ. ئەوەشمان باش دەزانی کە لە جەبهەی بانە پێویستیمان بەو دەبێت و ئەو دەمە ئاگاداری دەکەین کە بە ئەرکی پێویست هەڵستێت. ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو...

لە بیرەوەرییەکانی بەندیخانە

# دوو ساڵ لە گەڵ شاعیری مەزنی کورد «عەبدوڵلا گۆران»دا

نایب عەبدوڵلا

ساڵی ١٩٥٦ شەڕی قەناتی سوێس لە میسر دەستی پێکرد کە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی بریتانیا و فەرەنسە و هەروەها ئیسرائیل هێرشیان بردە سەر گەلی میسر بۆئەوەی لە ڕێڕەوی ئیشتمانپەروەری لای بدەن و لە ناوی بەرن. لە عێراقیشدا بۆ پشتگیری لە گەلی میسر، دەها خۆپێشاندانی جەماوەری گەورە گەورە لە بەغدا و بەسرە و نەجەف و دیوانییە و عەمارە و سلێمانی و گەلێ شاری تردا، بەرپاکرا.

ڕژێمی پاشایەتی عێراق، بۆ بەرهەڵستی لە جەماوەری ڕاپەڕیو و داپلۆسینی هێزە پێشکەوتنخوازەکان مەحکەمەی عورفیان دامەزراند و کەوتنە گرتن و ئازاردانی تێکۆشەران ، ئەوەبوو کە سەدان کەس ڕەوانەی بەندیخانەکانی بەغدا و کوت و نوگرەسەلمان کران.

لە شاری سلێمانیش نزیکەی ٦٠ تێکۆشەری شیوعی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان گیران . لەو سەردەمەدا ئەفسەری دڕندە عومەرعەلی موتەسەڕیفی سلێمانی بوو ، هەر لە یەکەم شەودا گیراوەکان یەکەیەکە دەبرانە لای عومەر عەلی و تاقمەکەی ، لەوێ بە هەڕەشەوگوڕەشە داوای پاکانە(بەرائەت)یان لێدەکردن. ئەم شانۆگەرییە تا بەرەبەیان بەردەوام بوو کە لە ئەنجامدا ٢٥ تێکۆشەر لە توقیفخانەی سەرای سلێمانی مانەوە و تەوقیف کران . ئەوانەی لە یادم ماون ئەم تێکۆشەرانە بوون: مامۆستا گۆران، حەمەساڵح دیلان، غەفور میرزاکەریم، حەمەی ئەحمەدتاها ، غەفور ڕەشید داراغا ، ئەحمەدمارف، ئەحمەد دەروێش دادی، ڕەشۆڵ، نایب عەبدوڵلا ، ئەحمەد ئازدار حایچی، ڕوشدی ئەحمەد بەگ، کەریم ڕەشیدناسک خەیات، ئەوڕەحمانیساڵحی خلە ، قادر عومەر، عوسمان عومەر، حەمەڕەشید ئەحمەد شانە، عومەر ئیسماعیل خەیات وهتد...

بۆ ماوەی دوو مانگ هەموومان بە خۆشی و ڕێکوپێکی پێکەوە ژیاین. بە ڕۆژ دوای نیوەڕۆیان تا ئێوارە باسی شێعر و ئەدەب و لێکۆڵینەوە و موناقەشەی سیاسی بوو، بە تایبەتی مامۆستا گۆران و حەمەساڵح دیلان و حەمەی ئەحمەدی تەها کۆڕیان گەرم دەکرد، شەوانەش تادرەنگ ئەمران حەمەساڵح دیلان و ڕەشۆڵ بە دەنگە خۆشەکانیان گۆرانیان دەگوت ، بەڕاستی هێندە خۆش بوو ئەو دوومانگەمان بە هەفتەیەک لێ ڕۆیی.

لە پاش دوو مانگ گیراوەکان دەبران بۆ کەرکووک بۆ مەحکەمە... مەحکەمەی چی، شانۆگەرییەکی سەیر بوو. سێ ئەفسەری ناوچەوان ترش دانیشتبوون. ئەو جاسووسەی پێشتر ئامادەیان کردبوو ، دەهات قورئانی دەخوارد کە ئەو گیراوە، شیوعی یە و تێکدەرە و دژی پاشاو پاشایەتی یە. تەنیا یەک پرسیار لە گیراوەکە دەکرا ئەویش ئەوەبوو : ئایا ڕاستە تۆ شیوعیت... ئیتر حاکم ڕێگەی نەدەدا گیراوەکە دیفاع لە خۆی بکات، پێی دەگوت : قسەی ناوێ تۆ شیوعیت ، دوو ڕێگات لە بەرە، یان بەرائەت دان و گەڕانەوەت بۆ ماڵی خۆت ، یان حوکم دان و ناردنت بۆ زیندان.

ڕۆژی ١/١/٥٧ منیان نارد بۆ مەحکەمە، سێ ساڵ حوکم یان ( ٥٠٠ ) دیناری حازر، من ڕەوانەی بەندیخانەی کەکووک کرام، پاش چەند ڕۆژێک دوای من مەحکەمە تەواو بوو ، ئەوانەی حوکم دراین لە بەندیخانەی کەرکووک یەکمان گرتەوە کە ئەمانە بووین: مامۆستاگۆران ، شەهید ئەحمەد مارف، شەهید ڕووشدی ئەحمەدبەگ، نایب عەبدوڵلا ، هەرکام سێ ساڵ یان ( ٥٠٠ ) دیناری حازر. هەروەها شەهید ئەوڕەحمان ساڵحی خلە وکەریم ڕەشید ناسک هەرکام دوو ساڵ یان ( ٢٠٠ ) دیناری حازر حوکم دران. لە پاش چەند ڕۆژێکی تر سێ برادەری شاری کەرکووکیان هێنا کە کرێکاری شەریکەی نەوت بوون، ئەوانیش هەر یەکی بە سێ ساڵ یان ( ٥٠٠ ) دیناری حازر حوکم درابوون کە ئەمانە بوون: توفیق ئەحمەد، عەبدولخالەق مەلا سەعید و مەحموود شەریف کە هەموومان پێکەوە دەژیان.

لە پاش ماوەیەک نامەیەکمان لە ڕێکخەری حشع شاری کەرکووکەوە بۆهات، دوو خاڵی سەرەکی تێدا بوو ، یەکەم نووسرابوو کە لە ناو خۆماندا یەکێک هەڵبژێرین بە ڕێکخەر، بۆ سەرپەرشتی ئیش و کارەکان. دووهەم نووسرابوو کە ئەگەر خۆمان ڕازی بین بەرائەت بکەین و بچینە دەرێ چونکە حیزب پێویستی پێمانە... هەموومان بۆ لێکۆڵینەوەی نامەکەکۆبووینەوە، پێش هەموومان مامۆستا گۆران دەستی بە قسە کردن کرد و وتی: من ئەم نامەیە بە هی حیزب نازانم، بەڵکوو کاری کەسێکە...! هەروەها وتی : من بەش بە حاڵی خۆم حیزبیش داوام لێ بکات بەرائەت ناکەم و ئامادەم نەک سێ ساڵ،

⬅

هەموو ژیانم لە بەندیخانەدا تەواو بکەم. قسەکەی گۆران ڕێگای لە هەموومان بڕی، بێ موناقەشە هەر هەموومان وتمان ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە. پاشان بە کۆمەڵ مامۆستا گۆران مان هەڵبژارد بە ڕێکخەری خۆمان و نامەیەکی دوور و درێژمان بۆ دەرێ نووسی و ڕاو بۆچوونی خۆمان لەو بارەیەوە دەربڕی. لە ڕاستیدا «گۆران»ی ئەمر دەوری ڕێکخەری خۆی بە باشی بینی کە نموونەی تێکۆشەری بەندیخانە بوو، لەو تەمەنە زۆرەیدا بەرزترین ورەی هەبوو، کە جێگای ڕەزامەندی هەموومان بوو. مامۆستا گۆران بێ خوێندنەوە، زۆر نارەحەت بوو. دەگەڕا بە سەر زیندانییەکانەوە، هەر نووسراوێکیان بوایە و هەرچیەک بوایە چ کوردی و عەرەبی و چ تورکی و ئینگلیزی لێی وەردەگرتن و دەیخوێندنەوە،. شەوانەش کۆڕی گەرم دەکرد بە باسی شێعر و شتی وەها. زۆریش حەزی لە نوکتە و قسەی خۆش بوو، زۆرجار بەسەر هاتەکانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە. بە هیچجۆر بێزاری و نارەزایی لە ژیانی دەرنەدەبڕی، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا برادەران ورە بەرز و بەهێز بن. بیری لە خۆی و خۆشی خۆی بەتەنیا نەدەکردەوە، تەنانەت هێندێک لە بەندییەکانی تر کە لە سەر شتی تر حوکم درابوون دەهاتنە لای و قسەی بۆ دەکردن و ئەگەر گیروگرفتیان بوایە یارمەتی دەدان... ئەوانیش زۆریان ڕیز لێدەگرت.

لە پاش ماوەیەک کە سوکاری ڕوشدی و ئەحمەد مارف پارەکانیان بۆ دان، ئازادکران و گەڕانەوە بۆ سلێمانی. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو برادەرێکیان لە هەولێرەوە هێنا، ئەندامی پارتی دێموکراتی کوردستان بوو، دوو سال یان (٢٠٠) دیناری حازر حوکم درابوو، ناوی مەلاعەبدووڵلا (مەلا ماتۆڕ) بوو، ئەویشیان هێنایە لای ئێمە.

زۆرجار موناقەشەی سیاسی لە بەینی مامۆستاگۆران و مەلا عەبدوڵلا ڕووی دەدا، بێ ئەوەی یەکتری بریندار بکەن. هەوەها زۆرجاریش دامەمان لە گەڵ مەلا عەبدوڵلادەکەرد، کە دەیدۆڕاند تورە دەبوو، مامۆستا گۆرانیش حەزی دەکرد تورە بێ؛ کە یاری دەکرا دەبوو بە هەرا و پێکەنین و قسەی خۆش. چەند مانگێک لە بەندیخانەی کەرکووک بەو جۆرەمان بردە سەر. لە پاشان ئاگاداریان کردین کە ڕەوانەی بەندیخانەی باقوبەمان دەکەن.

لەوسەردەمەدا، بەندیخانەی باقوبە پیسترین و ناخۆشترین جێگای ئازاردانی تێکۆشەران بوو لە هەموو عێراقدا. چەند جار ڕۆژنامەکانی (القاعدە و ئازادی) لە سەر بەندیخانەی باقوبەیان نووسیبوو. مدیری ئەو بەندیخانەیە ئەفسەرێکی زۆر دڕندە بە ناوی «علی زین العابدین» بوو کە یەکێک لە پیاوە هەرە ئالقەبەگوێیەکانی «نوری سەعید»بوو.

هەر گیراوێکی سیاسی ڕەوانەی باقوبە بکرایە، لە پێشەوە دەبرایە لای مدیر، ئەویش ٢ـ ٤ جەلادی بەهێزوقەڵەو و بالابەرزی لە لا بوو، بۆ ئەوەی بەرائەت بکا ماوەیەک لێیان دەدا، ئەگەر بەرائەتی نەکردبا، دەیان بردە ژوورێکەوە لە بەشی یەکەم (لە بەشی بەندە سیاسییەکان)، بەشی یەکەم ژوورێک بوو کە ئاودەستی تێدا بوو، پەنجەرەکەی بە بەرد گیرابوو، شەو و ڕۆژ گڵۆپەکەی دادەگیرسا، لە دوو بەتانی زیاتر هێچی لێ دەست نەدەکەوت، لەمدیرو یاساوڵەکان و تاقمەکەی زیاتر کەسی ترت نەدەدی، هەموو ڕۆژێک مدیر و جەلادەکانی تر، دەچوونە سەر گیراوەکە و تێروپڕیان لێدەدا، هەر شەوێکیش مدیر کە لە نادی قوماری کردبا و پارەی بدۆڕاندبایە، دەچووە بەشی یەکەم و داخی دڵی خۆی بە تێکۆشەران دەڕشت. چەند مانگێک هەموو بەندییەک لە بەشی یەکەم دەمایەوە. ئەگەر بەرائەتی نەکردایە دەبرایە بەشی دووهەم کە هیچ جیاوازیەکی نەبوو لە گەڵ بەشی یەکەم، تەنیا یەک شت نەبێ ئەویش ئەوە بووکە لە باتی ئەوەی بە تەنیا بێ ، دوو دوو یان زیاتر پێکەوە دادەنران. پاش چەند مانگێکیش لەوێ ئەگەر بەرائەتی نەکردایە دەبرایە بەشی سێهەم. لە بەشی سێهەمدا، پەنجەرەکان نەگیرابوون،بەندییەکان ئاسمان و ڕووناکیان دەدی و ڕۆژێ نیوسەعات دەبرانە بەر هەتاو و لێدان و ئازاردان زۆر کەمتر بوو. ئەگەرلەوێش بەرائەتی نەکردبایە دەبرایە بەشی چوارەم کە لە ڕاستیدا وەکوو ئازاد بوون وا بوو. چونکە هەر هەموو بەندییەکان پێکەوە بوون، نان و چێشتیان خۆیان دروست دەکرد، دەرگای ژوورەکان لە بەیانی زووە تا سەعات دەی شەو کراوە بوون، کۆبوونەوەی حیزبی و ڕۆژنامە و هەواڵی ڕادیۆ هەبوو.

مامۆستا گۆران لە هەموو بەشەکان بە سەربەرزی تێپەڕی، لە پێشیشدا کە برانە لای مدیر لە هەموان زیاتر لەو درا، لە گەڵ هەر زللەیەک کە جەلادەکان لێیان دەدا دەکەوت و خێرا هەڵدەستایەوە، بێ ئەوەی ڕەنگی تێکبچێ؛ جارێک مدیر لێی هاتە پێشەوە و گوتی: بەم پیری و نەخۆشی یە بۆ واز ناهێنی و بەرائەت ناکەیت و ناگەڕێیەوە ناو ماڵ و منالت؟ لە ولامدا وتی: تۆ واز بێنە لە ئازاردانی تێکۆشەران... مدیر بەم قسەیە هەر شێت بوو. کە چووینە بەندیخانەی باقوبە ، هەموومان لە یەکتر دابڕاین، ئاگامان لە یەکتر نەما تا لە کۆتایی ١٩٥٧دا، لە بەشی چوارەمی بەندیخانەکە، یەکمان گرتەوە. لەوێ زانیمان کە کەریم ڕەشید ئاسک و هەروەها ئەوڕەحمانی سالحی خلە و مەلا عەبدووڵلا بە دانی پارە لە لایەن کەسوکاریانەوە ئازاد کرابوون. لەوێش لە گەڵ مامۆستا گۆران لە یەک ژووردا، دانراین و کەوتینە گێڕانەوەی ژیانی ئەو چەند مانگەی بەشی یەکەم و دووهەم و سێهەم... مامۆستا گۆران لەوێش دەورێکی بالای بینی لە کردنەوەی کۆڕی ئەدەبی و شتی وا ... لەوێ زۆر بەختیار بوو، چونکە کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامەی باشی لێ دەست دەکەوت. لە گەڵ هەموان پێوەندی باش بوو و ڕێزی لە هەموو کەس دەگرت و نرخی خۆی بۆدادەنا... زۆر حەزی لە قسەی خۆش و نەستەق و لە تورەکردنی برادەران دەکرد. هەمیشە چەند برادەرێکی لە دەور دەبوو و دەیانکرد بە قسەی خۆش و پێکەنین. زۆر برادەری کورد و تەنانەت عەرەبیش کە دەستی شێعر دانانیان هەبوو، دەچوونە لای و سودیان لێ وەردەگرت. ڕۆژێکیان برادەرێک چوە لای و گوتی: ئەوا (وتبەی کانوونی ١٩٤٨) نزیک بۆتەوە، شێعرێک بەو موناسەبەتە دابنێ... ئەویش دایە قاقای

⬅

پێکەنین و گوتی : بۆچی شێعر دانان هێلکە کردنە بیکەم... شێعر شتێک نیە کەی بتەوێ دایبنێی، کەی هات دێت و کە نەشهات نایەت. بەم جۆرە ئەم ماوەیەمان بە خۆشی بردە سەر تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.

شۆڕشی ١٤ی تەمووز و بەندیخانەی باقووبە :

جاران هەموو بەیانیەک لە سەعات هەشتەوە دەرگای ژوورەکان دەکرانەوە، بەڵام ئەو بەیانی یە نەیان کردەوە، پێشان گوێمان لە رادیۆ دەگرت ، ئەو بەیانی یە ئەویش بێ دەنگ کرابوو، هەموومان دڵمان تەنگ بوو، نەمان دەزانی هۆی چیە، پاش کەمێک ژوور بە ژوور ئاگادار کراین، ئەویش بە بۆنەی «زەکی خەیری» یەوە کە ژوورەکەی لە سەرێر و پەنجەرەی ژوورەکەی ڕوو بە ڕووی دەشت و جادە هەڵکەوتبوو و جار و بار گوێی لە دەنگی ڕادیۆی دەبوو کە باسی جەمهووری عێراق دەکات، لە قسەکانی تری باش حاڵی نابێت... ئیتر بەمەوە زانیمان شتێ ڕووی داوە. لە بارێکی نەفسی ناخۆش دا بووین، نزیک سەعات دە ، دەنگە دەنگی خەڵکمان لێ نزیک بۆوە کە هوتافیان دەکێشا و دەیان گوت : «بژی کۆماری تازەی عێراق، بژی شۆڕش، ئازادبوونی گیراوە سیاسییەکانمان دەوێ » ، خەڵکەکە لە ناو ماشێندا بوون ، لە بەندیخانە نزیک بوونەوە. کۆمەڵێک یاساولی بەندیخانە بە ڕاکردن چوونە سەر بانەکان و دەستیان کرد بە تەقەکەردن، هاوار هاوارەکە دوور کەوتەوە، پاش کەمێ مدیرکە لە گەڵ جەلادەکان هاتبوونە ژووری ڕاڕەوەکەمان، بە دەنگی بەرز گوتی: "گوێ بگرن دەرگاتان لێ ناکرێتەوە، بێ دەنگ بە دەردی خۆتانەوە دابنیشن ئەگینا هەمووتان ڕەمی دەکەم، ڕاستە چەند ئەفسەرێک ئینقلاب(کودەتا)یان کردووە بەڵام شوکور نوری پاشا ماوە و هەموو ئەفسەرەکان دەکوژێ... دەنگە دەنگ مەکەن ئەگینا زەرەر دەکەن". دوای ئەمە چوونەوە دەرێ. لەو بارە نەفسییەدا دوو ڕۆژ ماینەوە. لەو ماوەیەدا تواندرا برادەران لە دەرێ ئاگادار بکرێن. لە سەر سێهەم ڕۆژدا ئاگادار کراین کە دەستەیەک لە ئەفسەرە ئازادەکان دێن بۆ لامان ...

لە سەعات دە دا دەرگای ژوورەکانیان کردەوە و گوتیان لە ڕاڕەوەکە ڕابوەستن، سێ ئەفسەری لاو هاتنە ژوور و برادەرێک بە هوتاف کێشان گوتی بژی ئەفسەرە ئازادەکان و ئێمەش بۆمان سەندەوە و دەستمان کرد بە چەپڵەلێدان. یەک لە وان هاتە پێشەوە وگوتی بژی ئێوەی ئازاد، ئینجا دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی:« دڵنیابن بەم زووانە هەمووتان ئازاد دەکرێن، سەرۆکایەتی شۆڕش بڕیاری ئازاد کردنتان دەردەکات . ئیتر لەمڕۆشەوە تا بەر دەبن زنجیری پێتان دەکرێتەوە و ڕادیۆتان بۆ دادەنرێ و ڕۆژنامەتان بۆ دێ و چاوپێکەوتنی کەسوکارو برادەرانتان هەموو ڕۆژێک دەبێ و خواردنتان زیاد و باش دەکرێ ».

زۆری نەبرد شورای سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ئازادکردنیان دا. هەر شەوەی ناوی چەند کەسێکیان دەخوێندەوە و بۆ بەیانی زوو ئازاد دەکران. لە گەڵ ئازادکردنی یەکەم وەجبەدا بڕیاری گرتنی « علی زین العابدین»یش دەرچوو.

شەوی ٥٨/٧/٢٧ناوی من و مامۆستا گۆران و عەزیزالحاج و سێ برادەرەکەی کەرکووک و چەند کەسێکی تر دەرچوو کە ئازاد بکرێین، بۆ بەیانی هەموومان ناردراینە بەغدا و تا دە ڕۆژ لە وێ ماینەوە. لەو ماوەیەدا سەری ئیستگەی ڕادیۆ بەغدای بەشی کوردیمان دا، بەهادین نوری وتارێکی پێشکەش کردو مامۆستا گۆران شێعری (بت و بتەوان)ی خوێندەوە کە لە بەندیخانە داینابوو، منیش شێعری (گەلی عێراق)م کە لە زیندان دانابوو خوێندەوە. هەروەها ، هاوبەشی چەند خۆپێشاندانێکی جەماوەری بەغدامان کرد.

ڕۆژی ٥٨/٨/١٠هەمووومان کە بریتی بووین لە: مامۆستا گۆران، عومەر عەلی شێخ، بەهادین نوری، نایب عەبدوولڵاو سێ کەسەکەی کەرکووک کەوتینە ڕێ بەرەو شاری کەرکووک، لە ڕێگاش تووشی زۆر خزم و برادەر بووین کە هاتبوون بە پیرمانەوە . نیوەڕۆیە گەیشتینە کەرکووک، لە تەکیەی تاڵەبانی نان دروست کرابوو، هەر هەموومان و گەلێک لە برادەرانی کەرکووک نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. لە پاشدا برادەرانی کەرکووک چوونەوە ماڵەکانیان و ئێمەش بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ. لە ڕێگادا پەیتا پەیتا هەر خەڵک بوو پێمان دەگەیشتن و بە ماشێن بە پیرمانەوە دەهاتن. لە مشیرئاوا جەماوەرێکی زۆر بە درۆشمەکانیانەوە ڕاوەستابوون و هوتافیان دەکێشا ، بەڕێز کاک نوری مەلا مارف ئامر حامییەی ئەوسای سلێمانی جیبێکی سەربەتاڵی سوپای ئامادە کردبوو، ئێمەی سوار کرد و بە هوتاف کێشان بۆ ناو شار ڕۆیشتین، بە جادەی مەولەوی دا تێپەڕین تا بەر دەرکی سەرا، لەوێشەوە بۆ جادەی کاوە تا نزیک گومرگە سوتاو، ئێمەیان لە میوانخانەی شەمیران دابەزاند، لە قاتی سەرەوە میکرۆفۆنیان ئامادە کردبوو، لە پێشدا نوری مەلا مارف وتارێکی جوانی دا و بەخێرهاتنەوەی گیراوەکانی کرد. ئینجا محەممەد ئەحمەد تەها و عومەر عەلی شێخ و بەهادین نوری هەرکام وتارێکیان خوێندەوە. دوایە مامۆستا گۆران شێعری (بت و بتەوان)ی پێشکەش کرد و دوای ئەو، منیش شێعرێکی خۆمم خوێندەوە و پاشان بە چەپڵەلێدان بڵاوەی لێکرا.

لەو ساوە هەتا کۆچی دوایی مامۆستا گۆران پەیوەندی بە هێزم لە گەڵیا هەبوو ، زۆر جار دوو بە دوو یان لە گەڵ برادەرانی تردا بە تایبەت مامۆستای ئەمر حەمەسالح دیلان، دادەنیشتین و یادی ڕۆژانی ڕابردوومان دەکردەوە... مامۆستا گۆران گەلێ کردەوەی بە نرخ و هەڵوێست و بۆچوونی شیاوی سەرنجی بووە لە ژیاندا... لێرەدا ناتوانرێ هەموو شت بە تێروپڕی باس بکرێت، بە هیوام لە فرسەتێکی تردا هەندێ شتی تر سەبارەت بەو شاعیرە بلیمەتە تۆمار بکەم. ■

# شێعر زادەی ئەوین و کاوە

## وتوویژ

## لەگەڵ

## عەلی نانەوازادە

● کاک عەلی، وێڕای سپاس و ڕێزلێنان بۆ بەشداریتان لەم وتوویژە، وابزانم لە پێشدا خۆشتر ئەوەیە کورتەیەک لە ژیانی خۆتان بۆ خوێنەرەوانی «گزینگ» باس بکەن.

* زۆر سپاس بۆ خۆتان و بۆ بە سەرکردنەوەتان، عەرزی کاکی خۆم کەم بەندە سالی ١٣٣٩( ١٩٦٠ ) لە مەهاباد لە دایک بووم و هەتا ئێستاش ژیانێکی ئاسایی وەک زۆربەی کەسم هەبوە کە پێم وایە پێویست نەبێ باسی بکەم.

● تا ئەو جێیەی من بزانم، بێجگە لە شێعر و شاعیری لە جۆرەکانی تری ئەدەبیشدا وەک چیرۆک و... کارتان کردوە، بەڵام پێم خۆشە یەکەم پرسیارسەبارەت بە شێعر بێ، ئایا ئێوە لە چ وەختەوە ڕووتان لە شێعر گوتن کردوە و لەسەرەتادا کام شاعیرکاری تێکردوون؟

* من درەنگ دەستم بە شێعر گوتن کرد و ئاشکراشە هەر شێعرێکی بیخوێنیەوە و بە دڵت بێ کاریشت تێدەکا، بەڵام هاندەری سەرەکیم جەعفەری شێخ الاسلامی (ئاشتی) بوو.

● تا ئێستە هەر کەس بە گوێرەی بیر و بۆچوونی و زەوقی خۆی شێعری تەعریف کردوە، ئایا ئێوە دەکرێ بڵێن شێعر چیە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟

* شێعر ئاوێنەیەکی شکاو و وردە کە وێنەیەکی ڕاستەقینە دەکاتە سەدان وێنەی چووکتری لە خەیاڵ دا گەورەتر، هەر ئەوەیە کە خەیاڵ و مەزموون لە شێعر دا دەبێتە خاڵی سەرەکی لە پەناشەوە زمان دەورێکی گرینگی بۆ دارشتنی ئەو خیاڵ و مەزموونە هەیە. مەزموون هەر چەندە جوان و ناسکیش بێ ئەگەر زمانێکی تەڕ و تایبەتی ئەو خەیاڵە نەبێ نرخی خەیاڵ دێنێتە خوارێ و شاعیری توانا و سەرکەوتوو بە زمانی تەڕ و پاراو دەیباتەوە.

● ئایا ئەو ڕیبازە شێعری یانەی کە لە ئوڕووپا دا، لە قۆناغی دیاریکراودا سەریان هەڵداوە و جێ کەوتوون دەکرێ بۆ پڕۆسەی شێعری کوردیش دەکاریان بێنین؟

* دیارە نەتەنیا کورد بەڵکەم گەلانی دیکەی ڕۆژهەلات و زۆر وڵاتی دیکەی ڕۆژاواش ئەم قۆناغانەیان تێپەڕ نەکردوە، ئەوجار نەک شێعر لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبیش دا ئێمە قەت خاوەنی هونەرێکی بەربلاو نەبووین و قەت هونەر ئەو گرینگییەی لە کۆمەڵ دا نەبووە کە بیەوێ قۆناغ بگۆڕێ و تۆزێک لە خۆی بتەکێنێ یا جلکێکی نوێ دەبەر کا، بە قەولی کوردەواری بەرگی شایی و شینی هەر یەک بوە، بەڵام ئێستاکە ئەو قالب و تەعریفانەی لەم مەکتەب و ڕێبازانە کراون دەکرێ لە نێو هونەری کوردیش دا هەڵیسەنگێنین و پێکیان بگرین.

● زۆرجار دەگوترێ و دەبیسرێ کە شێعر دەبێ لانی کەم کێش و مۆسیقای هەبێ . هەر وەک خۆشتان ئاگادارن زەوقی کۆمەڵایەتی کوردەواری یان گوێی بیسەرانی شێعری کوردی زۆرتر بە کێش و قافیە ڕاهاتووە. ئایا پێوانەیەکی ئەورۆیی هەیە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنانە؟

* پێوانەکە ئەوەیە کە ئێستاکە برەوی هەیە و جێی خۆی کردۆتەوە پێشم وانیە کە دەبێ ئیزن وەرگرێ و بێتە مەیدان. شێعر نیازێکی کۆمەڵایەتی بووە و بەشەر لە بەر پێداویستی ڕووی لە شێعر کردووە. زوو کە خوێندن و نووسین نەبووە یا ئەگەر هەبووە، کەم بووە و تەنیا تاقمێکی کەم تێی گەیشتوون، بۆ پاراستنی قسە و ڕووداو و مەسەلەیەک، خەڵک ئەم ڕووداوانەیان لە بەر کردوە و باشترین ڕێگاش بۆ لە بەر کردن حاڵەتی وەزن و قافیە بووە، شێعری بە وەزن و قافیەش توانیویەتی ساناتر و ڕاحەتتر لە نێو خەڵک دا بلاو بێتەوە و تەنانەت ببێتە ئامرازێکی پەیوەندی گشتی خەڵک، وەها کە سنوور و کەوشەنیان پەڕاندووە و مەسەلە و ڕووداوێکی ناوچەیی بۆتە مەسەلەیەکی گشتی و لە نێو گەلێکی یەک زمان دا بلاو بۆتەوە، هەر ئێستا دەیان بەیت و بەند و پەند دە نێو کرمانج و سۆران و کوردەکانی چوار پارچە دا هەر یەکن و یەک سەرچاوەیان هەبوە. جا ئەوە پێویستی و پێداویستی قافیە و وەزن بوە بەڵام ئێستاکە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: زۆربەی خەڵک یان لانی کەم ئەو کەسانەی سەریان لە شێعر دەخورێ سەوادی خوێندنەوەیان هەیە و دەتوانن هەر کات مەیلیان لێبێ لاپەڕی کتێب و گۆڤاری دڵخواز هەڵدەنەوە و شێعر و چیرۆکی خۆ بخوێننەوە، ئیتر بۆ پاراستن یا ناساندنی پێویستیان بە لەبەر کردن نیە، یانی دەبێ ئاوای بێنینە بەر چاومان سەردەمایەک مرۆڤ و کۆمەڵ پێویستیان بە جووت و گا هەبووە، بۆ ئەوەی زەوی بکێڵن و بژیوی خۆ و ماڵ و منداڵیان دەربێنن. بۆ ئەوەش هاتن و نیر و ئاموور و گاسن و دەیان پارچەی وردی دیکەیان لێک هەڵبەست، جەرگی زەویان دڕی و زگیی خۆیان پێ تێر کرد، بەڵام ئێستا تراکتۆر هەیە کە بە چەند سەعات

←

کاری چەندین رۆژی گاجووت دەکا، کۆمباین لە ماوەیەکی کورت دا بە بێ هەرەوەز، یەک تەنە مەزرایەک دەدروێتەوە. ئایا پێویستە پێ لە سەر ئەوە داگرین کە دەبێ جووت وگاجووتی کۆن هەر بمێنێتەوە چونکە کورد بەم ئامرازانە نانی خۆی دەرهێناوە؟ دیارە من دژایەتییەکم دەگەڵ وەزن و قافیە نیە بۆ منیش راحەتترە کە بڵێم " دار نیە بە با نەرِاژێ کیژ نیە بە کورِ نەگەوزابێ شەرت ئەوەیە نەدۆڕابێ " ئەو ریتم و وەزن و قافیەی لەم پەندە دا هەیە بۆ من خۆشترە لە قسەیەکی هەر بەم مەزموونە بەڵام بێ وەزن و قافیە. ئەوانە پرسیارن و هەتا رادەیەکی زۆریش رەوتی ژیان وڵامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە و هەرئێستاکە دەبیندرێ کە دەوری شێعری کلاسیک بەرەو تەواو بوون دەڕوا و کەمتر شاعیر هەیە کە روو لەم رێبازە کا و شێعری نوێ بە تەواوی مۆری سەرکەوتنی خۆی لێداوە و لەوانەشە سبەی شێعری ئازاد یا سپی ئەم بەڵایە بە سەر شێعری نوێ بێنێ. هەر چەند نابێ ئەوەش لەبەر چاومان ون کەین کە هیچ شتێکی نوێ نییە کە بەربەرەکانی دەگەڵ نەکرێ و ئەوەش زۆر ئاساییە و شتی نوێ ئەگەر شتێکی لە باران دا هەبێ لە ئاکام جێی خۆی هەر دەکاتەوە، وەک جۆبارێک کە وەرێ کەوتبێ ئەگەر هێز و وزەیەکی هەبێ تەنانەت لە سەر زەوی رەقەنیش شوێن پێی خۆی دادەخا. شێعری جوان و ناسک بۆ خۆی مۆسیقایە.

● لە کوردەواریدا هیچ نەبێ تا ئەو ساڵانە، شێعر برەوی زۆر هەبوو، بەڵام بە پەرەگرتنی بەشەکانی دیکەی ئەدەب، وابزانم نرخ و برەوی جارانی ئەختە ئەختە لە دەست دەدا، ئایانەوەت پێ ڕاستە یان نا؟

* پێم وانیە شێعر بە پەرەگرتنی بەشەکانی دیکەی ئەدەبی نرخی کەم بووبێتەوە بەڵکەم بە نرخی راستی خۆی گەیشتووە. پێشتر شێعر تاقەسواری مەیدانی ئەدەبی کوردی بوو دیارە ئەوەش بێ هۆ نەبووە بەڵام ئێستا، کە تا رادەیەک بەشەکانی دیکە سەریان هەڵداوە سووچێک لەم مەیدانەیان گرتووە و ئاوەدانیان کردووە کە ملکی چۆڵ و بەیاری خۆیان بووە و شێعریش وردەوردە دەچێتە سەر تاج و تەختی خۆی و نرخی تایبەتی خۆی پێ دەدرێ.

● هێندێک کەس پێی وایە کە شێعر زادەی ڕەنج و ئازارە، ئایا وایە؟

* شێعر زادەی ئەوین و کاوە، پێم وانیە هونەرمەند هەتا ئەوینێکی دە دڵدا نەبێ بتوانێ کار بکا، هەتا هەستێک نەبێ و کەسێک یا هۆیەک ئەم هەستەی بۆ پێک نەهێنێ کاری هونەری ناکردرێ. ئەوین و حەول بۆ گەیشتن بە مراد و کاویش لە شاعیر دا خۆ دەنوێنێ، یانی ئەوە شاعیرە کە ئەوین و هۆگری خۆی لە چوارچێوەی دیاری کراو دا نیشان دەدا و دەیناسێنێ: حاجی قادر ئەوینەکەی لە وڵات دا دەبینێ، وەفایی لە شێخی نەهرێ، یەک لە دێمۆکراسی، یەک لە ئانارشی، یەک لە کۆمۆنیست و یەکیش لە ژن دا. دەربڕینی ئەو هەست و ئەوینەش لە کۆمەڵانی ئێمەمانان دا دیارە وا ساناش نەبووە. هەستی نەتەوایەتی و سیاسی لە لایەن دەوڵەتانەوە سەرکوت کراوە، و هەستی جوان پەرەستیش لە لایەن کۆمەڵەوە، جا ئەو هۆیە و دەیان هۆی دیکە شاعیری زیندوویان ئازار داوە. ئەو رەنج و ئازارەش بۆتە هاندەر و یارمەتی دەری شاعیر بۆ حەول دان و پێ هەڵگوتن بە ئەوین و ئەو شتەی کە گیرۆدەیەتی، روونیشە کە ئەوین بێ پێک گەیشتن هانەیەکە بۆ هاوار و دەربڕینی سۆز و هەست و هەروەها پێک گەیشتن بە ئەوین و کاو و مراز کوڵ و کۆ دادەمرکێنێ.

● بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی کە کورد تێیدا دەژی ئایا ئەرکی شێعر ئەشێ چی بێ؟

* من پێم خۆش نیە چ چوارچێوەیەک بۆ شێعر و شاعیر دیاری بکەم هەردووکیان دەبێ ئازاد بن و چیان پێ خۆشە و چیان پێ دەکرێ بیکەن. شێعر بەرهەمی شاعیرە و شاعیریش لە نێو خەڵک دا دەژی، خەڵکیش راستەوخۆ شوێن لە سەر شاعیر دادەنێن و شاعیریش شوێنەکەی دەخاتە سەر شێعر. هەر شاعیرێکیش هەر وەکی گوتم روانگە و تێبینییەکی هەیە و بە پێوەدان و بۆچوونی خۆی رووداو و کارەساتی نێو ژیانی خۆی یا خەڵک لێک دەداتەوە کە وایە ناکرێ چوارچێوەیەک دیاری بکەین و بڵێین ئەشێ ئاوا بکەین و وا بنووسین.

● کامە شاعیری غەیرە کوردت زیاتر بە دڵە ؟

* دیارە شاعیر شێعری باش و شێعری کزیشی هەیە بەڵام پێم وایە «خەیام»م سەرجەم بە دڵتر بێ هەم بۆ خۆی و هەمیش چوارینەکانی.

● تا ئەو جێگایەی من ئاگام لێ بێ، ئێوەلە گەڵ دەستەیەک لە نووسەر و هونەرمەندە لاوەکان لە ڕادیۆ تاران ( بەشی کوردی ) کارتان دەکرد، ئەگەر دەکرێ لەو بارەدا کورتەیەکمان بۆ باس بکەن ؟

* ساڵی ٦٣ی هەتاوی (ئاشتی) کە پێش لەمن لەوێ کاری دەکرد منی پێ ناساندن و دەستم بە کار کرد، دیارە هەمووش نووسەر و هونەرمەند نەبوون و پیاوی خوێڕی و دووڕووشی تێدابوون، لە دوایی زۆربەی کوڕە باشەکان پەڕەوازەی هەندەران بوون.

● ئێوە زیاتر چیتان دەکرد ئایا بە تێکڕایی لە کارەکانتان ڕازی بوون؟

* بە تێکڕایی کارەکە باش بوو، پیاو مەودای ئەوەی هەبوو لە باری فەرهەنگیەوە کار بکا مەسەلە ئەوە بوو کە چت دەباران دایە و چت پێ دەکرێ. من خۆم هەم لە رادیو و هەمیش لە تلویزیۆنی کوردی کارم دەکرد، وەرگێڕان، وێژەریی، دووبلە، نووسەری، چیرۆکی شەو نووسین و دەور گێڕان و هەندێک کاری دیکە، دەبێن چەند شووتیم بە دەستێک هەڵدەگرت و نیوەشیان لە بەر پووڵ دەرهێنان بوو

● پێموایە، هەر لەو سەروبەندیشدا بوو کە لەگەڵ مامۆستا هەژار تێکەڵاویتان هەبوو، وایە ؟

* نەخێر، ئەودەم مامۆستا لەوێ نەمابوون بەڵام مامۆستا هێدی (خالیدی حیسامی) هەندێک بەرنامەی دەنووسی و بۆ خۆشی دەیخوێندەوە. لە دوایی توانیم بە خزمەتی مامۆستا هەژار بگەم.

● یانی ئەو دەمی هیچ پێوەندییەکی بەڕادیۆ تارانەوە نەمابوو ؟

* نەخێر، بەڵام لە دوایی کوڕەکەی لەو بەشە دامەزرا.

● دەکرێ لە سەر شێوەی کار و هاوکاریتان لە گەڵ مامۆستا هێدی،ئەختێک زیاتر بدوێن؟

* ئەودەم کە من لەوێ بووم مامۆستا هێدی بەرنامەیەکی مێژوویی و بەرنامەیەکی ئەدەبی دەنووسی کە خۆی بەرنامە مێژووییەکەی دەخوێندەوە. دۆستایەتییەکەمان هەر لەوێ دامەزرا و لە ماوەیەکی کورت دا وەک کوڕ و باوکمان لێهات. مامۆستا هێدی لە رواڵەت و دەروون دا شیاوی سەرنج دانە. پیاوێکی کەڵەگەت، سمێڵ زەلام و

←

توورە کە هەر کەس بیبینێ بڕوا ناکا ئەم بیچم و قەڵافەتە شاعیرە و شێعری ناسکیش دەڵێ. زۆر جار کە لە تاران یا کەرەج پێکەوە دەخولاینەوە ژن یا پیاوێک نەبوو بێ چاو لێکردن لێی تێپەڕێ، تەنانەت هەندێک سەریان لە شووشەی ماشێن دەردەکێشا. لە باری دەروونیشەوە هەتا خودا حەز دەکا مێوانگر و میواندۆستە، ئەگەر منداڵێکی چووکەش چووبا سەری دابا بە پێخواسی لە پلیکانان بەرەو پیری دەهاتە خوار. ئێستا دەمێکە لێی بێ هەواڵم و هیوام وایە لە هەر کوێ یە، ساغ و سلامەت بێ و ژیانێکی درێژی هەبێ.

● هەڵبەت وەختایەک باسی مامۆستا هەژارو هێدی بێتە گۆڕێ ناکرێ باسی مامۆستا هێمن نەکرێ ، ئایا هیچ خاترەیەکتان لەو هەیە؟

* مامۆستا هێمنم لە کۆڕێکی ئەدەبێ لە مەهاباد ناسی ئەودەم کە تازە هاتبۆوە. کاتێک شێعری ئارەق و تینی خوێندەوە نەمزانی نانی گەلاگەلا چیە هەر لەبەر ئەوە دوای تەواو بوونی بەرنامەکە چوومە لای و لێم پرسی. کوتی یانی تۆ لە هەموو وشەکانی گەیشتووی جگە لە نانی گەلاگەلا؟ کوتم بەڵێ. پێکەنینی هاتێ و ماناکەی پێ کوتم. لەوە بە دوا هات و چۆم دەگەڵی دەست پێ کرد. مامۆستا مرۆڤێکی نەرم و شلک و مەیو بوو وەک لاولاو، بێ خەڵک و کۆمەڵ ژیانی سەخت بوو و گوزەرانی پێ نەدەکرا، هێمن وەک پێویستی بە ناز کێشان و لاواندنەوە و دەست گرتن لە باری رووحیەوە هەبوو، کۆمەڵیش نازیان دەکێشا و ئەوەش بۆی دڵگەرمی بوو، ماسییەک بوو کە ئاوی جۆگەی خۆشەویستی خەڵکی ـ هەر چەند کەمیش با ـ لێ نەدەبڕی. هیمن بە راستی شاعیری گەل بوو، دەگەڵ خەڵک شتی شاراوەی کەم بوو، زۆر سانا سفرەی دڵی لە لای هەموو کەس دەکردەوە و دەگەڵ لاوەکانیش بەینی خۆش بوو، هەر ئەو پێداویستیانەی رووحی هێمن ببوو بە هۆی نزیکی خەڵک و هێمن، هەر ئەوەیە کە بە هەزاران کەس هات و چۆیان دەکرد و هەموو یاد و خاترەیان لێی هەیە.

● ئەدی مامۆستاهەژار؟

* هەژار بە پێچەوانەی هێمن، خۆی سانا وە دەست نەدەدا، ژیانی پڕ لە رەنج و کوێرەوەری، ماڵ و منداڵ لێرە و لەوێ گێڕان، لە ژێر سایەی پۆلیس دا ژیان، شەڕ بۆ پاروو نان، هەژاری چڕ و پڕ کردبوو وەک داربەڕوو. هەڵس و کەوتی پتر دەگەڵ پیاوی سەرزل و ماقووڵ و سەرۆکان بوو، دەستی گەرم و بە محەببەتی بنەماڵەی مەلا مستەفای هەمیشە لە سەر بوو و هەر ئەوەش لە باری رووحییەوە دڵگەرمی دەداوە و بۆ ئەو زۆر بوو کە لانی کەم هەندێک کەس هەتا زیندووە قەدری دەزانن و ئاوڕێکی بە خێری لە تەنگانە دا لێدەدەنەوە.

● کورتەچیرۆکی «مەهاباد» ـ هەر ئەوەیکە لە «گزینگ»ی ژمارە۲ دا هاتووە ـ راستە یا خەیاڵییە؟

* کورتە چیرۆکی مەهاباد کە چەند مانگ دوای مەرگی هێمن نووسراوە ماکەکەی راستە و خۆی بۆی گێڕاومەوە. زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی مامۆستا وای کردووە و بۆ ناوێک ڕەوتی ژیانی کچێکی تێک داوە و رازی نەبووە مێرد بە کوڕێکی عەڕەب بکا. لە دوایی بۆم دەر کەوت کارێکی باشی کردووە هەر چەند لە سەر هەستێک بووە و لەوانەیە هەر ناوێکی دیکەی جگە لە مەهاباد هەبا ئەو کارەی نەدەکرد. راستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو گەلانی دنیا و بە تایبەت لە رۆژهەلات دا هێشتا تەفاهوم و رێز لە زمان و دین و بڕوای یەکتر ناگیرێ، هێشتا جووتێک کە یەکتریان خۆش دەوێ نەگەیشتوونە ئەو رادەیە کە دوای زەماوەندیش رێز لە بیر و باوەڕ و بە تایبەت رێز لە زمان و دینی جیا بگرترێ، من ئەنکم ئەرمەنی بوو، بۆ ئەوەی دەگەڵ باپیرم بە یەک بگەن رەدووی کەوت و بوو بە شیعە و باپیرم قەت نەیتوانی رێز لە زمان و دین و نەتەوەکەی بگرێ، دایکم ئازەری شیعە مەزهەبە و بە خۆشی یا ناخۆشی هاتۆتە سەر زمان و بیر و باوەڕی بابم، تورک ئەویان بە شۆراوە داناوە و پێیان وایە بۆتە کورد و کوردیش بە کوردی دانانێ و پێیان وایە نەشۆراوەتەوە، ئەوە حاڵەتێکە کە بۆ ژن دێتە پێشێ. مەهابادیش لەو بارودۆخەی عێراق دا ئەگەر مێردی بە کابرای عەڕەب کردبا روون نەبوو کە ئاکامی بە کوێ دەگەیشت .

● زۆربەی شاعیران بۆ شێعرەکانیان کات و شوێن یان لانی کەم کات(ساڵ یان ڕۆژ) دیاری دەکەن کە چی ئێوە لە کتێبە شێعرییەکەتدا « ئاهەنگی هەر مانی دڵ » ، واتان نەکردوە ئایا هۆی تایبەتی هەیە یان هەر وا؟

* لە بەر هۆیەک بوو، ناوی چەند شوێنی تێدا بوو کە نەمدەتوانی بینووسم هەر لەبەر ئەوە ئەوانی دیکەشم سڕیەوە و ویشک و تەڕم پێکەوە سووتاند.

● وا بزانم ئێوە کاری تەرجومەش دەکەن، هەر وەک بیستوومە کتێبی« بوف کور»ی (سادق هەدایەت)تان کردۆتە کوردی. دەشێ بپرسم بە کوێتان گەیاندووە و ئەسڵەن چۆن بوو رووتان لەو بەرهەمە کرد بۆ وەرگێڕانەوە؟

* ئامادەی چاپە و لەوانەیە بەم زوانە چاپی بکەم. نزیک ساڵێک لە ئەفغانستان بووم، کاتێک ئەو خەڵکەم دەدیت عەبایان بە سەر شان داداوە، مێزەرێکی گەورەیان لە سەرناوە و هەندێک جار رووی پێ دادەپۆشن، فەزای «بوومی کوێر»م دەهاتەوە بیر. رۆژێک کتێبێکی شڕی «بوومی کوێر»م کەوتە دەست، شەو بوو، بەرقیشمان نەبوو لە بن شۆقی لەنتەر کتێبەکەم دوای ساڵها دیسان خوێندەوە، ژیانی خەڵکی ئەفغانستان و ژیانی خەڵکی چیرۆکەکە زۆر لە یەک نزیک بوون و سێبەری خۆشم کە کەوتبوو سەر دیوار و چەمابۆوە، چیرۆکی ئەو کتێبە شڕەی لێکردمە شتێکی راستی و تەمام گرت کە رۆژێک وەریگێڕمەوە هەر لە بەر ئەوە لە جانتاکەم هاویشت و شەوێک لە سوێد شەمم هەڵکرد و دەستم بە وەرگێڕانی کرد.

● بەهەر حاڵ وێڕای سپاس و ئارەزووی سەر کەوتنتان... لە کۆتایی دا دەمویست ئەوەش بڵێم، نازانم لە کێم بیست گوتیان خەریکی بەرهەمهێنانی «قامووس» ێکی کوردی، بڵێی ئیشاللا وا بێ؟

* خەریک بوونەکەی کە لە مێژە خەریکم بەڵام کەی دەکرێ تەواو بێ وبگاتە چاپ ئەوە مەسەلەیە. نووسینی فەرهەنگ بە راستی پشووی درێژ و بەشێک لە تەمەنی گەرەکە. ■

**بەردەوام بوونی چالاکی ئەم گۆڤارە لە پلەی یەکەم دا، بەستراوەتەوە بە هاودڵی و هاری و هاوکاری تەواوی ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ خاک و نەتەوەکەیان لێدەدا.**

# چەپکێ شێعری سویدی

وەرگێڕانەوەی لە سویدییەوە بۆ کوردی:
حەمە سەعید حەسەن

**یوهان لودفیگ رونەبێری**
(1804 ـ 1877)

١

خەفەت و شادی
لە ماڵی دڵما
یەکی ژوورێکیان دیاری کردبوو،
دوژمنانە جیا لە یەکدی دەژیان،
ڕۆژ هات و ڕۆیشت...

بۆ شکاندنی کۆتی تەنیایی،
دەرگایان لە سەر یەکدی کردەوە،
بە گەرمی دەستی یەکتریان گوشی،
توند باوەشیان کرد بە یەکتریدا،
یەکیان ڕامووسی،
ئیدی لەو ساوە
شادیم بوو بە خەم ،
خەمیشم شادی.

***

٢

کچە بە دەستی سوورەوە،
لە جێژوان گەڕایەوە.
دایکی پرسی:
ـ کچم بە چی دەستت سوور بوو؟
ـ دایە گوڵە باخم چنی، دڕکەکانی بە دەستما چوون.

کچە بە لێوی سوورەوە،
لە جێژوان گەڕایەوە.
دایکی پرسی:
ـ کچم بە چی لێوت سوور بوو؟
ـ تووترکم خوارد، ئاوەکەی لێوی ڕەنگ کردم.

کچە بە ڕەنگی زەردەوە،
لە جێژوان گەڕایەوە.
دایکی پرسی:
ـ کچم بە چی ڕەنگت وا زەرد هەڵگەڕاوە؟
ـ دایە گۆڕێ هەڵبکەنەو
لە ناویدا بمشارەوەو
لە سەر کێلەکەی بنووسە:

کاتێ بە دەستی سوورەوە گەڕایەوە،
دەستی لە ناو دەستی دڵدارەکەیدا سوور هەڵگەڕابوو.
کاتێ بە لێوی سوورەوە گەڕایەوە،
لێوی لە ژێر لێوی دڵدارەکەیدا سوور هەرگەڕابوو.
کە بە ڕوخساری زەرد گەڕایەوە،
باوەڕی بە خۆشەویستەکەی نەمابوو.

***

٣

**ئانا ماریا لێنگرین**
(1755 ـ 1817)

تاکوو ئێستا،
سێ دڵدارم
لە دەست چووە،
یەکەمیان: مرد.
دووەمیان:
ناحەزی فێڵباز،
فریوی دا.
سێیەمیان:
بوو بە هاوسەرم.

شێعر

خۆماڵی

# ڕێگا

## شێعر: ژیلا

بە بێ من پێ داناگری
ئەم ڕێگایە پڕ لە ڕازە
بە تەنیایی قەت نایبڕی
دەستم دەگری و
لە شەقامێکی نامۆدا
بەرەو شوێنێکی نوێ ئەمبەی
سەرشێتانە لە گەڵتا دێم
هەر چۆنێک بێ
خۆ بە بێ تۆ،
ئا ئەم دڵە پڕ لە ڕازە
لە سینەدا هەڵناگیرێ
ئەمبەی ... ئەمبەی.

***

بە بێ ئەوەی خۆت بزانی
خۆم بزانم
لە یەکتردا ئەتوێینەوە
وەک بەفر و خۆر
وەک خاک و ئاو

کێ ئەزانێ؟
یەک بەیانی... دوو بەیانی
ڕەنگە سێ بەیانی دیکە نەبا
وەکوو کانی
لە شوێنێکی تازەتردا هەڵبەینەوە
ڕازی مەل و باڵەکانی
دار و شنە
سەرما و جیایی
عەشق وگەرما
لە شەقامە نامۆکانی شارەکەمان
وەکوو چرا
بۆ ڕێبوارانی دوای خۆمان
هەڵکەینەوە.

***

سنە ـ ٧٢/٦/٢٥هـ(٩٣ز)

دوو پارچە شێعر: هێلی

# تەوار

هەڵکشێ ئەی تەواری بەرزەفڕ!
با ئاسمانی بەرین وڵاتت بێ .
هەڵکشێ ئەی دەریای ئاور و گڕ!
با گڕکانی ئەوین خەڵاتت بێ .

کوا لەو ئاقارە نێرسالارە هەڵدەکەی؟
هەڵکشێ ئەی لە هیوا بەرزتر!
لە سەر ئەستێران هەڵنیشە!
تۆ کوا قەفەس جێتە؟

هەڵکشێ ئەی تەواری بەرزەفڕ!

نەوی مەبە!

لەو هەوارە

بۆ ڕاوکەران

کەوی مەبە!

***

٩٤/١/١٧ ـ ئاڵمان

# بۆ مەهاباد

سەیری کەن یارم کە من لەم شارە ڕۆییم پێم ئەڵێت
تۆ بە سەر چوویت، تێپەڕیت، من یاری دوورم بۆ چییە
(ئەحمەد موختار جاف)

شارەکەم، بەندی دڵم، ئەی باغی من!
ڕەوڕەوەی ساوایەتیم، سابڵاغی من

دڵ بە هیوات لێدەدا، لانکی دڵی
تۆ لە وەرزی یادی مندا سەر چڵی

ببیە ناڵەم من لە سوێیانت گڕام
من لە تۆ بووم و لە یاران دابڕام

دوورە یارم، دوورە یارم، دوورە یار
ڕاونراو و دەرکراو و دوورە شار

دڵ مەگۆڕە، لێم مەتۆرێ، یاری تۆم
ڕووگەکەم! کوێستانی دڵ! ئەی زێدی خۆم

***

پاییزی ١٩٩١ ـ ئاڵمان

هـــەوالـــی

شێعر

هەفـــالان

# «بەرەوهاوڕێ»
# وەڵام و شی کردنەوەیەک

ع . ئیسماعیلی «ئاشق»

ئەو دوو پارچە شێعرە ی کەلێرەدا پێشکەشی خوێنەرەوانی بەڕێزی گزینگ دەکرێن، هەرچەند بە شێوەی وتووێژ و دەردی دڵی دوو هاوڕێی لەمێژینە داڕێژراون و گوتراون و ڕەنگە لە چاوپێداخشاندنێکی تێپەڕ و بەپەلە ـ چونکە وەک نامەی تایبەتی نووسراون ـ سەرنجی هەموو خوێنەردوەیەک ڕانەکێشن، هەڵگری هەستێکی خاوێنی مرۆفانەن و ئەگەر ئەویندارێکی شێعری کوردی بە هێندێک وردبینی یەوە تێیان بڕوانێ، بێ گومان هەست دەکا بڵاوکردنەوەیان بەجێیە ،چونکوو دەتوانن هێندێک لەو تاڵی و شیرینی یانە بگێڕنەوە کە خاوەنەکانیان لە کاتی خەبات و ژیانی نێو باوەشی چیادا چێشتوویانن.

مامۆستا«ئەنوەری سوڵتانپەنا» کە من لە سەرەتای هاوڕێیەتیمانەوە هەر بە «مام ئەنوەر» بانگم کردووە، یەکێک لەو شاعیرە وردبین و ناسک خەیاڵانەیە کە شێعرەکانی پڕن لە ئیشارە و پەسن و تەعبیری جوانی شاعیرانە. ئەو شاعیرە لە زمانی کوردیدا زۆرشارەزایە و هەر بۆیەش زمانی شێعری ئەو پاراو و ڕەوانە. گەلێک شێعری بەرزو جوانی هەیە کە بە داخەوە تاهێشتا دەرفەتی بڵاوکردنەوەیانی بۆ نەڕەخساوە.

مام ئەنوەر و من چەند ساڵێک بەیەکەوە لە بەشی بڵاوکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارمان کردووە. لەوسەردەمەدا ئەو خەریکی تەواوکردنی «بەرەومەڵبەند»بوو.

پیاو هەق بڵێ توانیبووی دیمەنەکانی مەڵبەندی خۆشەویستی بەو جۆرەی کە شیاوە تاریف بکا و وەستایانە بیانخاتە تابلۆی شێعرەوە. تەیری خەیاڵی شێعری مام ئەنوەر لە سەر ناوچەی شوێنی لە دایکبوون و ژیانی دەگەڕێ، بیرەوەرییەکانی کاتی لاوەتی زیندوو دەبنەوە و دڵ و دەروونی شاعیر دەهەژێنن، بەرهەمی گەشتی خەیاڵ و ئاسەواری زیندووبوونەوەی ئەو بیرەوەرییانە شێعرێکی دوورودرێژ و بەڵام سەرانسەر ناسک و بە نێوەرۆکە کە شاعیر ناوی «بەرەومەڵبەند»ی لە سەر دادەنێ. لە شێعرەکەی مندا هێندێک جار ئیشارە بە دیمەنەکانی «بەرەومەڵبەند» کراوە کە لە جێی خۆیدا بە کورتی دەستنیشان دەکرێن.

بەهاری ٦٧ی هەتاوی(٨٨ ز) مام ئەنوەر بە مەبەستی هاتن بۆ دەرەوەی وڵات لە گەڵ چەند هاوڕێی دیکەی بەرەو تورکیا وەڕێکەوت. ئەوکاتە وەزعی ڕێگەوبان گەلێک دژوار بوو، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی شەڕ لە گەڵ عێراق لە بەشێکی زۆری ناوچە«سنوور»یەکان بڵاوبووبوونەوە. بە داخەوە مام ئەنوەر کەوتە داوی پاسداران وگیرا. ماوەیەکی زۆر لێی بێ خەبەر بووم، پاشان هەواڵم پێگەیشت کە دوای چەرمەسەری وکوێرەوەرییەکی زۆر بەربووە و لە شار و زێدی خۆشەویستی خۆی دەژی. واچاکترە سەرنج بدەنە شێعرەکەی خۆی و بزانن مەڵبەندی ڕازاوەی خەیاڵی لە ژێر چەکمەی ڕەشی دوژمندا چی بە سەر هاتووە و شاعیر چۆنی دیتووە.

ساڵی ٩٣ ، نزیک بە ساڵێک دوای هاتنم بۆ سوێد هەواڵم زانی کە مام ئەنوەر دەرباز بووە و هاتووەتە تورکیا. هێندەی پێنەچوو بە تەلەفۆن گوێم لە دەنگی بوو. بیرەوەری ڕابردوو زیندوو بوونەوە و بوون بە هاندەری بەدیهاتنی ئەو پارچەشێعرە کە لە ژێر سەردێڕی«بەرەوهاوڕێ» دانراوە و وەک نامە بۆ مام ئەنوەر بەڕێ کراوە. بە خۆشییەوە مامۆستا ئەنوەر لە کوێرەوەریی مانەوەی تورکیاش ڕزگار بوو. هیوادارم بە زوویی بتوانێ بەرهەمە بە نرخەکانی کە«بەرەومەڵبەند»یەکێک لەوانە، بڵاوبکاتەوە.

## «بەرەوهاوڕێ»

**نامەی: ئاشق**

شنە ئەی قاسیدی خۆش ڕەوتی ڕەوان
شارەزای ڕێگە بە ڕۆژان و شەوان
وەرە لوتفێ کە دەسم داوێنت
گیان بە قوربانی پشووی خاوێنت
ئەم پەیامەم بەرە بۆ مام ئەنوەر
پیری دڵ لاوی(١) وەسای شێعر وهونەر
زۆر لەمێژە تەوەلاین، لێکتر دوور
دیدە دەڕژێنێ بەکوڵ ئەشکی سوور
پیری شێعرو دڵ و دڵداری بوو
وێڵ و شەیدای گوڵی ڕزگاری بوو
داخەکەم ئەو بوو جیایی خوڵقاند
تانی ئاوریشمی ویساڵی قرتاند
لێڵی دی ڕۆژێ کە ئاسۆی ئیقباڵ
سەفەری دووری دەرێی کەوتە خەیاڵ
وادەبوو پێکەوە بێن بۆ سەفەرەش
پێکەوە بچین بەرەو ئەو خەتەرەش
منی جێهێشت کە قورس بوو بارم
مامەوە خۆم و دڵی خەمبارم
خۆی بە تەنیاچوو کە کەوشەن ببڕێ
جلکی خەم بدڕێ، ئەوای دڵ بچڕێ
سەد مخابن تەلەسم بوو ڕێباز
پڕ لە دوژمن بوو ئەشێو و هەوراز
خاکی کوردان پڕی داگیرکەر بوو
ماڵی دۆست بۆ دژی من سەنگەر بوو
داڵە کەر خۆر و هەڵۆ تێکەڵ بوون
دێوی خوێن خۆر و پەری هاوەڵ بوون
«ڕێگە» دژوارو«بەکەندولەند»(٢) بوو
نابەدڵ چوونی بەرەو «مەڵبەند» بوو

***

دڵ کە ئاڵۆز بوو بە تالاوی خەمان
دەرزی ئاژن بوو بە تانەی عەجەمان
ئەو هەرێمەی کە دەپشکووت دڵی لێی
کۆنە زێدێکی کە ڕسکا گوڵی لێی
ئێستە ئێشێنەر و خەم بزوێن بوو
شار چ شار، شار پڕی ئەشک و خوێن بوو
مات و بێدەنگ بوو سەرانسەر مەڵبەند
دەنگی گریان بوو لە جێی قام و بەند ⬆

«تاڵەجەڕ»(٣)بووکی هەرێم شەمزا بوو
ماڵ بە ماڵ ژاری خەمی تێ زابوو
کوڕەکان بێ ڕوح و سارد و سڕ بوون
کۆڕی چی دڵ کە لە مەینەت پڕ بوون
تۆز لە سەر «بەردەجنە»(٤)ی جێ ژوانی
قەشمەری بوو دژی ناز و جوانی
گۆمەکەی(٥)سەردمێ ڕووگەی دڵ بوو
بازی شۆخان بوو پڕ ئاسکی سڵ بوو
جێی نەشە و ناز و نیاز و سوێ بوو
«پۆلی پەریانی بە ڕووتی لێ بوو(٦)،
چاوی ڕاوچی دەم و دەست جار و بار
کوتری مەمکانی دەپێکا، لە حەشار
ئێستە بێ دەنگە لەگەڵ مێشە و چەم
بازەبۆقە لە بری فرکەی مەم

***

کورت و کرمانجی هەرێم شێوا بوو
هێزی خەم خێوەتی لێ هەڵدابوو
خەم بوو خۆخواردنەوەبوو، تەنیایی
کاڵە بوو شەشەدەری ڕووناکایی
وشک هەڵاتبوو لک و پۆی داری ئەوین
زۆری جیاوازی نەبوو، مردن و ژین

***

مامە فەرمووی ئەوە ژینێکی ڕەشە
پێی قبووڵ ناکرێ ئەوەی بیری گەشە
تا سوپای ڕەش دەسەڵاتی زاڵە
شار و مەڵبەند بە دڵی من تاڵە
وێڵی غوربەت بی لە گوێن دەربەدەرێک
نەک بژی لێرە وەکوو دەسبەسەرێک
گەییە بڕیار و لە ناکاو ساز بوو
گورج و ئازا لە سنوور دەرباز بوو
شنە! توخوا بە پەلە ڕێ ببڕە
کۆسپ و پەرژینی سنووران بدڕە
نەچی هەڵوێستە بکەی لێر و لەوێ
یان وەڕەز بی، بکەوی نیوە شەوێ
یانە مەحتەل بی لە لای نازداران
تا بکەی گەردنی ڕووت ماچ باران
دەست بە سەر سینگ و مەمان دابێنێ
بسکی سەر کوڵمی کچان ڕاژێنی
مەست و سەر خۆش بی بە بۆی ئارەقی مەم
خۆت بخافڵێنی بە زولف و پەرچەم ⬅

هەر برۆ تا دەگەیە خزمەت ئەو
پێی بڵێ: مامە بە بیداری و خەو
ناوی تۆ زیکری زمان و بیرە
من مریدم، بەڵێ ئەنوەر پیرە
دڵ وەکوو زەڕڕەیە بۆ دیداری
گیان پڕی تاسەیە بۆ گوفتاری
«بێژە گەرچی شەکەتی دەربەدەریم
پڕ لە یادی ئەوە، توێ ی بیرەوەریم(٧)».

***

## وەڵامی: مام ئەنوەر

**پێشکەش بە هاوڕێی ڕێزدارم،ئاشق،**

شەماڵ ئەی قاسیدی مابەینی یاران
سەفابەخشی ملە و هەردە و هەواران
بەریدی بۆنی کەزیە و گەردن و مەم
هەواڵی باوەفای دیوانەکەی شەم
هەوێنی سۆزی سینەی شەنگە زینان
بنەکداری هەناسەی دڵ خەمینان
ئەتۆی ڕێزانی چینی زولفی«عەمبەر»
بەرامەی عەمبەرین بۆ«مەولەوی» بەر
ئەتۆی ڕازێنەری بووکی گوڵانی
بە ڕەمزی شیوەنی بولبول دەزانی
لە ودمی تۆیە ئەی خاوەن ئەوایە
لە تۆوە دەنگ بە ڕێی گوێ ئاشنایە
وەرە ڕازێنەری بەژنی ئەمامان
وەرە هەتوانی ئۆف و ئێشی زامان
وەرە پەردەدڕی خونچەی بەهاران
بریکاریم بکە وەک جاری جاران
شنەی تۆم بێ چ حەوجێمە بە بێ تەل
کە ڕاسپێریم بەرێ بۆ «ئاشق»ی گەل

***

بڵێ بەو هاودەمەی ڕۆژان و ساڵان
کە میوانە لە زێدی کەزیە کاڵان
بەڵێ ڕاستە، بەڵێن بوو هاوسەفەر بین
شەریکی خۆشی ی و خێرو زەرەر بین
ئەتۆ جێ مای و ئەمنیش هەڵوەدا بووم
لە هاوڕێیانی دێرینە جودا بووم ←

بەڵام چاتر کە جێ مای و نەهاتی
من ئاسایی نەکەوتیتە نەهاتی
ئەگەرچی پێوە بووی تۆش هەر وەکوو من
کەویتە نێو تەڵیسمی دێوی دوژمن
دەڵێن چووبووی هەتاکوو مەرزی مردن(٨)
بەڵام من داوی مەرگم کەوتە گەردن

***

وەرە با باسی خۆمت بۆ بەیان کەم
کەمێک تاریفی دەردو ئێش و ژان کەم
لە پاش گیران و بەند و داوی زیندان
خەلاسیم بوو لە یانەی دەردمەندان
لە تاریی چارەنووس و بەختی چەوتم
لە گرتووخانەیێکی گەورە کەوتم
وڵاتم دی عەجەب کاول وڵاتێ
خەفەتباری، زگاری، خەم خەڵاتێ
بەرەو هەر لا بچوومایە خەتەر بوو
زویری بوو، پەشێوی بوو، کەسەر بوو
لە دەوری وارەکەم پاپۆکی مار بوو
سەرۆکم ورچ و داوەر کەمتیار بوو
هەموو دەور و بەرم فێڵ و کەڵەک بوو
تەراتێن و گەمەی ڕێوی و دەڵەک بوو
چەقەڵ داشدار و نێشکچی شەوان بو
ڕەوەی گورگم لە کۆزێ پاسەوان بوو
قەل و کوندی کەلاوە و پیرەداڵان
بەروبوویان هەموو بردبوو بە تاڵان
مژودوو بوو هەواری کۆنەیاران
پشووبڕ بوو شنەی جێژوانی جاران
ئەوەی شۆخی لەبار و کولمە گەش بوو
زەلیل و دیلی بن چارشێوی ڕەش بوو
کش و ماتیی کچان و لاوی دڵسۆز
«وەکوو ئارامشێکی بەر لە باهۆز»
گوڵاڵە و کانیی و کێلگە و شەتاوان
دڵۆپەی ڕوونی بن ئەشکەوت و کاوان
کەژ و کوێستان و شاخ و چاوگ و چۆم
هەموو ساردوسڕ و بێگانە بوون بۆم
لە نێو خزم و کەس و خێزان و خۆیی
بە نامۆیی ژیانم لێ دەڕۆیی
بەگیان و دڵ لە مەڵبەندم جودا بووم
غەریبی ئاشنا بووم بێ پەنا بووم ←

یەقین مـــــابام ئـەجـــــەل بـەندی دەکـــــردم
لە مـــــاڵی خـــۆم لە غـــــوربەتدا دەمـــــردم

***

بڵـــــــێی«ئاشق»! زەمـــــانێکی بە دی بێ
کـــە دواکـــــاتی گـــرفـــــتـــاری و بەدی بێ
شـنـەی ئـازادی و ســــــــــــروەی بـەهـاری
بـــدا ڕۆژێ لـــە ئـــاڵای کـــــــــــــوردەواری؟
ئەگـــــەر من ئەودەمـــــە مــــیـــــوانی گڵ بووم
ئەســـــیــــــــری خـــــاکی دووری و نـابەدڵ بووم
لە گـــــەڵ چەند کـــــوردەکـــــیـــــژی جــــوان و نازار
بە ئـاهـەنگی بە ســـــــۆزی«خـــــاڵە ڕێبـــــوار»
بە چەپڵـــــەی خـــــۆشـــــیی و ڕەقس و ســــەمـــاوە
بە شـــــــمـــــشـــــاڵ و بە دەنگی نەرمــــەناوە
ودرە ســــــەر گــــــۆڕەکــــــەم تۆ بێـــــتـــــو بڕوات
بڵێ: «هەســــتـــــە زەمـــــانی خــــەم بەســــەر هات
چ وەخـــــتی نووســــتـنـە، کـــــاتی ســـــەفـــایە
لە چوار نـیـکالی کـــــوردســــــتـــــان هەرایە
لـــە پـــاش دەورەی هـــەژاری ودڵ بـــەســـــــــــۆیـی
دەگـــــێـــــڕین جــــێـــــژن و شـــــادی ســــەربەخـــۆیی»
لە ژێر خــــــاکـــــا بە یەکــــــجــــــاریش پوابم
بە مــــــــژدەی ســــــــەر بەخــــــۆیی، ڕەنگەڕابم

***

## تێبینی:

١) ئیشارە بە شێعرێکی مام ئەنوەر بە ناوی«کوانێ پیرم؟!».
٢) ئیشارە بەم شێعرەی مەم ئەنوەرە کە دەڵێ:
گەرچی ئەم ڕێگە بە کەند و لەندە
سەفرت خێرە بەرەو مەڵبەندە
٣) ناوی گوندی مام ئەنوەرە.
٤) بەردەجنە: بەردێک بووە لە نزیک ئاوایی وکـاتی لاوەتی جێژوانی شاعیر بووە و بە سۆزەوە لە «بەرەومەڵبەند» یادی دەکاتەوە.
٥)کاتی هاوین شوڕەژن و شۆخەکچانی ئاوایی لەوێ مەلەیان کردووە هەر بۆیەش بە«گۆمی کچان»ناسراوە ...
٦) نێوەدێڕێکە لە «بەرەومەڵبەند»ی شاعیر و مەبەستی«گۆمی کچان»ە .
٧) لە «بەرەومەڵبەند» وەرگیراوە.
٨) کاتێک من لە تورکیا بوم ، دەوڵەتی تورکیا دەستەیەکی سەد کەسی لە پەنابەران بە مەبەستی تەحویل دانەوە تا دەکیلومیتری سنوور برد. بەڵام بە هۆی وشیاری پەنابەرەکان و پشتیوانی خەڵکی کوردستانی تورکیا و ڕێکخراوی UN، ئەو پیلانە پووچەڵ بۆوە، منیش دەگەڵ ئەو دەستەیە بووم و بە ڕاستیش ئێمە لەسنووری مردن گەڕاینەوە. مام ئەنوەر لێرەدا ئیشارە بەو مەبەستە دەکا. «ئاشق»




□ نێوی کتێب:
حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ سەرماوەزی ١٣٢٥
نووسەر: نەوشیروان مستەفا ئەمین
چاپی یەکەمساڵی ١٩٩٣
قەوارە: مام ناوەنجی (٢٨٨ لاپەڕە)
شوێنی داواکردن:
Mäster Kiosken
Mäster Samulsg 42
111 57 Stockholm




□ نێوی کتێب:
بۆ گوڵ چنینێ دێینەوە
نووسەر: ژان لافیت
وەرگێڕ: عوسمان ئیسماعیلی «ئاشق»
شوێنی داواکردن:
کتێبفرۆشی ئەرزان Kitab i Arzan

# زنجیره باسێکی کولتوری

**کولتور دەشێ فلیمێک بێت، شانۆگەرییەک بێت، ئاهەنگێک بێت، چیرۆکێک بێت!**

**کولتور دەشێ داب و نەریت بێت، جەژنبێت، نەورۆزبێت، سەیرانی هاوین و شەوچەرەی شەوانی زستانبێت!**

**کولتور دەشێ شێوەی قسەکردن، بیرکردنەوە، کارکردن و بەکارهێنانی کات بێت!**

**کولتور دەشێ شێوەی دەربڕینی بیروباوەڕ و هەست بێت، شێوەی پێکەنین و گریانبێت!**

**کولتور دەشێ شێوەی ڕۆیشتن و دەست جوڵاندن و بەکارهێنانی ماسولکەکانی دەم و چاوبێت!**

**کولتور دەشێ شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و جل لە بەرکردنبێت!**

**کولتور ئەو شتەیە کە هەموو ڕۆژێ بەکاری دێنین بێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە!**

**واتە کولتور ژیانی ڕۆژانەمانە. غەریبیش دەکاتە لەدەستدانی ژیانی ڕۆژانە، بۆیە دەڵێن...**

**کولتور ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان خەڵکی وڵاتاندا هەیە، جیاوازی گەورە و جیاوازی بچووک.**

٣

## نووسینی: ئەنداز حەوێزی

لە «گزینگ»ی ژمارە «١» دا ، کە پێشەکی ئەم باسەی تێدا بلاوکرابۆوە، هەوڵمدا هەندێ وێنەی کولتوری جیاواز و بۆچوونی کولتوری جیاواز بخەمە بەر چاوی خوێنەر و هەر وەهاش ئاماژەیەکی سەرەتاییم کرد بۆ دوو جۆرە کۆمەڵگەی کولتوری کە ئەویش «کۆمەڵگەی تاکەکەسی» و « کۆمەڵگەی گشتی» بوو.

لە ژمارە «٢»ی گزینگدا«مرۆڤ و تەنیایی لە کۆمەڵگەی سوێدی»دا، باسکرا کە تێیدا هەوڵمداچەند هۆیەکی مێژوویی و ئابووری شی بکەمەوە کە پەیوەندییان بە پەیدابوونی ئەم هەستە و ڕدوتە کۆمەڵایەتییەوە هەیە. لەم ژمارەیەشدا حەزدەکەم کە هەندێکی دی لەو بارەوە بدوێن و بەشی یەکەم و دووەمی باسەکە بەیەکەوە ببەستینەوە.

### من یان ئێمە؟

لە هەندێ کولتوردا وەها تەماشای مرۆڤ دەکرێ(خۆشی هەروا دەڕوانێتە خۆی) ، کە مرۆڤ (تاکە خودێکە ) ، بەرپرسیارە لە ژیانی خۆی، بەرپرسیارە لە داهاتووی خۆی، بەرپرسیارە لە بڕیارەکانی خۆی.

ئەم دان پێدانانە لە کولتورێکی وادا کە مرۆڤ بە(بوویەکی تەنیا ) دەبینێت و جیای دەکاتەوە لە گشت، واتە لە (کولتوری منی) دا هەندێ وشە دەکەوێتە ناو ئەو کۆمەڵەوە کە قالبێکی زۆر پوزەتیڤ بە خۆیەوە دەگرێت، بۆ نموونە:

- بەربەرەکانی،
- دەست پێشخەری،
- ئارەزووی پێشکەوتن و ئامانجداری،
- بەرپرسیاری خودیی(مرۆڤ بەر پرسیارە لە خودی خۆی).

هەندێ کولتوری دی هەن، کە ئەو تایبەتمەندییە نادەن بە یەک تاکە مرۆڤ ، مرۆڤ بە تەنیا بەرپرسیار نییە لە ژیانی خۆی و مرۆڤ بە تەنیا داڕێژەری داهاتووی خۆی نییە، واتە مرۆڤ نابێ هەر بیر لە خودی خۆی بکاتەوە، بە پێچەوانەوە لە کولتوری وادا کە پێی دەڵێن (کولتوری ئێمەیی) ، بە ئەندامێکی کۆمەڵ و گروپێکی گەورەتر دەبیندرێت.

لە(کولتوری ئێمەیی)دا مرۆڤ ئەرکی لە سەر شانە بەرابەر بە خێزان، بە خزم، بە هۆز و عەشیرەت. لە کولتوری وادا مرۆڤ بە تەنیا بڕیارەکانی ژیانی خۆی نادات بەڵکوو، باوک هەیە و مام هەیە و خاڵ هەیە... و دەبینی خەڵکێکی زۆر لە گەڵیدا بەشداری ئەو بڕیاردانەن و، هەروەهاش وشەی خێزان وەک لە(کولتوری منی) دا، ژنو پیاوێک و دوومنداڵ ناگرێتەوەبەڵکوو، سەدان کەس دەگرێتەوە. جا لە کولتوری وادا دەبینی بایەخدان بە هەندێ وشەی کە پەیوەندییان بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، وەک:

- پیاوەتی
- میواندارێتی
- خزم دۆستی
- جەسووری
- ئابڕوو و ئابڕووچوون... هتد، گەلێ باوترەلە بایەخدان بە شت و

←

ئەسبابی ماتریالیی. هەروەها ئەم جۆرە ئەندامایەتییەش(کولتوری ئێمەیی) وای لە مرۆڤ کردووە کە هەمیشە هەوڵ بدات بۆ ڕاگرتنی تەرازووی پەیوەندی لە گەڵ خەڵکی تر، هەر بۆیەشە لە کولتوری وادا دەبینین خەڵک خۆ دەپارێزن لەوەیکە ڕووبەڕوو ڕەخنە لە یەکتری بگرن و لە کوردەواریشدا ئەو قسەیە باوە(ئەگەر ڕەخنەی لێبگرم لێم زیز دەبێت)، یاخود( قسەم لە گەڵ ناکات )، پاشملە دەتوانین ڕەخنە بگرین بەڵام لە ڕوو بەڕوو نا، ئەوەش لەوەوە هاتوە کە دەمانەوێت(تەرازووی پەیوەندییەکانمان ڕاگرین). هەر وەها وشەیەکی وەک «ئابڕووچوون» دەسەڵاتێکی زۆر گەورەی لە ژیانی ئەندامانی(کولتوری ئێمەیی)دا هەیە.

لە(کولتوری منی) دا وەک باسکرا، مرۆڤ بەرپرسیارییەکی گەلێ فراوانی هەیە بەرابەر بە ژیانی خودی خۆی و هەروەهاش گوتمان شێوەی ژیان و بڕیاروەرگرتنی ئەندامانی(کولتوری ئێمەیی) تەنیا بە ویست و ئارەزووی تاکە نەفەر نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو دەوروپشتیش بەشداری ئەو کارە دەکەن و کۆنترۆلیشی دەکەن، بەڵام تەنها (کەس وکار) کار ناکەنە سەر ژیان و داهاتووی ئەو کەسە بەڵکوو وێنەی دیکەش هەیە بۆ ئەو ناسەربەخۆیی یە، کە پەیوەندییان بە شێوەی بۆچوون و بیر و باوەڕی خەڵکەوە هەیە، بۆ نموونە زاراوەی وەک: (بەخت و قەدەر، لەناوچەوانی نووسراوە)، ڕۆڵ و خولێکی گەورە دەبینن لە( کولتوری ئێمەیی) دا.

ئێمەی کورد لە سوێد یان لە ئورووپا کە ئوتومبیل دەئاژووین، پشتێنی پاراستنەکە ڕادەکێشین و خۆمان دەبەستینەوە، چونکە دەزانین ئەوە شتێکە کە منی مرۆڤ دەپارێزێت لە کاتی ڕووداودا، هەمان مرۆڤ دەچێتەوە کوردستان، ئەو پشتێنە بەکار ناهێنێت لە کاتی ئاژووتن و لێخوڕینی ئوتومبیلدا، ئەگەر حەزیشی لێبێ شەرم دەکات، یان ئەگەر بیبەستێ گاڵتەی پێدەکرێت!(ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵگاکە بڕیار دەدات تۆ چی دەکەیت و چۆن دەژیت، تۆ خۆت بڕیار نادەیت ). ئەگەر کەسێک لە کوردستاندا لە یەکێک بپرسێت، ئەرێ کاکە بۆ پشتێنی پاراستنەکەت نابەستی لە ئوتومبیلدا؟ زۆر ئاسایی یە گەر لە وڵامدا پێی بڵێتەوە: کاکی من ئەگەر بۆم نووسرابێ کە لەم سەفەرەدا بمرم، ئەوە دەمرم، جا خۆم ببەستم یان نەبەستم.ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتورەی کە مرۆڤ تێیدا باوەڕی بەوە هەیە کە خۆی بڕیاری ژیانی خۆی نادات، بەڵکوو چارەنووس و بەخت و قەزاوقەدەرهەیە. گومانیشی تێدا نییە کە ئێوەش شارەزای ئەوەن کە ئەندامانی (کولتوری ئێمەیی) هەتا لە ژنهێنانیشدا گەلێ کاریگەری کۆمەڵایەتی و کولتوری هەیە کە کاردەکاتە سەر بڕیارەکانیان و بە ئاسانی ناتوانێ لە گەڵ ئەو مرۆڤە بژی کە دڵی دەیخوازێت، هەمیشە پرسیاری وەک کچی کێیە؟ یان کوڕی کێیە؟ باوک و دایک و مامی کێیە؟... هتد، واتە هەتا من دەتوانم ژن بێنم دەبێ باوکی، دایکی، باپیری، براکانی، مامەکانی و ئامۆزاکانی، هەموویان ڕێک و پێک بن. بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ژن و پیاو نابن بە ژن و مێرد بەڵکوو دوو خێزان دەبن بە خزم، واتە ژمارەی ئەوانەی کە بڕیار لە ژیانی نەفەرێک دەدەن پتر دەبێت! گەر تەماشای ڕۆژنامەیەکی سوێدی یان ئەمریکی بکەین کە بانگەوازی کاری بەتاڵیان تێدایە، دەبینین هەندێ داواکاری تایبەتییان تێدایە(جگە لە خوێندن و شارەزایی)، وەک بیرێکی فراوان کە بتوانێ شتی نوێ بێنێتە پێشێ، توانای بڕیاردان بتوانێ سەربەخۆ کار بکات. بەڵام لە کولتوری (ئێمەیی) دا، ئەم ڕەوشتانە خول نابینن، بەڵکوو لە جیاتیان هەندێ شتی دی هەن کە دەتوانێ ئەو کارە بە فلان نەفەر بدات، ئەویش وەک خزمایەتی و دۆستایەتی، یان کوڕی فلانە و خزمی فیسارە، یان ئەندامی فلان پارتی سیاسی یە ... کە واتە کارکردنیش بەندە بەو کولتورەی کە کۆمەڵ هەیەتی.

شێوەی کارکردن لە خۆیدا دوو ڕیتمی جیاوازیان هەیە لەو دوو کۆمەڵەدا. لە کولتوری «منی»دا، دەبینی ڕیتمێکی توندڕۆ(خێرا)ی هەیە کە خەڵک هەمیشە بە پەلەن و پێڕاناگەن لەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوی دی و لەم کارە بۆ کارێکی دی. هەمیشە کاریان زۆرە و هەتا ماوەی پشوودان و نانخواردنیشیان پەلەی تێدایەو، هەمبورگەر کە بەرهەمی ئەو جۆرە کولتورەیە نموونەیەکی زەقی ئەم ڕواڵەتەیە، واتە کارمەند بتوانێت لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا نانێکی بە پەلە بخوات و بگاتەوە سەر کارەکە، بەڵام لە کولتوری «ئێمەیی» دا کارکردن ڕیتمێکی تری هەیە، ڕیتمێکی لەسەرەخۆتری هەیە. دوور نییە کارمەندەکە ڕۆژی کاری بە دوو شیش جگر و دوو چای خەست دەست پێبکات و پاشانیش خۆی لە خەڵک توڕەکاو هاوار بکات: ئەرێ ئەوە پەلەی چیتانە... مەبەست لەوەیە کە ئەنجامدانی کار ماوەیەکی درێژتر دەخایێنێ. یان ئەگەر خاڵێکی وەک (توانای بڕیاردان) وەرگرین کە یەکێکە لە مەرجەکانی کارمەندی لێوەشاوە لە کولتوری «منی»دا، دەچێتە قالبی(تاوانەوە) لە کولتوری (ئێمەیی) دا. چونکە هەمیشە بڕیار دەبێ وەک فەرمانێک لە سەرەوە بێتە خوارێ، جا چ لە ناو خێزانێکی بچووکدا بێت یاخود لە ناودام و دەزگایەک، یان لە ناو پارتێکی سیاسیدا بێت. واتە قالبی هەرەمیەت لە هەموو لایەنێکی ئەو کولتورەدا وێنەی هەیە.

بە بەدی نابینم کە پێش ئەوەی پتر لە سەر ئەم باسە بڕۆم بە خوێنەرەوان ڕاگەیێنم کە هیچ کولتورێک نییە بتوانین بڵێین کە ١٠٠٪ دا لەو کولتورەیە یان لەوی دیکەیانە، بەڵکوو هەمیشە دەبێ وەهای بڕوانین کە ئەو کولتورە پتر بەو لایەدا دەشکێتەوە تا لایەکەی دی،هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە کولتوری سوێدی یاخود ئەمریکی پتر بە لای (کولتوری منی) دا، شکاوەتەوە و کولتوری خۆرهەڵاتی و ئاسیایی و ئەفریقاییەکان بە لای کولتوری(ئێمەیی) دا.

گەر بمانەوێ پتر لە بارەی ئەم دوو جۆرە کولتورەوە بدوێین و نموونەی زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە بەر چاوان خەین ئەوا ڕوو لە دوو وشەی وەک «پیری» و «سەری سپی» دەکەین. لە وڵاتێکی وەک سوێد، پیری بە شێوەیەکی ئوتوماتیکی و لەخۆیەوە نابێتە هۆی ڕێزگرتن بەڵکوو، بە

پێچاوانەوە بە چاوی بەزەیی تەماشای پیران دەکرێت، بۆیەشە دەبینی لە گەڵ پەیدابوونی دوو تاڵی سپی لە سەردا، بۆیەی دەکەنەوە یاخود کاری وەک ڕاکێشانی پێستی دەم و چاو بۆ نەهێشتنی چرچ و لۆچی ئەنجام دەدرێت، واتە شاردنەوەی پیری. لە کولتوری(ئێمەیی) دا دەبینین کە پیری و سەر سپێتی جێی ڕێزلێگرتنە، بۆ نموونە تا ئەمڕۆش ، نەک دوو نەفەر یاخود دوو خێزان ، بەڵکوو دوو پارتی سیاسیش کە ناکۆک دەبن، دوو سەرسپی و ڕیش سپی دەکەونە بەینەوە بۆ ئاشت کردنەوە، ئەوەش ئەوە دەگەێنێت کە تەمەن بڕیاری پلەی ڕێز لێگرتن دەدات. ئەمەش کارێکی باوە لەو کۆمەڵانەدا کە شێوەی پەیوەندی هەرەمییان تێدایە، لە هەمان بۆچوونیشەوەیە کە منداڵ و ئارەزووەکانی جێگای ڕێز لێگرتن نین بەڵکوو، جێگای بەزەیی پێداهاتنەوەن. ئەمەش بە پێچەوانەی کولتوری«منی»یە کە منداڵ و ئارەزووەکانی ڕێزێکی زۆریان لێدەنرێت. بەڵام لێرەدا دەبێ شتێکی دیش بخەینە بەر چاو ، ئەویش ئەوەیە کە لە کولتورە«ئێمەیی»یەکانیشدا دیاردەی پرچ بۆیەکردن و خۆ گەنج کردنەوە لە بڵاوبوونەوە دایە و بێگومان ئەوەش لە ئەنجامی کارتێکردنی کولتوری ئەمریکی یە کە بە جیهاندا تەشەنەی کردووە و هەمبورگەر و پانتۆڵی جینز و گۆرانی و ئاهەنگی خۆی لە کەلێن و قوژبنەکانیدا بڵاوکردۆتەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە «Gert Hofstede»ی هولەندی لە بارەی شێوەی بەڕێوەبردنی شەریکات لە جیهاندا، کردوویەتی( ٤٠ وڵاتی وەک نموونە وەرگرتووە) ، دوو خاڵی گەلێک بە هێزی لە سیستمی بەڕێوەبردنی کاروبار لە سوێددا دەخاتە ڕوو:

١ ): دیمۆکراسیەتێکی فراوان٢ ): ریسک وەرگرتن واتە موخاتەرەکردن، وەک نموونەش بۆ خاڵی دووەم، زۆر ئاسایی لە سوێددا کە کارێک ئەنجام دەدرێت دەڵێن: (باشە بەم شێوەیە تاقی دەکەینەوە و گەر سەرنەکەوتین ڕێگایەکی دیکەی بۆ دەدۆزینەوە).

هەروەها دەبینی ئەو شەریکانە یاخود ئەو دام و دەزگایانە بەش بەش دەکەن بۆ چەند یەکەیەکی بچووک، تا هەر یەکە لەو بەش و یەکانە بتوانێت زوو بڕیارەکانی خۆی دەرکات وکارەکانی ئەنجام بدات، بێ ئەوەیکە پێویستی بەوە بێت کە بگەڕێتەوە بۆ سەری هەرەمەکە، واتە بەڕێوەبەری گشتی. بەڵام لە هەمان لێکۆڵینەوەدا دەبینین لە وڵاتێکی وەک پاکستان گەر کارمەندێکی پلەکانی خوارێ، بڕیارێک لە خۆوە بدات، ئەوە دەر دەکرێت. لە مەشەوە دەمانەوێ بڵێین کە چۆن هۆی ئابووری، کولتور دەگۆڕێت ، بەڕێوەبردنی ئابووریش لە ژێرکاری ئەو کولتورەیە کە بەڕێوەبەرانی ئابووری لێوەی هاتوون. ■

* سەرچاوەکان:


1: Svenskar, Gillis Herli
2: Ny i klasser, Seija Wellors
3: Likt ock olikt, Seija wellros. Gunnar Helstrom
4: Sexualitet mysterium k civilizatiossymbol, Kenneth.


(لە ل ٥ ) پاشماوەی: **بنچینەی مێژوویی...**

تایبەتی وگەورەی مەردۆک. شا لەم ڕۆژەدا هاتووەتە پاراستان وبەنیشانەی بەڵێنی وپەیمان تازەکردنەوە دەستی لە دەست پەیکەرەکەی مەردۆک ناوە. یەکێک لە دابە گرینگەکان لەم جێژنەدا ئاور کردنەوە بووە. خوداکان لەم کۆبوونەوەدا ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوویان دیاری کردووە و بڕیاریان لە سەر چارەنووس وئەرکی شا وچاکی وخراپی داهاتی زەوی وچۆنیەتی هەوا وهەرچی لە زەوی وئاسماندایە داوە. چارەنووسی خەڵک لەژێر دەسەڵاتی مەردۆک دابووە وئەو بڕیاری لەسەر داوە. دواتر (لە دەوری پارسیەکاندا) لەم ڕۆژەدا[ ڕۆژی نەورۆز] شا لە باتی مەردۆک بەراتی بە خەڵک داوە وزەکاتی دیاری کردوە و والی وڵاتەکانی دەست نیشان کردوە.

ئەم نەریتە بە بڕێک گۆڕانکارییەوە لە ناو ئیزیدییەکاندا ماوەتەوە. بە پێی باوەڕی ئەوان ڕۆژی «سەر ساڵ» خودا لە سەر تەختی خۆی دادەنیشێ، هەر لەو کاتەدا مەلاییکەتەکان دەورەیان گرتووە. خودا پێیان دەڵێ :

لەو کاتەدا کە ئێوە خەریکی شایی و عیبادەتن من دێمە ناوتان. لەم ڕۆژەدا خودا وئیزەدەکان (خودا بچوکەکان) کە بریتین لە «عەزازیل( مەلەکە تاوس ) ـ دەردائیل( شێخ حەسەن )ـ ئیسرافیل( شێخ شەمسەدین ) ـ میکائیل ( شێخ ئەبوبەکر ) ـ جبرائیل ( سەجادین ) ـ شەمنائیل (ناسرەدین ) ـ نورائیل ( فەخرەدین ) » داهاتوو وبەسەر هاتی خەڵک و وڵات دیاری دەکەن. دوایە خودای مەزن یەکێک لە خوداکان دەنێرێ بۆ زەوی و ئیزنی دەداتێ کە بڕیارەکان جێ بەجێ بکا. پاشان ڕوودەکاتە بەشدارانی کۆڕەکە و دەڵێ : «گوێ بدەن ، من ئەم زەوییە پڕ دەکەم لە بەرەکەتی خۆم »؛ پاش ئەم قسە شایی وهەڵپەرکێ دەست پێدەکا.

یەکێک لە شتە هەرە تایبەتییەکان ئەوەیە کە خودا قەباڵەیەک ئیمزا دەکا، لەو قەباڵەیەدا زەوی بە هەموو ئەو شتانەوە کە تێیدایە بە ئیجارە دەدا بە یەکێک لەوانەی کە لەوێن وقەباڵەکە مۆر دەکا ونیشانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەدا هەتا هەموویان شایەتی لە سەر ڕاستبوونی ئیمزا ومۆرەکەی بدەن. ئەودەم خودا دەڵێ : ئەم زەوینەم بۆ ساڵێک بە ئیجارە دا بە تۆ کە چی لێ دەکەی بیکە. ئەودەم جێژن تەواو دەبێ.

هەر ئەم ڕووداوە لە ئەفسانەی زەردەشتییەکاندا ڕوودەدا [ بەشی دووەمی وەندیداد ] خودا (هورموز) لەگەڵ هەموو ئیزەدەکاندا (**ئەمشاسپەندەکان** ) وگەورەکان لە کۆڕێکدا کۆ بوونەتەوە. لەوێ داوا لە جەمشید دەکا کە وەکوو پەیغەمبەر ێک نوێنەرایەتی ئەو لە سەر زەوی بکا، **جەمشید** قبوڵ ناکا. ئەودەم دەڵێ ئێستا کە پەیغەمبەری قبوڵ ناکەی لە دنیای ماددی دا نوێنەری من بە. جەمشید قبوڵی دەکا ودەبێتە خاوەنی " **فەڕی ئیزەدی** " وپاش ئەوەی کە دنیا دادەمەزرێنێ جێژنی دامەزراندن دەگرێ و نێوی ئەو ڕۆژە دەنێ « نەورۆز). ■

## لەم سەرچاوانە کەڵک وەرگیراوە:


١ ) *مێژوی کورد وکوردستان*، ئایەتوڵڵە شێخ موحەممەد مەردۆخ کوردستانی؛ ل ١٣٤.
٢ ) «*مێژوی شارستانیەت* »، ویل دۆرانت ؛ بەرگی یەکەم،ل ٢٨٠، ٢٨٤.
٣ ) «*ساڵ ژمێر و جێژنەکانی ئێرانی کەونارا*»، هاشم ڕەزی؛ ل ٢٣٣، ٢٣٤
٤ ) «*ڕەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستاندا*»، ڕەشاد میران ؛ ل ١١٧

# تاوێ دە گــەڵ«مــاملێ»

نووسین و ئامادەکردنی: هێلا شلومبێرگێر





وەرگێڕانەوەی لە ئاڵمانییەوە: هێدی

✯ دوکتور هێلا شلومبێرگێر ژنێکی ڕۆژنامەنووسی ئاڵمانییە کە لە ساڵی ١٩٤٣دا، لە دایک بووە. ناوبراو ئێستا لە شاری مونیخ دەژی. ئەو لە هاوین و زستانی ١٩٧٩/ ١٩٨٠دا چەند مانگان بە کوردستانی بندەستی ئێراندا گەڕاوە و ئاکامی ئەو سەفەرەی کتێبێکە بە ناوی « بە کوردستانی ئازاددا » کە لە ساڵی ١٩٨٠دا بڵاوی کردۆتەوە.

هێلا شلومبێرگێر بێجگە لەو کتێبە، چەند کتێبی دیکەشی لە سەر کوردان نووسیون:

*: « سەفەری کوردی ـ لە نێو ژیانی نەتەوەیەکی هەڕەشەلێکراودا ـ ١٩٨٩».

*: « ئەو گەوەنەی دەسووتێ ـ لە وڵاتی قەدەغەکراوی کوردان ـ ١٩٩١». ناوبراو ئەو کتێبەی لە ئاکامی سەفەرێکی کوردستانی بندەستی تورکیادا نووسی و هەر لەوێ لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە دوو حەوتووان بە تاوانی لایەنگری لە کوردان لە بەندیخانەی ژنانی دیاربەکردا، دەگەڵ دوازدە ژن وچوار کۆرپەی ساوا زیندانی دەکرێ. «وەرگێڕ»

ماملێ چوار مەشقی، قیت و مەغروور لە بەرامبەرم دانیشتووە، ئەمنیش خەریکم پەیتا پەیتا هەموو چەشنە دانیشتنێکی سەر عەرزی تاقی دەکەمەوە. ڕیشووە ڕەشەکانی پێچە بۆرە گوڵدارەکەی لە لاوە بەرەو ڕووخساری ڕادەژێن. چاوەکانی لە پشت چاویلکە ناحەزەکەیەوە دەدرەوشێنەوە، هەتا بڵێی ئینسانێکی بە ڕێز و حورمەتە.

● خەڵکی مەهابادێی، محەمەد؟

ـ « بەڵێ، ئەمن پەنجــاوچوار ســاڵ لەوەی پێش لە گــەڕەکی هەرمەنییانی مەهابادێ لە دایک بووم(١). ئەودەم زۆر ماڵی هەرمەنی لێرە بوون، ئێستا تاق و لۆق نەبێ نەماون. بابم نەخوێندەوار بوو و لە نێو بازاردا، دوکانێکی چکۆڵەی خوری فرۆشتنی هەبوو. ئێمە شەش کوڕ و کچێک بووین. زۆر کەمان هەبوو. ئەگەر برینجمان بۆ سازکرابا، جێژنەمان بوو».

● کێ فێرەگۆرانی گوتنی کردی؟

ـ « بابم. هەر بەکشی تایفەی ئێمە تایفەی گۆرانیبێژانە. بابم زۆربەی ئەو گۆرانییانەی کە ئەمنیش دەیانڵێمەوە، بۆ خۆی دایناون و ئاهەنگی خستوونەسەر. نەیتوانیوە سازێک لێبدا، بۆ ئەو مەبەستەی سازژەنی خۆی هەبووە. ئەو لە هەمــوو گــۆرانییــەکی زیاتر حــەزی لە گۆرانی ئایینی و دڵداری بوو».


● نێوەرۆکی گۆرانییەدڵدارییەکان چبوو؟

ـ «نزیکەی تەواوی گۆرانییەدڵدارییەکانمان لە سەر کچێکی جوان و جحێڵ ساغ بوونەوە کە کوڕە جحێڵەکە نایگاتێ».

● چۆن جوانی کچەکوردەکان بە گۆرانی باسدەکرێ؟

ـ « تەواوی ئازای لەشی بێــجگە لە عــەورەتی، بە وێنەیەک

❒ میرمیرێن گەمەی منداڵان نییە، لە هەموو دێهاتەکان دەیکەن و چەند شەو و ڕۆژان دەخایەنێ. زۆرجاران دەودەمەیدا دەست پێدەکا کە کوردێک زیندانی دەکرێ. ڕەخنە دەربڕینێکە، وەک دامەزراندنی حکوومەتێکی دیکە، دژی دەستەڵاتی سەرکوتکەرانەی حکوومەتی ناوەندی تارانێ، وایە. میری گەمەی ئێمە، میری ڕاستەقینەی(کە بە بێ قانوون و بەوپەڕی دڕندەییەوە لە مەهابادێ حکوومەتی دەکرد) ناچار کرد زیندانی سیاسی ئازاد بکا.



دەشوبهێنرێ و بە گۆرانی پێی هەڵدەگوترێ. چاوەکان ئەستێرەن، لێوەکان سندووقی چکۆڵەی زێڕن. - زاری گەورە لێرە پەسند نییە - ددانەکان مروارین، ڕەنگی گەردن بە بەفری تازە کەوتووی کوێستانان دەشوبهێنین، پرچەکان بە شەوانی زستان، ڕەش و درێژ!؛ کۆڵمەکان بە سوورەگوڵی کێوی، سینگ بە باغێکی جوان ، کە حەزدەکەین لێمۆی تێدا لێبکەینەوە. لە بەندێکی دا بۆ وێنە دەگوترێ: مەمکۆڵە تۆ گەردنی خۆت ڕوو لە زولفان دەرخەوە / ئەی ستارەی سوبحدەم ئەوشۆکە زووتر دەرکەوە (٢). ژنان لە گۆرانییەکانماندا زۆرتر وەک «جنسی ناسک» دیاری دەکرێن ».

● جوانی پیاوانیش دە گۆرانیدا باسدەکرێ؟

– « نەخێر، بە غیرەتیان، چەکەکانیان، جل و بەرگیان هەڵدەگوترێ، بەڵام باسی جوانی و موحیبەتیان ناکرێ».

● جا ژنن کە بە پیاوەکان هەدەڵێن یان بۆخۆیان بە خۆیان هەڵدەڵێن؟

– « ژنیش هەن کە شێعر وگۆرانی بە سەر پیاواندا هەڵدەڵێن، بەڵام لە ڕوویان هەڵنایە بە ئاشکرا لە نێو خەڵکی دەریبڕن. لە دەوروبەری ئێرە دێهاتێکمان هەن کە دیمەنی ئاوایان لێدەبیندرێ: کوڕێکی جحێڵ بەتەنێ بە کۆڵانی دێیدا دێتەخوارێ، کچێکی جحێڵ، ئەویش بەتەنێ، بەرەوپیری دێ و بە گۆرانی بە کوڕەی هەڵدەڵێ. بەو شێوەیە بە کوڕەی ڕادەگەیەنێ کە حەزی لێدەکا. یان لە نێو مەنگوڕان، نەک هەر پێش زەماوەند، وەکی دیش دڵداری بە ئاشکرا ئازادە، بۆیە ئەوان ئاوا جوان و باڵابەرز و بە خۆوەن ».

● گۆرانی واش هەن کە تێیاندا بە ژنێک هەڵبگوترێ کە جوان و ناسک نەبێ؟

– « بەڵێ؛ بۆ وێنە گۆرانییەک لە سەر ئایشێ شێرزاد کە لە جەنگەی برسێتی و گرانییە گەورەکەی شێست و پێنج ساڵ لەوەپێش دا، کە نێوەی خەڵکی مەهاباد تێدا چوون؛ بۆ هەژاران لە بازاڕی سواڵی نانی دەکرد. بەو شێوەیە دوومانگی زستان، نانی دا بە هەژاران هەتابەفر چۆوە و خەڵک لە کێوان دیسان شتێکیان بۆ خواردن دەست کەوت».

● ئەدی ئەو دەمەی کە ئەتۆ لاو و ئاشق بووی چۆن بوو؟

– « سەردەمی ئێمە ئاوا بوو: ئێمە هەمیشە بە دەوری ماڵە کچەی دا دەخولاینەوە. جاری وا بوو شەش مانگی دەخایاند هەتا دەمانتوانی بۆ یەکەمجار ڕووی کیژەکە ببینین. جا ئەگەر ئەویش حەزی لە ئێمە کردبا دیارییەکی بۆ دەناردین، زۆرجاران سێوێکی سووری بۆنخۆش بوو».

● ئەتۆ کەنگێ یەکەم سێوی سوورت وەرگرت؟

– « لە تەمەنی بیست، بیست و یەک ساڵیدا... ».

خێزانەکەی ماملێ کە لەو ماوەیەدا دەگەڵمان دانیشتووە و بە وردی گوێی هەڵخستووە، ڕووخساری بە پێکەنێن گنجی تێدەکەوێ و لاتاوێکی داوێ: وەک ئەمن دەتناسم، دەبێ هەشت ساڵت بووبێ!؛ ماملێش زەردەی دێتێ.

– « ... دوایە بۆیە هێنندەم سێو دەدرایە، چونکە بە ئاشکرا گۆرانیم دەگوت. جاری واش بوو ماچێکیان دەدامێ، لە پاشان وەک شای شاییم بە خۆم بوو ».

● ئەدی ئەنگۆ چتان دەدا بە کچەکان؟

←

ـ « زۆرتر سابوون، عەتر یان ئاوێنە».

● بۆچی ئاوێنە؟

ـ «تیشک و ئاوێنە بۆ ئێمە نیشانەی چاکی و پاکین. بۆیە لە زەماوەندیشدا ئاوێنە لە پێش بووکێ ڕادەگیرێ. جاری وایە ماڵە بووکێ ئاردی بە سەر بووک دا دەکەن، هەتا منداڵی زۆر بێ».

«لە زەماوەندی بادام(۳)؛ شیرنیات و پوڵیان بە سەر بووکێ وەرکرد. بەڵێ ئەوەش بەو مانایەیە کە بووک وەک شەکرێ شیرن بێ، بە پوڵەکەش ماڵە بووکێ دەیانەوێ ئەوەی بگەیەنن کە لە پێناو کچەکەیاندا لە هیچ خەرج و زەحمەتێک ناسڵەمێنەوە. دیتت کەڵەباب(کەڵەشێر)ێکیان بە سەر بووکێدا هەڵاویشت؟ »

● وەبیرم نایە.

ـ «ئەوەش بەو مەبەستەی بوو کە ئارەزوویانە یەکەم منداڵ کوڕ بێ. وام چاو لێمەکە! ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە ئایینەوە نییە. بۆ ئەوەیە کە لە دێهاتی کارەقورسەکان بە دەست پیاوانەوە باشتر بەڕێوە دەچن، ئەوجار لە بەر ئەوەشە کە ئێمە کوردەکان پیاومان دەوێ بۆ خەبات لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستاندا ».

لێرەدا دیمەنێکم دێتەوە بەرچاو کە شەش مانگ لەوەی پێش لە مەهابادێ، لە ماڵە برایەکی محەممەدی ماملێ دیتم: براکەی لە کن ژن و کوڕەکانی لە سەر فەرشی چۆکی دادا و لە بەر خوڵای پاڕاوە کە کوڕەکانی وەک قوربانی بۆ کوردستان لێ قبووڵ بکا. کەسیش قسەی دە قسەیدا نەکرد، بە پێچەوانەوە، ژن و کوڕەکان پێیان شانازی بوو. ماملێ دەست بە سەر کچە چکۆڵەکەی دادێنێ وبە ئاشکرا دەڵێ:« بەڵام ئەمن کچەکانم زۆر لە کوڕەکانم خۆشتر دەوێن ».

● هیچ کایەیەک هەیە کە تایبەت بە کوردان بێ و ئەنگۆ لە ڕابردوودا لە مەهاباد کردبێتان؟

ـ « بەڵێ، کایەی میرمیرێن، کایەیەکی یەکجار سیاسییە».

● کایەیەکی سیاسییە؟

ـ « کایەیەک کە بەردەوام لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە قەدەغە دەکرا، ئەو کایەیەش دواجار دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لێرە بەڕێوە چووە. «میر» یانی حاکم و سەردار. حاکمێکی ڕاستەقینە بۆ کوردستان هەبوو. بەڵام میری گەمە دەنێو خۆماندا هەڵدەبژێردرا. ئەو میرە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی دیاری دەکرد. وەزیر و ویشکەڕنی هەبوو، هەموویان هەوڵیان دەدا وەپێکەنینی خەن. ئەگەر میر پێکەنیبا، کایەکە تەواو دەبوو. ئەمن قەت میرێکم نەدی پێبکەنێ. دوایین میر سەدیقی سیاسەری بوو کە چەند ماڵ ئەولاتر، لە گەڕەکی ئێمەدا دەژی. ئەو لەو دەمییەوە هێشتا هەر پێنەکەنیوە.

میرمیرێن گەمەی منداڵان نییە، لە هەموو دێهاتەکان دەیکەن و چەند شەو و ڕۆژان دەخایەنێ. زۆرجاران دەودەمەیدا دەست پێدەکا کە کوردێک زیندانی دەکرێ. ڕەخنە دەربڕینێکە، وەک دامەزراندنی حکوومەتێکی دیکە، دژی دەستەڵاتی سەرکوتکەرانەی حکوومەتی ناوەندی تارانێ، وایە. میری گەمەی ئێمە، میری ڕاستەقینەی(کە بە بێ قانوون و بەوپەڕی دڕندەییەوە لە مەهابادێ حکوومەتی دەکرد) ناچار کرد زیندانی سیاسی ئازاد بکا. بەوچەشنە کە دەستەیەکی دیاریکراو لە لایەن میری گەمەوە، کورتانێکی کەرێ دەگەڵ خۆیان دەبەن و دەچنە کن میری ڕاستەقینە و پێیدەڵێن: ئەتۆ یان دەبێ ئەو کورتانەی لەپشت خۆت بنێی یان دەبێ زیندانییەکان ئازاد بکەی. ئەویش ناعیلاج ڕێگای دووهەم هەڵدەبژێرێ. لە جەنگەی گەمەی میرمیرێندا هەموو دوکان و بازاڕ دادەخران، لە هەموو شوێنیان دەخورا و دەخوراوە، هەڵپەڕکی و زەماوەند ساز دەبوون. لە تەواوی دێی دا قسەی خۆش دەکران، بەو قسەخۆشانە دەیانویست میر وەپێکەنین خەن. دەنێو ئەو قسانەدا نەقڵی زۆر پیسیشیان دەگێڕاوە... ».

ماملێ پاڵدەداتەوە، پێدەکەنێ، بەڵام بە هیچ چەشنێک نایەوێ یەکێک لەو نەقڵانە بگێڕێتەوە.

ـ «... بۆ دەوڵەمەندەکان شانازی بوو، کە لە کاتی ئەو جێژنەدا پووڵ وخواردەمەنییان بەخشیباوە. ئەگەر بە مەیلی خۆیان ئەوەیان نەکردبا، میری گەمە پیاوی خۆی دەسەر دەکردن، هەتا پووڵیان لێ ئەستاندبان، پاشان ئەو پووڵە بەسەر هەژاراندا دەبەخشراوە. بزانە ئێمە هەر ئەو دەمی بەو گەمەیەی، ویستوومانە حکوومەتی تایبەتی خۆمان، عەداڵەتی تایبەتی خۆمان، ڕێکخراوی تایبەتی خۆمان دامەزرێنین و خۆمان ڕابێنین، بەڵام بەچەشنێک کە گاڵتە و خۆشیشی دەگەڵ بێ. بۆیە ترسی حکوومەتی شای سەبارەت بەگەمەی میرمیرێن زۆر بەجێ بوو ».

● وێدەچێ وەختی وەی هاتبێ کە ئێوە دیسان میرمیرێن دەست پێبکەنەوە.

ـ « هەقتە، دەبێ دیسان دەست پێبکەینەوە... »، لەبەر خۆیەوە دەچتە دەفکرەوە.

● ئەرێ گۆرانی تازە ی کوردی هەن کە باسی ئەو شەڕەی دوایی بکەن؟

ـ « ئەمن هێشتا شێعرێکی وام لە سەر نەبیستووە. ئەگەر «هێمن » یەکێکم بۆ بنووسێ، دەتوانم دەستبەجێ بیکەم بە گۆرانی. ئەگەر ئەتۆ جارێکی دیکە بێیەوە ، بێشک زۆرمان دەبن ». ■

۱) ماملێ لەساڵی ۱۹۲٦(۱۳۰٤ی هەتاوی)دا لە دایک بووە. ـ بڕوانە: تۆێشەبەرەی هونەری ماملێ، نووسین و ئامادەکردنی سمایلی ماملێ ـ وەرگێڕ.

۲) ئەو شێعرە ئی «وەفایی»یە، وەرگێڕ.

۳)گوندێکە سەر بە مەڵبەندی شاروێران کە لەپاڵ گردێک لە قەراغ جادەی مەهاباد ـمیاندوواو هەڵکەوتووە ؛ وەرگێڕ.

سەرچاوە:

Hella Schlumberger, Durchs freie Kurdistan Erlebnisse in einem Vertrauten Land -1980.C.Bertelsmann Verlag, Munchen / ISBN 3 - 570 - 05285 - 0. printed in Germany.

رەخنـــــە

و

ڕوانگە

## نامەیەک

# بۆ نووسەری




- ژیان بە دەم زریانەوە
- ڕۆمان
- نووسەر: تەیفوور
- قەوارە: مام ناوەنجی(٢١٥ لاپەڕە)
- شوێنی فرۆش: کتێبفرۆشی ئەرزان

**نووسینی: ئەمیر . ک**

بەڵێنیم دابوو لە سەر « **گەلاوێژ** » بنووسم، هیندەم وەدواخست ـ دایە بیانوو بۆ تەمەڵ هەیە ـ هەتا "چیمەنی" بەدوادا هات. سوپاس کە بۆت ناردم. ... ئێستا لە باتی گەلاوێژ لە سەر " ژیان بەدەم زریانەوە" دەنووسم. پێم خۆش بوو لە وڵامی نامەکەتدا کە برێ شتت لە سەر چیرۆکی کوردی نووسیبوو، شتێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە چیرۆکی کوردی بنووسمەوە. هێشتا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە و پێشم وانیە بەو زووانە بڕەخسێ. لێرە بڕێک « گریز بە کربلا » پێدا دێم.

بۆ من دژوارە لێکدانەوە لە سەر ڕۆمانێک بکەم کە لە دنیای چیرۆکەکەیدا نەژیابێتم، تەنیا دەتوانم وەکوو چیرۆک هەڵیسەنگێنم.

بۆ من کوردستان ئەو کوچە وکۆڵانە خۆڵە پۆتانەیە کە لەگەڵ منداڵیمدا گرێ دراوە. مێشێن وهەلوکان وتامەزرۆیی.... زریان هەڵی کەندین ودوایە لە هیچ کوێ نەگیرساینەوە. بۆیە تامەزرۆیەکە هەر ماوە وپیلم دەکێشێ وچیرۆکی کوردیم پێ دەخوێنێتەوە. ڕەنگە دەمەوێ بە هۆی چیرۆکەوە لەو ژیانەدا بەشدار بم کە لێی بێوەری بووم. داخەکەم هەرچی زیاتر دەگەڕێم کەمتر دەیبینمەوە. نەک هەر کەم دەنووسرێ ، بەڵکوو ئەوەش کە دەنوسرێ وڵامی چاوەڕوانییەکەی من ناداتەوە... ناڵێم ئەمەی تۆ نووسیوتە ئەوەیە کە دەبێ ببێ ، بەڵام هیوایەکی لە مندا دروست کرد کە بڵێم منداڵەکە کەوتوەتە گاگۆڵکێ... دەزانم پێدەکەنی، هەقتە، منداڵێکی سێ سەد ساڵە تازە کەوتوەتە گاگۆڵکێ... مەڵێ وڵاتمان نەبووە ، زمانەکەمان بەربەست کراو بووە و... ئەو شتانەی کە قەت نایبڕیەوە! مەگەر لە دەورەی«خانی»دا دەوڵەتی کوردی هەبووە؟ یان خەڵک بە زمانی کوردی خوێندوویانە؟ بۆ خانی هەموو نوسولە بنچینەییەکانی تراژێدی ڕاگرتووە؟ بەڵام چیرۆک نووسەکانی ئەمڕۆی ئێمە نەک هەر نوسوڵی چیرۆک لە بەرچاو ناگرن بەڵکوو دەردەکەوێ کە نایزانن و ورەی نووسەربوونیان نیە. داخۆ کام لە چیرۆکنووسەکانی ئێستا دەوێرن کە ئەو دیمەنە سێکسییەی شەوی یەکەمی زەماوەندی " ستێ وتاجدین " بنووسێتەوە: چەسپان بە یەکا ئەوەک پسوتن/ خۆش ئێستەیە جوت وڕوتوقوتن/ کلچۆکی سپی وستور وسەر سور / ڕێ تەنگ بو بەگێرە گەییە کلتور/ دەردی دی هەتا گەیشتە ناوی / خەستاوی ڕژان لە تاقە چاوی/ یەک خۆی دەچکا لە گەرمی ڕێگە/ یەک خوێنی تکا لە تەنگی جێگە/ حەو ڕۆژی لە دەرهێنان وتێنان / بەولاوە، شتی وەبیر نەدێنان.

ئەتۆش کە پێت وایە بە زۆر شت وێراوی، لەمەدا وەک بۆرەپیاو (وردەبورژوا) ێکی شەرمێونی شاری دەستت بۆ بردوە.

بەداخەوە دەبێ بڵێم چیرۆکنووسەکانی ئێمە نۆ لەدەیان چیرۆکنووس نین. ئەوەی کە نێوی چیرۆک وکورتە چیرۆک ورۆمانی لێدەنێن زیاتر ڕاوێژ و حیکایەت وقسەی خۆش گێڕانەوەی وەک باب وباپیرانە، هەتا چیرۆک بە مانای ڕاستەقینە. یاخۆ پەخشانی سیاسی یا قسەی قۆڕ وبێتامە. ئەو وتەیە بە تەواوی ڕاستە کە دەڵێن چیرۆک دەبێ وەک چیرۆک بێ، لە ژیان سەرچاوە بگرێ، بەڵام ئەگەر لە ژیانی ئاسایی بچێ کەس نایخوێنێتەوە.

ڕەنگە بڵێن چیرۆکی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە! داخۆ دەزگای ڕادیۆ وتەلەویزیۆنی کوردی ـ ئەگەر لە داهاتو دا ببێ ـ بە ترانزیستۆر چێ دەبێ یان لە دار وبەرد وتەپاڵە؟ چیرۆک ورۆمانیش وایە، خۆ ئێمە دامان نەناوە. ئەوەی دایناوە ـ ئێمەش ئێوەکەی لێ فێر بووین ـ نوسوڵێکی بۆ داناوە. ئەگەر ئەوانەمان لە بەر چاو نەگرت ئەوە دیارە هەو نیە وبە هیچ کوێ ناگا، دەستە براکانمان چەپڵەمان بۆ لێدەدەن وئێمەیش دڵمان خۆشە بووینەتە نووسەر.

بەر لەوە کە پەشێوی بەرەو لایەکی دیکە بمبا، دەگەڕێمەوە سەر ڕۆمانەکەی تۆ و دەیکەم بە بیانوویەک بۆ وتووێژێک کە هیچ نەبێ لانی کەم لە بۆچوونەکانی من ئاگادار دەبی.

کە کوتم ڕۆمانەکەت، یانێ دانم بەوەدا ناوە کە ڕۆمانە، با پەنجا هەزار وشەکەشت پڕنەکردبێتەوە. ئێستا ئەو مەرجە نەماوە، بەڵام دەیان مەرجیتر هاتووەتە پێشەوە.

ئەوەندەی ئەمن بیزانم مامۆستاکان کوتویانە: هەر چیرۆکێک بەتایبەت ڕۆمان لە سەر سێ کۆڵەکە ڕادەوەستێ: کات، جێگە، ڕووداو (داستان). ئەوانیتر وەکوو دارشتن وفانتێزی وزمان و... گەرچی لە جێی خۆیاندا گرینگن بەڵام دەست و سەر و چاو و ڕازاندنەوەن؛ کە هەموویان لە سەر ئەو سێ لاقە خۆیان دەگرن. قرپ بوونی هەر کام لەو کۆڵەکانە دەبێتە هۆی ڕۆخانی ماڵەکە... با لە بەرێکەوە پێدا بێمە خوارەوە.

* ڕۆمانەکە بە شەوێکی ڕەشی مانگی ئاخری زستان دەست پێدەکا. شەوی ڕەش وزستان یانێ تاریکی وسەرما ـ بەشێوەیەکیتر، یانێ چەوسانەوە وزۆڵم وزۆر ـ دوو پاڵەوانن کە دەور دەگێڕن. نە لەبەر سروشتی بوونیان، لەبەر ئەوەی کە دوژمنن. بتەوێ ونەتەوێ فەزایەکی ڕەش وتووش وبێ بەزەیی ـ کە دوژمن خوڵقاندویەتی لە مێشکی خوێنەرەوەدا دروست دەبێ وئەتۆ کەڵکت لێ وەرگرتووە. گەرچی بەشی زۆری چیرۆکەکە ـ لەباری کاتەوە ـ بەهار وهاوینە، بەڵام من گەرمم نەبووبۆوە کە تۆ زستانت دەست پێکردەوە. تەنانەت بیرەوەرییەکان (flash back) هەموو هەر کاتیان زستانە، ( بیرەوەری سۆفی ـ هاتنی دایکی چیمەن بۆ شار ـ گوم بوونی باوکی چیمەن لە هەرەس دا ) ئەمە بۆ من یانێ ئەم ڕەوتە لە مێژووشدا هەر بەردەوام بووە، بەڵام ئێستا ئاخر مانگی زستانە و تۆ لەسەر ئەو باوەڕەی کە ڕزگاری نزیکە! تەنیا لە یەک جێ ئەم ڕیتمە تێک چووە، لەسر کانییەکەی " سوڵتان سەراجەدین ". ئەویش لە بەر ئەوە کە بەرانبەردانان (kontrast )ێکی بە جێ وجوانە، دەکرێ بە نەدیوی بگرین. چیرۆکەکە هەر لە زستاندا کۆتایی پێدێ. شەو نەورۆز بوونەکەی شتێک لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە هێشتا زستانە چون هێشتا دوژمن زاڵە و ناهێڵێ خەڵک ئاور بکەنەوە، چیمەن خوێناوی ونیوەگیان لە زیندانی تاریک دەخرێ. کە وابوو سەرما و ڕەشی وتاریکی هەر بەردەوامە.

زۆربەی ڕووداوەکان لە شەودان، دوژمن بەشەو دێتە سەریان و پێشمەرگەش بە شەو هێرش دەبەن یا هاتووچوو دەکەن. شەو بەسەر ژیاندا زاڵە. ئەم هەستە لە هەموو شوێنەکان هەر دەمێنێ، تەنانەت ئەو کاتە کە خۆر هەڵدێ. چوونکە تەقەی تۆپ وهەرای شەڕی بە دوودا هاتووە. دوژمنی دوژمنی ڕووناکییە. کاتێک"«ئاویەر» ئارەق چنە زەردەکەی لە سەر دەنێ"، دایە دەکوژرێ. کاتێک "خۆر لە کونە وەجەکەوە هاتووەتە ژورێ" دەنگی هلیکۆپتەر بەرز دەبێتەوە، و... بە گشتی یەک گرتوویی و پاراستنی دەوری کات بە باشی پارێزراوە.

* ورد بینی و وەسواس لە دیاریکردنی جێگەدا زۆر جار هێنامیە سەر ئەو بیرە کە زۆر پێدا چووی. تەنانەت هیندێ جار وەسواسی «تۆلستۆی» م، لە« ***شەڕ و ئاشتی***»دا وەبیرهاتەوە. ئەو هەموو تەپکە و دۆڵ ونێوی دێ وچۆم و... داخۆ بۆ ڕۆمانێکی ئاوا بەرتەسک پێویستە؟ دواتر بیرم لەوە کردەوە کە ئەو شەڕە، شەڕی خاکە؛ خاکێک کە خۆشەویستە با بەفریشی لێ نیشتبێ وپاسدار میزی پێدا بکا. شەڕی نیشتمانە بۆیە جێگا هیندە گرینگ نیشان دراوە. لە زۆر شوێنیش هەلومەرجی داسەپاو بە سەر ئەوخاکە دا وەبیر هێندراوەتەوە، وەک: دێ لە ژێر بەفردا نووستبوو؛ مژ سەرکڵاوەی سوڵتان سەراجەدینی داگرتبوو؛ ڕەشەڵان ڕەش داگەڕابوو و...

* لە ڕووداوەکاندا، یا بڵێین لە داستان گێڕانەوەکەت دا، کارێکی پڕ لە مەترسیت کردووە. هاتووی ڕووداوەکانت گرێ داوە بە دەروونی پاڵەوانەکانەوە. بۆ وێنە پاش گەیشتنی «چیمەن» بە ناوەندی ڕێکخراو تەنیا چیمەنە کە بە شوێن خۆیدا دەمانبا نەک چیرۆک... ڕۆژی دوای زەماوەند، ڕووداوەکە ـ هێرشی دوژمن ـ سەرنجمان ڕادەکێشێ دەنا کارمان بە«چیمەن» نەماوە. کاتێک «چیمەن» لە باینچۆ دادەمەزرێ ئەگەر«ئامە» بە فریامان نەیێ دەتوانین کتێبەکە داخەین... ڕووداوی«مزێ» بۆ خۆی چیرۆکی پاڵەوانێکی جودایە کە بە ئاستەم ودوو بەڵا ـ پەڕینەوەی سیامەک بۆ ئەوبەر ـ بە چیرۆکەکەوە گرێ دراوە. ڕووداوی«شیرین» تەنیا لە باری بابەتەوە ـ مەسەلەی ژن ـ لەو چیرۆکەدا جێی بوەتەوە. گەرچی من ئێستاش دەستە خەنەییەکانیم لە بەر چاو ون نەبووە.

نازانم چەندە ئاگات لەم مەترسییە هەبووە، جاری وایە زۆر سەرکەوتووانەیە وجاری واشە بە زۆر قوت دەدرێ. ئەگەر«سەی حەسەن ومووزەفەر»م خۆش نەویستبان دەمگوت زیادین. «**مۆرگان**» دەڵێ: ئینسانی سەرەتاییش کاتێک چیرۆکی دەگوت ئاگای لەوە بوو کەدایە گوێدێرەکانی لە پەیجۆریدا ڕابگرێ،ئەگەر زانیبایان دوایە چ دەبێ، هەڵدەستان دەیانخوارد. ( بریا ئەو دایە هەر مابا !!) لە ڕاستیدا هەموو هونەری بەشی داستان گێڕانەوە گرێ دراوە بە ماتڵ بوون (saspense)ەوە. ریسکەکەی تۆ لەوێدایە کە ویستووتە لە باتی ئەو ماتڵ کردنەی خوێنەرەوە خۆشەویستی پاڵەوانەکان بکەی بە هۆی درێژەدان بە خوێندنەوە. لێرە ئەتۆ خۆتت داوەتە دەستی هەستی خوێنەرەوە و هەر کەسە بەپێی هەستەکانی لەگەڵ بابەتەکان بڕیاری لەسەر دەدا. بۆ وێنە خۆشەویستی پێشمەرگە من وا لێ ناکا کە چاو پۆشی لە کزی چیرۆکێک بکەم، بەڵام بێ پەنا بوون وبێ دەسەڵاتی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا وام لێدەکا. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە تا تەواوم نەکرد دام نەنا، بەڵام ئەوە ناتوانێ گشتی بێ.

* شانسی هەرە بەرزی ئەم چیرۆکەت ئەوەیە کە کەسەکان(personage) وەکوو زۆربەی چیرۆکەکانی کوردی یەک لایی نین، کە وەکوو پۆستێر بە دیوارەوە نووسابێتن وچوار دروشمی

←

زەلامیان لە سەر نووسرابێ، یان مژ لە سەبیلەکەیان بدەن وقسەی لە ئەفلاتون زەلامتر بکەن ـ ئەویش بە شێوەی زۆر ناچیرۆکانە ـ بەڵکوو ئینسانەکان گۆشتیان هەیە، پێستیان هەیە وچەند لایێن. هەموو ئەوانە کە لە خەتی ناوەڕاستی چیرۆکەکەدان هەتا ناخیان دەبیندرێ. لە پیاوەکاندا «مزێ» لە هەموو زیاتر، (پاڵەوانێکی شەڕ بە هەستێکی ناسکەوە )... شەریف پڕ بە پێستی خۆی نموونەی کادرێکی حزبییە، کاراکترێکی گشتی لە پلەی سیاسی ئەو وڵاتە، پەنجەرەیەک بۆ دیتنی چەندی وچۆنی شۆڕش. دیارە بە یارمەتی ئەو سێ ژنە کە بە وردە تەنزێکی تاڵەوە دەیانهێنی و لەبیریان دەبەیەوە... ئەمن بام لەسەر«خەلیل» زیاتر کارم دەکرد. «حەمە» زۆر کاڵە وئەو جۆرە کە لە سەرەتادا هێناوتە وناساندووتە، چاوەڕوانی دەورێکی زیاتری لێ دەکرێ. دەڵێی لە کۆڵ خۆتت کردووەتەوە. سیامەک بۆ هاوتای خۆشەویستییەکی ئاوا قووڵ کە لە«چیمەن»دا هەیە زۆر لاوە. پێم خۆش بوو بزانم بۆ وات لێکردووە؟

بۆ شیرین لە گەڵت نیم. راستە لە کوردستان لە ناو لانکەشدا کچ بە مێرد دەدەن وئەوە دەبێ بگوترێ، ـ هۆیەکەشی هەر ئەوەیە ئاماژەت بۆ کردووە ولە ئیسلامدا هەیە ـ بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە حیزبەکان پەنادەر وفریاڕەسی کچ وژنی کورد بن. مەگەر بەدەگمەن و داخۆ لە بەرچی... با هەر لێرە ئەوەش بڵێم کە زۆر چیرۆکی کوردی باسی ژن وناهەمێیی ژن لە کوردەواریدا دەکەن، بەڵام هەموو کاتێک زەق دیارە کە نووسەرە پیاوەکە لە کورسی بەرزی پیاوانەوە و بە زمانی باوکسالارانە تەواشای بابەتەکە دەکا و ئەو پەڕی مرۆڤ دۆستییەکەی دەبێتە بەزەیی پێدا هاتنەوە. یاخۆ پەخشانی سیاسی دەرکردن. هەر وەک ئەودیەنە کە تۆ لە مزگەوتەکەدا باست کردوە... من لەم چیرۆکەدا هەستم کرد ژنان بۆ خۆیانن قسە دەکەن ،دەوێرن باسی هەستەکانیان بکەن، گەرچی تەنیا لەگەڵ منی خوێنەرەوە نەک لەگەڵ کۆمەڵەکەیان ... شیرین و چیمەن و دایکی ونامە بۆ من دەبنە کاراکترێکی تەواو لە ژنی کوردەواری. «پیرۆزە» پیاوێکە بۆخۆی وئەوە نیشاندەدا کە دەسەڵات، دەسەڵاتە و بە ژن وپیاوی نیە.

بریا زیاتر بنەماڵەی پیرۆزەت وەکوو بنەماڵەیەکی کوردی بە داب ونەریتی تایبەتی کوردەوارییەوە نیشان دابا. لە زۆر جێ بەشی زۆری قورسایی باری تێگەیشتن دەخەیە سەر شانی خوێنەرەوە (خۆ تێگەیشتن) کەچی لە برێ جێگە زۆر بۆی شی دەکەیەوە. دەزانی من لەوانە نیم کە دەڵێن نووسەر نابێ خۆی تێ وەردا ،خۆتێوەردان لەمە زیاتر کە چیرۆکەکە دەنووسێتەوە! ؟ بەڵام هەموو هونەرەکە ئەوەیە کە چۆن کڵاو لەسەر خوێنەرەوە دەنێ ـ هەتا نەیخۆن ـ . نابێ بهێڵی بزانێ کە ئەوە کڵاوەکەیە. لەڕاستیدا هونەری«مارکز» ئەوەیە کە کڵاوێکی تازەی دیتووەتەوە... ئەتۆ لە هەموو کاتێکدا لەو هونەرەدا سەر کەوتوو نیت. بڕوانە بەشی ناساندنی سیامەک.

* من دارشتن، نەک هەر بە چۆنیەتی زمانی چیرۆک دەزانم، بەڵکوو بە چۆنیەتی بەکاربردنی زمان دەزانم. شتێک کە من لە هێندێ چیرۆکی کوردی ماندوو دەکا، زۆر بەکار هێنانی وشەی هاومانا و ئاوەڵناوی زیادی یە. دەڵێن وەرگێڕان کارتێکەری لەسەر زمان هەیە، لەم بارەوە ڕچەیەکی سەیر بۆ کورد شکاوە.«**یاشار کەمال** » ئەو شێوەیەی بەکار بردووە و«**شوکور موستەفا**»ش هەتا دەستی دەڕوا خۆشتری دەکا. چیرۆکنووسی ئێمەش وادەزانێ چیرۆکنووس دەبێ وابێ هەتا نێوی بچێتە ناو ناوان. هەر وەک ئەو کاتە کە بەرەیەک بە هۆی وەرگێڕانی«**سارتر**»ەوە بووبوون بە "ئیگزیستانسیالیست ". هەر چۆنێ بێ، پێم سەیر بوو کە تۆ لەم شێوەیە کە لەناو کورددا باوە و نە باوی ماوە ونەدەور، خۆتت پاراستوە! هەر نەبێ منی نەخوێندەوارت لە دانان وهەڵگرتنەوەی «*هەنبانە بۆرینە*» (کە بۆت ناردووم و لە بیرم چوو سوپاست بکەم) ، رزگار کرد.

دەڵێن «**سوارە**» شێعری " خەونە بەردینە "ی لە بەرانبەرکێ لەگەڵ «*ماسیە ڕەشە چکۆلە*»کەی«**صمد بهرنگ** »دا داناوە، کەچی ماسیە رەشەکە هەموو منداڵێک تێی دەگا، بەڵام خەونە بەردینە هێندە کوردییەکەی ڕەقە کە بە «*فەرهەنگی خاڵ*»یش بۆ من جێ بەجێ نابێ تا چ بگا بە منداڵە هەژارەکەم.

دێمە سەر زمانی چیرۆک؛ گەرچی فۆرمولەکلاسیکەکە(سەرەتا ـ کردنەوە ـ داخستن ) هەر لەجێی خۆیدا ماوە، بەڵام گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. هەر چۆنێ بێ ئەتۆ خۆت لێ لاداوە، ئەختێک بەرەو «**چیخۆف**»وئەختێک بەرەو«**ئیشتاین بێک**» . یا بڵێین بە شێوەی خۆت ـ بۆهەر دەبێ نێوێکی ئوڕووپی پێوەبێ؟ ـ چون لە«گەلاوێژ»یش دا هەر ئەو شێوەت بە کار هێناوە. ئەویش من نێوی دەنێم " شەپۆلی ".

ڕووداوێک دێ ـ شەپۆلێک ـ هێندێ کەس لەگەڵ خۆی دێنێ، هێندێ هەست دەبزوێنێ ودادەمرکێتەوە. لەماوەی ئارام بوونەکەدا هەستەکان گەشە دەکەن ولەگەڵیان دەکەوین.ڕووداوێکی دیکە لە دەرەوە ڕوو دەدا و ئێمە دەبێ بە پێی هەستی خۆمان لە گەڵی بەرەوڕوو بین. دوایە بۆ خۆمان دەبێ بزانین کە هەستی پاڵەوانەکانیش ئەوە نین کە لە پێشدا دەمانزانی. بۆ وینە پاش هێرشی دوژمن بۆ ژاوەرۆ «حەمە» ئیتر ئەو حەمە نییە کە دەماناسی ، دەبێ لە سەرڕا دەست پێ بکەینەوە. چیمەن پاش هەر ڕووداوێک شتێکی دیکەیە. شەپۆلێک مزێ و خەلیل لەگەڵ خۆی دێنێ ودامرکانی دوایی خۆشەویستی سیامەک وچیمەن و ئێمە جارێکیتر لەگەڵ دەرونی پاڵەوانەکان بەرەو ڕووین، نەک ڕاستیەکانی دەوروبەر؛ و... هەر ئەم ڕیتمەیە هەتا دەگاتە لەچۆم پەڕینەوەی چیمەن. ئەو دەم ڕووداو وهەست هاو پەرا دەبن وچیمەن بە پێ ڕەوتی ڕۆیشتن هەستی دەگۆڕدرێ کە بۆ خۆی دەبێتە بنچینەیەک بۆ بەشی دووەم کە ئامە (ئاخر دیەنی شانۆگەرەکە)پەیدا دەبێ. ... ئاخر ڕووادو بە شێوەی " هاوکات وهاوڕێ " زیاتر لە تایبەتکاری خۆت ـ سینما ـ کەڵکت وەرگرتووە هەتا تکنیکی چیرۆک. گەرچی داهێنانێکی نوێ نیە ـ داخۆ شتێک لە مێژوودا هەیە کە تازە

←

بێ؟ ـ بەڵام زۆر باش دارێژراوە وبەجێ کەڵکت لێ وەرگرتووە.

شتێکی دیکە کە دەبێ لە دارشتندا باسی بکەم ئەوەیە کە بێژگە لەوانەی ئاماژەم بۆ کرد، وەکوو قەوارە ئەم ڕۆمانە بە کۆنتراست چێ کراوە. چیمەن ونازێ، شەریف وفەرماندەری هێز، سیامەک وحەمە، زستان وبیرەوەری بەهار، ژنەکادرەکان وژنەکانی گوند، ئارەزوی باوەشی گەرمی دێ و ڕەشەڵانی ڕەش داگەڕاو و لە هەموو گەشتر چیمەن وشوانە ـ پیاوێک پارێزگاری لە ژنێک دەکا کە هەر ئەو تاوانەی هەیە کە ژنەکەی خۆی هەیەتی و ئەو لێی دەگەڕێ کە بیکوژێ، کەچی لەئاخرەوە تەنیا چیمەنە کە بۆی دەگری. ـ ئەو دیمەنەت بۆ ئەوە دەبێ پیرۆزباییت پێ بڵێم.

* بۆ ئەوەی شەرمان لێ پەیدا نەبێ، باسی ڕوانگە وبۆچوونەکانت ناکەم تەنیا دەڵێم بەجێ هێشتنی " ژیان " بە لای ئامەوە هەموو فەلسەفەکەت ڕوون دەکاتەوە، چاکت ڕاگرتووە بۆ ئاخر. بە خۆمم کوت چیرۆکەکە لێرە تەواوە! بەڵام یەک قسەت پێ مابوو کە لە پێشدا چاوەڕوانی نەبووم. گەرچی لە خۆمم پرسی بوو «حاجی مەنسوری بۆ نەکوشت؟»... ئاخر پاراگراف ئیتر بە تەواوی سیمبۆلیکە. حاجی دەبێتە دوژمن کە شۆڕش شەلی کردووە بەڵام هەر ماوە وشۆڕش دەبێتە چیمەن کە خوێناوی ونیمە گیانە وگەرچی لە ناوتاریکایی خراوەتەوە، بەڵام هەر ماوە. ئەش مێنێ گرینگ نیە، کۆرپەکەی هاتووەتە دنیا. لەسەر کێوەکانیش ئاورێک داگیرساوە کە دوژمن پێ ناکوژێتەوە...

***

پێم وایە کۆرپەی ڕۆمانی ئێمەش هەتا بگاتە ئەو جێگەی کە ئەورۆ ئەدەبی دنیا تێیدایە، ڕێگایەکی پڕ لە کۆسپی لەبەرە کە بۆ بڕینی ئەو ڕێگایە نەک گاگۆڵکێ کە دەبێ هەڵاتن فێر بێ و بۆ ئەو هەڵاتنە، دەبێ هەموو هەوڵ بدەین زیاتر فێر بین... هەتا چیرۆکی کوردی نەگاتە ئەو ڕادەی کە بکرێ وەرگێڕدرێتەوە سەرئینگلیسی، بە تەمای مەبە لە چایخانەکان بێتە دەرێ.

بەشێکی زۆر لە قسەکانم سەبارەت بە وردەکاری وڕوانگەی کۆمەڵایەتی و... ماوەتەوە، کە لێیان دەگەڕێم. تەنیا چەند پرسیار هەیە کە پێم خۆشە وڵامەکەیان بزانم.

ـ پێنج دایک لەو چیرۆکەدان، دوویان دەکوژێ. یەکیان چاوەڕوانی کوڕە کوژراوەکەیەتی، چیمەن دەچێتە بەندیخانە وئامە ماوەتەوە. داخۆ ئەمانە ڕەوتی چیرۆک هێناونی یا مەبەستێکت هەبووە؟

ـ بۆ پێشمەرگەکان زۆربەیان شارەیین و باسی پێشمەرگەی لادێیی ناکرێ؟

ـ بۆ خۆتت لە دووبەرکێی ژیانی شار ودێ نەداوە، گەرچی پاڵەوانەکان هەموو لە شارەوە هاتوون ولە گوندان دەژین؟

بەهیوای بەرهەمی تازەت،... ئەمیر ـ ک

ڕوان دروستــــــــــتــــــــــە

دۆستــــــان

بەڕێز، بەڕێوەبەری گۆڤاری «گزینگ».

سڵاو لە تۆ،

پێش هەموو شت پیرۆزباییتان لێدەکەم بۆ گەیشتنتان بە ئاواتی لەمێژینە و هەر وەها بۆ دەرخستنی گۆڤاری «گزینگ».

جێی مایە و خۆشحاڵی هەموو کوردێکە کە دەبینێ نەتەوەکەی سەرەڕای هەوڵی بێ پسانەوەی دوژمن بۆ تواندنەوەی، گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە توانیویێتی، هیچ کە دوا نەکەوتووە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ، فەرهەنگ و ئەدەبی ڕەسەنی خۆی گەشە پێ بدا و بە داگیرکەران و کۆنە پەرستان بسەلمێنێ کە بەرهەڵست بوون و بەرگری لە بەرامبەر کولتور و ئەدەبدا، خەیاڵێکی خاوە.

لێرەدا پێش ئەوەی قسەکەم بکەم ئەم پەندەتان بیر دەخەمەوە کە لە کوردەواریدا باوە. دەڵێن: " دێ نەگەیوە، دوکەڵ لە جێ"، دیارە ئەم پەندە دەبێ لە زاری ئێوە بێتە دەر. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو حەقەتان هەیە کە بڵێن : ئەها زوو دەنگی ڕەخنە و ڕەخنەکاری بەرز بۆوە. بەڵام ئەوەی من دومەوێ بیڵێم وەکوو ڕەخنە نیە بەڵکوو هەڵەیەکی بچووکە لە شێعری « ڕێژنە» دا. دیارە هەڵەکە لە باری نووسینەوە بچووکە بەڵام لە باری مەعناوە، هەڵبەستەکە تێکدەدا.

ئێوە نووسیوتانە:

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لەمێژینەم بەڵام
ڕێژنەیکم لێ بدا پێم وایە بۆ[ژوان] ببمەوە

بەڵام مەبەستی مامۆستا هێمن ئاوایە:

من گوڵی...
ڕێژنەیکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان ببمەوە

کە وابوو، کاتێک باسی گوڵ و ڕێژنە دەکرێ، دەبێ لە باتی ژوان ، ڕوان بێت.

هیوادارم سەر کەوتوو بن لە کارەکانتان دا. کاتێکی خۆشتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

**یەولە: مەجید**

کورتە
چیرۆک

# بــەهــار نــەهــات !

خۆمانی

**نووسینی: کوردان**

یادێک لە دوو پێشمەرگەی تێکۆشەرمان ،
ناصر و منصور ـ ی خوسرەوی .
هاوینی ۹۲

چی سەرە ژنی کە لە ئاوایی دا بوون ، بە نۆرە چوونە لای و پێیان گوت کە دەست لەم کونجە سارد و تاریکە هەڵگرێ و بێتە دەرێ . گوتیان کە تازە هەرچی بوو ، چوو؛ ئیتر دەگەڵ چووان چی ناکرێ و دەست لە ئەژنۆ کوتان ئاوی ڕژاو کۆ ناکاتەوە . لە پیاوانی ئاواییش چەندێکیان سەریان لێ هەڵێنایەوە و بە نەرمی و جار جار بە توندی لۆمەیان کرد. نەرم و میهرەبانتر لە هەموو پیاوانی ئاوایی مامۆستا سەعید و، توند و تووڕەتر لە هەموویان خاڵە مەجید بوو بە سەریەوە ؛ خاڵەمەجید خۆی بەخزمی نزیکی دەزانی . جاری جاران بوایە و مانگا قەشان مابایە ، خاڵە مەجید قەت لە گوڵ کاڵتر پێ نەدەگوت و نەی دەهێشت دڵی تۆزێ بشەمزێ . نەشی دەهێشت تەویلە و نێومالەکەی لە ڕێبەندانی سارد و پیاو تەزێندا ئاوا ئەوەندە سارد و سڕ و چۆڵ و تاریک بێ . تەویلەی سارد ، بۆ مانگا قەشان باش نەبوو . بەڵام ئیتر مانگا قەشان نەمابوو کە هومێدێک مابێ . خاڵە مەجید جاران میهرەبانتر بوو بۆی ؛ هەر ئەوەندە میهرەبان ، کە لەتفاق داخستن و قۆرێ و گیشەدانانی پاییزانەشدا هەرخۆی هەمەکارەی بوو. تەنانەت بە هەموو دوورەپەرێزی و خۆ لە ناوی شەو پاراستنانیش کە ئاوێتەی ژیان و گیانی خاڵەمەجید بوو ، لە یەکەم پەڵەبارانانی پار پاییزی ڕابوردوودا کە تەرمی « یارە »ی جوانەمەرگی پورەنازدار و میوانێکی شاردیی لە شاخ گەڕانەوە دێ ، هەرچەند کە ترس و مەترسیی پاشەڕۆژیشی لە باخەڵدا بوو ، بەڵام خاڵە مەجید پیوی هەموو ترس و تەقییەکی لە خۆی هەڵسووت و سێ ڕۆژان لە مزگەوتی ئاواییدا بۆیان دانیشت . ئەودەم مانگا قەشان مابوو . مانگا قەشان ڕەنگ و نیگار و زینەت و زیوەری گوندەکەیان بوو . لەهاویندا ، ئەودەم کە مالات شەو بەکێو دەبوون و لای ئێواران بەرەو دێ دادەگەڕانەوە ، لە نێو گاڕانی دێدا ، شان و شەوکەت و بەژن و بالای مانگا قەشان دیار بوو . بەچاوی خاڵە مەجید و چەند بۆرە خزمی تری پورە نازدار ، مانگا قەشانی پورەنازدار لە هەموو مانگاگەلی دێ خۆش دیمەنتر و شەق و گەشتر بوو . مانگا قەشان ، لە بێ بەختیی خاوەنەکەی ئەوێ سالێ بەکاتی بەرگرتن نەیگرتبوو . بەڵام خزم و بۆرە خزمان دڵنیا بوون کە سال وەرسووڕابایەوە ، سالی بوو ؛ دەیگرت و خێر و بەرەکەتی بەسەر خاوەنی دادەباراند . خاڵە مەجید ، مانگاقەشانی پورە نازداری لە هەموو گاڕانی دێ پێ لەبەر دلانتر بوو .

نێوانی سێ پاییزان بوو کە گوندەکەیان تووشی نەهاتی هاتبوو . پورەنازدار تەنێ نا ، بەڵکە بەشی هەر زۆری نفووسی دێ کە وەک پورەنازدار نان و دۆیەکیان شک دەبرد ، چی چاکیان بۆ نەهاتبوو . لە نێوانی سێ پاییزاندا هەزار قۆرت و بەلایان بە سەر دا باریبوو . پاییزی پار ، لە قەوسی پاییز دا زستانیان لێ داهات و هەتا زستانیان بەنیوە گەیی تفاقیان بنەی هات و تووشی قڕانی زیندەوەر هاتن . سەرە بەهارەکەشیان قیامەتی کرد و زریان وکڕیوە نەی هێشت شینکە سەر وەدەر نێ و تێرەخۆرە بگاتێ . تەڕ و تووشی و سەرماو سەخلەت بێچووی ساوای زۆر لێ مراندن وگەلێکیان لە دۆ کەوتن . لە ئاخر بەهار دا دوو جار تووشی هێرشی بەپانەوەی هێزی حوکمات بوون و ناچار بە ڕاکردن و جێ هێشتنی ماڵ و مەکۆ هاتن . لە هاوین دا ڕێی چوونی کورەخانەی هەندەرانیان لێ گیرا ؛ دۆیان کە نەبوو ، نانەکەشیان تێداچوو . لە یەکەم ڕێژنەی پەڵەبارانی پاییزی ئەمسالیانیشدا تەرمی یارە و تازەلاوێکی شارەییان بۆ هاتەوە . دوومانگ دوای ناشتنیان ، گیشەگیای بەرێکی دێ بە تەواوی سووتا و سوالی تفاقیان لە زستان دا هاتە ملان . دواین و ئاخر دەرد و بەلایان کە بەسەردا باری ، زستان لە کۆچ دابوو ؛ هێشتا بەهاریان لێ دانەهاتبوو کە دەردە مانگا پاتالی ئەنگاوتن و ئیتر تەواو. مانگا قەشانیش کە جوانی و جەلای دێ و ناوی چاوی پورەنازدار بوو ، دەردە مانگا بردی و هەرچی بوو هەر هەمووی بڕایەوە . جاری جاران خاڵەمەجید چەتری بالای سەری پورەنازدار بوو ، بەڵام ئێستێ وەلۆ نییە .

لە پاییز دا کە تەرمی یارە و هاومەتەرێزەکەی یارەیان لە بارگێن دابەزاندن ، خەڵکی گوند و هەموو گوندەکانی دراوسێیان بۆ هەڵپشکوتن . لە سەر تەرمی یارە و میوانەکەی ، پورە نازدار شینی گێڕا . سەری لە قوڕ گرت و بەرۆکی بۆ دادڕین . بە تفەنگی دەستی یارەی جوانەمەرگی هەلاگوت کە مانگا ڕەشی ناواڵی مانگا قەشانی بۆ فرۆشرابوو . مانگا ڕەش ، شۆخ و گەش و خڕ و پڕتر لە مانگا قەشان

بوو . هەر دووکیان ، هەم مانگا ڕەش و هەمیش مانگا قەشان ، دوو لامەمکەی پڕاوپڕی هومێدی ژیانی پوورە نازدار و یارە بوون و نان و دۆیان بوون . حەوت ئاسمانی ژیانی نازدار و یارە ، هەر ئەم دوو ئەستێرەیەی تێدا بوو . گەر ڕوناکیی ئەم دوو ئەستێرە گەشە نەبوایە ، کوا کەی پوورە نازدار دەی توانی خەیاڵی ژن خواستن بۆ یارە و ، بارکردن و چوونی شار بە مێشک دا بێنێ ؟ مانگاڕەش و مانگا قەشان بۆ بەهاری داهاتوو دەبوون بە سێ . بەهار داهاتبایە ، مانگا ڕەش گوێرەکەی دەهاتە بەر گوانان و دەبوون بە سێ . هەر ئەوەندە بەس بوو کە مانگی ڕەشەمە بەسەر چووبایە وشینکەی خاکە لێوە سەری وەدەر نابایە ، مانگا ڕەش دەزا . بۆ مانگی جۆزەردان گوێلکەکەیان لە خەم دەخەڵەسی و دەستیان باشتر دەڕۆیی و دەنگیان دلێرتر دەبوو. ئەودەم ئیتر خاڵە مەجیدیش بۆ یارە نەی دەگوت نا. دەستیان دەڕۆیی و دەیان توانی زێڕنۆکی خاڵە مەجید هەڵگرن و بەرخوینەکەی بدەن . زێڕنۆکیان هەڵگرتبایە ، چاوتروکانێک لە دێ نەدەمانەوە . پوورە نازدار لەمێژ بوو ئەمەی لە بەرنامەی دڵدا بوو. جارانی جاریش ئەمەی بە یارەی کوڕی گوتبوو . یارەش چوونی شاری بەدڵ بوو . شارەکان هەزار بە هەزارێکی ئەوسەر نادیارن و هەموو شتێکیان تێدا دەس دەکەوێ . شارەکان لە گوندەکان هەراوتر و دەریاترن . لە نێویاندا ، دڵ وەکوو پەپوولە دەتوانێ بە هەموو گوڵزارەکانیاندا بفڕێت و بێت و بچێت . یارە ، هەڵگرتنی زێڕنۆکی خاڵە مەجیدی هەموو شەو بەخەو دەدیت . چوونی شاریش ئارەزووی هەرە شیرینی بوو. هەر ئەو دەیزانی کە شار چییە و چی تێدایە . یارە دوو جاران شاری بینی بوو . یەکەم جار دەگەڵ باوکی ، ئەودەم کە منداڵ بوو. دواجاریش لە پێشمەرگایەتی و ، لەکێو شەو بەشارەکانی پێشمەرگایەتی دا . شەوی شارەکان وەکی شەوی لادێ نوتەکە و ئەنگوستەچاو نین . شەقام و گۆڕەپانەکانیان دەگەڵ ڕۆژ لێک ناکرێنەوە ، هەموو لایەکیان چراخانە . یارە و باوکی شەوی شاریان پێ بە دڵ بوو. دووشەوی کە لەشار دا بوون ، هەتا شەکەت بوونان و چاو لەخەو چوونان ، بە سەر وخواری شەقامانانداا هاتبوون و چووبوون . یارە دوای ئەو سەفەرە ، هەموو دەوری منداڵی هەر بە ئاواتی چوون و سەردانێکی تر بوو ، بەڵام بۆی هەڵنەکەوتبوو . لە پێشمەرگایەتیشدا هەر بەس شەوێک شەڕی شار بۆ هەڵکەوت و دوا جاری بەدوا دا نەهاتەوە . شەوەکەش هاوینە شەوێکی تاریکەشەو بوو. گەرمایەکی گەزۆ بارێن بەسەر شاردا هەڵتووتەکابوو . بڵێسەی گەرمای شەو ، تامی نوقڵ و بۆنی شەکرۆکەی بەدەم پیاو دا دەکێشا . بۆنی شاری لە دەم و چێژ دا خۆشتر و بەتامتر بوو لە هەناسەکێشانی ناو هەوای دێ . خۆشتر ئەوە بوو ڕۆژ بوایە و سەربەستانە بەشەقامەکاندا گەڕابایە و بە ئەو دووکانە گەیشتبایە ، کە بەکاتی منداڵی دەگەڵ باوکی سەری لێ دابوو . هەر ئەو دوکانەی کە بەدایم بۆن و بەرامەی چەور و گەرم و شیرینی بەسەر دا دەهات و دەچوو . دووکانەکە لەشوێنی حەشارگەکەیانەوە چارەگە سەعاتێک دوور بوو . کەموسکێک خوارووتری خانەقای ماڵی ئەهری و، هەر ڕاست ڕووبەڕوی بازاڕی گەورەی شار بوو. بەڵام بۆنی نوقڵ و شەکرۆکە دەگەڵ گەرمای شەو ، لە چارەگە ڕێیەکەوە بۆی دەهات . شار ، بۆن و بەرامەی جارانی هەر مابوو ، بەڵام وەک جاران ڕوون و ڕوناک و چالاک و زیندوو نەمابۆوە . کە جاران بەشەو لە دەر دەهاتیتەوە شار ، بەردە ڕوونەیەکت لە دڵی دەریای تاریکی دا دەدیت ، کە زیت زیت دەدرەوشایەوە . ئێستێ وانییە . بەشی کەناری شار ، ساف ساف بە تاریکی سواغی دراوە ولە چۆلگە جیا ناکرێتەوە . چراگڵۆپەکانی ناوەندی شاریش دەگەڵ چرا قوتیلەی ژوورەکانی لادێ تەوفیرێکیان ئەوتۆیان نییە کە دڵ ڕابکێشن . یارە ئەم دیەنەی بەدڵ نەبوو . دیەن و دیدارەکەی دەوری منداڵیی پێ گەش و خۆشتر بوو . تاریکی و ترس و بێدەنگی لە دێدا زۆرن . بریا شار بەڕەنگ و نیگارێکی دڵگرەوە بە پێشوازی دڵییەوە هاتبایە . ترس و تاریکی و بێدەنگی ی شارەکان وەکی هی گوندەکان بچکۆلانە نین . هی دیهاتەکان بۆ دێهاتی ناسراون، بەڵام هی شارەکان سنوور هەراو و ئەوسەر نەدیار و نە ناسراون . بێدەنگی و ترس و تاریکیی شار ترسێنەر و تاسێنەرە . دەهات بتاسێ . خۆیەکی ڕاتلەکاند . لە تاریکی دا چەکەکەی بەرەو دەم برد و ڕای مووسی . هاوڕێ دارا پێی گوتبوو کە چەکی دەستیان ، چەکی دارماندنی قەڵای زۆردارانە ؛ چەکی یەکسانی و بەرامبەری و سەرخۆ بوونە . بە چاو ، بەدڵی تاریکی دا هات . تاریکی وەک کراسێکی ئەستوور و تەنگی نایلۆنی لەشی خەوتووی شاری هەڵدەگوشی. کۆشکی بەرزی هەندە ماڵانێک چەشنی دوندی شاخ ، بەسەر تەپک و گردی ماڵە بچووکەکاندا لار ببوونەوە . مەزنە ماڵەکان لە تاریکیدا قڵفی قایش و قەفی زنجیر بوون و ماڵی هەژارەکانیان پێ کەلەپچە کرا بوو . دەبێ ئەم کەلەپچە و پەت و زنجیرە بپسێ و مرۆڤی ڕەنجدەر چیدی یەخسیری زوردار نەمێنێتەوە . دیسان چەکەکەی ماچ کردەوە و بە هەموو توانای چاوانەوە ، چاوی لە شاری نێو دڵی تاریکی بڕی .

شارەکان گەورە و سنوور هەراون . لەشارەکاندا دەست و باڵی ئینسان ئاواڵەترە . هەزار کسب و کار و پیشەیان تێدا دەست دەکەوێ و پیاوی بەکاریان قەت تێدا دانامێنێ. منداڵی شار، وەکی منداڵی لادێ گەللایی و کەرەکی گەورە نابن. بەمنداڵی لە فێرگەکاندا دەستی ڕاست و چەپی خۆیان لێک دەکەنەوە؛ کە گەورەش بوون ، ئیتر نابنە بەر بار و ژێر باری پیاوی جامباز. شارەییەکان زۆربەیان خوێندەوار و زانا و پەنجە نەخشین و دەم شیرین. ئەوەندە زانا و دەم شیرین ، کە هەرکە دەم دەکەنەوە ، نوقڵ و گەزۆ و هەنگوینیان لە دەم دەبارێ . یارە ئەوانەی لەدەمی دایکی بیستبوو . هاوڕێ داراش لەبارەی شار دا زۆر شتی پێ گوتبوو. یارە ئافەرینی بۆ دایکی و بۆ هاوڕێ دارا نارد و بەلای خۆیەوە گوتی :

« ... شەرتە بێتو دەستەڵات بگرمە دەست ، هیچ بەرز و نزمێک ناهێڵم و دەستی یەکسانی بە هەر هەموولایەکدا دێنم ... ئەوسا بۆت دەبەمە سیامەندەکەی خەجێ ی کێلەسیپانێ و هەڵت دەگرم . هەڵت دەگرم و ناهێڵم بە ئامورادی ببیتە هاوسەرێنی ناخۆشەویستان. هەڵت دەگرم و دەت هێنمە ئەو ماڵە گەرم و گوڕانەی کە هەر ئێستێ شارەییەکانی تێدا خەوتوون . ئێمەیش ڕۆژ هەتا شەو لە شار دا دەگەڕێین و هەرکە شەو داهات ، لە ناو جێگا و بانی ئەرمی حەریر و ئەتلەسدا دەس لە ملان دەبین . حەیفەیە تۆ لە من دوور بی و من لە تۆ دوور... بەڵام بریا مینەی دەسفرۆش لەبری مانگا ڕەش ، مانگا قەشانی بۆ بە چەک گۆڕیبایینایەوە ! کافرباب ، لە مانگی ڕەشەمە دا مانگا ڕەشی لەدەس دەرهێنایین ! مانگاڕەش لە سەرگوان بوو . ئەومان

←

مـابایە، بۆ بەهار دەزا و گـوێرەکـەکـەی جـێی مـانگا قـەشـانی بۆ پڕدەکردینەوە . مانگا قەشان سالّی تر دەی گرێ و هەتا بەهاری تر جێی مـانگا ڕەش پڕناکـاتەوە ... » وەخـۆ هاتەوە. چەکـەکـەی لە باوەش دابەزاند وسـەیرێکی دیمەنی دووری شاری کرد. شـارەکان وەک دێهـات بچکۆلـە نین کە ئەوسـەر تا ئەو پەڕیان دیار بێ . مالّی نزم و بەرزیان تێـدایە ، مـالّی بێ چرا و خـانووی پڕ چرایان تێدایە و دوکـانۆچکەی وردەفرۆش و پیشانگەی پڕ لە خشلّ و زێڕ و زیوەریان تێدایە. زێڕنۆک بێتـە شـار، چاوی دەکرێتەوە و پەلّپی زور شتانی پێ دەگرێ . مـانگا قەشان بەرگەی ئەم گشتـە سوور و ساتە ناگرێ . گۆڕینەوەی مانگارەش بە چەک ، هەنگاوێکی وەپاش خستن . ئەو مـابایە و مـانگاقـەشانیش هاتبـایە سـەرگوان ، ئاژەلّ و پاتالّیـان بەتێکڕا دەفـرۆشت و زێڕنۆکیـان هەلّدەگـرت و هەمـوولایەک بە ئارەزووی دلّ دەگـەیشتن . زێڕنۆکـیش یارەی بەدلّ بوو. خزمی یەک بوون ، هاوتەمەنی یەک بوون و دراوسێی بەرامبـەری یەکتریش بوون . سێ پاییز پێشتـر ، واتە ئەودەم کە دەم وکـاتی تێبـەردانی نێـری و بەران و مـێگەلان بوو ، کـیـژ و کـوڕانی گوندیش وەکی نیری و بەرانەکان خۆیانیان ڕازاندبۆوە و لە جەژنی بزن و مەڕ و نێـری و بەراناندا شایی و گـوڤەندیان بوو . یارە و زێڕنۆکیش وێڕای هەمـوو کـیـژ وکوڕەکـانی دێ ، پێکەوە هەلّپـەڕین . پێشتـریش پێکەوە هەلّپـەڕیبـوون ، بەلاّم قـەت وانەبوون . کە ئەمـجارە دەست و پەنجەکانیان تێک بەزاند ، تامی دەستی زێڕنۆک بۆ یارە و تامی بالّ و باسکی یارە بۆ زێڕنۆک شتێکی تر بوو. دلّی زێڕنۆک بۆ یەکەم جار پڕی سنگی لەرزی . دەتگوت شتێکی نەرمی لە ئەوک گیرساوە و لە ناوەوە گەرووی گەرم دادەمالّێ. کولّی گریان و هەوای پێکەنینێکی تێکەلاّوی بەسنگ و گەروو دا دەهات . نێو هەموو شادەمارەکانی جەنسەتی لەشی مێروولەیان دەکرد و چوار ئێسکەکەی تامی شیرن و گڕی گەرمایەکی سەیری پێدادەهات . زێڕنۆک لەم حالّە سلّەی کرد ، ترسا . دووجاران دەستی یارەی بەردا و دەرپەڕی و دیسان بۆی گەڕایەوە . یارەش گەرمتر لە هەمـوو کـاتانی دی ، بالّی لە باسکی هالاّند و بەژنی بەسـەردا شۆڕکردەوە . خەلّکانیش ئەمەیان بیبنی و زانیان دلّی کێ لە کوێ بەندە و کێ بە کێ گرفـتـارە. پوورە نازداریش ئەمـەی بە چاوان بینی و نەی کردە سێ و دوو ، قـۆلّی هەلّمـالّی و چی وردە زیندەوەری کـە هەیبـوو فرۆشتنی و مانگای پێ کڕین. یارەی کوڕیشی تێگەیاند کە چی لە دلّ دایە . زێڕنۆک بەرخوێن بوو. زێڕنۆک چوارسالاّنە بوو کە هەمزە خوسی ئامـۆزای ژنی هەلّگرتبـوو. هەر ئەو دەم کـە زێڕنۆک چوارسـالاّنە بوو، کـردبوویانە بەرخوێن و لە ئەدیو ئەناسراوێکیـان بەستبۆوە . ئەوانیش زێڕنۆکـیان هەلّگرتبایە ، دەبوو خاوەنی زێڕنەک ڕازی کەن و بەرخوێن بدەن . یارەش دەی توانی زێڕنۆک هەلّگرێ و پوورەنازدار بەر خـوێن بە دراو بدا . تەنانەت دەیتـوانی سمێلّی خالّە مەجیـدیش لەشار چەور بکات . پوورە نازدار بەخـەیالّ بوو یارە و زێڕنۆک هەلّگرێ و لە شـار نیشتەجێیان بکا . ئەو خۆی قەتی شار بە خەونیش نەبینی بوو. بەلاّم بیستبووی کە ژن لە شار دا زۆر قوڕ بەسەر نین . پێی خۆش بوو کوڕ و بووک و کـوڕەزاکـانی وەک خـۆی نەبن. ئەو قـەتی خـۆشی بە خـۆیەوە نەدیتبوو. لە تەمـەنی کورتیـدا مـالّی سێ مێـردانی بینی بوو . لەسەر پشتی بێشکە بوو کە کردبوویانە بەرخوێنی خزمـان. چاردەی هێستـا تەواو نەکردبوو کە بۆ شووی یەکەمی بە بووک چوو بوو. شووی یەکەمی دووتەمـەی و چوارسـالّێک ژوورووتری تەمـەنی خـۆی بوو. هەر بۆیە، هێشتاچارەگە سالّێک لەگواستنەوەکەی تێ نەپەڕیبوو کە ڕەگەلّ شووی دووی کەوت و ڕۆیی . ئەمەیشیان قەرەچەناغێکی تێلاّبەدەست بوو کە سـەری دووانی بەگـۆم داکـردبوو. نازدار نەی هێشت بیکاتە سێ ، لە لای ئەویش دانەنیشت و دەگەلّ سێـهەمـینیان کـەوت و ئیتـر تەواو . باوکی یارە وەکی نازدار دلاّوا و دلّ دەریا بوو. ئەو چۆن بوو و چی لە دلّدا بوو ، نازداریش بەدلّ خـۆزیاگـەری بوو. بەچاوی هەر دووکـیـان ، پێستی تەنگی لادێ و ڕوانگەی تەسک و هەژارانەی لادێیی ، نووتەکە و کوێر وکەم ئاسۆ بوون . بەلاّم دەس تەنـگ بوون و نەیان دەتوانی پەلّ ببزێون . یارە سەروپێچکە بوو کە باوکی بە نەخۆشی دلّ مرد و نازدار و یارەی جێ هێشت . نازدار قەتی دارا و خارا نەپۆشیبوو . قەتی حەمام و شەقـام نەبینیبـوو. ئەشی دە ویست زێڕنۆک وەک خـۆی بەدەوار بێ . بەهار داهاتبـایە ، مـانگا ڕەش خیـر و بەرەکـەتی لێـدەباری و مـانگا قـەشـانیش سـالّی تر تۆلّەی بۆ دەکـردنەوە . هەر ئەوێ بەهارێ و بەهاریکی تریان زەحـمـەت بووکـە پێ بگەن. دووگـوانی تریان پڕاوپڕی شیر بینی بایە بەس بوو؛ لە خەم دەخەلّەسین و شیریان هەوری دەبڕی. ئەودەم ئیدی بەهار و هاوین و پاییز و زستـانیان لە شـار دا هەر بەهار بوو. خەمی هەرە گەورە و گرانی پوورەنازدار ، بەلاّی لابەلاّی ئاسمان بوو. قـەت نەبوو دەمـێک ترسی ئاهۆ و ئازاری زیندەوەر و، دلّەتەپەی هێرشی بەپانەوەی حکومەتی لە دلّ دەربچێت لەچاوی پیس و نەفسی بەدکـارانیش دەترسـا . لەبەر چاوی پیس و لە ترسی بەدکـار ، هەفـتـە نەبوو ئەسپەندەریان بۆ ئەسووتێنێ . سێ جومعەی دوبەدوای یەکیش ، لای ئێواران ، نێو وارشەی چاکە شێتەی خوار جانداراني وەکوو گولّ ڕازاندەوە . دەسـرۆکـەی سـەوز و لزگـە دەرزیلەی تازەی بە دار بەیداخـاکـەیدا کـرد. کـووژەکـەی شین و نووشتـەی مـەلاخـەلیلی «گـۆڕ ئۆمـەران »ی لە مل مـانگاکـان کرد . چاوی بەدکـار و بەلاّی حـوکـمـات لێـیـان بەدوور بایە ، بۆ بەهاری داهاتوو دەبوونـە سێ . سـالّ ترا دیش دەبوون بە چوار و پێنج و ئیتـر تەواو . ورد و درشتی دەفـرۆشتن و دوو دلاّنی لە شار بە یەکتر شاد دەکرد .

ڕەشەمـە بەسـەر چووبایە و بەهار هاتبایە ، مـانگا ڕەشیان دەزا و هەنگاوێکی لەشـار نزیک دەکـردنەوە. زێڕنۆک بۆ ڕاکـردن لە دێ و ڕووکردنی شار ڕۆژی بە پەلە دەژمارد ، یارەش هەرواتر ؛ پوورەنازدار لە هەر دوویان بەپەلەتر بوو . پوورەنازدار لە هێـرش و تالاّن دەترسـا . هێرشی ئاخر بەهاری پاری لە بیر مابوو . هێرشەکە لەپڕ و ناکاو بوو . هاتبا و ئاهێک ساوەساویان کردبایە و مەڕ و مالاّتیان بە دزە ڕێیاندا دەر نەکردبایە ، مالّ و مالاّتیان تێدا دەچوو. هێرشێکی تری شەوانەی هێـزی دەولّەت دە یتـوانی هەمـوو ئاواتەکانی لەدلّ بستـێنێ . هێـرشی حوکمـات لێیان خافلّ نابێ و بەردەوام و بێ پسانەوەیە . دوو جارانی پێشوو ، پێشمەرگە بەرەنگاری دەولّەت ڕاوەستا و بەزی لەدەم کتکە ئەستـاندەوە. بەلاّم هەتا سـەر ناکرێ ئەم کۆگایە لەبەر ئەم دەریایە دا ڕاوەسـتێ . پێـشـمـەرگـە وەکی دوژمن بێ بنە و بێ سنوور نین . یەکـێکیـان لە خاک و خـوێن بگلێ ، سـەتی دی نایەتەوە جێ . دوژمن یەکی بە هـەزارە ، یەکی بڕوا هەزاری تـری بەدوا دا دێ . دەولّـەتی دوژمن ، بۆ هێـزی خـۆی چاوسـوور و پشـتـیـوانە . بەلاّم خـەلّـک بۆ پێشـمـەرگە وانین. دەبوایە خەلّکیش چاوسووری پێشـمەرگە بوانایە و

پێشمەرگەش لە دڵی خەڵک دا بوایە . دەبوو هەر ڕەبەق یەک بوانایە و هیچ کەلێن و نێوانێکیان لە مابەین دا نەبوایە . بەڵام زۆر سەیرە ، بۆچ وانییە ؟ هەردەڵێی دوو لەتی لێک جیان و هەر لەتەی بە ئەزمانێک دەدوێن وهیچیان لە زمانی یەک ناگەن . پار بەهار کە هێزی دوژمن هێرشی دووی دەس پێکرد و داگەڕانەوە ، هەر بە دووچاوی سەر دیتی کە زۆرکەس لە دێدا دەستی پانیان بەسنگی پێشمەرگەوە نا . ئیدی ئەوە شەرمە . یان دەبێ خوات بوێت یان خورما . چەک و چەکدارت لەماڵدا نەبێ ، نێچیری دەست و پا بەستە بەردەستی کارەساتی . چەکدار بوونیش دەرد و بەڵای دواییەنی بە دواوەیە . حوکمات بگەڕێتەوە و دەسەڵات لە پێشمەرگە بستێنێتەوە ، بۆ چەک هەڵیان دەسووڕێنێ و دەیان کاتە چەک . کوڕیان دەگوژێ و هەزار سووکایەتیش بە ئافرەتانیان دەکا. ئەوە خیاڵێکی بەتاڵ نییە کە بەچاو نەیی دیبێ . ئەوە دەم کە لە هەرەتی جوانی دابوو و هێشتا بە بووک نەچووبوو ، هەر لە گوندەکەی خۆیاندا جارێک دیتی کە چەندها پیاوی مەجلیسانیان لێ پەت کردن و لەسەر چەک چیها سووکایەتییان پێکردن . دەوری ئێستاکەیان وەکی ئەودەم نییە . ئێستا دەوری چەکە. ئەوەی چەکی پێیە دەسەڵاتیشی پێیە . چەکدار کە بە دێدا دێن و بۆ شەوێک لەدێدا دەمێننەوە ، خەڵک ئەهودنیی پێیان دێ . چاوی بە کلی گەورە کچانی دێیشیان بەدوا دا وەیلانە . لەسەر کانی و لەدەم دەراوان بازاڕی چاوەبڕکێ ڕەواجە و هەر چاوە چاوە . لە دێدا هەندە کوڕێکیش بەم هەوایە خۆ بۆ چەک دەکوتن و هەوای چەکیان لە کەللە دایە . هەر خوا بکا هەتا بەری مانگا ڕەش و مانگا قەشانیان دەگاتێ ، یارە ئەم هەوایەی نەکەوێتە کەللەیەوە . بەڵام دەورەکە ، دەوری چەکە و ئەوەی دەماری بە دەماری لە جەستەدایە ، خۆ بۆ ئەم ڕێیە دەکوتێ .

- «کوڕە ئەی کەی یارە ، خەی ! دەستەکەی منت بە داوێن بەرخەکەم ، نەکەی ڕۆڵە ! ئێمە دووین ؛ تۆ بڕۆی و جێم بهێڵی ، بە تەنیایی هەڵناکەم و لەدووریت قەرارم نامێنێ . پشتم دەشکێ و گردەنشین دەمێنمەوە . دایە پێغەمبەر و کەلامەکەی پیری گۆڕەومەڕانت دێنمە تکایە ڕۆڵە مەڕۆ ! ... »

پورە نازدار تەم گرتی . لەبەر یارە پاڕایەوە و سوێندی دا دا . خۆی کرد بە قوربانی و هەموو مەلاکەتی ئاسمانانی هێنایە تکایە. بەڵام یارە وازی لە ویستی دڵ نەهێنا و گوتی هەر دەیکەم . پورە نازدار خۆی هاویشتە بەر پێی مامۆستا سەعید و داوێنی خاڵە مەجیدی بادا . مامۆستا سەعید هەتا ملان دەگەڵ چەک ، لا بوو . بەڵام خاڵە مەجید بەخۆی نەبوو ؛ سێبەری چەک لەکوێ بوایە ، کولەکەی ڕوحی ئەویش لەسای ئەو سێبەرە دا دەلەری . لەسایەی دەسەڵاتدا ئۆخژنی دەهاتێ و بێ وی سوکنایی و ئارامی نەبوو. جاران لەژێر سایەی چەکی حوکماتدا بەم ئەهودنییە دەگەیشت ؛ ئێستا ئەو نەماوە و ئەم مۆرە گەرۆکە بێ سەر و شوێنانەن کە بۆرە دڵنیاییەکی پێ دەبەخشن . چەکداری دوێنێی خۆش دەویست و پێشمەرگەی ئیمڕۆیشی خۆش دەوێ و مان و بەقای هەموو ئاژەڵ و پاتاڵەکەی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدا دەبینێ . جاری تر کە ماڵاتیان بۆ دەرباز کرا، لەسایە سەری پێشمەرگە دا بوو . ئەوان نەبوانایە و دژ بە دوژمن نەوێستابایەن ، هەموو شتێکیان تێدادەچوو . ئەوان بوون کە هێرشی بەپانەوەی دوژمنیان ڕاگرت ، ئەگینا جووجەڵەیەکیشیان بۆ ڕانەدەگواسترا. پێشمەرگە لە دێدا هەزار هەس هەس و پاسەوانان دێنێ . هەمیشە بەخەبەرە و هەست ونستی خەڵک دەپارێزێ . ئەی کەوایە بۆچی یارە بێ چەک بێ ؟! کوڕانی خۆی هەمووی بەژن و منداڵن ، خۆ یارە سەڵت و ڕەبەنە ! لێ بگەڕێ با دەیانی وەک یارە لەم ڕێیەدا بگلێن ، چ خەم ! بەس نییە ماڵی خەڵک نوونی تێ ناکەوێ و هەوڵی دوژمن دەبێتە نەخشی سەر ئاو ! یارەش تێدا بچێ ، چەکەکەی تێدا ناچێ . چەکەکەی نافەوتێ و مانگایەکی تریان بۆ دەکاتەوە . خاڵەمەجید و چەندێک لە سەرپەلانی پێشمەرگە بۆچوونیان ئاوا بوو ، بەڵام مامۆستاسەعید هەتا ملان دەگەڵ چەک ، لا بوو. مامۆستا سەعید پێی وابوو بە گوڵێک بەهار نایە و هەتا خەڵک نەزانێ چی دەوێ و ویست و خواستەکە نەبێتە ئیمانی خەڵک ، هەزار هاوار بە پووشێکە. خاڵەمەجید و چەندێک لە سەرپەلانی پێشمەرگە ، مامۆستا سەعیدیان بە دڵ نەبوو .

سەرە ژن و پیاوی گەڕاوەی گوند و دێهاتی دراوسێ ، چی هەبوون هەر هەمووی لەسەر گۆڕی یارە و میوانی شارەیی شین گێڕ بوون . پورەنازدار بە چەکی دەستی یارەی هەڵدەگووت، کە لەمانگی ڕەشەمەی پار دا مانگاڕەشی بۆ فرۆشرابوو. خاڵەمەجیدیش پەرێشانی چەکی داکەوتووی دەستی یارە بوو. گەر شۆڕش چەکە ڕەشیان بداتەوە ، مانگاڕەشیان بۆ زیندوو دەکاتەوە . مانگاڕەش و مانگاقەشان سامان و دەوڵەتێکن و پارەی هەر دوویان لە شاردا، خانووبەرەیەکی دوونهووم دێنێ . نازدار هەر ئیمڕۆ سبەیەکی ماوە و هیچ نەبێ لە سوێی یارە فەراق دەکا و دەمرێ . ماڵ و سامان هەرچی هەیە ، هەر هەمووی بە ئەو دەبڕێ و ڕێی دووری بۆ کورت دەکاتەوە .

نێوانی سێ پاییزان بوو کە گوندەکەیان تووشی نەهاتی هاتبوو . پورەنازدار تەنێ نا ، بەڵکە بەشی هەر زۆری نفووسی دێ کە وەک پورەنازدار نان و دۆیەکیان شک دەبرد ، چی چاکیان بۆ نەهاتبوو . لە نێوانی سێ پاییزاندا هەزار قۆرت و بەڵایان بە سەر دا باریبوو . پاییزی پار ، لە قەوسی پاییز دا زستانیان لێ داهات و هەتا زستانیان بەنیوە گەیی تفاقیان بنەی هات و تووشی قڕانی زیندەوەر هاتن . سەرە بەهارەکەشیان قیامەتی کرد و زریان وکڕێوە ئەی هێشت شینکە سەر وەدەر نێ و تێرەخۆرە بگاتێ . تەڕ و تووشی و سەرماو سەخڵەت بێچووی ساوای زۆر لێ مراندن وگەلێکیان لە دۆ کەوتن . لە ئاخر بەهار دا دوو جار تووشی هێرشی بەپانەوەی هێزی حوکمات بوون و ناچار بە ڕاکردن و جێ هێشتن ماڵ و مەکۆ هاتن . لە هاوین دا ڕێی چوونی کورەخانەی هەندەرانیان لێ گیرا ؛ دۆیان کە نەبوو ، نانەکەشیان تێداچوو . لە یەکەم ڕێژنەی پەڵەبارانی پاییزی ئەمساڵیانیشدا تەرمی یارە و تازەلاوێکی شارەییان بۆ هاتەوە . دوومانگ دوای ناشتنیان ، گیشەگیای بەرێکی دێ بە تەواوی سووتا و سواڵی تفاقیان لە زستاندا هاتە ملان . دوایین و ئاخر دەرد و بەڵایان کە بەسەردا باری ، زستان لە کۆچ دابوو ؛ هێشتا بەهاریان لێ دانەهاتبوو کە دەردە مانگا پاتاڵی ئەنگاوتن و ئیتر تەواو . مانگا قەشانیش کە جوانی و جەلای دێ و ئاوی چاوی پورەنازدار بوو ، دەردە مانگا بردی و هەرچی بوو هەر هەمووی بڕایەوە . زستان بەسەرچووبایە و بەهار هاتبایە ، پوورەنازدار بەکاوی دڵ شاد دەبوو ، بەڵام پوورەنازدار مرد و بەهار نەهات . ■

کورتە چیرۆک

بیانی

## گی دو موپاسان (۱۸۵۰ . ۹۳)

# دایە ســـــــۆواژ

**وەرگێڕانەوەی لەسویدییەوە بۆ کوردی: قاسم ڕەیانی**

ماوەی پازدە سالە من لە ناوچەی "ڤیرلۆن" دوور کەوتومەوە، ئێستا، کە وەرزی پاییزە، بڕیارم دا بۆ ڕاوکردن بگەڕێمەوەو سەرێکیش لە هەوالەکەم سیرڤال بدەم کە پروسەکان مالەکەیان لێی خاپوورکردبوو. من لە راستیدا ئەم مەلبەندەم لە رادەبەدەر بەدڵ بوو. بەلێ، ئەم دنیایە گۆشەی وەها دلڕفێنی تێدایە کە چاومان بە هەوەسێکی سێحراوییەوە تێیان دەڕوانێ و مرۆڤ بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە حەزیان لێدەکا. هەستی ئێمە هەڵخەڵەتاوی دیمەنەکانی زەوییە، ئێمە گانگەی بیری جوانی تاڤگەو لێڕەوارو ئاوبەند و بەرزاییەکانین کە زۆر جار چاومان پێیان کەوتوون و وەک خۆشترین ڕووداوی ژیانمان شەیدایان کردووین.

جاری وایە بیر دەگەڕێتەوە لای دارستانێکی چڕ یان چاوەندازی هەڵدێرێک یاخود لای باخێکی پڕ لە میوەی لە گوڵدا خەملیو، کە مرۆڤ بۆ جارێک، تەنیا لە ڕۆژێکی خۆشدا دیوێتی ولە نێو دڵیدا جێگەی کردۆتەوە؛ هەر وەک تابلۆی ژنێک کە لە بەرگێکی سپی عەتراویدا، مرۆڤ لە بەیانی ڕۆژێکی بەهاردا، لە کۆلان تووشی دەبێ وئەوسا تاسەیەکی لە بن نەهاتوو و هەستێکی ئۆخژناوی لە نێو گیان و دەروونیدا بە جێ دەهێڵێ.

من دەشتی ڤێرلۆنم هەموو پێ خۆش بوو؛ دەشتێک کە دارستانێکی تەنک دایپۆشی بوو و جۆگاوەکان زەوییان دادڕی بوو و ئاو وەک دەماری پڕ لە خوێنی زەوی بە نێویدا دەهات ومرۆڤ دەیتوانی قرژاڵ وماسی تێیدا ڕاو بکا، بەڕاستی شوێنێکی دلگیر بوو، زۆر شوێنی بۆ مەلە کردن دەبوو، زۆر کات پیاو لە نێو ئەو چیمەنە بەرزانەی کە بە درێژایی لەلێواری جۆگە باریکەکان شین ببوون تووشی باشوو دەهات.

من وەک بوونەوەرێکی گورج چوومە ئەوێندەرێ وچاوم بە دوو سەگەکانم کەوت کەبە پێشمدا دەهاتن و دەچوون. سیرڤال سەد مەترێک خوارتر بەلای ڕاستەوە بە نێو مەزرایەکی پڕ لە گیادا ڕۆیشت. من گەشتێکم بەدەوری پەرژینەکاندا لێدا کە سنووریان بە دەورانپشتی تەپکە لێڕەوارەکاندا کێشابوو، چاوم بە کەلاوەخانوویەک کەوت.

لە پڕ ڕوالەتی ئەومالەم هاتەوە بیر کە دوایین جار لە سالی ۱۸۹٦دا دیبووم؛ ئەو کات خانوویەکی خنجیلانەو جوان بوو کە پڕ بوو لە ڕەز و پۆلە مریشکێکیش لە بەر دەرگاکەیدا چینەیان دەکرد. بەڕاستی چ شتێک هەیە خەمناکتر لە مالێکی مردوو کە لە قالبی مالێکی وێران ونفرەت لێکراودا مابێتەوە؟

هەروەها من وەبیرم هاتەوە، کە لە نێو ئەم مالە ژنێکی نەجیب شەربەیەکی شەڕاب دامێ و پاشان من کە زۆر ماندوو ببووم، سیرڤال بەسەرهاتی دانیشتوانی ئەم مالەی بۆ گێڕابوومەوە: باوکەکە، پیرەمێردێکی ڕاوچی بۆوەو بێ ئیجازە ڕاوی کردۆوەو بەدەست ژەندەرمەکان کوژراوە، کوڕەکەیان کە من لە پێشوودا دیبووم، لاوێکی کەلەگەت ولاواز بوو کە بەرامبەر بە بوونەوەراتی وەحشی دەلڕەق و بێ ڕەزا بوو.

ئەوان بە« وەحشییەکان» ناو دەبران، جا ئەوە ناو بوو یان نازناو؟ نازانم.

من بانگی سیرڤالم کرد، ئەویش بە لۆقاوە درێژەکانی، خۆی گەیاندە من و لێم پرسی:

– خەلکی ئێرە چیان بەسەر هاتووە؟

سیرڤالیش ئەم ڕووداوانەی ژێرەوەی بۆ گێڕامەوە:

کە شەڕ ڕاگەیەندرا، کوڕی مالێ کە تەمەنی سی وسێ سال بوو، ناوی خۆی بۆ بەرەی شەڕ نووسی ودایکەکەش لە مالدا تەنیا مایەوە. مرۆڤ زۆر بۆ ژنە پیرە بە پەرۆش نەبوو لە بەر ئەوەیکە وادیاربوو پارەی هەیە.

لە ئاکامدا، دایکە لە نێو ئەم خانووچکەیەی کە دوور لە دارستان وگوند هەلکەوتبوو، تەنیا مایەوە. لە هەر حالدا ئەو نەدەترسا، دەچۆوە سەر ڕەچەلەکی مێردەکەی، پیرێکی دلڕەق بوو، درێژو ڕەقەلە، زۆر بە دەگمەن پێدەکەنی وکەسیش گالتەی لەگەل نەدەکرد. هەر وەکی دیش ژنە وەرزێڕ زۆرکەم پێدەکەنێ، چونکوو پێکەنین لە پیاوان دەوەشێتەوە! ئەو، ژنێکی دڵ بە خەم ولێو بە بار بوو ژیانی مەینەتبارو بێ دەراوی روون بوو. پیاوی وەرزێڕ هێندێک بە قەرەبالغی مەیخانە دلخۆش دەبن، بەلام ژنەکانیان وشکی وڕەقی ژیانی ڕۆژانەیان هەر بە ڕووە دەمێنی، ئەوان مایچەکانی روخساریان بە پێکەنین ڕانەهاتوون.

دایە سۆواژ لەخانووی خۆی کە زوو بەفر دایپۆشی بە شێوەی ئاسایی ژیانی تێپەردەکرد. حەوتووی جارێک بۆ کڕینی نان وگۆشت دەچوە گوندو پاشان دەگەڕاوە مالە خۆی، لە ترسی گورگ، تفەنگێکی بە شانییەوە هەلداوەسی، تفەنگە ژەنگاوی و قۆنداخە دارەگوێزکەی کوڕەکەی کە شوێنی سواوی دەستی هەر پێوە دیار بوو. دایەسۆواژ کاتێک لە پێچی بچووک وگەورەدا ئاوا دەبوو و بە ئاسپایی بە سەر بەفرەکەدا هەنگاوی هەلدێناوە، زۆر سەیر دەهاتە بەر چاو. لوولەی تفەنگەکە وسەر لەچکە ڕەشەکەی دەکەوت کە توند دەسەری خۆیەوە هالاندبوو و هەموو پرچە سپیە بێ وێنەکەی پێ داپۆشیبوو.

لەرۆژێکی خۆشدا، پروسەکان هاتنە ئێرەو هەر کەس لە گوێرەی دارایی وتوانایی خۆی چەند کەسێکیان بەسەر مالدا دابەشکرد، پیرەژنیش کە وێدەچوو دەست پڕو زەنگین بێ، چوار کەسی پێ برا.

ئەم چوار کەسانە، چوار گەنجی بەخۆوەی سپیکەلەی چاوشین وردێن زەرد بوون کە سەرەڕای دەردیسەریەکی زۆر ئێستاش هەر گۆشتن

بوون و لەگەڵ ئەوەش کە لە نێو وڵاتی داگیرکراودا بوون بەئەدەب دەهاتنە بەرچاو. ئەوان بە تەواوی خۆیان لە بەردەست پیرەژن دانا و دەربەست خۆیان بە خێرخوازی ئەو نیشان دا و هەتا توانیان زەحمەت وئەرکێکی زۆریان لە سەر کەمکردەوە. لای بەیانان، کاتێک کە دایە پیرە خەریکی شۆربا لێنان دەبوو، هەر چواریان بە کراسی قۆڵ کورتەوە دەدبینران کە لە سەر چاڵاو خۆیان دەشوت، ئەویش ئەم پیاوانەی خەڵکی باکوور کە لە بەر سورەتاوێ لەشی سوورو سپیان بە ئاوێکی لە رادەبەدەر زۆر، دەشۆن. پاشان چێشتخانەیان خاوێن دەکردەوەو داریان دەشکاندو پەتاتەیان پاک دەکردو شیو وکوڵیان دەکرد و وەک چوار کوری بە ئەمەگی دایکێک هەرچی کاری نێو ماڵ بووبایە جێبەجێ یان دەکرد .

بەڵام پیرەژن هەموو کاتێک هەر لە بیری کوڕەکەی خۆی دا بوو، کوڕە مەزنەکەی، لاواز و لووت قەڵانگی وچاو قاوەیی بەسمێڵێکی ئەستور کەدەتگوت پینەموویەکی رەشە بە سەر لێویەوەیە.

دەگەڵ هەر جارێک کە پرسیاری لە سەربازەکان دەکرد کە :

- «داخودا دەزانن لەشکری ٢٣ی فەرەنسە بەرەو کوێ رۆیشتوون ؟ کوڕەکەم لەگەڵ ئەوانە». وڵامی دەبیستەوە :

- نەخێر، هیچمان نەبیستۆوەو... هیچیش نازانین.

ئەوانیش لەوێندەرێ لە وڵاتی خۆیان دایکیان هەبوو، هەر بۆیەش نیگەرانی ودڵ پەرێشانی پیرەژنیان دەرک دەکرد و بە لێشاو وردەکاریان بۆ دەکرد. هەڵبەت دایە پیرە وەکی دی ئەم چوار دوژمنەی خۆش دەویستن، چونکوو وەرزێر بە دەگمەن هەست بە رِقی نیشتمانپەروەری دەکا، ئەم رِقە تایبەتی چینە بەرزەکانە. ئەوە خەڵکە بچووکانن کە بە هۆی هەژاری دەبێ پترتاوان بدەنەوەو هەر لەبەر ئەوەشە کە قورسایی هەر بارێکی نوێ دەکەوێتە سەر شانیان، ئەوانەی کە بە کۆمەڵ بە کوشت دەدرێن ودەکرێنە گۆشتی بەر زارکی تۆپ، ئەوانەی کە لە کۆتایی دا زۆرترین رەنج و کوێرەوەری ونیکبەتی ئاسەواری رەشی شەڕ بەربینگیان پێدەگرێ، تەنیا لەبەر ئەوە کە لە هەموو لایەنێک لاوازترن وخاوەنی چووکترین هێزی دژکردەوەن، ئەوان ئاگاداری تاسەو شەوقی شەڕ نین وبە لاشیدا تێپەڕ نابن، ئەوان بەرگەی ئەم حیسابگەرییە سیاسییە ناگرن کە لە ماوەی شەش مانگدا هێزی دوو نەتەوان نابووت دەکا و یەکێ سەرکەوتوو دەکات وئەویتریشیان تێشکاو.

خەڵکی ئەم ناوچەیە سەبارەت بە میوانە ئاڵمانییەکانی دایە سۆواژ دەنگوت:

- ئەم چوارانە جێگەیەکی باشیان وەگیر کەوتووە.

بەڵام رۆژێک کە پیرەژن تەنیا خۆی لە ماڵ بوو، لە دوورەوە چاوی بە پیاوێک کەوت کە بە دەشتاییدا بەرەو ماڵەکەی نزیک دەبۆوە، هەر زۆر زوو ئەوی ناسیەوە، کابرای نامەبەر بوو، قاقەزێکی قەد کراوی بۆ بە جێ هێشت، پیرەژن ئەو چاویلکەی کە بۆ درووман لەچاو کردنێ کۆنی کردبوو، لە قاپیلکەکەی دەرهێنا و بەم جۆرەخۆێندییەوە:

« خاتوون سۆواژ، بەم جۆرە هەواڵێکی دڵتەزێنتان پێ رادەگەیەنم. ڤیکتۆری کوڕتان دۆینی بەهۆی گوولە تۆپێک کە لە راستیدا دوو لەتی کردبوو، کوژرا . من لە نزیکی بووم کە ئەو رووداوە قەوما، لەبەر وەی ئێمە وەک دوو برادەری نزیک لە هێزێکدا بووین، باسی تۆی بۆ کردووم وداواشی لێکردبووم کە بێتوو رووداوێکی ئەوای بە سەر هات هەر لە هەمان رۆژدا ئێوە ئاگادار کەم. من کاتژمێرەکەیم لە گیرفانی دەرهێنا کە دوای تەواوبوونی شەڕ بۆ ئێوەی رەوانە بکەم».

دەگەڵ سڵاوی دۆستانە سەزار ریڤۆل : سەربازی پلەی٢ی لەشکری ٢٣.

نامەکە رێکەوتی سێ حەوتووی پیشتری پێوە بوو. ئەو نەگریا و بێ جووڵە وەها لە جێی خۆی راوەستابوو کە تەنانەت هەستی بە هیچ خەم و پەژارەیەک نەکرد.

کە ئەوەی بەزەیندا هات : « بەڵێ، ئێستا ئیتر ڤیکتۆر مردووە»، بەرە بەرە فرمێسک لە چاوانیدا قەتیس ما و خەم دڵ و دەروونی داگرت. فکر، ترسێن وئازاردەر یەک بە دوای یەکدا بە مێشکیدا دەهاتن، ئیتر لەمەودوا هەرگیز ناتوانێ کوڕەکەی لە ئامێز بگرێ، کوڕە تاقاناکەی!

ژەندەرمەکان مێردەکەیان کوشتبوو و پڕوسەکانیش کوڕەکەی ... ئەو لە نێوەڕاستڕا بە گوولە تۆپێک ئەنگاوترابوو، پێی وابوو کە بە چاوی خۆی دیوێتی، ئەو شتە سامناکانە ... ئەم سەرەی کەوت، ئەم چاوانەی ئاواڵا ... کە لە تاو ژان ودەرد نوکی سمێڵە ئەستورەکەی دەجوێ . دەبێ چیان بە سەر مەیتەکەی هێنابێ ؟ خۆ ئەگەر لانی کەم هەر وەک چۆن مەیتی مێردەکەیان بە جێ گوولەیەک بە نێوچاوانیەوە بۆ هێناوە، ئاواش مەیتی کوڕەکەیان بۆ هێناباوە، زۆر باش دەبوو .

هەر ئێستا دەنگی سرت و خورتێکی هاتە گوێ ، ئەوە پڕۆسەکان بوون کە دەگەڕانەوە گوندی، بە هێوری و چالاک نامەکەی لە لۆچی گیرفانی نا و هەتا ئەوان گەیشتنە ژوورەوە، گورج ئەسرینی لە چاوان سریەوەو بە گوێرەی ئاسایی دەگەڵیان رووبەڕوو بوو .

ئەوان لە بەر ئەوەیکە کەروێشکێکیان دەگەڵ خۆ هێنابۆوە هەر چوار قاقا پێدەکەنین وپڕ بەدڵ خۆشحاڵ بوون ، دیابوو دزێتی بوو. پیرە ژنیان تێگەیاند کە قاوڵتێکی بە تامیان چاوەڕوانە. ئەو زوو دەستی بە دانانی نانی بەیانی کرد، بەڵام چاوی بەرایی نەدا کە سەری کەروێشکەکەی ببڕێ، هەرچەند لە راستیدا ئەوە یەکەم جاریشی نەبوو کە ئەم کارەی دەکرد. یەکێک لە سەربازەکان مستێکی لە بنا گوێی کەروێشکەکە داو کوشتی .

پاشان پیرەژن کروێشکەکەی کەوڵ کرد، بەڵام دەستەکانی کە لە نێو خوێنی شیلەتێندا سوور هەڵگەڕابوو، ساردو رەق دیار بوون، لە بەری پێیەوە هەتا تۆقی سەری دەستی بە لەرزین کرد، تەواوی ئەم ماوەیە قەڵافەتی کوڕەکەی دەهاتەوە بەرچاو کە وەک ئەم کەروێشکە دووکەرتە لە خوێندا گەوزیوە. دەگەڵ میوانە پڕوسەکانی لە سەر سفرەی دانیشت بەڵام نەیتوانی تەنانەت پاروێکیشیان نان دەگەڵ بخوا. میوانەکانی بێ ئەوەی خۆیان بەم مەسەلە شلوێ کردبێ خێرا کەروێشکەکەیان هەڵاویشت. پیرەژن بێدەنگ ولەسەرەخۆ دانیشتبوو ولە تەنیشتەوە دە سەربازەکان ڕامابوو، لەو ماوەیەدا بیرێکی بە مێشکدا هات، بەڵام روخساری وەها ئاسایی بوو کە ئەوان هەستیان بە هیچ نەکرد. لە پڕ گوتی :

- ئێمە ئەوە ماوەی مانگێکی رەبەقە پێکەوە دەژین بەڵام ئێستا ناوتان نازانم، ئەوان زانیان مەبەستی پیرەژن زانینی ناوی ئەوانە سا بۆیە هەرکەس ناوی خۆی پێگوت.

بەڵام تەواوی مەبەستەکەی وی ئەوە نەبوو، بۆیە داوای لێکردن کە وێڕای ناوەکانیان ناونیشانی ماڵەکانیشیان لە سەر پەڕە قاقەزێک بنووسن، پاشان چاویلکەکەی دە چاوی کردو سەیری نووسراوەکەی کرد. پەڕە قاقەزەکەی دوو قەد کرد و خستتیە نێو ئەو گیرفانەی کە نامەی هەواڵی مەرگی کوڕەکەی تێدا بوو. دوای دەست کێشانەوە لە نان خواردن، رووی تێکردن وگوتی:

- ئێستا دەمەوێ کارێکتان بۆ بکەم.

←

ئینجا دەستی بە کێشانی باقەگیا کرد و بردیە باڵەخانەکەی جێ خەوی میوانەکانی. ئەوان سەریان لەم کارەی سوورمابوو کە لەبەر چی دایە پیرە ئەو زەحمەتە بە خۆی دەدا. پیرە ژن بۆی روون کردنەوە کە ئەو دەخوازێ میوانەکانی جێگەیەکی گەرمیان هەبێ. ئەوانیش یارمەتیان کرد و هەتا گەیشتە میچی بالاخانەکە پووش وگیایان لێ هەڵچنی وبەم جۆرە هۆدەیەکی گەرم وگەورەی بۆن خۆشیان بۆ خەوتن سازکرد کە چوار دیواری لە گیا بوو.

کاتی شێوان یەکێک لە سەربازەکان دڵەخورپەی ئەوە بوو کە بۆچی تا ئێستاش دایەسۆواژ هیچی نەخواردووە، بەڵام ئەو سک ئێشەی کردە بیانوو.

دوای ئەمە ئاگرێکی بە گڕی داگیرساند و خۆی خەریکی گەرم کردنەوە کرد. پروسەکانیش وەک هەموو شەوێک بە مەبەستی خەوتن بە نێردیوانەکەدا سەرکەوتن وچوونە بالاخانەکەو دەرگەیان گاڵەدا. پیرەژن نێردیوانەکەی وەلاناو پاشان بە ئەسپایی دەرگای کردەوە و رۆیشتە دەر هەتا ئەو باقە گیایانەی کە لە چێشتخانەکە دانابوون بێنێتە ژوورەوە، بە پێی پەتی وبەوریایی بەنێو بەفرەکەدا هەنگاوی هەڵدێناوە کە کەس دەنگێک نەبیسێ، جاروبار پرخە پرخی بێ ئەزمی ئەم چوار پیاوانەی دەهاتە گوێ.

بە دوای ئامادە کردنی کەلوپەلی پێویست، یەک لە باقە گیایەکانی لە نێو ئاگرەکە هاویشت و بڵێسەی لێ بەرز بۆوە، پاشان یەکی تری پێداگیرساند و بە دوای ئەوەدا دەرو ژووری دەکرد و سەیری بڵێسەی ئاگرەکەی دەکرد. دوای تێپەر بوونی ماوەیەکی کورت، رووناکییەکی بە تین نێو ماڵەکەی داگرت، دوای ئەوە، ئاگرەکە بوو بە گڕەملایەکی وەها سەیرو سوتێنەر کە لە پەنجەرە بچوکەکەوە رۆشناییەکی توند دەدرەوشاوە و وەک دەمارێکی باریک لە سەر بەفرەکە دەتریسکایەوە.

هاژەی با لە بانەوە قیژە و هاواری کارای کپ دەکرد، هاوارێکی پڕ لە ترس، هانای یارمەتی خواستنێکی پڕ لە دڵەخورپەو تێخورینی بی سوودی ئەو ئینسانانە سنووری هاواری ئادەمیزادەی تێپەڕاندبوو. پاش ئەوەی کە دەرگای بالاخانەکە سووتا و کەوتە خوارەوە، بڵێسەی ئاگر بۆ سەرتر تەندوورەی کێشا و میچەکەی کردە خەڵووز ومەشخەڵی گەورەی ئاگر بەرەو ئاسمان هەڵکشا، گڕی ئاگرەکە هەموو نێو ماڵەکەی رووناک کردبوو.

ئێستا بێجگە لە لرفەی ئاورو دەنگی قرچەقرچ و وردوخاش بوونی دارودیوار، بێجگە لەگرم وهۆڕی کەوتنەخواری کۆڵەکەکان، چی دیکە نەدەبیسرا، لە نەکاو میچەکە بە خروپتونی تێکقرما و کەوتە خوار، قاڵبی گڕ گرتووی ماڵ، کەوتە نێو پەڵە هەورێک لە دووکەڵ وگوڵێک لە بڵیسەو بەرەو ئاسمان چوو.

لە دوورەوە دەنگی فیتووێک هات.

دایەسۆواژ تفەنگ بە دەست بەرانبەر ماڵی سووتێنراوی، ئامادە راوەستابوو و ئاگاداری ئەوە بوو کە نەهێڵێ هیچ کام لەو چوار پیاوانە خۆ دەرباز کەن.

ورشەی بەفری سپی وەک حەریرێکی زێو لە سەر دەشتاییەکە تریسکەی دەهات ودەگەڵ ڕەنگی سوور ئاوێتە دەبوو.

کاتێک دیتی هەموو شتێک تەواو بووە، چەکەکەی هاویشتە نێو پۆلوی ئاگرەکەو ئەوسا تەقەیەکی لێ بەرز بۆوە.

خەڵکی گوند ، وەرزێر و پروسەکان خۆیان گەیاندە جێ. دیتیان پیرەژن بێدەنگ وقایل لە سەر کۆلکە دارێک رۆنیشتووە.

ئەفسەرێکی ئاڵمانی کە زمانی فەرەنسەیی وەک کورێکی فەرەنسی بەرەوانی قسە دەکرد، لێی پرسی :

ـ ئەدی سەربازەکانت لە کوێن؟

پیرەژن دەستی لاوازی بەرەو کۆگای پۆلوی ئاگرەکە کە خەریکی رۆمرکانەوە بوو راداشت وبە دەنگێکی بەرز وڵامی داوە :

ـ لەوێن!

خەڵک بە پاڵەپەستێو دەوریان دا، پروسەکان لێیان پرسی :

ـ هۆی ئەو ئاگرە چ بوو؟

وڵامی داوە :

ـ من بووم ئاورم تێبەردا.

خەڵک بروایان پێ نەدەکرد، پێ یان وابوو رووداوەکە کوتوپڕ کاری کردۆتە سەرو شێتی کردووە.

بەڵام ئەو لە سەرەتاوە تا ئاخری بە وردی، مەسەلەکەی بۆ ئەوخەڵکەی کە دەرویان گرتبوو گێڕاوە، لە هاتنی نامەی کوڕەکەیڕا هەتا دوایین هاواری ئەم پیاوانەی کە سوتێنران، تەنانەت هیچ وردە قسەیەکی فەرامۆش نەکرد، چ ئەوەی ئەنجامی دابوو وچ ئەوەی هەستی پێ کردبوو.

پاش ئەوەی قسەکانی تەواو کرد، دوو لاپەڕە قاقەزی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ ئەوەی بتوانێ دیسان نامەکان لێک جیا کاتەوە، بۆ جارێکی دیش چاویلکەکەی دەچاوی کرد و بەرەو دوایین ترووسکەی پۆلوی ئاورەکەی گرتن ویەکێک لە نامەکانی نیشانداو گوتی:

ـ ئەوەیان؛ ئەوەیان هی ڤیکتۆرە.

پاشان نامەکەی تری نیشاندا و بە سەر ئیشارەی بە پاشماوەی سوتمانەکە کرد و گوتی:

ـ ئەوەش ناوەکانیانە، دەتوانن خەبەر بۆ خزم وکەسیان بنێرن . بەهێوری قاقەزە سپیەکەی بەرەو ئەفسەرەکە کە شانەکانی گرتبوو راداشت وقسەکانی درێژە پێدا:

ـ ئێوە دەبێ لێیان بنووسن کە مەسەلەکە چۆن رووی دا و چ قەوما، ئێوە دەبێ بۆ دایک وباوکیان بنووسن کە ئەوە من بووم ئەو کارەم کرد، من، ڤیکتۆریا سۆواژ! ئەوەتان لە بیر نەچێ.

ئەفسەرەکە بە زمانی ئاڵمانی فەرمانی بە سەربازەکان دا، گرتیان وبەرەو دیواری ئێستاش گەرمی خانووەکە پاڵیان پێوەنا. پاشان بیست مەتر دواتر دوازدە کەس لە بەرامبەریدا ریز بوون. ئەو لە جێی خۆی نەبزووت، تێگەیشت و چاوەڕوان مایەوە...

دەنگی فەرمانێک بیسرا بە دوایدا دەنگی قرمژنی ڕەگبارێک ودواتریش دەنگی تاکە تەقەیەک.

پیرەژن نەکەوت، جەستەی تێکداتەپی، هەر دەتگوت بە مەڵەغانێک قاچەکانیان پەڕاندووە. ئەفسەری پروسی لێی نزیک بۆوە، لەشی پیرەژن بە دوو کەرت ئەنگاوترابوو، نامەکان لەنێو دەستی سست و مشت کراویدا لە خوێندا تلیسابوونەوە.

هەڤاڵەکەم سیرڤال ئەوەشی گوت:

ـ «ئاڵمانییەکان بە تۆڵەی ئەوە کۆشکەکەی منیشیان رووخاند».

بیری ئەودایکۆڵانەی کە لێرە رۆڵەکانیان سوتێنران، بیری قارەمانێتی وەحشیانەی ئەودایکەی دی کە لێرە تیرەباران کرا، منی خستەوە نێو گێژاوی خەیاڵانەوە.

بۆیەبە ئەسپایی داهاتمەوە و وردکە بەردێکم هەڵگرت کە ئێستاش رەشایی ئەو سووتمانەی هەر پێوە دیاربوو. ■

* سەرچاوە: Litteraturen - Antologi

ئەدەبی

گـالتـه

# چەند نوکتەی خۆماڵی

**مامەند**

☐ سەید ڕەشیدی خانەقایە یەکێک لە قسەخۆش و نوکتە بێژە هەرە بە نێوبانگەکانی سەردەمی خۆی بووە کە لەخانەقای « شێخی بورهان»لە خزمەت «شمس الدین» گیرساوەتەوە و زۆربەی تەمەنی خۆی لەوێ بەسەر بردووە. پیاوێکی پاک و بێگەرد و کوردخوا بووە. تا ئاخری عومری هەر بە ڕەبەنی ماوەتەوە . سەیە ڕەشید جگە لەوەی کە یەکەم کەس بووە لەو ناوچەدا بەکوردی نامەی نووسیوە، شاعیرێکی زۆر باش و بە زەوقیش بووە کە بە نێوی «چاوەش» شێعری گوتووە. دیارە ئەو ناسناوە بە لانی خۆشەویستی لە لایەن شێخی بورهانەوە بە سەریدا براوە. هەرچەند جێی خۆیەتی بە وردی باسی ژیان و بەسەرهات وشێعری ئەو سۆفیە دڵسافە بکرێ، بەڵام جارێ تا ڕەخسانی هەلێکی شیاو، تەنیا یەک دوو نوکتە لە جەفەنگیاتی سەید ڕەشید دێنینەوە کە لە کتێبی«زندەگینامەی عارفی ڕەبانی...شمس الدین برهانی» نووسراوی ئەبوبەکری خوانچەسپهر الدین، وەرگیراوە:

مەلا مارفە شەلە(ئەعرەج) ، بەرپرسی ئازووقەی خانەقایە بووە کە بە سەر کار و باری جیرە و خواردەمەنی هاتووچووەکەران ڕاگەیشتووە وهەروەها کابرایێکیش یارمەتیدەر و بەردەستی مەلا مارف بووە . گۆیا جارێکی جیرەی سەید ڕەشید زۆر درەنگ دەنێردرێ و ئەویش بە جەفەنگ ئەو دوو شێعرەی بۆ ڕەوانە دەکا:

ئەتۆ سـسـتی ڕەفـیـقت ئەسـپی خـۆش ڕەو
ئەتۆ بێـداری ئەو کـروێشکی خـۆش خـەو
وەزیـفـەم جـیـرە نـانێکە بە گـەرمی
ئەگـەر تـۆ پێـم نەدەی، زوو دەچـمـە زگ ئەو

مەلا مارف بە بیستنی ئەو شێعرە زۆر قەڵس دەبێ و سەیدی بە برینی جیرە دەترسێنێ. سەیدیش کە ئەمەی بە گوێ دەگا ، بە لانی پەشیمان بوونەوە و لێخۆش بوون،دیسان ئەو دوو شێعرەی بۆ دەنێرێ:

ئەرێ مـەعـرووفی ئەعـرەج پـیـری مـەکـرۆ
وەزیـفـەم جـیـره نـانێکە بەبێ دۆ
لەوەی تـورەی گـوتـومـە دەچـمـە زگ ئەو
پەشـیـمـانم لەوەی دوا، دێـمـە زگ تۆ

سەید لە حەوزخانەی دێتە دەرێ. حاجی شێخ عەبدوڵلا کورەگەورەی شێخی، لێی نزیک دەبێتەوە و لە حاڵێکدا کە سەعاتەکەی لە گیرفانی دێنێتە دەرێ لە سەیدی دەپرسێ: «سەید ئەرێ ئی تۆ چەندە؟» سەیدیش جواب دەداتەوەودەڵێ: ـ قوربان ئی من بستێکە! شێعەوڵلا لەو وڵامە گرژ دەبێ و دیسان دەپرسێتەوە: دەڵێم دەگەڵ ئی من چەندی فەرقە؟ ئەو جار سەید دەڵێ: قوربان وەک دەڵێن ئی تۆ قولانجێک درێژترە! شێخ بەو جوابە هەر بە جارێک لە کورە دەردەچێ و دەڵێ: کورە ئەتۆ بۆهێندە سەیری، دەدەری هێنە و چاوێکی لێبکە؟ سەید زۆر لە سەرەخۆ، بێ ئەوەی خۆی شلوێ کا دەڵێ: قوربان باوەڕم پێبکە ئێستا لە ئاودەستان چاوم لێکرد. شێخ چی پێنامێنێ و ناعیلاج سەعاتەکەی لە باغەڵی دەنێتەوەودەڕوا.

***

مام برایم چەند ساڵێک بوو ماڵی هاتبووە شاری، خۆی بە دمڕاستی خزمەکانی دادەنا ، ئەوانیش زۆرجار سەریان لێدەدا و تەنانەت جاری واش بوو نەخۆشیان دێنا و بە دوو مانگ و سێ مانگ بار وبنەیان دەخست و دەمانەوە. جارێکی نەخۆشێکی دەسەر کرا کە لەو شارە چارەی نەدەکرا و دەبوو ڕەوانەی تەورێز کرابایە. خزمان لە مام برایمی زیاتر کەسیان بە چاوساغ شک نەدەبرد، هەربۆیە مام برایم ڕەگەڵ نەخۆشی دەکەوێ و بەرەو تەورێز سواری ئوتوبۆس دەبێ.

لە کاڕاژی میاندواوێ ڕا، عەجەمەڕەشکەیەکی پەپاغ بەسەری زۆربلێیی لێ پەیدا دەبێ و لەکنی دادەنیشێ. مام برایم لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەر دە فکری نەخۆشەکەدا دەبێ و ئەوەیکە لە تەورێزێ چۆن دوکتور و حەکیمان حاڵی بکا و لە کن خزمان شەرمەزار نەبێتەوە!

کابرای عەجەم لێکدا لێکدا هەر قسەی دەکرد و لێبڕینەوەی نەبوو... بۆچما مام برایم تێی نەخوڕی: ئەرێ سەگی سەگباب ئەوە چ گێلمە گێلمێکت داناوەتەوە، بە خودای دڵت بتۆقێ قسانت دەگەڵ ناکەم، ئەدی... ڕەنگ بێ ئەو چەند کەلیمە ترکییەی کە دەیزانم لە دم و لەوسی تۆی خسار کەم... سەگباب ئەوانەم بۆ تەورێزێ هەڵگرتووە.

***

مام شەریف هیچ کارێک نەما نەیکا کابرای کرێگرتە دەیگوت ئەمن ناڕۆم کە ناڕۆم.

مام شەریف دەهات کۆڵ بدا، جا بە ڕاستی حەوسەلەی شکایەت وشارەوانی و دادگای نەمابوو، دیارە کابرا کە گروبانی ئەرتەشی بێ کوا بە مام شەریفی بێچارە وەدەردەندرێ. نەخێر هیچ فایدەی نەبوو.

تا ئەوەیکە نەورۆز نزیک بۆوە. مام شەریف دەیزانی کەعەجەمان بۆ ئەوەی بە کوردان نیشان بدەن کە گۆیا ئەوەجێژنی کۆنی خۆیانەو ڕەسمێکی شاهەنشایانەیە، نەورۆزیان زۆر لە لا بە قەدرە و مانگێک پێشتر خۆیانی بۆ ساز دەکەن.

مام شەریف بیانی زوو لە خەو ڕابوو ، بڕیارێک بوو دابووی، کارێک بوو دەبوو بیکا. ژنی کابرای وەک هەموو ڕۆژانی ئاسایی دێتە حەسارێ و دەیەوێ لە سەر چاڵاوێ هێندێک قاپ و قاچاغ بشوا کە مام شەریفی بە پانتۆڵ داکشاوی ولە سەر چاڵاوێ بە هەڵتروشکاوی، دەبینی بە لەهجە ترکییەکەی یەکبەخۆی دەقیژێنێ و دەڵێ: «ئەیرو گورم بەسەری ، ئەوە مەمەشەریف چ دەیکەیەوە!»

مام شەریفیش بە بێ خۆ خەجڵاندن ، جواب دەداتەوە: «وەڵا خانم گیان ئەوە ئەعە دەیکەمەوە!!» دوای ئەوە هەر ئەو ڕۆژە کابرا باری کرد و ڕۆیشت. ■

سینە و سیما

# قوربانییەکانی لوغم لە کوردستان

ئەم نووسراوەی خوارەوە، ئاگادارییەکی ئینساندۆستانەیە کە وێڕای چەند وێنەیدڵتەزێن، لە لایەن گروپی لوغم (Min - gruppen) لە شاری «یۆتەبۆری»یەوە دەرچووە و بە گۆڤاری گزینگ گەیشتووە، کەوا دەقی ئەو ئاگادارییە ، بە خوێنەرەوان پێشکێش دەکرێ. « گزینگ »

## قوربانییەکانی لوغم لە کوردستان

خــوشک و برایانی دلســۆز، ئەو وێنانەی بەرچاوتان چەند



قوربانییەکن لە هەزاران کوژراو و بریندارى لوغم لە کوردستان. ئێستا ڕۆژانە دەیان کەسی بێ تاوانی وەک ئەوان لە منداڵ و ژن و لاو و پیر دەکوژرێن و قاچ و دەستپەڕیو و کوێر دەبن لە ئەنجامی تەقینەوەی لوغمەکانی سەدامی فاشی. ڕژێمی سەدامی خوێنڕێژ نزیکەی بیست ملیۆن لوغمی لە سەرتاپای کوردستانی باشووردا چاندووە. دەشت و دەر و کێلگەو دیمەنجوان و دڵگیرەکانی کوردستان بوونەتە کێڵگەی مەرگ بۆ هاووڵاتیان.

ڕۆژانە دەیان مرۆڤ دەبنە قوربانی لوغم ـ دەکوژرێن و کەلەپاچە دەبن. ئەمەش بۆتە بارێکی قورس بە سەر نەخۆشخانەکانی کوردستانەوە. لوغمەکان بوون بە ڕێگر لە بەر دەم ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بووژانەوەی ئابووری کشتوکاڵی و ڕێگای هاتووچۆی دانیشتوان.

بۆ ڕزگارکردنی دانیشتوانی کوردستان لە خەتەری لوغم کۆمەڵێک کوردی لوغمهەڵگرەوەی چاونەترس، سەرەڕای مەترسی بۆ گیانیان، سەدان هەزار لوغمیان لە کوردستان پووچەڵ کردۆتەوە. لە بەر نالەباری بارودۆخی ئابووری کوردستان ئەم لوغمهەڵگرەوە بەجەرگانە ناتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام و کاریگەرو ڕێکخراوەیی کار بکەن. بۆیە ئێمە گروپی لوغم، بە یارمەتی ئێوە و خێرخوازانی سویدی، هەوڵدەدەین پشتیوانی ئەو کوردە دلێرانە بکەین بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لوغم هەڵگرتنەوە بۆ ئەوەی کاریگەرتر و بە بەردەوامی کار بکەن لە سەر پاکردنەوەی کوردستان لە لوغم. پاکردنەوەی کوردستان لە لوغم بە لایەنی کەمەوە دەساڵی بەردەوام کارکردنی پێویستە. گروپی لوغم هەوڵدەدات هەروەها کۆمەگی بریندارانی لوغمیش بکات.

ئەمڕۆ دەوڵەتی ساوای کوردستان و پەرلمانی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان دامەزراوە، بەڵام بە داخەوە ڕووبەڕووی سەدان کێشە و دوژمنی جۆراوجۆری ترسناک بۆتەوە، کە ناتوانێت بە تەنها چارەیان بکات، وەیان کوردستانی کاولکراو لە لوغم پاک و ئاوەدان کاتەوە.

ئەم دەوڵەتە گەورەترین دەستکەوتی گەلی کوردمانە لە سەردەمی نوێدا، ئەمڕۆ ئێمە لە زروفێکی مێژوویی زۆر گرنگدا دەژین کە بە دڵنیایی کاریگەری زۆر گەورەی لە سەر ڕەوتی مێژووی داهاتووی هەموو گەلی کوردستان دەبێت. لە بەرئەوە پێویستەو ئەرکی نیشتمانی و کوردایەتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە کە پشتیوانی مادی و مەعنەوی خۆی پێشکەش ئەم دەوڵەتە کوردستانییە بکات بۆ زاڵ بوون بە سەر گیروگرفتەکانیدا.

یارمەتیدان بۆ پاکردنەوەی کوردستان لە لوغم دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی قوربانییەکانی لوغم، لە هەمان کاتدا نیشانەی دڵسۆزی و پشتگیریتانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و چەسپاندنی گرنگترین حکوومەتی کوردیی ئەم سەردەمە.

گروپی لوغم(Min - gruppen)لە کۆمەڵێک مرۆڤی کورد و سویدی پێکهاتووە و بەشێکە لە(کۆمیتەی سویدیان بۆ مافەمرۆیی یەکانی کوردان). گروپی لوغم بەخێرهاتنی هەموو کەسێک دەکات بۆ بوونە ئەندام یا چالاکی نواندن و یارمەتیدان.

ئێوە دەتوانن یارمەتی پارە بەو پۆست جیرۆیە بنێرن :

.Min - gruppen,42 52 32 - 6

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناو و نیشانەوە بکەن:

Min gruppen
Box: 268;
433 25 Bartille,
tel / fax :031 - 18 64 16.

هیوا: لە جیاتی گروپی لوغم لە یۆتەبۆری.

یادی یاران

لە نێو باغی دەروونمدا ڕواوە وەرەمێکی تر
بە جارێ زەردی هەڵگەڕا ئەمامی خۆزگەمێکی تر
هەموومان و نەمانی من دەمێکە تا دەمێکی تر
«ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر»

... هێمن کێ بوو؟ هەر وەک دەزانین ئەو کات و چاخەی کە دەورانی منداڵی هێمنی تێدا بە سەر دەبرێ کەڵ بە موو بەند بووە. هەر چەند خانەقای شێخی بورهان بە پێچەوانەی زۆر شوێنی کوردستان لە ماوەێیکی دیاریکراودا دەبێتە پێگەیەک بۆ پێکهاتن و پەرەپێدانی قوتابخانەی موکریان ، بەڵام بە گوێرەی زۆر پێوانەی باو، چ لە باری ئاغایەتی و چ لە باری شێخایەتی هێمنی منداڵ دەبوایە ڕێ و ڕەسمی باب و باپیران ڕەچاوکا. هیچ نەبێ یا ببێتە ئاغایەکی بەرزە دەماخ یا شێخێکی بۆشناخ. کە ئەم دوانەش نەبا دییەکەی دەبووە شاعیرێکی غەزەل بێژ و بۆ دڵی خۆی شێعری دەگوت. کێ پێشبینی ئەوەی دەکرد کە فەقێیەکی ئاودامێن پۆشی بنەچەک شێخی ئاغازادەی خانەقای شێخی بورهان لە داهاتوودا ببێتە سیاسێکی حەقخواز و شاعیرێکی گەلنەواز...

... شتێکی کە لەوساوە لە سەر دڵم بۆتە گرێ و ئێستاش لە دڵمدا ماوەتەوە. پێم وانەبوو ئەوە ئاخرین دیدار دەبێ . لەو ڕۆژەڕا کە دەکاتە ۳۰ ڕەزبەری ۱۳۵۸ی هەتاوی ، بە هۆی هەڵات هەڵاتی سیاسی و پاشانیش ڕاوڕاوێن و دەربەدەری بە داخەوە ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە کە جارێکی دی بە دیداریان شاد ببمەوە، تەنانەت لەوکاتەش کە ۱۳٦٥/۱/۲۸ کۆچی دوایی دەکا و دڵە نازەنینەکەی لە لێدان دەکەوێ دیسان ئەو هەلەم بۆ هەڵناکەوێ کە ئەمنیش وەک هەزاران کەس بەشداری پرسە و سەرەخۆشییەکەی بم، بۆیە ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانی دەربەدەری و غەریبایەتی هەر دەشک دەکەوم: «بڵێی مردبێ!».

«هێمن و من»، هێرش.

# GZING

The Cultural - Literary Kurdish Magazine
No,3. Mars, 1994.

